زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی

(شیکردنەوەیەکی بەرامبەرییە)

نـــــــامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەڵاحەدین- أربیل کراوە
وەك بەشێك لە پێویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا


لەلایەن

**بەخـــتیار نـــوری حـــمدأمین**

بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر ٢٠١٠


بەسەرپەرشتی

**پ. د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول**

أربیل - کوردستان

ئایاری ٢٠١٧

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم، ئەم ماستەر نامەیە، کە ناونیشانەکەی (کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی)ە، هەموی کاری تاکە کەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردون، هەمو نوسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێك بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردون بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. لە هەر جێگایەك شتێکم وەرگرتبێ، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردوە.

واژو:

بەختیار نوری حمدامین

ڕێکەوت:

# پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم نامەیەی قوتابی (بەختیار نوری حمدأمین) کە ناونیشانی (کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی)ە، لەژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نوسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی (زمانەوانی کارەکی). من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێ.

واژو:

ناو: پ. د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول

سەرپەرشتی قوتابی

ڕێکەوت:

پشتگیری دەکەم کە هەمو پێداویستیەکان جێبەجێکراون، هەروەها بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت من ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژو:

ناو: پ. ی. د. ئیدریس عبدالله

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت:

پشتگیری دەکەم، کە هەمو پێداویستیەکانی جێبەجێ کراون، بۆیە ڕازیم کە ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێ.

واژو:

ناو:

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ

ڕێکەوت:

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە لیژنەی گفتوگۆکردن، ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانی (کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی)ە، خوێندەوە. قوتابیەکەمان کە ناوی (بەختیار نوری حمدامین)ە لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی زمان (زمانەوانیی کارەکی) پێبدرێ.

واژو:
ناو: پ.ی.د. دیار عەلی کەمال
ئەندام
ڕێکەوت:

واژو:
ناو: پ.ی.د. تارا عەبدوڵڵا سەعید
ئەندام
ڕێکەوت:

واژو:
ناو: پ.د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت:

واژو:
ناو: پ.د. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت:

واژو:
ناو: پ.ی.د. عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕێکەوت:

## پێشکەش

ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- ڕۆحی باوکم.
- دایکی خۆشەویستم، خوشك و براکانم.
- خێزانی میهرەبانم (ڕاوێژ)، تاقانەکەم (موحەممەد).
- هەمو خەمخۆرانی زمانی کوردی، بە تایبەت مامۆستاکانم.

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس بۆ:**

- خودای دانا و زانا کە بە گەورەیی خۆی پاڕانەوەکانی گیراکردوم.
- (پ. د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و هەمیشە شانازی بەوانەوە دەکەم کە لێوەی فێربوم.
- ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغی ماستەر وانەیان پێوتوم.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و بەڕێوەبەرایەتیی خوێدنی باڵا و ڕاگرایەتی کۆلێژ و سەرۆکایەتیی بەشی کوردی کە هەمیشە هاوکاری فێرخوازانی خوێندنی باڵان.
- هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەم کە یارمەتییان دام لە دابینکردنی سەرچاوەکان.
- سوپاس بۆ برا و هاوڕێی تەمەنم (ئاری طارق نانەکەلی) کە درێغی نەکرد لە یارمەتیدانم.

# لیستی هێما و کورتکراوەکان

هێماکان:

| | |
|---|---|
| * | نارێزمانی |
| ← | دەبێتە |
| / | یان |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
|  | ئاڕاستە |

کورتکراوەکان:

| | | |
|---|---|---|
| V. | Verb | کار |
| Sub. | Subject | بکەر |
| Obj. | Object | بەرکار |
| Adj. | Adjective | ئاوەڵناو |
| Adv. | Adverb | ئاوەڵکار |
| Np | Noun phrase | فرێزی ناوی |
| Vp | Verb phrase | فرێزی کاری |
| Adj.p | Adjective phrase | فرێزی ئاوەڵناوی |
| Adv.p | Adverb phrase | فرێزی ئاوەڵکاری |
| pp | Prepositional phrase | فرێزی بەند |
| C | Complement | تەواوکەر |
| S | Sentence | ڕستە |
| H | Head | سەرە |

## لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Cordinating conjuction | ئامرازی لێکدەر/ ڕستەی لێکدراو |
| Subordinating conjuction | ئامرازی لێکدەر/ ڕستەی تێکەڵ |
| Topicalization | بەلوتکەکردن |
| Predicate | بەشی گوزارە |
| Continouation | بەردەوامبون |
| Agent | بریکار |
| Theory | تیۆری |
| Sociocultural theory | تیۆری کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری |
| Cognitive theory | تیۆری زانینی (معریفی) |
| Monitor model | تیۆری چاودێریکەر |
| Structure | پێکهاتە |
| Dependent clause | پاڕستە |
| Subordinating clause | |
| Notional defenition | پۆلینکردنی تیۆری |
| Format definition | پۆلینکردنی فۆڕمی |
| Neurosycology | دەرونزانی دەماری |
| Past tense | دەمکاتی ڕابوردو |
| Present tense | دەمکاتی ئێستا |
| Future tense | دەمکاتی داهاتو |
| Cnotrast | دژیەك |
| Emphasized | جەختکردنەوە |
| Word sentence | ڕستەی یەك وشەیی |
| Method | ڕێگە (میتۆد) |
| Interlanguage | زمانی هاوبەش |
| Addition | زیادکراو |
| Error Analysis | شیکردنەوەی هەڵەکان |
| Independent Clause | شاڕستە |
| Main Clause | |
| Contrastive Analysis | شیکردنەوەی بەرامبەری |
| Second language learning | فێرکردنی زمانی دوەم |
| Implicit learning | فێربونی نائەنقەست |
| Verb | کار |
| Auxiliary verb | کاری یاریدەدەر |
| Ellipsis | کرتاندن (لابردن) |
| Modal verb | کاری مۆدەڵ |

| | |
|---|---|
| Main verb | کاری سەرەکی |
| Transitive verb | کاری تێپەڕ |
| inTransitive verb | کاری تێنەپەڕ |
| Regular verb | کاری ئاسایی |
| Irregular verb | کاری ناوازە |
| Output Hypothesis | گریمانەی دەرکردەکان |
| Contrasitive Analysis Hypothesis | گریمانەی شیکردنەوەی بەرامبەری |
| Condition | مەرج |
| Ascuisition | وەرگرتن |
| Second langauge acquisition | وەرگرتنی زمانی دوەم |
| Langauge acquisition | وەرگرتنی زمان |

# پوختەی نامەکە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی)ە، توێژینەوەکە شیکردنەوەیەکی بەرامبەرییە لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی لە ڕستەسازیدا، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕادەی کاریگەریی زمانی یەکەم کە کوردیە، لەسەر فێربونی زمانی دوەمی فێرخوازانی کورد کە ئینگلیزیە.

توێژینەوەکە لە شەش بەشی سەرەکی پێکهاتوە و هەریەك لەو بەشانەش دابەشی سەر چەند تەوەریەك کراون، بەشەکانیش بەم شێوەیە ڕیزکراون:

بەشی یەکەم بریتیە لە پێشەکییەك بۆ بابەتەکە، بەڵام بەشی دوەم پوختەیەکە دەربارەی فێربونی زمانی دوەم لە ڕوی تیۆرییەوە و لایەنی مێژوی فێربونی زمانی دوەم و بەراوردکردنی زمانی یەکەم بە زمانی دوەمی تێدا باسکراوە. هەروەها لە تەوەری دوەمدا باسی ئەو هۆکارانە کراوە کە کاریگەرییان لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە. ئەم تەوەرەیەش دابەشی سەر سێ خاڵ کراوە کە بریتین لە کاریگەریی هۆکارە زمانییەکان، ناوەکییەکان و دەرەکییەکان لەسەر فێربونی زمانی دوەم.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ باسکردن و خستنەڕوی ڕستەسازیی زمانی کوردی. بەو پێیەی کە ڕستەسازیی لە ڕوی فۆرمەوە فراوانترین ئاستی زمانە و جگە لە ڕستە، کار لەسەر ڕۆنانی فرێزەکانیش دەکا، بۆیە ئەم بەشەش دابەشی سەر دو بەند کراوە و هەریەك لەم بەندانەش دابەشی سەر دو تەوەر کراون. لە تەوەری یەکەمی بەندی یەکەمدا باس لە فرێز (جۆر و پێکهاتە)کانی کراوە و پێنج جۆرە فرێزی پۆلینکراوە، ئەوانیش فرێزی (ناوی، کاری، ئاوەڵناوی، ئاوەڵکاری و بەند)ن. لە بەندی دوەمی تەوەری یەکەمدا باس  لە ڕیزبونی کەرەسەکان لە زمانی کوردیدا کراوە و شێوە و دەرکەوتنی هەر کەرەسەیەکی لە هەمو جۆرەکانی ڕستەدا خراوەتەڕو. هەرچی سەبارەت بە تەوەری دوەمە، ئەوا دابەشی سەر دو بەند کراوە. لە بەندی یەکەمدا باسی جۆرەکانی ڕستە کراوە لە ڕوی پێکهاتنەوە و لەوێشدا باسی دەمکاتەکان کراوە لە ڕستەی سادەدا. لە بەندی دوەمیشدا پوختەیەك دەربارەی شێوازی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا خراوەتەڕو.

بەشی چوارەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە باسکردن و پۆلینکردنی ڕستەسازیی زمانی ئینگلیزی. بە هەمان شێوە ئەم بەشەش دابەشی سەر دو بەند کراوە و هەر بەندێکیش لە دو تەوەر پێکهاتوە. لە تەوەری یەکەمی بەندی یەکەمدا باسی فرێز (جۆر و پێکهاتەکان)ی کراوە لە زمانی ئینگلیزیدا و پێنج جۆرە فرێزی دیارکردوە، ئەوانیش فرێزی (ناوی، کاری، ئاوەڵناوی، ئاوەڵکاری و بەند)ن. لە بەندی دوەمی تەوەری یەکەمدا باس لە ڕیزبون و خستەپاڵ یەکتری کەرەسەکانی ڕستە

کراوه له زمانی ئینگلیزیدا و چۆنیەتی پێکەوەهاتن و دەرکەوتنی کەرەسەکان له ڕستەی ساده و لێکدراو و تێکەڵدا خراوەتەڕو.

بەندی دوەمی ئەم بەشەش دابەشی سەر دو تەوەر کراوه. له تەوەری یەکەمدا باسی ڕسته و جۆرەکانی کراوه له ڕوی پێکهاتنەوه که بریتین له ڕستەی (ساده، لێکدراو، تێکەڵ و لێکدراوی تێکەڵ)، له ناو ڕستەی سادەشدا باس له هەر سێ جۆره دەمکاتی (ڕابوردو، ئێستا و داهاتو) کراوه و هەمو جۆر و شێوه و پێکهاتەکانیان خراوەتەڕو.

بەشی پێنجەمی ئەم توێژینەوەیه بریتیه له بەرامبەرکردنی هەردو زمان لەو لایەنانەی که له بەشی سێیەم و چوارەمدا باسکران. ئەم بەشه دابەشی سەر پێنج خاڵ کراوه: له خاڵی یەکەمدا باس له بەراوردی نێوان هەر پێنج جۆره فرێز کراوه له هەردو زماندا و لایەنی جیاوازی و لێکچونیان خراوەتەڕو. له خاڵی دوەمدا باس له جیاوازی ڕیزبونی کەرەسه سەرەکی و لاوەکیەکانی ڕسته کراوه له هەمو جۆرەکانی ڕسته له ڕوی پێکهاتنەوه له هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا. له خاڵی سێیەمدا بەرامبەریەك کراوه له نێوان جۆرەکان ڕسته له نێوان هەردو زمان و لایەنی جیاوازی و لێکچونیان خراوەتەڕو. له خاڵی چوارەمدا باس لەو دەمکاتانه کراوه که لەنێوان هەردو زماندا هەیه و هەمو دەمکاتەکان بەراورد به یەکتر کراون. له خاڵی پێنجەم و کۆتاییدا شێوازی بکەرنادیار له نێوان هەردو زماندا خراوەتەڕو.

بەشی شەشەمی توێژینەوەکه بریتیه له کارێکی مەیدانی که پێکهاتوه له تاقیکردنەوه له تاقیکردنەوه و ڕاپرسی له نێوان (١٠٠) فێرخواز له دو سیستەمی خوێندنی جیاواز که بریتیبون له فێرخوازانی (قوتابخانەی هەولێری نمونەیی- سیستەمی ئینگلیزی) و فێرخوازانی (قوتابخانەی تاقگەی بنەڕەتیی کچان- سیستەمی کوردی). تاقیکردنەوەکه خۆی له سێزده پرسیاردا دەبینێتەوه و لەم بەشەدا به شێوەی نەخشەی ئەندازەیی ئەنجامەکانی خراوەتەڕو.

له لایەکی تری ئەم ڕاپرسیەدا، (٥٠) مامۆستا له ناوەنده جیاوازەکانی خوێندندا بەشداری ڕاپرسیەکی تریان کردوه و گرنگترین ئەنجامی ڕا و سەرنجی مامۆستاکانیش لەم بەشەدا به شێوەی نەخشەی ئەندازەیی خراوەتەڕو.

له کۆتایی نامەکەدا چەند ئەنجام و پێشنیازێك خراونەتەڕ و پاشان به لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکه به زمانی ئینگلیزی و پاشکۆکان کۆتایی به توێژینەوەکه هاتوه.

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشان | I |
| بەڵێننامەی قوتابی | II |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت | III |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن | IV |
| پێشکەش | V |
| سوپاس و پێزانین | VI |
| لیستی کورتکراوەکان | VII |
| لیستی زاراوەکان | VIII |
| پوختە | XI-X |
| **بەشی یەکەم: پێشەکی** | **١-٤** |
| ناونیشان و بواری توێژینەوەکە | ١ |
| هۆی هەڵبژاردن و کێشەی توێژینەوەکە | ١ |
| ئامانجی توێژینەوەکە | ٢ |
| ڕێباز و سنوری توێژینەوەکە | ٢ |
| کەرەسەی توێژینەوەکە | ٣ |
| سود و گرنگی توێژینەوەکە | ٣ |
| ناوەرۆکی توێژینەوەکە | ٣ |
| **بەشی دوەم: فێربونی زمانی دوەم و هۆکارە کاریگەرەکانی سەری** | **٥-٢٥** |
| ٢-١ فێربونی زمانی دوەم لە ڕوانگەی زمانەوانی کارەکییەوە | ٥ |
| ٢-٢ فێربونی زمانی دوەم لەڕوی تیۆرییەوە | ٦ |
| ٢-٢-١ زمانی یەکەم و زمانی دوەم | ٦ |
| ٢-٢-٢ پوختەی مێژویی فێربونی زمانی دوەم | ٧ |
| ٢-٢-٣ گریمانەکانی فێربونی زمانی دوەم | ١٠ |
| ٢-٢-٤ ڕێگەکانی (میتۆد) فێربونی زمانی دوەم | ١٥ |
| ٢-٣ هۆکارە کاریگەرەکانی لەسەر فێربونی زمانی دوەم | ١٧ |
| ٢-٣-١ هۆکارە ناوەکییەکان | ١٨ |
| ٢-٣-٢ هۆکارە دەرەکییەکان | ١٩ |
| ٢-٣-٣ هۆکارە زمانیەکان | ٢٢ |
| **بەشی سێیەم: پۆلینکردنی ڕستەی کوردی** | ٢٦-٦٣ |
| بەندی یەکەم: پێکهاتە و ڕیزبونی کەرەسەی فرێز و ڕستە | ٢٦ |
| تەوەری یەکەم: پێکهاتە و جۆرەکانی فرێز | ٢٦ |
| تەوەری دوەم: ڕیزبونی کەرەسەکان لە ڕستەدا | ٣٥ |
| بەندی دوەم: ڕستە و جۆرەکانی لە کوردیدا | ٣٩ |
| تەوەری یەکەم: جۆرەکانی ڕستەی کوردی | ٣٩ |

| | |
|---|---|
| تەوەری دوەم: شێوازی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا | ٦١ |
| **بەشی چوارەم: پۆلینکردنی ڕستەی ئینگلیزی** | ٦٤-١٢٠ |
| بەندی یەکەم: پێکهاتە و ڕیزبونی کەرەسەی فرێز و ڕستە | ٦٤ |
| تەوەری یەکەم: پێکهاتە و جۆرەکانی فرێز | ٦٤ |
| تەوەری دوەم: ڕیزبونی کەرەسەکان لە ڕستەدا | ٧٥ |
| بەندی دوەم: ڕستە و جۆرەکانی لە زمانی ئینگلیزیدا | ٨٤ |
| تەوەری یەکەم: جۆرەکانی ڕستەی زمانی ئینگلیزی | ٨٤ |
| تەوەری دوەم: شێوازی بکەرنادیار لە زمانی ئینگلیزیدا | ١١٦ |
| **بەشی پێنجەم: بەرامبەرکردنی هەندێ لایەنی زمانی کوردی و ئینگلیزی لە ڕستەسازیدا** | ١٢١-١٥٣ |
| تەوەری یەکەم: ڕیزبون و پێکهاتەی فرێزەکان | ١٢١ |
| تەوەری دوەم: ڕیزبون و پێکهاتەی ڕستە | ١٢٨ |
| تەوەری سێیەم: ڕستە و جۆرەکانی | ١٣٧ |
| تەوەری چوارەم: شێوازی بکەرنادیار | ١٤٩ |
| **بەشی شەشەم: کاری مەیدانی (ڕاپرسی و تاقیکردنەوە)** | ١٥٤-١٦٧ |
| ٥-١ تاقیکردنەوە و ڕاپرسی فێرخوازان | ١٥٤ |
| ٥-٢ ڕاپرسی لە نێوان مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی | ١٦٤ |
| ئەنجامەکان | ١٦٨ |
| لیستی سەرچاوەکان | R1-R8 |
| پاشکۆکان | A1-A4 |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | A-B |

# بەشی یەکەم

# پێشەکی

## پێشەکی:

### ١- ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە **(کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی)** ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستەڕو و سەلماندنی ئەو ڕا و بۆچونەی کە پێی وایە زمانی یەکەم کاریگەریی لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە. بۆ ئەم مەبەستە پشت بە گریمانەی (شیکردنەوەی بەرامبەری- Contrastive analysis hypothesis)[١] دەبەستێ. توێژینەوەکە باس لە لایەنە جیاواز و لێکچوەکانی ڕستەسازیی زمانی کوردی و ئینگلیزی دەکا، هەڵبژاردنی ئاستی ڕستەسازیش یۆ ئەو ڕاستیە دەگەڕێتەوە کە هەمو ئاخاوتن و گوتنەکانی قسەپێکەری زمانەکان لەم ئاستەدا هەڵدەقوڵێن و توێژەر پێیوایە کە کاریگەرترین ئاست لە فێربونی زمانی دوەمدا بریتیە لە ئاستی ڕستەسازیی.

هەروەها لە بەشێکی تری توێژینەوەکەدا باس لە میتۆد و گریمانەکانی فێربونی زمانی دوەم کراوە و ئەو هۆکارە کاریگەرانە خراونەتەڕو کە کاریگەرییان لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە. هۆکارەکان دابەشی سەر سێ جۆر کراون، هۆکارە زمانی، دەرەکی و ناوەکییەکانن. ئەم توێژینەوەیە زیاتر بایەخ بە هۆکارە زمانییەکان دەدا و هەوڵدەدا لە ڕێگەی دەرخستنی لایەنی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردو زمان، فێربونی زمانی دوەم لای فێرخوازانی کورد ئاسانبکا، بۆیە توێژینەوەکە هەوڵدەدا لەم ئاڕاستەیەوە ئەو ڕاستییە بسەلمێنێ کە ئایا زمانی یەکەم هاریکارە، یان بەربەستە لە فێربونی زمانی دوەمدا؟

### ٢- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

تا ئەم ساڵانەی دوایی زمانەوانە کوردەکان کەم بایەخیان بە لایەنی زمانەوانیی کارەکی داوە و پتر لە زمانەوانیی تیۆریدا جێپەنجەیان دیارە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە کۆلێژ و بەشەکانی تر، زمانەوانیی کارەکی وەکو پسپۆڕیەکی تایبەت بایەخی پێدراوە. هەروەها لە زمانەوانیی کارەکیشدا

---

[١] شیکردنەوەی بەرامبەری بریتیە لە خوێندنی سیستەمی دو زمان لەگەڵ نیشاندانی دابەشبونە پێکهاتەییە لێکچو و جیاوازەکانی نێوانیان. یەکێ لە ئامانجەکانی ئەم گریمانەیە یارمەتیدانی فێرخوازانە بۆ فێربونی زمانی دوەم، بە مەبەستی ئاسانی و کارامەیی فێربونەکە.

مێژوی پەیدابونی گریمانەی شیکردنەوەی بەرامبەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٩٦٠ -١٩٧٠)، کاتێ لە ساڵی (١٩٥٧ ) زانای بەناوبانگ (Robert Lado) کتێبێکی بە ناوی (زمانەوانی لە کلتوردا- linguistics across cultures) بڵاوکردەوە. هەروەها لە ساڵانی (١٩٦٠ -١٩٧٠) (ساپیر وۆرف) باوەڕی وابو پێکهاتەی زمانی کاریگەریی لەسەر توانای مێشک و بیرکردنەوە هەیە. هەروەها بە شێوەیەکی گشتی مێژوی شیکردنەوەی بەرامبەری بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە. لادۆ لە کتێبەکەیدا ئەوەی خستۆتە ڕو کە ئەو یاسایانەی هاوبەشن لە نێوان زمانی یەکەمی فێرخوازەکان و زمانی دووەم کە دەیانەوێ فێری ببن، ئاسانترە بۆیان، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو یاسایانەی کە جیاوازن لە نێوان هەردو زمانەکە ئەوا فێربونیان زۆر زەحمەتترە. (وانەکانی خوێندنی باڵا، زمانەوانی کارەکی، د.یوسف شەریف، ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٥).

کەمتر لا لە بواری فێربونی زمان بە گشتی و فێرکردنی زمانی دوەم بە تایبەتی، کراوەتەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە لەو بوارەدا و هەوڵدەدا بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی باس لە مەسەلەکانی فێربونی زمانی دوەم بکا، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارێکی لۆجیکیدا ئەویش ئەوەیە: ئایا زمانی یەکەمی فێرخواز کاریگەریی لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە؟ واتە؛ بۆچی فێرخوازی زمانی دوەم لە ئەزبەرکردنی یەکە زمانیەکاندا کێشەی نیە، کەچی ناتوانێ چەند ڕستەیەکی سادە و پوخت لەو یەکە زمانیانە دروستبکا؟ گەڕان بە دوای وەڵامێکی لۆجیکی بۆ ئەم پرسیارانە، بیرۆکەی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەیە و بەپێی توانا هەوڵدراوە بگا بە وەڵامێکی دروست و بڕواپێکەر.

## ٣- ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە هەولێك بۆ ئاسانکردنی فێربونی زمانی دوەم (بە تایبەت زمانی ئینگلیزی) بۆ فێرخوازانی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەم هەوڵەش لە ڕێگەی خستنەڕو و نیشاندانی لایەنە جیاواز و هاوبەشەکانی هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزی لە ڕستەسازیدا و شیکردنەوە و خستنەڕوی هۆکاری سەرەکی ئەو بەربەستانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم فێربونی زمانی دوەم کە ئینگلیزیە.

ئامانجێکی تری توێژینەوەکە بریتیە لە خستەڕوی ئەو هۆکارە زمانی و نازمانیانەی کە کاریگەرییان لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە. کۆتا ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ فێرکارانی زمانی ئینگلیزی کە سودی لێوەربگرن بۆ ئاسانکردنی فێربونی زمانی ئینگلیزی بۆ فێرخوازانی کورد لە ناوەندەکانی خوێندندا.

## ٤- ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوە و مەیدانی زمانەوانی کارەکیدایە و پەیڕەوی گریمانەی (شیکردنەوەی بەرامبەری)ی دەکا لە بواری فێرکردنی زمانی دوەمدا. لە بەشی یەکەم و دوەم و سێیەمدا پابەندە بە ڕێبازی (وەسفی) و زیاتر جەخت لە لایەنی تیۆری فێربونی زمانی دوەم و ڕستەسازیی کوردی و ئینگلیزی دەکاتەوە، بەڵام بەشی چوارەم و کۆتایی توێژینەوەکە پەیڕەوی یاسا و بنەماکانی میتۆدی شیکردنەوەی بەرامبەری دەکا، بەوەی کە دو زمان لە ئاستێکدا بەرامبەر بە یەك دەکرێن.

**٥- کەرەسەی توێژینەوەکە:**

کەرەسەی ئەم توێژینەوەیە لە سنوری دانە زمانیەکانی زمانی ئینگلیزی ستاندارد و زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە. هەمو نمونەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە لە نمونەی ڕۆژانەی ئەو دو زمانە وەرگیراون. نمونەکانیش لە شێوەی فرێز و ڕستەدا خۆیان دەبیننەوە.

**٦- سود و گرنگی توێژینەوەکە:**

بە شێوەیەکی گشتی گریمانەی شیکردنەوەی بەرامبەری بە یەکێ لە گریمانە سەرکەوتوەکان دادەنرێ لە فێرکردنی زمانی دوەمدا، ئەم توێژینەوەیەش پەیڕەوی ئەو گریمانەیە دەکا و لەو ڕوانگەیەوە دەیەوێ فێرکردنی زمانی دوەم کە ئینگلیزیە، لە ڕێگەی بەراوردکردنی بە زمانی یەکەمیان، بۆ فێرخوازانی کورد ئاسانبکا.

**٧- ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە شەش بەش، ئەنجام، لیستی سەرچاوەکان، پاشکۆ و پوختەیی توێژینەوەکە پێکهاتووە، ناونیشان و ناوەرۆکی بەشەکانیش بەم شێوەی خوارەوەیە:

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە بریتیە لە پێشەکیەك بۆ دەستپێکردن بە توێژینەوە و بابەتەکە.

**بەشی دووەم:** ناونیشانی ئەم بەشە بریتیە لە **(فێربونی زمانی دوەم و هۆکارە کاریگەرەکانی سەری)**، لەم بەشەدا پێناسەی زمانی یەکەم و دوەم کراوە و بەراوردکراون بە یەکتر و پاشان باس لە فێرکردنی زمانی دوەم کراوە لە ڕوانگەی زمانەوانیی کارەکیەوە و دواتر لایەنێکی مێژویی فێرکردنی زمانی دوەم خراوەتەڕ. دواتر باس لە گریمانەکانی فێربونی زمانی دوەم و میتۆدەکانی کراوە و لە بەندی دوەمیشدا هۆکارە کاریگەرەکانی سەر فێربونی زمانی دوەم خراوەتەڕو.

**بەشی سێیەم:** ناونیشانی **(پۆلینکردنی ڕستەی کوردی)ی** بۆ دانراوە. ئەم بەشەش دابەشی سەر دو بەند کراوە و هەر بەندەی دابەشی دو تەوەر کراوە. لە بەندی یەکەمدا باسی ڕیزبون و پێکهاتەی فرێز و ڕستە کراوە. سەبارەت بە بەندی دوەم پۆلینکردنی ڕستەی زمانی کوردی بە پێی پێکهاتن و بەپێی دەمکاتەکان خراوەتەڕو و نمونەی ڕۆژانە بۆ هەر بارێك هێنراوەتەوە. لە کۆتایدا باسی شێوازی بکەرنادیار کراوە.

**بەشی چوارەم:** ئەم بەشەش ناونیشانی **(پۆلینکردنی ڕستەی ئینگلیزی)**یە. هەمان دابەشکردنی بەشی پێشوی هەیە، بەڵام لێرەدا باس لە ڕیزبونی کەرەسە و پێکهاتەی ڕستە و فرێزی زمانی ئینگلیزی دەکرێ لە دو تەوەری بەندی یەکەمیدا. لە بەندی دوەمدا باس لە پۆلینی ڕستەی زمانی ئینگلیزی کراوە و جۆرەکانی ڕستە بە پێی پێکهاتنی خراوەتەڕو و پاشان باس لە دەمکاتەکانی زمانی ئینگلیزی کراوە. لە کۆتایدا پوختەیەك دەربارەی شێوازی بکەرنادیار خراوەتەڕو.

**بەشی پێنجەم:** ئەم بەشە بریتیە لە **(بەراوردکردنی کوردی و ئینگلیزی لە ڕستەسازیدا)**، لەو بەشەدا فرێز و ڕستەکان لە هەردو زماندا بەراورد بە یەك کراون و لایەنی هاوبەش و جیاوازییان خراوەتەڕو.

**بەشی شەشەم:** ئەم بەشە کۆتا بەشی توێژینەوەکەیە و پێکهاتوە لە کارێکی مەیدانی، تێیدا لە نێوان (٥٠) مامۆستای زمانی ئینگلیزی و (١٠٠) فێرخوازی کچ و کوڕ لە دو قوتابخانەی ناو شاری هەولێر ڕاپرسی کراوە. لەم بەشەدا تێکڕای کاریگەری و ڕا و سەرنجی فێرخوازان و مامۆستایان دەربارەی پەیوەندی و کاریگەریی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی بە شێوەی نەخشەی ئەندازەیی و ڕونکردنەوەی پێویست خراونەتەڕو.

# بەشی دوەم

# فێربونی زمانی دوەم و هۆكارە كاریگەرەكانی سەری

## ١-٢ فێربونی زمانی دوەم لە ڕوانگەی زمانەوانیی کارەکیەوە:

یەکێ لەو بوارانەی[١] لە سەرەتای پەیدابونی زمانەوانیی کارەکیەوە[٢] بایەخێکی زۆری پێدراوە و بە چەندین زمانی جیاواز توێژینەوەی فراوانی دەربارەکراوە، بریتیە لە فێربونی زمانی دوەم (Second Language acquisition).

لە سەرەتای حەفتاکانەوە، کاتێ زمانەوانیی تیۆری سنوری خۆی تێپەڕاند و بەرەو مەیدانی کارەکی هانگاوی نا، مەسەلەکانی فێربونی زمانی یەکەم و دوەم گرنگییان پێدراوە، بەتایبەتی ئەوەی دوەمیان چەندین توێژینەوەی دەربارە کراوە و چەندین کتێبی لەسەر دانراوە. لەو کاتەی لە ئەمریکا لەلایەن (بلۆمفێلد)ەوە زانستی زمانی تیۆری پەرەپێدرا بۆ بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ هێزی سەربازیی ئەمریکا لە ماوەی جەنگی جیهانیی دوەمدا، بە مەبەستی تێگەیشتنیان لە زمانی ئەو نەتەوە و ناوچانەی کە لە ماوەی ئەو جەنگەدا داگیریاندەکردن، ئەوەش بۆ پەرەپێدانی توانای زمانی سەربازەکان بو. "ئەمە و چەندین هۆکاری تری ڕامیاری و ئابوری و زانستی، ...هتد وایانکرد لە سەردەمانێکی زوەوە تاوەکو ئەمڕۆ لە زۆر وڵاتانی وەکو ئەمریکا، بەریتانیا، ئوسترالیا ....هتد پتر دەرکیان بە گرنگی ئەو بابەتە کردوە و بایەخیان پێداوە، مەڵبەند و پەیمانگای تایبەت بە فێربونی زمانی دوەمیان دامەزراندوە"(Mitchell:٢٠٠٤:٣٩).

فێربونی زمان بەگشتی و زمانی دوەم بەتایبەتی، پەیوەستن بە کۆمەڵێ هۆکار و کارکردنیان بەندە بە چەند بنەمایەك، کە هەریەکە لەو بنەمایانە لەسەر چەند گریمانە و بۆچونێك دامەزراون. توێژەر هەوڵدەدا بەشێوەیەکی گونجاو باس لە لایەنی تیۆریی بواری فێربونی زمانی دوەم بکا و گرنگترین و باوترین تیۆرەکان لەم بارەیەوە کە نوسراون بخاتەڕو، بیروبۆچون و ڕا و سەرنجی خۆی لەسەریان دەرببڕێ، هەوڵدەدا لە بەشەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەم لایەنی تیۆریە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستیی دروست پیادەبکا، بەو پێیەی زمانەوانیی کارەکی بۆ ئەو مەبەستە هاتە ئاراوە کە لایەنی تیۆری زانستی زمان لە بوارەکانی تری ژیان بەکاربهێنرێ، تێکەڵ بە کۆمەڵگە و ژینگەی ڕاستەقینەی خۆی بکرێ، بە مەبەستی سودوەرگرتن لەو بوارانە و بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، چونکە هەر زانستێك خزمەت بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەکا، ئەوا بەشێوەیەکی خودکارانە ئەو زانستە فەرامۆش دەکرێ.

[١] بوارەکانی زمانەوانی کارەکی زۆرن ، گرنگترینیان ئەمانەن: (زمانەوانی بەراوردکاری ، شیکردنەوەی گوتار ، زمانی ئاماژە ، فێربونی زمانی دووەم ، فەرهەنگسازی ، پڕاگماتیك ، کۆزمانەوانی ، دەروزمانی...تاد ، چەندین بواری تریش لەخۆ دەگرێ.

[٢] زمانەوانی کارەکی وەکو زانستێکی چەسپاو ، مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردو ، ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی قوتابخانەی زمانەوانی بەرهەمهێنان (Generative linguistics )ی چۆمسکی.

## ٢-٢ فێربونی زمانی دوەم لە ڕوی تیۆریەوە:

### ٢-٢-١ زمانی یەکەم و زمانی دووەم:

زۆر[١] لە زمانەوانان بۆ ڕونکردنەوە و ناساندنی زمانی دوەم، هەڵدەستن بە بەراوردکردنی زمانی یەکەم و دوەم، هەر لەبەرئەوەش وا بە باش زانرا کە سەرەتا بە ناساندنی هەریەك لەو چەمکانە دەستپێبکرێ و چەند پێناسەیەکی جیاواز بخرێتەڕو:

- **زمانی یەکەم**: زمانی دایك، زمانی سەرەتا، زمانی نەتەوەیی یان زگماکیشی پێدەگوترێ. زمانی یەکەمە کە مرۆڤ لە منداڵیەوە فێریدەبێ، تایبەتمەندیی ئەم زمانە ئەوەیە پێویستیی بەوە نیە یارمەتی منداڵ بدەین بۆ فێربونی زمانەکە، یان "ئەو زمانەیە تاك فێریدەبێ کە هێشتا لە قۆناغی گاگۆڵەدایە، نەك ئەو زمانەی لە قوتابخانە فێریدەبێ، یا لەتەمەنێکی گەورەییدا"(یوسف شەریف:٢٠١٣:٧٨).

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ زمانی یەکەم کراوە، هەندێ[٢] پێیان وایە کە باشترین و پاراوترین زمان لەو زمانانەی کە تاك دەیزانێ، دەتوانرێ ناوی لێبنرێ زمانی یەکەم، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زمانی یەکەم زیاتر بەو زمانە دەگوترێ کە منداڵ لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا لە دایك و باوکیەوە وەریدەگرێ، هەر بۆیە ئەگەر دایکێکی کورد لە وڵاتی ئەمریکا زمانی ئینگلیزی فێری منداڵەکەی بکا، ئەوا زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانی دایك بۆ ئەو منداڵە، واتە؛ بەگشتی زمانی یەکەم ئەو زمانەیە کە منداڵ خۆی فێریدەبێ، واتە؛ هیچ کەسێ بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو فێریناکا.

- **زمانی دوەم**: زمانی بێگانە، زمانی یاریدەدەریشی پێدەگوترێ، "بریتیە لەو زمانەی کە تاك دوای زمانی یەکەم فێری دەبێ، چ لە دەرەوە بێ، یاخود ناو پۆل"(Ellis:١٩٩٧:٣). هەندێ[٣] زمانەوان پێیانوایە کە دەستەواژەی زمانی دوەم بۆ ئەو زمانەش بەکاردێ کە تاك دوای زمانی دوەمیش فێری دەبێ، واتە؛ گەر کەسێ چوار زمانیش بزانێ، ئەوا زمانی سێیەم و چوارەمیش هەر پێی دەوترێ زمانی دوەم، چونکە هیچ یەك لەو زمانانە نابنە زمانی یەکەم.

(2010:van Patten and Benati) پێیان وایە کە دەستەواژەی زمانی دوەم و زمانی بێگانە جیاوازییان هەیە، چونکە ئەوەی یەکەمیان بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو فێرخواز لە ناو پۆل فێردەکرێ، بەڵام ئەوەی دوەمیان فێرخواز بە شێوەیەکی خودکار لەناو کۆمەڵگادا وەریدەگرێ، واتە؛ فێرکردن لە دەرەوەی ژینگەی زمانەکەیە، وەکو فێرکردنی ئینگلیزی لە کوردستان، بەڵام بەپێچەوانەوە فێربون لەناو ژینگەی زمانەکە ڕودەدا، وەك فێربونی کوردی لە کوردستان. هەروەکو

---

[١] محمد علی الخولی، ١٩٩٠ بە نمونە.

[٢] van Patten and benati،2010 بە نمونە.

[٣] Ellis، 1997 بە نمونە.

هەندێکی تر[1] پێیان وایە کە جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان فێربونی زمانی دوەم ( second language learning) و وەرگرتنی زمانی دوەم (second language acquisition)، بەهەمان شێوە ژینگەی زمانی و هەروەها ئاگایی و بێئاگایی جیاوازیی نێوان ئەم دو دەستەواژەیە و بەکارهێنانیان دیاردەکەن، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا ئێستا هەردو وشەی (تعلم) و (اکتساب) بونەتە دو دیوی یەك دراو و وەکو تەواوکەری یەکتر بەکاردێن لە بواری زمانی دوەمدا.

**٢-٢-٢ پوختەی مێژوی فێربونی زمانی دوەم:**

بۆ هیچ زانست و لقە زانستێك شتێکی ئاسان نیە کە مێژویەکی تەواوی بۆ دەستنیشانبکرێ، بۆیە ئەگەرچی دەستپێکردنی ئەم زانستە زۆر کۆن نیە، بەڵام بە وردی سەرەتاکانی دەستنیشاننەکراون. بە گشتی باس لە دو ڕێڕەو دەکرێ، یەکەمیان نوسینەکەی پیت کۆردەر(Pitt Corder) لە ساڵی (١٩٦٧) بە ناونیشانی بایەخی هەڵەکانی فێرخواز (the significance of learner's errors)، دوەمیان وتارەکەی لاری سلینکەر (Larry selinker) لە ساڵی (١٩٧٢) بە ناونیشانی زمانی هاوبەش (Interlanguage). کۆردەر تیۆری ڕەوشتیەکان دەربارەی فێربونی زمانی دوەم ڕەتدەکاتەوە، پێچەوانەی بۆچونی ڕەوشتیەکان لەو باوەڕەدایە کە فێرخواز لەخودی خۆیدا میکانیزمێکی چارەسەریی هەیە بۆ گرفتەکانی زمانی دوەم. سلینکەر دەڵێ: فێرخوازی زمانی دوەم خاوەنی پرۆگرامێکی زمانی تاکەکەسی تایبەتە بەخۆی دەربارەی زمانی یەکەم و زمانی دوەم، سلینکەر مەبەستی لەو ئامێرە زمانیەیە کە چۆمسکی باسی کردوە دەربارەی فێربونی زمان لای منداڵ. هەروەها لە کتێبی (تیۆرەکانی فێربونی زمانی دوەم)( second language learning theories) لە ساڵی (١٩٩٨) (Mitchel&myles) ئەم مێژوەیان دابەشی چەند قۆناغێك کردوە کە لە خوارەوە بە کورتی دەخرێنەڕو:

**أ- قۆناغی ساڵانی پەنجا و شەستەکان:** بەهۆی دەرچونی هەندێ کتێب لەم بوارەدا ئەم قۆناغە دەربارەی فێربونی زمانی دوەم بە سەرەتایەکی زانستی دادەنرێ، تێکڕای کتێبەکان دەربارەی تیۆرکانی فێربون بون، هەروەك لە کارەکانی ڕۆبێرت لادۆ (Robert Lado) لەساڵی (١٩٦٤) و کارەکانی ڕیڤێرس لە ساڵی (١٩٦٨)دا، بۆیە لێرەدا پوختەی بیروڕاکانی ئەم قۆناغە لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕو:

- شارەزایانی ئەم قۆناغە باوەڕیان وابو کە سیستەمی زمانی لە دو بەشی وەکو بناغە (structure) و جۆر (patterns) پێکهاتوە، ئەمانە وەك نمونەیەك بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی تری بێسنور لە زماندا بەکاردێن.

---

[1] ستیف کراشن بە نمونە.

- پێیان وابو کە دوبارەکردنەوە و پراکتیزەکردن کاریگەریەکی باشیان هەیە لە بەرەوپێشبردنی ڕونبێژی لە زمانی دوەمدا.

- تەکنینك و ڕێگاگانی فێرکردن کاریگەریی هەیە لەسەر فێرکردنی بنچینەکان، هاندانی فێرخواز لە گوزارشتکردن لە بیر و بۆچونەکانیان، یارمەتیدەرن بۆ فێربونی زمانی دوەم.

بەگشتی بیروبۆچونەکانی زمانەوانانی ئەم قۆناغە لەژێر کاریگەریی ڕەوشتیەکاندا بون.

**ب- قۆناغی ساڵانی حەفتاکان**: لەم قۆناغەدا چەند تیۆرێکی جیاواز لە بواری فێربونی زمانی دوەمدا هاتنەئاراوە. گرنگترینیان:

١. تیۆری شیکردنەوەی هەڵەکان (Error Analysis): ئەم تیۆرە کار لەسەر ئەو هەڵانە دەکا کە فێرخواز لە ماوەی وەرگرتنی زمانی دوەمدا دەیانکا، بەتایبەتی لەو کاتەی هەوڵدەدا دەربڕینەکانی بە پێی ڕێزمانی زمانی دوەم ڕێکبخا. ئەم تیۆرە هەوڵدەدا هەڵەکان دەستنیشانبکا و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. دەیەوێ، بزانێ، ئەو هەڵانە لە ئەنجامی چییەوە دروستبون؟ ئایا کاریگەریی زمانی یەکەمە لەسەر زمانی دوەم؟ ئایا زمانی ئامانج یاساکانی زەحمەتن؟ یاخود کاریگەریی نازمانی وا لە فێرخواز دەکا توشی ئەو هەڵانە ببێ. پیت کۆردەر بە یەکێ لە ڕابەرانی ئەم تیۆرە دادەنرێ.

٢. تیۆری چاودێریکەر(The Monitor Model): ئەم تیۆرە لە فێربونی زمانی دووەمدا بە یەکێك لە تیۆرە باوەکان دادەنرێ، لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیستەم لەلایەن کراشنەوە دانراوە. کراشن لە چوارچێوەی زنجیرەیەك وتار و توێژینەوە لە کۆتای حەفتاکان خستیەڕو و لە سەرەتای هەشتاکان لە زنجیرەیەك کتێبدا (١٩٨١ ــ ١٩٨٣ ــ ١٩٨٥) بڵاویکردەوە.

**ت- قۆناغی ساڵانی هەشتاکان**: لە قۆناغی هەشتاکان توێژینەوەکان لە بواری زمانی دوەمدا بەرەو سەربەخۆبون دەڕۆیشتن و توێژینەوەکان گشتگیرتر و پێگەیشتوتر دەبون، بە تایبەتی بە هۆی ئاوێتەبونی بواری فێرکردنی زمان لەگەڵ بوارەکانی تری مەعریفی وەك:

- ئاوێتەبون لەگەڵ زانستە سروشتیەکان.

- ئاوێتەبون لەگەڵ دەرونزانی دەماری (Neurosycology).

- چوارچێوەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی کە نمونەیان لە تیۆرە فێرکاریەکانی ڤایگۆتسکیان (Vygotskian learning theory) بەدیدەکرێ. بەرنامەکانی فێرکردنی زمانی دوەم بەردەوام بون لە جەختکردن لەسەر کۆمەڵێ دۆزی بنەڕەتی دەربارەی فێربونی زمان کە لە قۆناغی حەفتاکان سەپێنرابون. لەوانە:

١. ڕۆڵی ئامێرەکانی ناوەوە: ئەم ڕۆڵە دو لقی تری لێدەبێتەوە:

أ. تایبەتمەندیەکانی زمان: بریتیە لە باسکردن لە لێکچونی ڕێکارەکانی فێربونی زمانی یەکەم و دووەم، هەروەها مەودای بەشداریکردنی ئامێرە زمانیەکان بۆ چالاککردنی ئەم لێکچونە چیە؟ چۆن

بۆ فێربونی زمانی دوەم سودی لێوەربگیرێ؟ باس لە گرنگی ئەو ئامێرە زمانیانە دەکا. بەدوای باشترین ڕێگەدا بۆ فێربونی زمانی دوەمدا دەگەڕێ.

ب. لایەنی زانیاری: لە فێربونی زماندا زانیاریەکانی فێرخواز دەربارەی زمانی یەکەم و دوەم ڕۆلی گرنگیان هەیە، هەروەها لێکچونی نێوان زمانی یەکەم و دوەم و چارەسەرکردنی گرفتەکانی فێربون دەخاتەڕو.

٢. ڕۆلی زمانی دایك: ئاشکرایە کە زمانی دایك کاریگەریی لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە، ئینجا ئەو کاریگەریە ئەرێنی بێ یا نەرێنی، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە زمانی یەکەم واتە؛ زمانی دایك کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە بوارەکانی فێربونی زمانی دوەمدا و "زمانی دایك لە لایەکەوە یارمەتیدەرە بۆ فێربونی زمانی دوەم، لە لایەکی تریشەوە ڕێگرە"(محمد ڕەزا:٢٠١٢: ٣١).

٣. ڕۆلی هۆکارە دەرونیەکان: هۆکارە دەرونیەکان جۆراوجۆرن، لەوانە: تایبەتمەندیی تاك، کە چۆن کاریگەریی دەبێ لەسەر هاندان بۆ فێربون، کەسایەتی و ئامادەی زمانی تاك کاریگەریی لەسەر خێرایی و سستی فێربون هەیە.

٤. ڕۆلی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان: سروشتی پەیوەندیی نێوان تاك و پەیوەندیکردنیان لە ژینگەی زمانیدا کاریگەرییان لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە، بۆیە لە بەشێکی ئەم توێژینەوەیەدا باس لەو هۆکارانە کراوە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر فێربونی زمانی دوەم.

**پ. قۆناغی ساڵانی نەوەدەکان:** چەند ڕێباز و قوتابخانەیەکی جیاواز لەم قۆناغەدا دیار و بەرچاو بون، ئەوانیش قوتابخانەی زمانەوانی و قوتابخانەی دەرونی و ڕێبازی کۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیری بون. شارەزایانی قوتابخانەی زمانەوانی زیاتر کاریان لەگەڵ تاك و لایەنی هۆشەکی دەکرد، لەوەیان دەکۆڵیەوە کە لایەنی هۆشەکی چیە و لەچی پێکهاتوە. بیرۆکەی سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە ئەوەبو کە زمان شتێکی تایبەتە و پێیانوابو زمان بونەوەرێکی بێهاوتایە و بە یەکەیەکی تایبەت بەخۆی لە مێشکدا دەوردراوە و لەکاتی لەدایکبونی مرۆڤەوە چالاکە و ئامادەیە، لە کۆمەڵێ کۆئەندامی تایبەتە و بە ڕێزمانی گشتی (Universal Grammar) ناودەبرێ.

ڕەوتی دوەمی ئەم قۆناغە بریتین لە قوتابخانەی دەرونی و زانایانی دەرونناسی. ئەمانە پێیانوایە هیچ نواندنێکی تایبەت بە زمان بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان لەکاتی لەدایکبونی مرۆڤەوە لەبیر و هۆشیدا جێگیر نیە. "شارەزایانی ئەم قوتابخانەیە زیاتر گرنگیان بە ڕەوشتی تاك دەدا و لایەنی زانینە بنەڕەتیەکانیان پشتگوێخستبو، لەپای ئەمە کاریان لەسەر ئەوە دەکرد کە فێرخواز چۆن لەگەڵ زماندا هەڵسوکەوت دەکا؟ چونکە ئەوان زمانیان وەك هەر ڕەوشتێکی تر لە ڕەوشتەکانی مرۆڤ سەیردەکرد، نەك وەك ئامێرێکی تایبەتی چەسپاو لەمێشکی مرۆڤدا"(vanpatten: ٢٠١٠: ٤)،

هەروەها باوەڕی تەواویان بەوەبو وەرگرتنی زمان بەگشتی بریتیە لە کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ میکانیزمە جۆراوجۆرەکانی فێربون لەگەڵ داتاکانی جیهانی دەرەوەی خۆی.

تیۆری کۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیری (Sociocultural Theory) یەکێکی تربو لەو تیۆریانەی لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم پەیدابو. لە فێربونی زمانی دوەمدا ئەم تیۆرە زیاتر بایەخ و گرنگی بە لایەنی پیادەکرن دەدا. واتە؛ زمانی دوەم بەلای ئەم تیۆریەوە بریتیە لە پیادەکردنی بەردەوامی یەکە زمانیەکانی زمانی دوەم لە ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازدا. ئەم تیۆریە بە ڕادەیەکی زۆر هەردو تیۆریەکەی پێش خۆی ڕەتدەکاتەوە، چونکە بە گشتی پێیوایە فێرخواز لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی گونجاو و وەکو ئەندامێکی چالاك لە کاتی کارلێککردن لە کۆمەڵگادا زمان فێردەبێ ( Van patten&benati:٢٠١٠:٤).

**ج- قۆناغی سالانی (٢٠٠٠)ز بەدواوە:** (هەمان سەرچاوە) باسیان لەوە کردوە، لە سالانی (٢٠٠٠ز) بەدواوە هیچ گۆڕانکاریەکی گەورە بەسەر بواری فێرکردنی زمانی دوەمدا نەهات. ئەم قۆناغە بەڕادەیەکی زۆر لەگەڵ قۆناغی پێشخۆی هاوشێوەن. توێژینەوەکان و توێژەرەکان بەسەر دو ئاڕاستەدا دابەشبون: ئاڕاستەی زمانەوانی و ئاڕاستەی دەرونناسی. ئاڕاستەی زمانەوانی زیاتر کاریان لەسەر بوارەکانی وەرگرتنی زمانی یەکەمی منداڵ دەکرد، زیاتر گرنگییان بە پرۆسەی فێربونی زمان دەدا بەشێوەیەکی سروشتی. ئاڕاستەی دەرونناسی زیاتر لە سەدەیەك بەکارهات، توێژەرەوەکانی ئەم ئاڕاستەیە لە پرۆسەی فێربونی زمانی دوەمدا جەختیان لەسەر بیر و هۆش دەکردەوە. پێشبینی دەکرێ تا کاتێکی زۆر بوارەکانی زمانی دوەم لەسەر هەمان ڕێچکە بڕۆن و گۆڕانکاریی گەورە بەسەر بوارەکاندا نەیەت.

## ٢-٢-٣ گریمانەکانی فێربونی زمانی دوەم:

تێڕوانینەکان دەربارەی فێربون و فێرکردنی زمانی دوەم لای زۆربەی زمانەوانانی کۆن و نوێ باسی لێوە کراوە، هەریەکەشیان لە لایەنێکەوە بۆی چوە. تێڕوانینی جیاواز دەربارەی ئەم بابەتە خراوەتەڕو، بەتایبەتی لە نیوەی دوەمی سەدەی ڕابوردو. لە خوارەوە بە کورتی گرنگترین ئەو تێڕوانینانە دەخرێنەڕو:

**أ- توانستی فێربون:** لە ڕێزمانی سەراپادا چۆمسکی باس لەوە دەکا، لێکچونی زۆر هەیە لە نێوان فێربونی زمانی یەکەم و دوەمدا، "چونکە مێشك جۆرێك هێڵکاری دەگرێتە خۆی کە تایبەتە بە زمان"(Mitchell&Myles:٢٠١٣:٧٨). چۆمسکی باسی لەوە کردوە کە فێرخوازی زمانی دوەم بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ تاکو فێری زمانەکە دەبێ، ئەم قۆناغانەش جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە لەگەڵ ئەو قۆناغانەی کە منداڵێك لە فێربونی زمانی دایکیدا پێیاندا تێدەپەڕێ. چۆمسکی پێیوایە

لەکاتی لەدایکبونەوە منداڵ توانایەکی زگماکی لەگەڵدایە بۆ فێربونی زمان، هەر ئەو توانا زگماکیەیە وادەکا ئەو منداڵە لە کات و شوێنی جیاوازدا بتوانێ فێری زمانێکی تر ببێ. (لینبێرگ) دەڵێ: "توانستی مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنانی زمان و تێگەیشتن، یەکێکە لە تایبەتمەندییە بۆماوەییەکان"(عبدالواحد مشیر:٢٠١٤:١٧٦)، بۆیە دەتوانین بڵێین، فێربونی زمانی دوەم لە لایەنی پیادەکردن و جێبەجێکردنی گشت قۆناغەکانی فێربون بە ڕادەیەکی زۆر چۆنیەك و هاوشێوە لەگەڵ فێربونی زمانی یەکەم دادەنرێ. چۆمسکی بۆ فێربونی زمان لای مرۆڤ دو سەرچاوەی دیاریکردوە، ئەوانیش سەرچاوەی تیۆری و سەرچاوەی پراکتیکین. یەکەمیان توانستێکی شاراوە لە مرۆڤدا بە پێویست دەزانێ بۆ لێکدانەوەی خێرایی وەرگرتنی زمان، دوەمیان باس لە ڕۆنانی سەرەوەی هەمو زمانانی جیهان دەکا، کە لە هەندێ دەستور و یاسای گشتیدا هاوشێوەن. (Mitchel&Myles:٢٠٠٤) پێیانوایە، لە لایەنی تیۆریەوە فێربونی زمانی دوەم لە فێربونی زمانی یەکەم ئاڵۆزترە لەبەر چەند هۆکارێك، لەوانە:

١. فێرخوازی زمانی دوەم لایەنی مەعریفی پێگەیشتوە، ئەمەش وادەکا زیادبونی زانیاری نوێ بۆ فەرهەنگی زمانی فێرخواز ئاڵۆزتربێ و نەتوانێ بە ئاسانی یەکەی زمانی نوێ وەربگرێ.

٢. فێرخوازی زمانی دوەم بەلایەنی کەمەوە زمانێکی تر دەزانێ. واتە؛ کاتێ فێرخواز دەیەوێ زمانێکی تر فێرببێ، پێشتر زمانی یەکەمی وەرگرتوە و لە مێشکیدا چەسپاوە، بۆیە چەسپاندنی یاساکانی زمانە نوێیەکە ئاسان نیە. زمانی یەکەم زۆرجار دەبێتە کێشە بۆ فێرخواز لە وەرگرتنی زمانی دوەمدا.

٣. فێرخوازی زمانی دوەم پاڵنەری جیاوازی هەیە بۆ فێربونی زمانی دوەم، لەبەرئەوەی زۆرجار فێرخواز دەیەوێ فێری زمانێکی تر ببێ، ڕەنگە تەنیا بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن نەبێ، زۆرجار بە مەبەستی ئابوری یاخود ڕامیاری یان بازرگانیە...هتد، بۆیە ئەم جیاوازیانە وادەکا فێربونی زمانی دوەم لە فێربونی زمانی یەکەم قورستربێ، چونکە منداڵ هیچ یەك لەو کێشانەی نیە کە لە سەرەوە باسکران.

**ب- تیۆری چاودێریکردن**: تیۆرەکەی کراشن بە ناوی تیۆری چاودێریکەرە، لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیستەم بڵاویکردەوە، "سەرچاوەی تیۆرەکە دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی زمانی، بەڵام دواتر گەشەی کرد بۆ تیۆرێکی باو بۆ لێکدانەوەی وەرگرتنی زمان نەك چالاکی زمانی"(عبدالواحد مشیر:٢٠١٤:١٧٨). واتە؛ گۆڕانکاری لە ڕەوتی توێژینەوەکانی کرد. کراشن لە تیۆرەکەیدا بایەخی تەواوی بە فێربونی زمان داوە و باسێکی تەواوی لایەنە جۆراو جۆرەکانی فێربونی زمانی دوەمی کردوە، هەروەها کراشن پوختەی تیۆرە گشتیەکەی دابەشی سەر پێنج گریمانە کردوە، ئەوانیش:

١) گریمانەی وەرگرتن و فێربون: کراشن پێیوایە کە فێرخوازە گەورەکان دو ڕێگەی جیاواز و سەربەخۆیان هەیە بۆ برەودان بە توانستی فێربونی زمانی دوەم، ئەوانیش بریتین لە وەرگرتن و فێربون.

- وەرگرتنی زمان: "وەرگرتنی زمان کردارێکی نەستیە، لەڕاستیدا وەرگری زمان بەشێوەیەکی گشتی ئاگاداری ئەوە نیە کە فێری زمانەکە بوە" (krashen:١٩٨٢:١٠). واتە؛ وەرگری زمان تەنیا ئاگاداری ئەوەیە کە بۆ پەیوەندیکردن ئەو زمانە بەکاردێنێ کە تازە فێربیوە، وەرگر هەست بەو دەستور و یاسا زمانیانە ناکا کە وەریگرتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەرگری زمان هەست بە دروستی ئەو یاسایانە دەکا کە وەریدەگرێ، چونکە "سیستەمی وەرگرتن گرنگترین سیستەمە لە توانستی تایبەت بۆ وەرگرتنی زمان لای مرۆڤ"(هەمان سەرچاوە). بەشێوەیەکی بێ ئەنقەست شیکاری ئەو دەستور و یاسایانە دەکا لە مێشکی فێرخوازدا، هەروەها (Krashen:١٩٨٢) پێیوایە، ڕێگەیەکی تر بۆ وەسفکردن و ناساندنی وەرگرتنی زمان بریتیە لە فێربونی بێ ئەنقەست (Implicit learning). واتە؛ وەرگرتنی زمان بریتیە لەو فێربونەی کە فێرخواز هیچ دەستێکی لەو فێربونەدا نیە، لە ژینگەی زمانەکەدا فێریدەبێ.

- فێربونی زمان: فێربون لێرەدا بەواتای "بە ئەنقەستی و درککردنە لە فێربونی زمانی دوەم و زانینی یاساکانە و ئاگادارە لێیان. دەتوانێ قسەیان لەبارەوە بکا"(هەمان سەرچاوە:٢٤). واتە؛ لە فێربونی زماندا فێرخواز ئاگاداری ئەوەیە کە فێری زمانێکی تر دەبێ (جگە لە زمانی یەکەمی). واتە؛ پرۆسەیەکی درکپێکراوە. سەبارەت بەم گریمانەیە (گریمانەی وەرگرتن و فێرکردن) "هەندێ لە توێژەرانی بواری زمانی دوەم دەڵێن منداڵ زمان وەردەگرێ، بەڵام گەورە فێری زمان دەبێ"(دڵنیا نوری:٢٠١٥:٢٣)، کەچی بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم گریمانەیە پێی وایە کە گەورەکانیش زمان وەردەگرن نەك تەنیا فێردەبن.

٢) گریمانەی ڕێکخستنی سروشتی: لەم گریمانەیەدا کراشن ئەوەی خستۆتەڕو کە "پرۆسەی وەرگرتنی پێکهاتە ڕێزمانیەکان لەلایەن وەرگری زمانی دوەمەوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ فێربونی زمانێکی دیاریکراو پێشبینی کراوە، بەڵام هەندێ پێکهاتەی ڕێزمانی کاتێکی زۆری دەوێ بۆ وەرگرتن و کۆنترۆڵکردنیان، لەبەرامبەردا هەندێ پێکهاتەی تر کاتێکی کەمتریان دەوێ، بەبێ گوێدانە قسەکەری زمانی یەکەم"(krashen:١٩٨٢:١٢). زۆرجار توێژەران[١] باسیان لە کاریگەریەکانی زمانی یەکەم لەسەر فێربونی زمانی دوەم کردوە، ئەویش بەو جۆرەی کە پێکهاتەی لێکچوی نێوان هەردوزمانەکە فێربونی ئاسانترە بە بەراورد بەو پێکهاتە و یاسا زمانیانەی کە

[١] محمد علی الخولی، ١٩٩٠ بە نمونە.

جیاوازە لە هەردو زمانەکەدا، چونکە "فێربونی زمانی دوەم دەکەوێتە ژێر کاریگەریی یاسا دەنگی و ڕێزمانیەکانی زمانی یەکەم کە پێشتر فێری بوە"(دڵنیا نوری:٢٠١٥:٢٥)، هەرچەندە ئەمە بە واتای ئەوە نایەت کە یاسای ڕێزمانی دەبێ فێربکرێ لەسەر ئەم ڕێکخستنە سروشتیە لە وەرگرتنی زماندا.

٣) گریمانەی چاودێریکردن: ئەم گریمانەیە وا دادەنێ کە فێربون و وەرگرتنی زمان بە شێوەیەکی زۆر دیاریکراو کاردەکەن. وەرگرتنی زمان بریتیە لە دەستکردن بە قسە لە زمانی دوەمدا. ئەو وەرگرتنەش بەرپرسە لە ڕەوانبێژی لەو زمانەدا، بەڵام "فێربون یەك فرمانی هەیە کە ئەویش تەنیا چاودێریکەر یاخود ڕێکخەرە، پاش ئەوەی زمان بەرهەم دێ لەلایەن سیستەمی وەرگرتن، ئەمەش دەکرێ لەکاتی نوسین یاخود لە دوای نویسن ڕوبدا"(krashen:١٩٨٢:١٥). جیاوازیی ئەم گریمانەیە لەگەڵ گریمانەی یەکەم ئەوەیە، گریمانەی یەکەم بە هیچ شێوەیەك باسی ئەوەی نەکردوە لە فێربونی زمانی دوەمدا ئەم فێربون و وەرگرتنە چۆن گوزارشتی لێوەدەکرێ، کەچی ئەم گریمانەیە ئەرکی هەریەك لە فێربون و وەرگرتنی دیاریکردوە. بۆ چالاکبونی ئەم گریمانەیە و سودوەرگرتن لێی لەلایەن فێرخوازانی زمانی دوەمەوە، کراشن ئەم مەرجانەی خوارەوەی داناوە:

- کات: قسەپێکەری زمان پێویستی بە کاتی تەواو هەیە بۆ بیرکردنەوە لە داڕشتنی کاریگەریانەی زمانەکە.

- وردبونەوە لە شێوە و پێکهاتە: تەنیا کات بەس نیە بۆئەوەی کە زمانی دوەم بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاربهێنن، بۆیە دەبێ جەخت لە شێوەش بکرێتەوە، لەبەرئەوەیە کاتێ کاتی پێویستیمان هەبێ، دەبێ بزانین کە چی دەڵێین، لە جیاتی ئەوەی کە چۆن دەیڵێین.

- زانینی یاساکان: پێویستە فێرکاری زمانی دوەم ئاگاداری ئەوەبێ کەمترین یاسای ڕێزمانی بکەینە بار بەسەر فێرخوازی زمانی دوەمەوە، چونکە پێکهاتەی زمان زۆر ئاڵۆزە، ئەگەرچی وا دەخوازێ فێرخوازی زمانی دوەم شارەزاییەکی سەرەتایی لە یاساکانی ئەو زمانە هەبێ کە دەیەوێ فێری ببێ.

٤) گریمانەی تێکردنی زانیاری: کراشن پێیوایە ئێمە سەرەتا بۆ واتای شتەکان دەچین لە زماندا پاشان فێری پێکهاتەی زمانەکە دەبین، هەروەها ئەم گریمانەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە چۆن بە تێپەڕبونی کات توانستی ئێمە لە فێربونی زمانی دوەمدا پێشدەکەوێ. واتە؛ چۆن سیستەمی وەرگرتنی زمان لە مێشکی قسەپێکەردا دوای ململانێی لەگەڵ یەکەی نوێی زمانی لە زمانی دوەمدا ڕادێ و ئامادە دەبێ بۆ وەرگرتنی یەکەی زیاتر لەژێر کاریگەریی تێگەیشتن لە یەکە زمانیەکانی ئەو زمانەی وەریدەگرێ، بۆیە کراشن پێیوایە، پێویستە لە ئاستی سەرەتا وەرگری زمان ئەو یەکە زمانیانەی پێبدرێ کە واتادارن، چونکە یەکەی زمانی بێواتا فێربونی زمان ئاڵۆز دەکا لە سەرەتادا، پێویستە لە کاتی ئاخاوتندا ماوەی بێدەنگی بدرێتە فێرخواز بۆئەوەی بیرۆکەکانی ڕێکبخا پێش دەربڕین.

٥) گریمانەی فلتەری کاریگەر: وەرگرتنی زمانی دوەم بەپێی بونی ئەو فلتەرانەی توشی وەرگری زمانی دوەم دەبێ، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی ترو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر گۆڕانکاری تەواو بەسەر ڕەوتی ئەوفێربونەدا دەهێنن. کڕاشن چەند فلتەرێکی جۆراوجۆری دیاریکردوە، کە کاریگەرییان لەسەر تەواوی فێربونی زمان هەیە. لەوانە:

- **پاڵنەر**: لە فێربونی زماندا دو جۆر پاڵنەر بەدیدەکرێن، ئەوانیش پاڵنەری ئەرێنی و پاڵنەری نەرێنین. فێرخوازی زمانی دوەم ئەگەر پاڵنەرێکی ئەرێنی هەبو، ئەوا پڕۆسەی فێربونی زمان خێراتر و ئاسانتر دەبێ. هیچ لەمپەرێك ناتوانێ بۆ ئەو فێربونە ڕێگربێ، بەڵام ئەگەر فێرخوازی زمانی دوەم خاوەن پاڵنەرێکی نەرێنی بو، ئەوا ئەو پاڵنەرە بەهۆی کاریگەریەکانی لەسەر مێشکی فێرخواز دەبێتە هۆی سستکردنی پڕۆسەی فێربونی زمانەکە و وا دەکا فێرخواز درەنگ فێری زمانەکە ببێ.

- **متمانە بەخۆبون**: ئەم فلتەرە کاریگەریەکی ئەرێنی لەسەر پڕۆسەی فێربونی زمانی دوەم هەیە، بە جۆرێ ئەگەر فێرخوازی زمان متمانەی تەواوی بە خۆی هەبێ دەتوانێ فێری ئەو زمانە ببێ، ئەوا بە شێوەیەکی خۆکارانە فێرخواز بە شێوەیەکی زۆر گونجاو و ئاسان هەڵدەستێ بە پێشوازیکردن لە گشت یاسا دەنگی و ڕێزمانیەکانی زمانی دوەم.

- **دڵەڕاوکێ**: پێچەوانەی متمانە بەخۆبونە. ئەگەرچی دڵەڕاوکێ لە ئەنجامی چەند هۆیەکی زمانی و نازمانی توشی وەرگری زمانی دوەم دەبێ، بەڵام کاریگەریەکی زۆری لەسەر فێربونی زمانەکە هەیە. ئەم دڵەڕاوکێیە وا لە وەرگر دەکا کە درەنگتر زمانی دوەم فێرببێ، یان ڕەنگە هەر فێری نەبێ.

بەم پێنج گریمانەیە کڕاشن لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردودا توانی پانتاییەکی فراوان لە بواری فێربون و فێرکردنی زمانی دوەمدا داگیربکا. چەندین توێژینەوەش دەربارەی ئەم گریمانانە کراون و لایەنی باش و خراپیان خستۆتەڕو. چەندین گریمانەی تر لە ئەنجامی بەرپەرچدانەوەی ئەم گریمانەیەوە پەیدابون وەکو گریمانەی دەرکردەکان (Output Hypothesis). هەروەها کراشن هەر لە حەفتا و هەشتاکاندا چەند میتۆدێکی خستەڕو بۆ فێرکردنی زمانی دوەم (جگە لەو گریمانانەی کە باسکران دەربارەی فێربونی زمانی دوەم)، بۆیە لە لاپەڕەکانی داهاتودا بە کورتی ئەو ڕێگە و میتۆدانە دەخرێنەڕو.

ج. **تیۆری زانینی[1] (cognitive theory):** ئەم تیۆرە یەکێ بو لەو تیۆریانەی دەرونناسەکان بە شێوەیەکی گشتی لە بواری فێرکردندا بەکاریاندەهێنا بۆ تێگەیشتن لەوەی مرۆڤ چۆن زانیاری

[1] لە زمانی کوردیدا وشەیەك نیە پڕبەپێیست ماناى (cognitive) بدا، بە ماناى فێربون، زانین، تواناى مێشك بۆ فێربون بەکارهاتوە، لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر بە وشەى (معرفي) دەوەستێ.

دروستدەکا و بەکاریدەهێنێ. ئەم تیۆرە لە هەندێ خاڵدا لەگەڵ تیۆر و گریمانەکانی پێشخۆی جیاوازی زۆرە، پوختەی بیروبۆچونەکانی ئەم تیۆرییە ئەمانەن:

- هیچ ئامێرێکی تایبەت بە زمان لە مێشکدا نیە.

- گرنگی زۆر بە پرۆسەی فێربون دەدەن وەکو: شێوازی فێربون و چۆنیەتی تێگەیشتن و پرۆسەی زانیاری.

- "هەمو فێربونێك بنەما گشتییەکانی فێربون و تێگەیشتنی مرۆڤ بەکاردێنێ، فێربونی زمانیش پێویستی بە هەمان میکانیزمە"(Vanpatten&benati:٢٠١٠:٧٠).

- توێژینەوەکانیان زیاتر جەخت لەسەر هۆکاری فێربون دەکەنەوە. گرنگی بەو هۆکارانە دەدەن کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی فێربونەکە هەیە.

- جیاوازیی تاك لە فێرکردنی زماندا گرنگی خۆی هەیە، وەکو: هاندان، پاداشت، یادگە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم تیۆرە پێچەوانەی تیۆری یەکەمە (توانستی فێربون)، چونکە یەکێ لە بنەما سەرەکییەکانی تیۆری یەکەم ئەوەیە کە ئامێری وەرگرتنی زمان[1] لەسەرەتای لەدایکبونەوە لەناو مێشکی هەمو منداڵێکدا بونی هەیە، بەڵام ئەم تیۆرە باوەڕی بە بونی ئامێرێکی لەوشێوەیە نیە و زیاتر گرنگی بە هۆکارەکانی فێربون و ژینگەی فێربون دەدا. ئەم تیۆرە فێربونی زمان وەکو هەر فێربونێکی تری مرۆڤ سەیردەکا. سیستەمی زانیاری کۆنتڕۆڵی دروستکردن و بەکارهێنانی هەمو زانیارییەکانی مرۆڤ دەکا بە فێربون و بەکارهێنانی زمانیشەوە. سلۆبن لە ساڵی (١٩٨٥) لە دو بەشدا توێژینەوەی لەسەر پەرەسەندنی زمانی منداڵ کرد. گەیشتە ئەو ئەنجامەی لە هەمو زمانەکاندا لێکچون لە پەرەسەندنی زمانی منداڵاندا هەیە. ئەمەش بۆ ئەو ڕاستیە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ بە ڕێگایەکی دیارکراو درك بە زانیاری و ڕێکخستنیان دەکا. "هەندێ توێژەر[2] پێیانوایە سەبارەت بە فێربونی زمانی یەکەمیش هەندێ لایەنی زگماکی هەیە، بەڵام هەندێ لایەنی تری وانیە. پێشیانوایە جامبیاجێ و چۆمسکی لە هەندێ لایەنەوە هەردوکیان ڕاستن"(Mitchel&myles:٢٠٠٤: ١٣١). توێژەر پێیوایە هەریەك لەو تیۆری و گریمانانەی باسکران بەشێك لە ڕاستی لەخۆدەگرن، چونکە هەر یەکەیان لە لایەنێکی جیاوازەوە بۆ بابەتەکە چوە.

**٢-٢-٤ ڕێگە (میتۆد)[3]کانی فێرکردنی زمانی دوەم:** لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردودا کڕاشن جگە لە گریمانەکانی فێربونی زمانی دوەم، چەند میتۆدێکی تری تایبەت بە فێرکردنی زمانی دوەم

[1] چۆمسکی ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە (language acquisition devise)، لەبەرامبەردا سلۆبن دەستەواژەی ( language making capacity) بەکاردێنێ.

[2] وەکو (Bley vroman) ، (Butterworth) ،(Harris).

[3] لەبەشێکی کتێبەکەیدا بەناوی(Teaching Methods) کڕاشن لەساڵی ١٩٨٢ز باسی لەو میتۆدانە کردووە.

خستەڕو، چونکە ئاشکرایە لە بواری فێربونی زمانی دوەمدا کڕاشن یەکێکە لەوانەی پڕۆسەکانی فێربونی زمان و فێرکردنی زمانی دوەمی بە دو پڕۆسەی جیاواز داناوە. لەو میتۆدانەش:

**١) میتۆدی وەرگێڕانی ڕێزمان:** یەکێك بو لە ڕێگە باوەکانی سەدەی نۆزدە لە فێرکردنی زمانی دوەمدا، "ئەم میتۆدە بۆ فێرکردنی پێکهاتەی زمانیی زمانی یەکەم و دوەمی فێرخواز بەکاردێ" (krashen: ١٩٨٢:١٢٧). پوختەی میتۆدەکە ئەوەیە، پێویستە فێرخواز فێری یاسا ڕێزمانیەکانی زمانی دوەم بکرێ و ئەم یاسایانە بەسەر یەکەی زمانی هەمان زماندا پیادەبکا، بەڵام بۆ بەرزکردنەوەی توانستی زمانی دوەم لەسەرەتادا پێویستە کەمترین یاسای ڕێزمانی بخرێتە بەردەستی فێرخواز. ئەم میتۆدەش چەند چالاکیەك دەگرێتەخۆی:

- ڕونکردنەوە و خستنەڕوی یاسا ڕێزمانیەکان بە نمونەی گونجاو.
- پێشکەشکردنی یەکەی زمانی نوێ بە فێرخواز.
- ڕاهێنانی فێرخواز لەسەر ڕێزمانی زمانی یەکەم و دوەم، ڕاهێنانیان بە یاسا ڕێزمانیەکانی هەردو زمانەکە. ئەم ڕێگەیە تاکو ئەمڕۆش بە شێواز و ڕێژەی جیاواز لە ناوەندەکانی خوێندن و پەیمانگاکانی فێرکردنی زماندا سودی لێوەردەگیرێ، بەڵام یەکێ لەلایەنە خراپەکانی ئەوەیە کە زیاتر کار لەسەر فۆرم دەکا.

**٢) میتۆدی بیستنی زمانی:** بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم میتۆدە بە گفتوگۆ دەستپێدەکا، دەربارەی وشە و پێکهاتەی زمانی پێویستە فێرخواز لە ڕێگەی گوێگرتنەوە بە ئاواز و دەنگەکان و دەربڕینەکانی زمانی دوەم ڕابێ، چونکە ئەم میتۆدە وا پێشبینی دەکا، فێرخواز بتوانێ لاسایی گفتوگۆکان بکاتەوە و بەم شێوەیە فێری زمانی دوەم ببێ. (Krashen: ١٩٨٢) باسی ئەوەی کردوە، ئامانجی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە فێرخواز لە ژیانی ڕۆژانەی گفتوگۆیەکی پوخت لە ڕێگەی لاسایی کردنەوە ئەنجام بدا، ئەگەرچی (Robert lado: ١٩٦٤) تێبینی ئەوەی کردوە، ئەم ڕێگەیە وا لە فێرخوازانی زمانی دوەم دەکا نەتوانن پێکهاتەی نوێ داباڕێژنەوە، چونکە تەنیا لاسایی ئەوە دەکەنەوە کە بیستویانە، ئەمەش بە خاڵی لاوازی ئەم میتۆدە ئەژماردەکرێ.

**٣) میتۆدی ڕاستەوخۆ:** ئەم ڕێگەیە هەمو گفتوگۆ و وتووێژی ناو ژینگەی دەستکردی (پۆل) فێرکردنی زمانی دوەم دەگرێتەوە. واتە؛ بە گشتی بریتیە لە زمانی ناو پۆل، زیاتر لە شێوەی پرسیار و وەڵام خۆی دەبینێتەوە. گوێگرتن و قسەکردن بە بنەمای سەرەکی فێرکردنی زمان دادەنێ، بۆیە گرنگیی تەواو بە زمانی فێرکار و فێرخواز و چالاکیە زمانیەکانیان دەدا. "میتۆدی ڕاستەوخۆ باس لەوە دەکا کە پرسیاری فێرکار و وەڵامی فێرخواز دەربارەی پێکهاتەیەکی دیارکراوی زمانەکەیە و دوبارەکردنەوەی یەکەی زمانی لای فێرکار بۆ فێرکردنی دۆخێکی دیاریکراوی زمانی مەبەست تێکڕا بە میتۆدی ڕاستەوخۆ دادەنرێ. ئەم میتۆدە وردبینی لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان دەکا لە ناو

ژینگەی فێرکردندا"(krashen:١٩٨٢:١٣٥). واتە؛ یەکێ لە خاڵە گرنگەکانی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەست لەسەر دروستی و نادروستی دەربڕینە زمانیەکان دادەنێ و ناهێڵێ هیچ یەکەیەك بە هەڵە بەسەر فێرخوازدا تێپەڕێ.

**٤) میتۆدی فێرکردنی سروشتی:** ئامانجی ئەم میتۆدە ئەوەیە "توانای هۆشەکی فێرخواز لە بەکارهێنانی پێکهاتە زمانیەکان بەرزبکاتەوە"(هەمان سەرچاوە:١٣٧). واتە؛ ئەم میتۆدە هەم کار لەسەر فۆڕم و هەم کار لەسەر لایەنی واتایی دەکا، بەڵام بە گشتی کاتی ژینگەی دروستکراو (پۆل) بۆ وەرگرتنی یەکەی نوێی زمانی تەرخاندەکرێ. کراشن لەم ڕێگەیەدا ئەوەی خستۆتەڕو پێویستە فێرکار تەنیا بە زمانی مەبەست (زمانی دوەم) بدوێ، بەڵام فێرخواز سەرپشك بکرێ لەوەی زمانی یەکەم، یان دوەم بۆ وەڵامدانەوە بەکاربێنێ. هەرکاتێ فێرخواز لە وەڵامدانەوەدا زمانی دوەمی هەڵبژارد، پێویستە لەهەمان کات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ[1] هەڵەکانی بۆ ڕاستبکرێتەوە. ئەم میتۆدە لە ئێستادا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێ و لە فێرکردنی زمانی دوەمدا سودی زۆری لێدەبینرێ، ئەگەرچی ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت لایەنی وەرگێڕان و فۆڕمی پشتگوێ خستوە و زیاتر پشت بە گەیاندنی واتا دەبەستێ، چونکە ئامانجی سەرەکیی بریتیە لە دروستکردنی پەیوەندیەکی دروست لە ژینگەی فێرکردندا.

**٥) میتۆدی زانینی جۆراوجۆر:** ئەم میتۆدە بە ڕادەیەکی زۆر لە میتۆدی یەکەم (وەرگێڕانی ڕێزمان) دەچێ، تەنیا جیاوازی نێوانیان لەوەدایە کە میتۆدی یەکەم تەنیا گرنگی بە فۆڕم و پێکهاتە دەدا، بەڵام ئەم میتۆدە یارمەتی فێرخواز دەدا شارەزاییەکی گشتی لەهەر چوار لایەنی (گوێگرتن، قسەکردن، نوسین، خوێندنەوە)هەبێ، بۆیە لە هەندێ ڕوەوە هەردو میتۆدەکە هاوشێوەن لە کارکردندا، تەنیا ئەوەیە فێرخواز لەم میتۆدەدا تا پلەیەکی باش دەتوانێ کۆنترۆڵی پێکهاتە جیاوازەکانی زمان بکا. ئەم میتۆدە هەوڵدەدا زیاتر لە میتۆدی یەکەم کەرەسەی زمانی بخاتە ژێردەستی فێرخواز، چونکە بوارەکانی فراوانتر و جۆراوجۆرترە.

## ٢-٣ هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر فێربونی زمانی دوەم:

ئاشکرایە فێربونی زمانێکی تر پرۆسەیەکی سەخت و ئاڵۆزە، بۆیە زۆر هۆکار هەن کار لەم ئەم پرۆسەیە دەکەن. لەم بەشەدا هەوڵدراوە بە کورتی باس لە کاریگەرترین ئەو هۆکاران بکرێ. ئەم هۆکارانە دابەشی سەر سێ جۆر کراون. ئەوانەی پەیوەندییان بە خودی فێرخوازەوە هەیە (هۆکارە ناوەکییەکان)، ئەوانەی لەدەرەوەی فێرخوازەوە کاردەکەنە سەر پرۆسەکە (هۆکارە دەرەکییەکان)، ئەوانەی پەیوەنییان بە خودی زمانەکانەوە هەیە (هۆکارە زمانییەکان).

[1] لەم خاڵەدا هەردو میتۆدی ڕاستەوخۆ و فێرکردنی سروشتی یەکدەگرنەوە.

**٢-٣-١ هۆكارە ناوەكییەكان:**

٢-٣-١-١ تەمەن: لە زۆرترین توێژینەوەی بواری فێركردنی زمانی دوەمدا قسە دەربارەی تەمەنی فێرخواز كراوە. بۆ فێربونی زمانی دوەم توێژینەوەكان بەگشتی تەمەنی منداڵی بە گونجاوتر دادەنێن. ئەمەش لەسەر چەند بنەمایەك، لەوانە:

- لە لایەنی بایەلۆجیەوە مێشكی منداڵ ئامادەیە و ڕونترە بۆ وەرگرتنی داتای نوێ و كۆگای یادەوەریی بەتاڵترە.
- كەسایەتی منداڵ بۆ لاسایكردنەوە ڕێگەخۆشكەرە بە بەراورد بە گەورەكان.
- لە پراكتیزەكردنی زمانی دوەم منداڵ لە گەورەكان بوێرترە، چونكە منداڵ ترسی هەڵەكردنی نیە.
- لە فێركردنی منداڵاندا دەتوانرێ، ئامراز و یاری جۆراوجۆری فێركردن بەكاربهێنرێ.

ئەمانە و چەندین هۆكاری تر كە پەیوەندییان بە تەمەنی فێرخوازەوە هەیە، وای لە توێژەران كرد بگەنە ئەو ڕاستییەی كە تەمەنی منداڵ بۆ فێربونی زمانی دوەم گونجاوترە، ئەگەرچی "لە هەنگاوی یەكەمدا گەورەكان بەتواناترن"(عەبدوللا حوسێن:٢٠١٥:١١٤). هەر سەبارەت بە تەمەنی فێرخواز، توێژینەوەیەك ئەوەی سەلماندوە "ئەگەر فێرخواز تا تەمەنی (١١)ساڵی توانی فێری زمانی دوەم ببێ، ئەوا دەتوانێ وەك قسەپێكەری زمانی یەكەم بەكاریبهێنێ، بەڵام ئەوانەی دوای تەمەنی (١٥)ساڵی فێریدەبن ئەو توانایەیان نیە. ئەوانەی لەنێوان تەمەنی (١١–١٥) ساڵی فێری زمانی دوەم دەبن، لە (٥٠%)یان دەتوانن وەكو زمانی یەكەمیان فێرببین و لە (٥٠%)یان ناگەنە ئەو ئاستە" (Machlaughlin :١٩٨٧: ١٧٨).

٢-٣-١-٢ ئارەزو: هەروەك چۆن زۆربەی كاروبارەكانی مرۆڤ پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە ئارەزوەكانیەوە هەیە، فێربونی زمانی دوەمیش بە ڕادەیەكی زۆر بە حەز و ئارەزوی فێرخوازەوە بەستراوە. ئەگەرهاتو فێربونی زمانێك یەكێ بێ لە ئارەزوەكانی فێرخواز، ئەوا فێربونی ئەو زمانە ئاسانتر دەبێ بە بەراورد بە زمانێكی تری كە فێرخواز ئارەزوی لێی نەبێ. بە بونی ئارەزو لە زمانێك مێشكی فێرخواز بە شێوەیەكی خۆكارانە ئاسانكاری بۆ چەسپاندنی داتاكانی ئەو زمانە دەكا. بە پێچەوانەوە ئەگەر فێرخواز خۆشی لە زمانێك نەیەت، ئەوا بەربەستی زۆر بۆ فێربونی ئەو زمانە دروستدەبێ، بە جۆرێ كە فێرخواز لە فێربونیدا هەست بە بێزاربونی تەواو دەكا، چونكە بیر و هۆشی فێرخواز لە كاتی فێربوندا سەرقاڵی شتی تر دەبێ.

٢-٣-١-٣ پێویستی: مرۆڤ بەدەگمەن كارێ دەكا پێویستییەك لە پێویستییەكانی خۆی پێ پڕنەكاتەوە. زۆرجار فێرخواز بۆ ڕاپەڕاندنی كاروباری ڕۆژانەی پێویستی بە زمانێكی تر هەیە. ئەم پێویستیە وادەكا فێرخواز لە كاتی فێربونی زمانی دوەمدا و لە پراكتیزەكردنی گشت لایەنەكانی (گوێگرتن، قسەكردن، نوسین، خوێندنەوە) گەرم و گوڕبێ. ئەم گەرم و گوڕیە پرۆسەی فێربونی زمانەكە خێرا

دەكا. بە پێچەوانەی ئەم بنەمایەی سەرەوە، كاتێ فێرخواز تەنیا بۆ بەسەربردنی كات و لە بێ ئیشیدا بیەوێ فێری زمانێكی تر ببێ، بە واتای ئەوەی بۆ فێربونی ئەو زمانە هیچ پاڵنەرێكی نەبو، ئەوا ئەنجامی پرۆسەكە بەو رادەیەی سەرەوە سەركەوتو نابێ.

٢-٣-١-٤ كۆمەڵایەتی بون: (محمد خولی:١٩٩٠) لە توێژینەوەیەكدا بەناوی (هۆكارە كاریگەرەكان لەسەر فێربونی زمانی دوەم) باسی لەوە كردوە ئەو فێرخوازانەی لایەنی كۆمەڵایەتییان بەهێزە، ئاسانتر و خێراتر تێكەڵی خەڵكانی دەوروبەریان دەبن. واتە؛ لە پەیوەندیكردندا بە دەوروبەریانەوە چالاكترن، ئەوا بە بەراورد بەو كەسانەی لایەنی كۆمەڵایەتییان لاوازە و گۆشەگیرن، خێراتر و باشتر دەتوانن فێری زمانی دوەم ببن. ئەم بنەمایە زیاتر بۆ ژینگەی سروشتی زمانەكە دەستدەدا. واتە؛ فێربونی كوردی لە كوردستان و فێربونی ئینگلیزی لە ئەمریكا، بەڵام بۆ ژینگەیەكی دروستكراوی وەك پۆل ئەم بنەمایە ئەگەرەكانی لاوازترە.

٢-٣-١-٥ متمانە بەخۆبون: لایەنی دەرونی فێرخواز كاریگەریی بەرچاوی لەسەر پرۆسەی فێربون بە گشتی و فێربونی زمانی دوەم بە تایبەتی هەیە. ئەو فێرخوازانەی لایەنی دەرونیان چەسپاوە و هەر لە منداڵییەوە لەلایەن خێزانەكانیانەوە هەستی متمانە بەخۆبونیان لا دروستكراوە، ئەوا لە فێربوندا بە گشتی سەركەوتوترن. ئەوانەشی لایەنی دەرونیان جێگیرنیە و متمانەیان بەخۆیان نیە، جا لەبەر هەر هۆكارێك بێ، بە زەحمەتتر دەتوانن فێری زمانێكی تر ببن، واتە؛ لایەنی دەرونی و متمانە بەخۆبون یاخود دوڵی و شپرزەیی كاریگەریی لەسەر فێربونی زمان دروست دەكەن.

**٢-٣-٢ هۆكارە دەرەكییەكان:**

٢-٣-٢-١ ژینگەی زمانی: مەبەست لە ژینگەی زمانی ئەو شوێن و كاتەیە كە فێرخواز زمانی دوەمی تێدا وەردەگرێ. (هەمان سەرچاوە) باس لە دو ژینگە دەكا، ژینگەی سروشتی و ژینگەی دروستكراو. لە ژینگەی سروشتیدا فێربون لە ژینگەی راستەقینەی زمانەكەدایە. ژینگەی سروشتی لە فێركردنی زمانی دوەمدا سەركەوتوترە. ژینگەی دروستكراو، ژینگەی ناو پۆل دەگرێتەوە. بریتییە لە وەرگرتنی بەئاگایی زمانی دوەم و زیاتر گرنگیی بە یاسا رێزمانییەكان دەدا. (خولی) چارەسەری بۆ ئەم جۆرە ژینگەیەش دیاركردوە بەوەی كە بۆ سەرخستنی پرۆسەی فێربونەكە بە هۆكاری جۆراجۆر وا لە ژینگەی دروستكراو بكرێ لە ژینگەی سروشتی بچێ.

٢-٣-٢-٢ پەیوەندیی نەتەوەیی: پەیوەندیی نێوان نەتەوە جیاوازەكان كاریگەریی لەسەر گشت بوارەكانی ژیانی ئەو نەتەوانە هەیە، یەكێ لەو بوارانە زمانە. فێربونی زمانی نەتەوەیەكی تر لەسەر چەند بنەما و هۆكارێكی جیاواز بەندە. بەجۆرێ "ئەگەر هاتو فێرخواز رقی لەو نەتەوەیە بو، یان رقی لە قسەپێكەرەكانی زمانی ئەو نەتەوەیە بو كە دەیەوێ فێری زمانەكەی ببێ، ئەوا درەنگتر و خراپتر فێری ئەو زمانە دەبێ"(محمد خولی:١٩٩٠:٣٦٥)، چونكە فێرخواز بەرامبەر بەو زمانە و

قسەپێکەرانی هەڵوێست وەردەگرێ. زۆرجار ئەو هەڵوێست وەرگرتنە بەهۆی هۆکاری مێژوییەوە دەبێ، یان بە هۆکاری شەڕ و داگیرکاری، یان هۆکاری تاکە کەسییە. لە بەرامبەریشدا خۆشویستنی زمانێك فێربونی ئەو زمانە خێراتر دەکا، ئەوکات پرۆسەکە پێویستی بە کاتی کەمتر دەبێ.

٢-٣-٢-٣ پشودان: پشودانی زەینی فێربونی زمانی دوەم خێرادەکا، دولەی (Dulay،1982) باس لەوە دەکا کە لۆزانۆڤ (Luzanov) لە بولگاریا ئەم شێوازەی تاقیکردەوە و لە پۆلدا مۆسیقایەکی ئارامی بەکارهێنا لەگەڵ دانیشتن لەسەر کورسییەکی ئاسودە. گفتوگۆیان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کرد، دواتر گوێیان لە مۆسیقا گرت، دوبارە خوێندن، دواتر وەرزشکردن و دوبارە خوێندن. بەرهەمی ئەم تاقیکردنەوەیە دڵخۆشکەربو، بریتی بو لە فێربونی (٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠) وشەی نوێ[1]، لەگەڵ بەکارهێنانیان بە شێوازێکی دروست. پشودان و دروستکردنی کەشی هێمن فێربونی زمانی دوەم خێرا دەکا، چونکە قوتابی لە ناوەندی خوێندندا، پاش چەند ساڵ خوێندنی زمان، ناتوانن فێری ئەوەندە وشەیە ببن. ڕەنگە یەکێ لەو هۆکارانە ئەوە بێ کە باسمانکرد، چونکە بەگشتی ناوەندەکانی خوێندن کەشێکی بێزارکەریان بۆ فێرخواز دروستکردوە و ئەمەش ئەنجامی خراپی لەسەر فێرخوازەکان دروستکردوە.

٢-٣-٢-٤ هەستکردن بە زمانەکە: ئاشکرایە "منداڵ بەشێوەیەکی ئەندێشەیی فێری زمانی یەکەمی نابێ. هەمو وشەکانی پەیوەستن بە شتی بەرجەستە و دیارکراوەوە، لە خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و پێکەنین و گریان ...تاد"(محمد خولی:١٩٩٠:١٩٩). بۆیە پێویستە لە کاتی فێرکردنی زمانی دوەمدا ژینگەیەکی بەرجەستە و ڕاستەقینە بۆ فێرخواز دروستبکرێ. بۆ نمونە (هەمان سەرچاوە) ئەم پێشنیارانەی کردوە:

- لە پۆلدا ناوی ڕاستەقینەی فێرخواز بەکاربهێنرێ.
- هۆکاری بینراو و بیستراو و نمایش و یاری زمانی بەکاربهێنرێ.
- لە بری ڕستە و دەستەواژەی ئەندێشەیی و نابەرجەستە، ڕستە و دەستەواژەی ڕاستەقینە بەکاربهێنرێ.
- دەربڕینەکان بە ژیانی ڕاستەقینەی فێرخوازان ببەسترێتەوە.

ئەم هۆکارانە وا دەکەن زمانی دوەم وەکو فێربونی زمانی یەکەم سیفەتێکی سروشتی وەربگرێ.

٢-٣-٢-٥ بەرنامەی حکومەت: "لە سەرانسەری دونیادا زۆربەی حکومەتەکان پرۆگرامەکانی فێرکردنی زمانی ئینگلیزییان لە پێشتردا خستۆتە ناو سیستەمی خوێندنیان" (Annamaria:٢٠١١:١). لێرەدا ئێمە تەنیا مەبەستمان فێرکردنی زمانی ئینگلیزی نیە، بەڵکو

[1] بۆ فێربونی ئەو ڕێژەیە لە وشە بێگومان پێویستی بە کاتێکی زۆرە، بەڵام لە سەرچاوەکەدا هیچ ئاماژە بە ماوەی تاقیکردنەوەکە نەدراوە.

بەگشتی بەرنامەی حکومەت بۆ فێرکردنی زمانێکی دیارکراو کاریگەریی بەرچاوی هەیە. بەجۆرێ ئەگەر حکومەت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا گرنگی بە هەر زمانێك بدا، ئەوا فێربونی ئەو زمانە بۆ فێرخواز ئاسانترە و بۆ وەرگرتنی ئەو زمانە کاتی زیاتریان پێدەدرێ، لە بەرامبەردا ئەگەر حکومەت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا زمانێك پشتگوێبخا، ئەوا فێربونی ئەو زمانە. بە بەراورد بەوەی پێشتر باسکرا، زەحمەتترە. لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی حکومەت و بەرنامەکانی دەتوانن، ببن بە هۆکارێکی کاریگەر لەسەر فێربونی زمانی دوەم. ئەمەش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەبینرێ، حکومەتی هەرێم پێشتر زۆر گرنگیی بە زمانی عەرەبی دەدا، کەچی ئێستا زمانی ئینگلیزی جێگەی گرتۆتەوە. ئەمەش بۆ پێگەی زمانی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە، کە لە ئێستادا زمانی یەکەمە لە جیهاندا.

٢-٣-٢-٦ خۆشویستنی زمانەکە: زمان هەیە بە هەر هۆکارێك لە هۆکارەکان[١] لای فێرخواز سەرنجڕاکێش و خۆشەویست دەبێ. ئەم خۆشویستنە دەبێتە پاڵنەرێکی دەرونی بۆ خێراکردن و باشترکردنی پرۆسەی فێربونی زمانەکە. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر فێرخواز زمانێکی خۆش نەوێت، یان ڕقێکی دیارکراوی بەرامبەر بە زمانەکە هەبێ، ئەوا لەڕوی دەرونیەوە لە وەرگرتنی ئەو زمانە ئاسودە نابێ و بەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر فێربونی زمانەکە دروستدەکا.

٢-٣-٢-٧ لایەنی ئابوری: زانکۆکان و قوتابخانەکان کەمترین شت دەربارەی زمانی دوەم بە فێرخوازان دەبەخشن، بۆیە فێرخوازان پەنادەبەنەبەر پەیمانگاکانی فێرکردنی زمانی دوەم. ئەم کارەش پێویستی بە ئابوری باش هەیە، بۆیە ئەگەرهاتو فێرخواز لایەنی ئابوری باش بو، ئەوا فێربونی زمانی مەبەست بۆی ئاسانترە و کاتێکی کەمتری دەوێ. ئەگەر فێرخواز باری دارایی وەك پێویست نەبو، بێگومان کاریگەریی لەسەر ئەو پرۆسەیە هەیە و ڕەنگە دوایبخا، یان هەر فێری نەبێ. لە لایەکی ترەوە لایەنی ئابوری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی کردۆتە سەر فێربونی زمانی دوەم، لە ڕەخساندنی هەلی کاردا، کێ زمانێ زیاتر بزانێ، ئەوا هەلی وەرگرتنی زیاترە. لایەنی ئابوری وابەستەیە لەگەڵ هەمو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ، چونکە ئابوری بەرز زۆر شت بۆ مرۆڤ فەراهەمدەکا. لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی بەردەوام و هاتوچۆکردن و بازرگانیکردنی نێوان نەتەوەی جیاواز وا لەو کەسانە دەکا بە پەرۆش بن بۆ فێربونی زمانی ئەو نەتەوانە.

٢-٣-٢-٨ دراوسێیەتی: کاتێ زمانی دو نەتەوەی جیاواز لەڕوی جوگرافییەوە دراوسێبن، ئەوا جگە لە لایەنی مێژوی و کلتوری..تاد، زۆر دانەی زمانیان تێکەڵ دەبێ. ئەم تێکەڵبون و هاوبەشییە لەنێوان ئەو دو زمانەدا کارئاسانی بۆ فێرخوازانی ئەو دو نەتەوەیە دەکا کە زۆر بەخێرایی و بەشێوازێکی دروست فێری زمانی یەکتر ببن. فێرخوازی کورد زۆر بەئاسانی دەتوانێ فێری زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی ببێ، چونکە لەڕوی جوگرافیەوە ئەمانە دراوسێی

[١] زۆرجار خۆشەویستی کەسێك یان گۆرانیەك یان فیلمێك دەبێتە سەرچاوەی خۆشویستنی زمانێك.

کوردستانن، بەڵام فێربونی زمانی فرەنسی بۆ فێرخوازانی کورد زەحمەتترە. دراوسێیەتی تەنیا کاریگەری ئەرێنی لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە. واتە؛ ئەگەر دو زمان دراوسێ بن، ئەوا ئەو دراوسێیەتییە جگە لە قازانج، هیچ زەرەری بۆ فێربونی زمانەکە نیە. لێرەدا ڕێژەی تێکەڵبون ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ. تاکو ڕێژەی تێکەڵبون و هاتوچۆی ئەو دو نەتەوەیە زۆرتربێ، فێربونی زمانی دوەم ئاسانتردەبێ و پێچەوانەشی ڕاستە. لە لایەکی تریشەوە باڵادەستی زمانی دوەم لە هەر لایەنێك بێ (کارگێڕی، ڕۆشنبیری، سەربازی، بازرگانی...هتد) کاریگەریی لەسەر زمانی یەکەم دەبێ و زمانی دوەم بە زمانی زاڵ دادەنرێ، وەك کوردی و عەرەبی، یان کوردی و تورکی، فارسی...، بۆیە کوردەکان پتر فێری ئەو زمانانە دەبن بە بەراورد لەگەڵ فێربونی ئەو نەتەوانە بۆ زمانی کوردی.

٢-٣-٢-٩ هۆکاری کۆمەڵایەتی: زمان بە گرنگترین هۆکار دادەنرێ بۆ پەیوەندیکرنی تاکەکانی کۆمەڵگەیەك، هەم لەگەڵ یەکتر، هەم لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگایەکی تر. فێربونی زمان لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لایەنی کۆمەڵایەتیان بەهێزە ئاسانترە بە بەراورد بە زمانی ئەو نەتەوانەی کە لایەنی کۆمەڵایەتیان لاوازە و بە کۆمەڵگایەکی داخراو ناسراون. لەسەر ئەم پێوەرە فێربونی زمانی ئینگلیزی ئاسانترە لە فێربونی زمانی ئەڵمانی، چونکە ئاشکرایە کە کۆمەڵگای ئەڵمانی لە کۆمەڵگای ئینگلیزی داخراوترە.

٢-٣-٢-١٠ ڕامیاری: زانینی زمانێکی تر، بەتایبەت زمانێکی جیهانی، بۆ ئەو کەسانەی لە بواری ڕامیاریدا کاردەکەن، چەکێکی یەکجار کاریگەرە. زانینی زمانی دوەم وا لەو کەسە دەکا، کارەکانی سەرکەوتوتر و ئاسانتر بن. ئەو زمانە وا دەکا فێرخواز ئاگاداری گشت کار و چالاکیە ڕامیاریە جیهانیەکان بێ. لە وڵاتە پێشکەوتوەکان جەخت زۆر لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەو کەسانەی لە بواری هەواڵگری کاردەکەن، پێویستە بە لایەنی کەمەوە دو زمان یان زیاتر بزانن. "لە بواری هەواڵگریدا لە هەندێ وڵات لەپاڵ تاقیکردنەوە هەواڵگرییەکاندا، جۆرێك تاقیکردنەوەی زمانی هەیە بە ناوی [توانستی فێربونی زمانی بیانی]، کە مەرج و پێویستە کەسی پاڵێوراو بۆ ئەم کارە لە تاقیکردنەوەکەدا دەربچێ"(شێرکۆ و بڕوا:٢٠١٣:٣٥٢). بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری ڕامیاری هاندەرێکی باشە بۆ ئەو فێرخوازانەی لەو بوارەدا کاردەکەن و دەیانەوێ فێری زمانی دوەم ببن.

**٢-٣-٣ هۆکارە زمانییەکان:**

مەبەست لەم هۆکارانە ئەوانەن کە پەیوەندییان بە خودی زمانەکانەوە هەیە، نەك فێرخواز، یان هەر هۆکارێکی تر. ئەم هۆکارانەش چەند جۆرێکن، لەوانە:

**٢-٣-٣-١ خزمایەتی زمان:**

ئەو زمانانەی سەر بە یەك خێزانی زمانین، گەلێ دانەی زمانی و یاسای ڕێزمانی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. ئەم هاوبەشیە لەنێوان زمانەکاندا یارمەتیی فێرخواز دەدا کە ئاسانتر فێری ئەو زمانە ببێ، بە بەراورد بە زمانێکی تر کە هیچ پەیوەندیی خزمایەتی لەگەڵ زمانی یەکەمیدا نەبێ. بۆ نمونە فێربونی زمانی فارسی بۆ فێرخوازانی کورد ئاسانترە لە فێربونی زمانی چینی، چونکە زمانی فارسی خزمایەتی  نزیکی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە، بەپێچەوانەوە زمانی چینی هیچ پەیوەندیەك بە زمانی کوردیی نابەستێتەوە.

**٢-٣-٣-٢ ئاستەکانی زمان:**

- ئاستی دەنگسازی: تا چەند دەنگەکانی زمانی دوەم هاوشێوەبن لەگەڵ دەنگەکانی زمانی یەکەمی فێرخواز، ئەوا فێربونی ئەو زمانە بۆ فێرخوازەکە ئاسانترە. دەنگ بچوکترین دانەی زمانە، دەنگەکان بناغە و هەڵگری یەکەکانی تری زمانن، بۆیە لە فێربونی زماندا گرنگی خۆی هەیە. ئەگەرهاتو دەنگەکانی زمانی دوەم زۆر جیاوازبن لەگەڵ دەنگەکانی زمانی یەکەمی فێرخواز، ئەوا فێرخوازەکە توشی گرفت دەبێ، پرۆسەی فێربونی زمانەکە بەهێواشی دەڕوات بەڕێوە، چونکە فێرخواز پێویستە کاتێکی زۆر تەرخانبکا بۆ فێربونی دەنگەکانی زمانی دوەم. بەپێچەوانەوە تا چەند دەنگەکان و یاسا دەنگییەکانی زمانی دوەم نزیك بن لە دەنگ و یاسا دەنگییەکانی زمانی یەکەمی فێرخواز، ئەوا گومانی تێدا نیە،  فێربونی ئەم جۆرە زمانە بۆ فێرخواز ئاسانتر و خۆشترە بە بەراورد بە زمانەکەی تر.

- ئاستی وشەسازی: هەمو زمانەکانی دونیا یاسای وشەسازیی تایبەت بەخۆیان هەیە. زمان هەیە هەر وشەیەکی واتایەکی سەربەخۆی هەیە و مۆرفیمێکی سەربەخۆیە. زمان هەیە وشەکانی لە چەند مۆرفیمێك پێکدێت و پاشگر و پێشگری زۆری تێدا بەکاردێ، بۆ گۆڕینی واتای مۆرفەکان...تاد. بەم شێوەیە ئەگەر یاسا وشەسازیەکانیی زمانی دوەم هاوشێوەی یاسا وشەسازیەکانیی زمانی یەکەمی فێرخوازبێ، ئەوا ئەم لێکچونە لەسەر فێربونی زمانی دوەمی کاریگەرییەکی ئەرێنی باشی هەیە. بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەم یاسا وشەسازیانە چۆنیەك نەبن، ئەوا کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر فێربونی زمانی دوەم دروستدەکا و زمانەکە لای فێرخواز زەحمەت دەکا.

- ئاستی ڕستەسازی: ئەم ئاستە لە چۆنیەتیی ڕیزبون و دانەپاڵی وشە و مۆرفیمەکانی زمان دەکۆڵێتەوە لە چوارچێوەی یەکەیەکی لەخۆیان گەورەتر کە ڕستەیە. ڕستە بە گەورەترین یەکەی ڕێزمانی دادەنرێ. هەر زمانێك یاسای ڕستەسازی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا کەرەسەکانی لە چوارچێوەی ڕستەدا بە شێوەی (بکەر+ بەرکار+ کار) ڕیزدەبن، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا کار دێتە سەرەتا و بکەر، ئینجا بەرکار دێ. لە زمانی ئینگلیزیشدا کەرەسەکان بە شێوەی

(بکەر+ کار+ بەرکار) ڕیزدەبن. مەبەستی ئێمە ئەوەیە ئەم ڕیزبونە هەندێ جار لەنێوان زمانەکاندا هاوبەشە یان نزیکن لەیەکترەوە، هەندێ جاریش جیاواز دەبن. لە گریمانەی شیکردنەوەی بەرامبەریدا[1] تەنیا کار لەسەر ئەم یاسا هاوبەش و جیاوازانەی نێوان زمانەکان دەکرێ، بە مەبەستی سود وەرگرتن لێیان بۆ فێرکردنی زمانی دوەم، ئەمەش خودی کارەکەی ئێمە دەگرێتەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە یاسای هاوبەشی زمانەکان فێرخواز بە ئاسانی وەریدەگرێ و بە کاتێکی کەم و بەبێ هیچ زەحمەتێك کۆنترۆڵی دەکا، بە بەراورد بەو یاسایانەی کە لە نێوان زمانەکاندا جیاوازی زۆریان هەنە، هەربۆیە ئاستی ڕستەسازی و یاسا ڕێزمانیەکان بە هەردو لایەندا (ئەرێنی و نەرێنی) کاریگەریی زۆر لەسەر فێربونی زمانی دوەم دروستدەکەن.

- ڕێنوس: ڕێنوس کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر فێربونی ئەو زمانەی کە فێرخواز مەبەستیەتی. زمانانی دونیا چەند ڕێنوسێکی جیاواز بەکاردێنن، لەوانە ڕێنوسی لاتینی و ڕێنوسی ئارامی و ڕێنوسی وێنەیی و ...تاد. ئەو زمانەی فێرخواز مەبەستیەتی فێری ببێ، ئەگەر ڕێنوسەکەی لەگەڵ ڕێنوسی زمانی نەتەوەیی یەك ڕێنوس بو، ئەوا ئەو زمانە بۆ ئەو ئاسانترە و خێراتر فێری دەبێ. واتە؛ ڕێنوس لەم حاڵەتەدا یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی فێربونی زمانەکە، بۆ نمونە فێربونی زمانی عەرەبی بۆ فێرخوازێکی کورد لە فێربونی زمانی تورکی ئاسانترە، ئەمەش بەهۆی ڕێنوسەکەیەوە نەك هیچ هۆیەکی تری. پێچەوانەی ئەم دۆخەی باسمانکرد، ئەگەرهاتو ڕێنوسی زمانی دوەم جیاوازبو لەگەڵ ڕێنوسی زمانی یەکەمی فێرخواز، ئەوا ئەرکێکی تر بۆ فێرخوازەکە زیاددەبێ، ئەویش بەوەی پێویستە کاتێکی زۆر بۆ فێربونی ڕێنوسی زمانی دوەم تەرخانبکا، کەواتە؛ لەم حاڵەتەدا ڕێنوسی زمان کاریگەریی نەرێنی لەسەر فێربونەکە دروستدەکا.

- گۆکردن (Pronunciation): یاسایەکی چەسپاو لە زمانی کوردیدا هەیە کە پەیوەندیی نێوان دەنگەکان و پیتەکانی پتەوتر کردوە، ئەویش ئەوەیە (چۆن دەوترێ، ئاوا دەنوسرێ)، واتە؛ لە زمانی کوردیدا هەر دەنگێك بەرامبەر بە پیتێك دەوەستێ. ئەم یاسایەش بەڕادەیەکی زۆر فێربونی زمانی کوردی بۆ فێرخوازانی خۆی ئاسانکردوە. لە زمانی ئینگلیزیدا یاسایەکی لەم شێوەیە بەرچاو ناکەوێ و بگرە بە پێچەوانەوەیە. لە زمانی ئینگلیزیدا (٢٦) پیتی سەرەکی هەن، بەڵام زیاد لە (٤٤) دەنگی سەرەکی تێیدا دەبینرێن. ئەمەش یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکانی فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی. مەبەستی ئێمە ئەوەیە دەربڕین کاریگەریی لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە، تا چەند ژمارەی دەنگ و پیتەکان بەرامبەر یەکبن، ئەوا فێربونی زمانەکە ئاسانتر دەبێ. بە پێچەوانەوە ئەگەر ژمارەی دەنگ و پیت یەکسان نەبون، ئەوا فێربونی ئەو زمانە زەحمەتترە.

[1] (Contrastive analysis hypothesis)

ئەمانەی باسکران ئەو هۆکارانە بون کە کاریگەرییان لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە، بەڵام جگە لەمانە چەند هۆکارێکی تر هەن بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە لەوانە: (گەشت و گوزار، ئاینی، زانست و زانیاری، کلتوری ...تاد).

# بەشی سێیەم

# پۆلینکردنی ڕستەی کوردی

**بەندی یەکەم: پێکهاتە و ڕیزبونی کەرەسەی فرێز و ڕستە:**

**تەوەری یەکەم: پێکهاتە و جۆرەکانی فرێز:**

فرێز[1] لە زمانی کوردیدا بەوە پێناسە کراوە کە "بەو یەکە سینتاکسییە دەگوترێت کە لە کەرەسەیەك، یان لە کەرەسەیەکی سەرەکی (سەرە) و هەموو ئەو کەرەسانەی کە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ (دیارخەر) بەندن پێوەی، یان لە ژێر دەسەڵاتیانن پێکدێ و لە ڕستەدا ئەرکێك دەبینێ"(ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی:٢٠١٣:١٠). واتە؛ فرێز دەشێ کەرەسەیەك یان زیاتربێ و لە ڕستەدا ئەرکێك دەگرێتەئەستۆ. لە زمانی کوردیدا فرێز بە پێی جۆری سەرەکەی دەکرێتە پێنج جۆر، ئەوانیش: فرێزی (ناوی، ئاوەڵناوی، ئاوەڵکاری، کاری و بەند)ن. لە خوارەوە باس لە هەر یەك لەو فرێزانە کراوە:

## ١. فرێزی ناویی و ڕیزبونی کەرەسەکانی:

ئەو بەشە سەرەکیەی ڕستەیە، لە ناوێك یان ناوئاسایەك پێکدێ. ئەم بەشە سەرەکیەش کە ناوێکە یان ناوئاسایێکە، بە (سەرە) ناودەبرێ. "ئەم سەرەیە بۆی هەیە بەهۆی دیارخەرێکەوە، یان چەند دیارخەرێکەوە فراوانبکرێ کە دیارخەرەکان، یان دەکەونە پێش سەرە، یان دوای سەرە"(ڤیان سلێمان حاجی:٢٠٠١:٢٩). واتە؛ ناو و ناوئاسا بە ناوکی فرێزی ناوی دادەنرێن. ئەو کەرەستانەی وەکو ناوئاسا دەوردەبینن لە فرێزی ناویدا بریتین لە (گروپی ناوی)، کە ئەمانەن:

- **ناو** : شیرین تەشی دەڕێسێ.
- **چاوگ**: خوێندن ڕوناکیە بۆ ژیان.
- **ڕاناو** : ئەوان شۆڕش بەرپادەکەن.

دیارخەرەکان دەتوانن فرێزی ناوی فراوانبکەن. ئەم فراوانکردنە لەسەر پێکهاتەی فرێزەکە ڕۆلی هەیە، بۆیە لە ڕوی پێکهاتنەوە فرێزی ناوی دابەشی دو جۆر کراوە:

**١-١ فرێزی ناویی سادە:** لەم جۆرە فرێزە ناویەدا، لە ڕستەدا سەرە بە تەنیا دێ. "سادەترین فرێزی ناوی لە ناوێك یان ڕاناوێك دروست بووە"(وریا عمر:١٩٨٦:١٨٤). وەك:

- موحەممەد نوست.
- ئێوە سەردەکەون.

واتە؛ ناوکی فرێزی ناوی کە سەرەیە، هیچ جۆرە وشەیەکی تری لەگەڵدا نایەت کە دەوری دیارخەری هەبێ. بە واتایەکی تر "ئەگەر فرێزی ناوی تەنیا لە سەرێك پێکبێت، ئەوا بە فرێزی ناویی سادە ناودەبرێت"(محمد عمر عول:٢٠٠٨:٦).

[1] (گرێ/ دەستەواژە)یان پێدەوترێ.

۲-۱ **فرێزی ناویی فراوانکراو**: ئەو فرێزە ناویانە دەگرێتەوە کە جگە لە سەرە کەرەسەی تری وەکو دیارخەری لەگەڵدا دێ. "سەرەی فرێزی ناوی لە ناوێکی سادە پێکدێت، دەتوانین ئەم سەرەیە بە چەند یەکەیەکی ڕێزمانی (مۆرفیم، فرێز، ڕستە) فراوانبکەین. لەم فراوانکردنەدا سەرە بنەڕەتە و هەمو خستنەسەرێك[1] بۆ سەرە دەگەڕێتەوە"(ئومێد بەرزان:۲۰۱۲:۲۰). واتە؛ فرێزی ناوی ئەگەر جگە لە سەرە، یەکەیەکی تری ڕێزمانی (مۆرفیم، وشە)ی تری لەگەڵدابێ، ئەوا بە فرێزی ناویی فراوانکراو ناودەبرێ. وەك:

- دو دەفتەرم پڕکردەوە.
- گوڵێکی جوانم چاند.

فرێزی ناوی بەگشتی دو پێکهاتەی هەیە، ئەوانیش پێکهاتەی ناوەوە و دەرەوەن. جیاوازی نێوان ئەم پێکهاتانە لە فرێزەکەدا بەندە بە شوێن و چۆنیەتی کارکردنی دیارخەرەکانەوە. بۆیە لێرەدا باسێکی پوختی پێکهاتەی فرێزی ناویی خراوەتەڕو:

- **پێکهاتەی ناوەوەی فرێزی ناوی**: لێرەدا "مەبەست لە پێکهاتەی ناوەوەی فرێزی ناوی، بەشداریکردنی ئەو مۆرفیمانەیە، کە لە پێکهاتنی فرێزەکەدا تایبەتن بە ناوەوە و ئەرکی دیاریکەر دەبینن و دەچنە پاش ناوەکە"(محمد عمر عول:۲۰۰۸:۸). ئەم جۆرە پێکهاتەیە مۆرفیمەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، تاك، کۆ، خاوەنداریەتی) دەگرێتەوە. بۆ نمونە:

- ناسراوی: باخ + ەکە = باخەکە
- نەناسراوی: باخ + (ێك/ەك/ێ) = باخێك/ باخەك/ باخێ
- کۆکردنەوە: کچ + ان = کچان
- خاوەنداریەتی: دەستم شکا.

(محمد عمر عول، ۲۰۰۸) لە نامەکەیدا باسی لەوە کردوە کە ئەم مۆرفیمانە بەشێوەیەکی گشتی دەچنە سەر ناوی گشتی، مەگەر لە بارێکی تایبەتدا، ئەگەرنا ناچنە سەر ناوی تایبەتی، بۆیە بەگشتی پێکهاتەی ناوەوەی فرێزی ناویی، زیاتر مەبەست لەو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیانەیە کە بە مەبەستی ڕاگەیاندنی دۆخێکی ڕێزمانیی دیارکراو، دەچنە سەر سەرەی فرێزەکە و پێوەی دەلکێن.

- **پێکهاتەی دەرەوەی فرێزی ناوی**: مەبەست لەم پێکهاتەیە فراوانکردنی فرێزی ناویە بەهۆی دیارخەرەکانەوە. ئەم دیارخەرانە هەندێکیان لە پێشەوەی فرێزە ناویەکە و هەندێکیان لە دواوەی فرێزە ناویەکە ئەم ڕۆڵە دەبینن. واتە؛ فرێزە ناویەکە "بەهۆی دیارخەرەکانی پێشەوە [specifier] و دیارخەرەکانی دواوە [modifier] فراواندەکرێت"(حاتم ولیا:۲۰۰۰:٤). ئەم دیارخەرانە بەهۆی

[1] دو جۆرە خستنەسەر هەیە: ڕاستەوخۆ وەك ( گوڵێکی **جوانم** چاند)، ناڕاستەوخۆ وەك (گوڵدانی سەر **مێزە** شکاوەکە جوان نیە).

شوێنی دەرکەوتنیانەوە ئەم ناوانەیان بۆ دانراوە و "هەر یەکەیان دەتوانرێت بەهۆی چەند دانەیەکی ڕێزمانیی فراوانەوە بنوێنرێت"(محمد عمر عول:٢٠٠٨:٨)، ئەوانیش:

**١) دیارخەرەکانی پێش سەرە:** "کۆمەڵێك کەرەسە هەن، دەکەونە پێش سەرەی فرێزی ناوی و بەبێ یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ لەگەڵ ناوەکەدا لێکدەدرێن و ئەرکی دیارخەر دەبینن"(ئومێد بەرزان:٢٠١٢:٢٢)، ئەم دیارخەرانە بە چەند کەرەسەیەك دەنوێنرێن. لەوانە:

- ژمارە: (بنجی: چوار کتێب دەکڕم). (ڕێکخستن: چوارەم کتێب دەکڕم). (کەرتی: چواریەکی کتێبەکانم کڕی).
- ئاوەڵناوی پلەی باڵا: باشترین کتێبم کڕی.
- ئامرازەکانی نیشانە (ئەم...ە / ئەو...ە ...تاد): ئەم کتێبەم کڕیوە. ئەو کتێبەم بۆ بهێنە.
- وشەی پرس: چ خواردنێك خۆشە؟
- وشەی نەفی: هیچ خواردنێ ناخوا.
- وشەی جەختکردن: هەر ڕۆمانەکەی کڕی. تەنیا دەفتەرەکەم پێیە.
- ڕادە: هەندێ کتێبم فرۆشتوە.

(ساجیدە عەبدوڵڵا، ٢٠١٣) باس لەوە دەکا، مەرج نیە لە فرێزێکی ناویدا، هەمو ئەم دیارخەرانە پێکەوە دەربکەون. واتە؛ ئەم دیارخەرانە هەر یەکەیان بە تەنیا، یان دوانیان پێکەوە، یاخود سێیان، دەتوانن لە یەك کاتدا ببن بە دیارخەری سەرەی فرێزە ناویەکە. وەکو:

- هەر تەنیا ئەم چوار بنە دارە دەبڕمەوە.

**٢) دیارخەرەکانی دوای سەرە:** لە زمانی کوردیدا ئەم فرێزانەی بەم شێوەیە دروستدەبن، بە بڵاوترین جۆری فرێز دادەنرێن. پێکهاتەی فرێزەکان "لە سەرە و دیارخەرێك، یان چەند دیارخەرێك پێکدێت، دیارخەرەکان دوای سەرە دەکەون بەهۆی ئامرازی خستنەسەری [ی–ە]ەوە"(هەمان سەرچاوە). واتە؛ هەندێ کەرەسە هەن (وشە، فرێز، پاڕستە) لە دوای فرێزی ناویەوە، بەهۆی ئامرازێکی خستنەسەرەوە وەکو دیارخەرێك دەردەکەون. دیارخەرەکان چەند جۆرێکن:

أ- فرێزی ناوی (ناو/ ناوئاسا): مامی باوکم لە حەج هاتەوە.

ب- فرێزی ئاوەڵناوی: هەناری ترش خۆش نیە.

ت- پاڕستە: ئەو میللەتەی کە مەزڵومە، تێدەکۆشێ.

ث- ڕادە: منداڵەکە شتی زۆر دەزانێ.

ج- ژمارە: خانوی چوارەمماڵی ئێمەیە.

ح- فرێزی ئاوەڵکاری: فێرخوازەکەی لای دەرگاکە زیرەکە.

خ- وشەی پرس: کچی کێ بە یەکەم دەرچو؟

د- وشەکانی (وەها، وا، ئەوەها، ئەوها، ئاوا) دیمەنی واتان دیوە؟

ذ- وشەی (تر، دیکە، دی...تاد): شوێنێکی تر دەگرم.

ر- چاوگ: هۆڵی خوێندن چەند ئارام بێ باشترە.

لە بارێکی تردا "ئەگەر گرێی ناوییەکە ناسراو کرابو، ئەوا ئامرازی خستنەسەری [ی] دەگۆڕێ بۆ [ە]، مۆڕفیمی ناسراوەکەش دەچێتە سەر دوا دیارخەر"(ساجیدە عەبدوڵڵا:٢٠١٣:١٤)، وەکو:

- قوتابیی زیرەك خۆشەویستە.
- قوتابیە زیرەکەکە خۆشەویستە.

"دەشێ لە فراوانکردنی دروستەی فرێزی ناویدا، هەندێ لە دیارخەرەکانی پێش سەرە و دیارخەرەکانی پاش سەرە پێکەوە دروستەیەکی فراوانتر بەرهەمبهێنن"(ئومێد بەرزان:٢٠١٢:٧٠) وەکو:

- تەنیا ئەم دو کچە جوانەی کە دوێنێ بینیمانن بۆ ئێرە هاتون.

## ٢. فرێزی کاری و ڕیزبونی کەرەسەکانی:

ئەم جۆرە فرێزە بە پێکهێنێکی سەرەکی ڕستە دادەنرێ. سادەترین گرێی کاری لە کارێك پێکدێ. ئەم کارە بریتیە لە ڕەگ و مۆڕفیمی کات و توخمێك[١]. بۆیە ئەم فرێزە کاریە لە ڕوی ڕۆنانەوە ناسادەیە و تێیدا مۆڕفیمی ڕەگی کار مۆڕفیمێکی تەوەرییە و مۆڕفیمە بەندەکانی تری وەکو مۆڕفیمی کات و ڕاناوی لکاوی بۆ دەگەڕێتەوە. ئەم فرێزانە لە زمانی کوردیدا بە سادەیی بونیان نیە. "هەر کارێك لە کوردیدا یەك ڕەگی هەیە"(عەبدوڵڵا حوسێن:٢٠١٤:٩٢)، هەمو کاتە ڕێزمانیەکان لەم ڕەگەوە[٢] وەردەگیرێن، بۆیە ئەم فرێزانە چاوگ بە سەرچاوەی دروستبونیان دادەنرێ. یاسای دروستبونی سادەترین فرێزی کاری بریتیە لە: "ڕەگ+ مۆڕفیمی کات+ جیێناوی لکاو [کەس و ژمارە]"(ساجیدە عەبدوڵڵا:٢٠١٣:١٨). وەك:

- کاتی ڕابوردو: - ڕەگ لە کاری تێپەڕ: خوار + د +Ø+ م = خواردØم
  - ڕەگ لە کاری تێنەپەڕ: - بکەری: چ + و + م = چوم
  - بەرکاری: مر + د + م = مردم
- کاتی ڕانەبوردو : دە +Ø+ خۆ + (مۆڕفیمی کات (دەرنەکەوتو)) + م = دەØخۆم
- کاتی داهاتو: ب + خۆ + م = بخۆم

---

[١] کەس

[٢] ئەم ڕەگانەش لە چاوگەکانەوە وەردەگیرێن بە لابردنی نونی چاوگ و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو.

لە سەرەوەدا ئەو ڕاستیە دەرکەوت کە ڕستە "بریتیە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی"(عەبدوڵڵا حوسێن:٢٠١٤:٦). لێرەدا ڕستە نوێنەری سادەترین فرێزی کاریە. دەتوانرێ ئەم فرێزە وەکو فرێزی ناوی فراوانبکرێ. ئەوکات پێیدەوترێ فرێزی کاری فراوانکراو.

- **فرێزی کاری فراوانکراو:** "گرێی کاری لەڕووی تیۆرییەوە دەکرێت تا بێ کۆتا درێژبکرێتەوە و فراوانبکرێت. ئەمەش بەڕێگای [ئاوەڵکار، گرێی بەند، پاڕستەی دیارخەر، گرێی ئاوەڵناوی...]"(ساجیدە عەبدوڵڵا:٢٠١٣:١٩). دەتوانرێ ئەم جۆرە فرێزە کاریانە لە پێش و دواوەی فرێزەکەوە فراوانبکرێ. واتە؛ هەندێ کەرەسە هەن بەشداری لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا دەکەن. وەك:

- ئاوەڵکار: دوێنێ یاریەکی باشتان کرد.

- گرێی بەند: نەرمین دەچێت بۆ پیشانگاکە.

- پاڕستەی دیارخەری کار: پێبکەنە، چونکە ڕۆژی تۆش دێ.

- گرێی ئاوەڵناوی: ئاگرەکە گەش بوەوە.

ئەم فرێزە کاریانە بەگشتی دو پێکهاتەیان هەیە. پێکهاتەی دەرەوە و ناوەوە:

- **پێکهاتەی ناوەوەی فرێزی کاری:** مەبەست لە پێکهاتەی ناوەوە بەشداریکردنی ئەو مۆرفیمانەیە کە دەبن بە بەشێك لە پێکهاتەی فرێزە کاریەکە. پێکهاتەی ناوەوەی فرێزی کاری بریتیە لەم کەرەستانە: لە ڕابوردوی تێپەڕ و تێنەپەڕ (ڕەگ+ مۆرفیمی کات+ توخم [کەس]). وکو:

- فرۆش + ت +Ø+ م = فرۆشتـØم

- چ + و + ی = چوی

لە ڕانەبوردوی تێپەڕ و تێنەپەڕ: (مۆرفیمی کاتی ئێستا+ ڕەگ+ مۆرفیمی داهاتو+ توخم)(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول:٢٠١٤:١٦):

- (ڕانەبوردوی تێپەڕ): (د) ە + خۆ+ مۆرفیمی داهاتوی دەرنەکەوتو+ م = دەخۆم.

- (ڕانەبوردوی تێنەپەڕ): (د) ە+ نو+ ێ+ توخمی کەسی سێیەم (دەرنەکەوتو) = دەنوێ.

ئەم پێکهاتەیە بە بەشداریکردنی دو جۆرە مۆرفیم دروستدەبێ. یەکیان مۆرفیمە دۆخگۆڕەکان وەك: (نیشانەی مەرجی، نیشانەی نەفی، نیشانەی بەردەوامی). ئەم مۆرفیمانە بەگشتی وەکو پێشگر بەشداری پێکهاتەکە دەکەن. دوەمیان مۆرفیمە واتاگۆڕەکانن وەك: (نیشانەی دوبارەبونەوە و پاشگر و پێشگرەکانی دروستکردنی کاری ناسادە ...تاد).

- **پێکهاتەی دەرەوەی فرێزی کاری**: مەبەست لەم پێکهاتەیە فراوانکردنی فرێزی کاریە بەهۆی چەند کەرەسەیەکی ڕێزمانیەوە کە بریتین لە (مۆرفیم، فرێز، ڕستە). ئەم کەرستانە هەندێکیان وەکو تەواوکەر و هەندێکیان وەکو سەربار ئەم ڕۆلە دەبینن. وەك:

- فرێزی ناوی (کاری تێپەڕ): شێرزاد گۆشت دەبرژێنێ.
- فرێزی بەند: بەردەکەی خستە ئاوەکەوە.
- فرێزی ئاوەڵکاری: منداڵەکە نیوەشەو دەخەوێ.
- فرێزی ناوی و فرێزی بەند: ئەوان خەڵاتەکە لە ئێوە وەردەگرنەوە.
- پاڕستەی دیارخەری کار: پێناکەنم، چونکە دڵتەنگم.
- ئامرازی پرس: مامۆستاکە کێی خست؟
- فرێزی ئاوەڵناوی: بارودۆخەکە خراپ دەڕوا.

لەم نمونانەی سەرەوەدا (فرێزی ناوی و فرێزی بەند و ئامرازی پرس) ڕۆڵی تەواوکەریان بینیوە، بەڵام (فرێزی ئاوەڵکاری و پاڕستەی دیارخەری کار و فرێزی ئاوەڵناوی) ڕۆڵی سەرباریان بینیوە. جگە لە نمونەی (ئەوان خەڵاتەکە لە ئێوە وەردەگرنەوە)دا کە (فرێزە ناوی)یەکە ئەرکی تەواوکەر و (فرێزە بەند)ەکە ئەرکی سەرباری بینیوە.

## ٣. فرێزی ئاوەڵناوی و ڕیزبونی کەرەسەکانی:

ئەم جۆرە فرێزە یەکێکە لە کەرەسە ناسەرەکیەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا، جگە لەو کاتانەی کە لە دەمکاتی ئێستادا وەکو تەواوکەر دەردەکەون. بە لابردنی ئەم فرێزانە لە ڕستەدا، واتای سەرەکیی ڕستەکە تێکناچێ. سەرەی ئەم جۆرە فرێزە دەبێ ئاوەڵناوێك بێ. واتە؛ "بێ بوونی ئاوەڵناو، گرێی ئاوەڵناوی دروست نابێ"(ئاواز بەگیخانی:١٩٩٦:٤٠). جیاوازی لە پێکهاتەی فرێزی ناوی و فرێزی ئاوەڵناویدا ئەوەیە، فرێزی ئاوەڵناوی سادەترە و بەشێوەی فرێزی ناوی فراوانناکرێ. فرێزی ئاوەڵناوی دو جۆرە لەڕوی پێکهاتەوە:

٣-١ فرێزی ئاوەڵناویی سادە: "ئەگەر فرێزی ئاوەڵناوی تەنیا لە سەرێك پێکهاتبو، ئەوا بە فرێزی ئاوەڵناوی سادە ناودەبرێ"(محمد عمر عول: ٢٠٠٨:٣). لە فرێزی ئاوەڵناوێ سادەدا، دەبێ فرێزەکە تەنیا لە یەك ئاوەڵناو پێکهاتبێ. وەك:

- گوڵێکی جوان لێدەکەمەوە.
- فێرخوازی زیرەك خەڵاتدەکەن.

٣-٢ فرێزی ئاوەڵناویی نادە: لە پێکهاتەی فرێزی ئاوەڵناویدا، ئەگەر کەرەسەیەکی تر (ڕادە، پلە، نەرێ..تاد) لەگەڵ فرێزەکەدا بەشداربو، ئەوا بە فرێزی ئاوەڵناویی نادە ناودەبرێ. وەك:

- قوتابخانەکەم هیچ باش نیە.
- قوتابخانەیەکی باشترم دۆزیەوە.
- قوتابخانەیەکی برێك باشتر دەدۆزمەوە.
- باشترین قوتابخانەم دۆزیەوە.

لە فرێزی ئاوەڵناویی ناسادەدا هەندێ کەرەسە ڕۆلیان لەم فراوانکردنەدا هەیە. ئەو کەرستانە بە دیارخەر ناودەبرێن. ئەم دیارخەرانە دابەشی دو جۆر دەبن:

**- دیارخەرەکانی پێش سەرە:** چەند کەرەسەیەك دەتوانن وەکو دیارخەر، لە پێش سەرەی فرێزی ئاوەڵناویدا ڕۆلیان هەبێ. ئەوانیش:

- فرێزی ڕادە: من لە تۆ زۆر باش تێگەیشتوم.
- فرێزی ناوی: بیرەکە چوار مەتر قوڵە.
- نەرێ: خواردنەکە هیچ خۆش نیە.

**- دیارخەرەکانی دوای سەرە:** دیارخەرەکانی دوای سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی ئەمانەن:

- فرێزی ئاوەڵناوی: یاریزانێکی باشی بەڕەوشت بۆ ئێوە یاریدەکا.
- فرێزی بەند: هاوڕرێیەکی پاکتر لە زێر دەدۆزمەوە.

## ٤. فرێزی بەند و ڕیزبونی کەرەسەکانی:

فرێزی بەند لە ئامرازێکی پەیوەندی و فرێزێك دروستدەبێ. "لەم جۆرە گرێیەدا ئامرازەکان دەبنە سەرە و کەرەسەکانی تر دەبنە دیارخەر"(ساجیدە عەبدوڵلا:٢٠١٣:٢٠). ئەم دو کەرەسەیە بەشێوەیەکی ڕێکخراو پێکەوە دێن و جیابونەوەیان دەبێتە هۆی تێکدانی فرێزەکە. واتە؛ فرێزی بەند بەبێ ئامرازی پەیوەندی دروستنابێ. هەروەها ئامرازە پەیوەندیەکانیش بە تەنیا ناتوانن فرێزی بەند دروستبکەن، بەڵکو پێویستییان بە دیارخەر دەبێ. ئەم دیارخەرانە لەشێوەی فرێزێکی ناوین، یان ناوئاسان. وەك:

- پارەکەم لە ـــ وەرگرتەوە*.
- پارەکەم ـ ئازاد وەرگرتەوە*.
- پارەکەم لە ئازاد وەرگرتەوە.

بەشەکانی پێکهاتەی فرێزی بەند بەتوندی پێکەوە گرێدراون و لابردنی هەریەکێکیان (ئامرازی پەیوەندی و فرێزی ناوی) فرێزەکە لە بەندی دەخا. هەروەها ناوەکە "لەگەڵ ئامرازەکە هەمویان بەسەریەکەوە بە گرێی بەند ناودەبرێن"(ئاواز بەگیخانی:١٩٩٦:٤٣). فرێزە ناویەکە دەشێ ناوئاسایەك بێ (ئاوەڵناو، چاوگ، جێناو ...تاد). وەك:

- فرێزی ناوی: سازگار دەبێ بە مامۆستا.
- فرێزی ئاوەڵناوی: خواردن بە گەرمی مەخۆ.
- جێناوی کەسی سەربەخۆ: وانەکە بۆ ئێوە دوبارەدەکەمەوە.
- جێناوی کەسی لکاو: پارەکەت بۆ دەگەڕێنمەوە.
- ڕادە: لە زۆرێکتان زیرەکترم.

- چاوگ: تەنیا بە هەوڵدان سەردەکەوی.

ئەو ئامرازانەی فرێزی بەند دروستدەکەن دوجۆرن، "سادە و ناسادە. سادەکان وەکو بە، لە، بۆ، بێ"(محمد عمر عول:٢٠٠٨:١٨). ناسادەکان وەکو (بەبێ، لەبۆ، بە...دا، لە...دا).

- ڕۆژ بۆ ئێمە دەسوتێ، کەچی مانگمان پێ جوانترە.

- بەبێ تۆ لێرە ناڕۆم.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی فرێزی بەند ئەوەیە، تەنیا پێکهاتەی دەرەوەی فراواندەکرێ، چونکە ناتوانین دەستکاری ئامرازە پەیوەندیەکان بکەین، واتە؛ پێکهاتەی ناوەوەی فرێزی بەند چەسپاوە. هەروەها لە پێکهاتەی دەرەوەدا، دیارخەرەکان یان دەکەونە پێش سەرە، یان دەکەونە دوای سەرە. پێکهاتەی دەرەوەی فرێزی بەند بەم کەرەستانە فراواندەکرێ:

- **دیارخەرەکانی پێش سەرە:** چەند کەرەسەیەك دەتوانن وەکو دیارخەر ئەم ڕۆڵە ببینن. ئەوانیش:

- ڕادە: ئوتومبێلەکەت کەمێ لە من دورخەوە.

- ئامرازی جەختکردن: ئەم کارانە هەر لە ئەو دەوەشێتەوە.

- **دیارخەرەکانی دوای سەرە:** (ئەم فراوانکردنەش بەهۆی ڕستەی شوێنکەوتووەوە دەبێت)(هەمان سەرچاوە:٥٨). وەکو:

- نامەیەکم بە هۆنراودا، کە کورە گەورەمە، بۆ ناردیت. (عەبدوڵڵا حوسێن:٢٠١٤:٤٠).

## ٥. فرێزی ئاوەڵکاری و ڕیزبونی کەرەسەکانی:

فرێزی ئاوەڵکاری "ئەو جۆرە گرێیەیە سەرەکەی دەبێ ئاوەڵکار بێ"(ساجیدە عەبدوڵڵا:٢٠١٣:٢١). زۆرجار فرێزی ئاوەڵکاری تەنیا لە سەرەیەك پێکدێ، بۆیە بە فرێزی ئاوەڵکاری سادە دەناسرێ. لە زمانی کوردیدا دو جۆرە فرێزی ئاوەڵکاری دیارکراوە. یەکەمیان ئەو فرێزە ئاوەڵکاریانەی کە بنجینە، واتە؛ وشەیەکی فەرهەنگین و لەبنەڕەتدا لە زمانەکەدا بونیان هەیە. وەك: (هێشتا، هەمیشە، هەرگیز...تاد). بۆ نمونە:

- هەمیشە ڕێزی مامۆستاکانم دەگرم.

- هێشتا باوکم نەگەڕاوەتەوە.

دوەمیان ئەو فرێزە ئاوەڵکاریانەن کە بەهۆی جۆرەکانی تری فرێزەوە دروستدەبێ. وەك:

- فرێزی ناوی: شێروان ئەم ئێوارەیە نایەتەوە.

- فرێزی بەند: براکەم بە شەوان ناچێتە دەرەوە.

- فرێزی ئاوەڵناوی: یاریزانەکە زیرەکانە گۆڵێکی تۆمارکرد.

- ڕادە: کوڕەکەم کەمێ ماندوە.

- ژمارە: باڵندەکان چوارچوار ئاسمانیان تەنیوە.

- پاڕستە: <u>کە بەهار هات</u>، دەچینە سەیران.

هەروەها فرێزە ئاوەڵکارییەکان کەرەسەیەکی لاوەکین لە ڕستەدا و لابردنیان کار لە واتای ڕستە ناکا.

لە هەندێ لە کتێبە ڕێزمانییەکاندا[1] جۆرێکی تر لە فرێز[2] دەستنیشانکراوە و بە نموونەی زانستی پشتڕاستکراوەتەوە، بەڵام بەگشتی لە زۆربەی سەرچاوە کوردییەکاندا ئەم پێنج جۆرە لە فرێز باسکراوە.

[1] دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، د.ئومێد بەرزان، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٢.
[2] فرێزی ڕادە: وشەکانی (زۆر، کەم، چەند، هەندێ...تاد) دەگرێتەوە.

## تەوەری دوەم: ڕیزبونی کەرەسەکان لە ڕستەدا:

### ١. ڕیزبون و جۆرەکانی:

بە شێوەیەکی گشتی ڕیزبونی کەرەسە (word order) لە هەر زمانێکدا بریتیە لە "بەدوایەکداهاتنی دانەکان لە چوارچێوەی یەك ڕستەدا"(muhammad al khuli:١٩٨٢:٣١١). بە گشتی دانە ڕێزمانیەکانیش بریتین لە فرێزە جۆراوجۆرەکانی ڕێزمانی هەر زمانێك. لێکدان و بەدوایەکداهاتنی ئەم فرێزانە بۆ یەکەی لە خۆیان گەورەتر کە ڕستەیە، پێی دەوترێ ڕیزبونی کەرەسە.

هەمو زمانەکانی جیهان کەرەسەکانیان بە یەك شێوە ڕیزنابن، بەڵکو لەم لایەنەوە هەر زمانێك خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی. زمان هەیە ڕستەکانی بە (بکەر) دەستپێدەکا و بە (بەرکار) کۆتایی دێ، وەك زمانی ئینگلیزی کە ڕیزبونی کەرەسەکانی بە شێوەی (بکەر+ کار+ بەرکار)[1] ڕیزدەبن. لە بەرامبەردا زمان هەیە کە بەرکاری دێتە ناوەڕاستی بکەر و کارەوە وەکو زمانی کوردی کە کەرەسەکانی لە چوارچێوەی ڕستەیەکی تەواودا بە شێوەی (بکەر+ بەرکار+ کار)[2] ڕیزدەبن. لە کاتێکدا جیاواز لەمانە، زمان هەیە (کار)ی دێتە سەرەتای ڕستە و ئەوجا بە دوایدا بکەر و بەرکار دێن کە ئەمەش لە زمانی عەرەبیدا بەرچاودەکەوێ کە کەرەسەکانی بە شێوەی (کار+ بکەر+ بەرکار)[3] ڕیزدەبن. لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا زۆرجار ئەم ڕیزبونە گۆڕانی بەسەردادێ و بە پێی ویستی قسەکەر ڕیزبونی کەرەسەکان بە شێوەی جیاواز دادەڕێژرێنەوە، ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا زۆر بەرچاودەکەوێ بە تایبەتی لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی و ڕستەی بەرکار بە لوتکەکراودا.

لە هەمان کاتدا دو جۆرە ڕیزبونی کەرەسەکان لە زماندا هەیە، (ڕیزبونی ئازاد و چەسپاو):

**١-١ ڕیزبونی ئازاد:** ڕیزبونی ئازاد بریتیە لە "ڕیزبونی کەرەسەکان لە ڕستەدا بە چەند شێوازێکی جیاواز بێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکا"( هەمان سەرچاوە:٩٨). واتە؛ ئەگەر کەرەسەکانی ڕستەیەك پاش و پێش بخرێن، ئەوا کار لە واتای سیمانتیکی ڕستەکە ناکەن و ئەرکی ڕێزمانی کەرەسەکان هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت، وەك:

- منداڵەکە شیرەکەی ڕشت.

شیرەکە منداڵەکە ڕشتی.

- کچە بچوکەکە بەرەکەی تەکاند.

---

[1] (subject+ verb+ object).

[2] هەندێ زمانەوانی کورد ئەم جۆرە ڕیزبونە بە ڕیزبونی بنجی زمانی کوردی دادەنێن، لەوانە (محمد معروف فتاح) و (وریا عمر ئەمین).

[3] (فعل+ فاعل+ مفعول به).

بەرەکە کچە بچوکەکە تەکاندی.

لەم نمونانەی سەرەوەدا، ئەو گۆڕانکاریەی لە پاش و پێشخستنی کەرەسەکاندا ڕودەدا تەنیا بریتیە لە شوێنگۆڕکێکردنی بکەر و بەرکار. بە لوتکە کردنی بەرکار لەم جۆرە ڕستانەدا بۆ ویست و مەبەستی قسەکەر دەگەڕێتەوە کە زیاتر جەخت لەسەر بەرکار دەکاتەوە، بۆیە بۆ سەرەتای ڕستەی دەگوازێتەوە.

**١-٢ ڕیزبونی چەسپاو:** بریتیە لەو ڕیزبونەی "کە هەر گۆڕانێك لە ڕیزبونی کەرەسەکان، لە سنوری گرێکاندا ڕوبدات، دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی ڕستەکە و هەروەها لێکدانەوەی واتایی کەرەسەکان دەگۆڕێت"(تاڵیب حوسێن:٢٠١٤:١٦). واتە؛ لەم جۆرە ڕیزبونەدا کەرەسەکان جێگۆڕکێ ناکرێن، چونکە هەر گۆڕانێك لە ڕیزبونەکە ڕوبدا دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای ڕستەکە و دورکەوتنەوە لە مەبەستی سەرەکیی قسەکەر. بۆ نمونە:

- پیاوەکە گورگەکەی کوشت.

گورگەکە پیاوەکەی کوشت.

- سەردار سەرکار دەناسێ.

سەرکار سەردار دەناسێ.

گۆڕانکاری لە جێکەوتەی بکەر و بەرکار لەم ڕستانەدا بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە ئەرکە سینتاکسی و واتاییەکانی کەرەسەکاندا، بۆیە لەم جۆرە ڕستانەدا کەرەسەکان پابەندن بە ڕیزبونەکەوە.

**٢. ڕیزبونی کەرەسە لە زمانی کوردیدا:** زمانی کوردی وەك هەر زمانێکی تر، خاوەنی تایبەتمەندی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی..هتد تایبەت بە خۆیەتی. هەندێ لەو تایبەتمەندیانە لەگەڵ زمانەکانی تردا هاوبەشن و هەندێکیان تەواو جیاوازن و مۆرکی تایبەت بە زمانی کوردییان پێوە لکاوە. لە زمانی کوردیدا ڕیزبونی کەرەسەکان بە ڕادەیەکی زۆر لە چوارچێوەی سیستەمێکی ڕێکوپێکدا کاردەکەن و بە ئاسانی دەتوانرێ شوێنی هەر کەرەسەیەك لە ڕستەکاندا دەستنیشانبکرێ، بۆیە باشترین ڕێگا بۆ باسکردنی ڕیزبونی کەرەسە لە زمانی کوردیدا بریتیە لە خستنەڕوی ئەو ڕیزبونە لە ڕستە سادەکاندا، چونکە ڕستەی سادە بناغەیە بۆ دروستبونی هەمو جۆرەکانی تری ڕستە.

**٣. ڕیزبونی کەرەسە لە ڕستەی سادەدا:** ڕستەی سادە لە زمانی کوریدا سێ جۆری لێدەبێتەوە. سادەی ئاسایی و سادەترین ڕستە و سادەی فروانکراو. ڕستەی سادەی فراوانکراو کەرەسەکانی بە هەمان شێوەی ڕستەی سادەی ئاسایی ڕیزدەبن، بەڵام جیاوازییان لەوەدایە کە ڕستەی سادەی

فراوانكراو كەرەسەی تری وەكو سەربار و تەواوكەر لەگەڵدایە، بۆیە تەنیا ڕیزبونی كەرەسە لە ڕستەی سادەی ئاسایی و سادەترین ڕستەدا دەخرێنە بەرباس:

٣-١ ڕیزبونی كەرەسە لە ڕستەی سادەی ئاسایی: بەو پێیەی كە لە ڕستەی سادەی ئاسایدا جگە لە فرێزی كاری، فرێزی ناویش (بكەر و بەركار) لە تێپەڕدا و (بكەر یان بەركار) لە تێنەپەڕدا، بە شێوەی مۆرفیمێكی سەربەخۆ دەردەكەون و بەشداری پێكهاتنی ئەم جۆرە ڕستانە دەكەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قاڵبانە لە ڕستەیەكەوە بۆ ڕستەیەكی تر، بە پێی جۆر و كات و كاریگەریی كارەكەی گۆڕانی بەسەردا دێ و زۆرجار ئەم كەرەسانەی سەرەوە بە تەنیا ناتوانن ڕستەیەكی تەواو دروستبكەن و بۆ ئەم مەبەستە پێویستییان بە (تەواوكەر) دەبێ، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی باوترین قاڵبەكانی ڕیزبونی كەرەسە لەم جۆرە ڕستانەدا بریتین لە:

١) بكەر+كار: منداڵەكە نوست.

٢) بەركار+ كار: منداڵەكە مرد.

٣) بكەر+ بەركار+ كار: منداڵەكە بەرداخەكەی شكاند.

٤) بكەر+ تەواوكەر+ كار: منداڵەكە دڵخۆشبو.

٥) بكەر+ كار+ تەواوكەر: منداڵەكە كەوتە چاڵەكەوە.

٦) بكەر+ بەركار+ تەواوكەر+ كار: منداڵەكە بەردێكی لە دایكی دا.

٧) بكەر+ بەركار+ كار + تەواوكەر: منداڵەكە بەردێكی خستە شیرەكەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار لە ڕستە كار تێپەڕەكاندا قسەكەر بە پێی ویستی خۆی بەركار بە لوتكە دەكا و دەیگوازێتەوە بۆ سەرەتای ڕستەكە و دەیهێنێتە شوێنی بكەر. بۆ نمونە:

- منداڵەكە بەرداخەكەی شكاند.

بەرداخەكە منداڵەكە شكاندی.

هەروەها ئەم قاڵبانەی خرانەڕو بە شێوەیەكی گشتی دابەشی سەر سێ جۆرە قاڵبی لە خۆیان گەورەتر دەبن، ئەو قاڵبانەش بریتین لە:

- قاڵبی دو كەرەسەیی: (بكەر+كار)، (بەركار+ كار).

- قاڵبی سێ كەرەسەیی: (بكەر+ بەركار+ كار/ بكەر+ تەواوكەر+ كار/ بكەر+ كار+ تەواوكەر).

- قاڵبی چوار كەرەسەیی:( بكەر+ بەركار+ تەواوكەر+ كار/ بكەر+ بەركار+ كار + تەواوكەر).

٣-٢ ڕیزبونی كەرەسە لە سادەترین ڕستەدا: سادەترین ڕستە ئەو ڕستانەن كە لە شێوەی تاكە وشەیەكدا دەردەكەون و فرێزە ناویەكەی (بكەر و بەركار) لە تێپەڕدا و (بكەر یان بەركار) لە

تێنەپەڕدا، بە ڕاناوی لکاو جێگیردەکرێن، لەبەرئەویە کە لەم جۆرە ڕستانەدا بکەر و بەرکار زۆرجار دەکەونە دوای مۆرفیمێکەوە (جا ئەو مۆرفیمە مۆرفیمی کات بێ، یان مۆرفیمی هاتنەئارایی بێ)، بۆیە ڕیزبونی کەرەسەکان گۆڕانی تەواوی بەسەردادێ و بە جۆرێ کە کار لە کۆتایی ڕستەوە دێتە سەرەتای ڕستە و بە دوای ئەویشدا ئەوجا ڕاناوە لکاوەکان کە جێکەوتەی بکەر و بەرکارن لە ڕستەکەدا، بە دوایدا دێن، بۆیە باوترین قاڵبەکانی ئەم جۆرە ڕستەیە بەم شێوەیە:

**تێنەپەڕی بکەری**

| ڕابوردو | ڕانەبوردو | داهاتو |
|---|---|---|
| (کار[1]+بکەر) | (کار+ بکەر) | (کار+بکەر) |
| دەڕۆیشتم/ چوم | دەڕۆم/ دەچم | بڕۆم/ بچم |
| ڕۆیشتبوم/ ڕۆیشتومە | | |

**تێنەپەڕی بەرکاری**

| ئێستا | ڕابوردو | ڕانەبوردو | داهاتو |
|---|---|---|---|
| (ف.ن+ف.ك+بەرکار) | (کار+بەرکار) | (کار+بەرکار) | (کار+بەرکار) |
| کوردØم/ کوردØی | سوتام/ دەسوتام | دەسوتێم | بسوتێم |
| | سوتاوم/ سوتابوم | | |

تێپەڕ

| ئێستا | ڕابوردو | ڕانەبوردو | داهاتو |
|---|---|---|---|
| (م.[ب]+ بەرکار+ کار+م.ئێستا+ بکەر) | (کار+بەرکار+بکەر) | (م.کات+بەرکار+ کار+ بکەر) | م.ب+کار+بەرکار+بکەر |
| بمکوژە/ بمکوژن | کوشتمی/ کوشتـØی | دەمکوژێ/ دەتگرم | بکوژرێم/ بگیرێی |

پێکهاتەی ئەم جۆرە ڕستانە تا ڕادەیەك ئاڵۆز و بەناویەکداچوە و زۆر جار لە دیالێکتێکەوە بۆ دیالێکتێکی تر ڕیزبونی کەرەسەکانی گۆڕانیان بەسەردادێ.

[1] مەبەست لە کار، فرێزێکی کاریە کە پێکدێ لە ڕەگ و مۆرفیمی کات، هەندێ جاریش مۆرفیمی (ب) هاتنەئارایش دەگرێتەوە.

## بەندی دوەم

## ڕستە و جۆرەکانی لە کوردیدا

**تەوەری یەکەم: جۆرەکانی ڕستەی کوردی:**

لە زمانی کوردیدا توێژینەوەی زۆر دەربارەی ڕستە کراوە. لەم بارەیەوە ڕستە لە چەند ڕویەکەوە پۆلینکراوە. باوترین پۆلینەکانی ڕستە بریتین لە: ڕستە بە پێی کاریگەریی کارەکەی دەکرێتە ڕستەی کار تێپەڕ و تێنەپەڕ. ڕستە بە پێی ڕودان و ڕونەدانی کارەکەی دەبێتە ڕستەی ئەرێ و نەرێ. ڕستە بە پێی دەمکات پۆلینکراوە بۆ ڕستەی کاتی ڕابوردو، کاتی ئێستا، کاتی داهاتو، کاتی ڕانەبوردو. ڕستە بە پێی ڕۆنان و پێکهاتنی پارچەکانی پۆلینکراوە بۆ ڕستەی سادە و ڕستەی ناسادە. هەریەك لەم دو جۆرە دابەشی چەند جۆرێکی تر دەبن کە لە بەشەکانی دواتردا دەخرێنە بەر باس، بەڵام گرنگترین و باوترین پۆلینەکانی ڕستە لە زمانی کوردی و هەندێ زمانی تریشدا[1] بریتین لە پۆلینکردن بە پێی کات و بە پێی پێکهاتن. مەبەست لە پۆلینکردنی ڕستە بە پێی کات، دەستنیشانکردنی کات و ڕەهەندە وردەکانی کاتی ڕودانی کاری ڕستەکەیە. هەرچی سەبارەت بە پۆلینکردنی ڕستە بە پێی پێکهاتنە، مەبەست پێکەوەهاتنی توخمە ڕێزمانیەکان و ڕۆنانی پارچەکانی ڕستەیە.

پێویستە لە پۆلینکردنی ڕستە لە کارەکانی پێشتردا ئاماژە بە سەرنجێك بدرێ، ئەویش ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا وەك دو ڕوی دراوێك، زمان لە دو پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتوە ئەوانیش: دەنگ و واتان. دەنگەکان واتاکان هەڵدەگرن و دەیانگوازنەوە، بۆیە لە کاتی جەختکردنەوە لەسەر هەر یەکێك لەم دو لایەنە و فەرامۆشکردنی لایەنەکەی تر، توێژینەوەکە لاسەنگ دەردەچێ. زۆر لە توێژینەوەکانی پێشتر بایەخیان بە لایەنێکی زمان داوە، بۆ نمونە: کاتێ باسی پۆلینکردنی ڕستە دەکەن لە ڕوی پێکهاتەوە، پتر بایەخ بە لایەنی کەرەسە دەنگیەکان دەدەن و کاتێ پۆلینکردنەکە بە پێی ڕەهەندەکانی کات، یان ئەرکی توخمەکان بێ، پتر بایەخ بە واتا دەدەن و کەرەسە دەنگیەکانی هەڵگری ئەو واتایانە کەمتر بایەخیان پێدەدرێ، بۆیە لەم توێژینەوەدا هەوڵدەرێ بە تێکڕایی و بەبێ فەرامۆشکردنی هیچ لایەنێکی ڕستە لە دەنگ و واتا، پۆلینکردنی ڕستە بە هاوسەنگیی[2] بخەینەڕو:

---

[1] زمانی ئینگلیزی بە نمونە.

[2] لەم بەشەدا سود لە کتێبی (پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ٢٠١٤) وەرگیراوە.

## - ڕستەی کوردی و پۆلینکردنی جۆرەکانی:

بەهۆی مەبەستە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی قسەکەر و بە پێی پێویست و باری دەرونی قسەکەر، دەربڕینەکانی تاك فرەچەشنن، دەشێ ئەم فرەچەشنیە لە ڕوی دەنگ، لە ڕوی وشەکان، یان چ لە ڕوی ڕستە و بەکارهێنانەکانیەوە بێ. ئەمەش بۆتە هۆی دروستبونی یەکە و پێکهاتەی جیاواز لە دەربڕینەکانی قسەکەردا. لێرەدا توێژەر دەیەوێ باسی جۆراوجۆری ڕستەکانی زمانی کوردی لە ڕوی پێکهاتە و ڕۆنانی کەرەسەکانی و واتاکانیان بە شێوەیەکی هاوسەنگی بکا. بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا ڕستە دابەشی دو جۆر کراوە: ڕستەی سادە و ڕستەی ناسادە. هەریەك لەم دو جۆرە ڕستانەش دابەشی چەند جۆرێکی تر دەبن. ڕستەی سادە سێ جۆری هەیە: سادەترن ڕستە و سادەی ئاسایی و سادەی فراوانکراو. ڕستەی ناسادە دەبێتە سێ جۆر: ڕستەی لێکدراو، ڕستەی ئاڵۆز و لێکدراوی ئاڵۆز. لە خوارەوە باس لە هەریەك لەو ڕستانە کراوە:

### ١. ڕستەی سادە:

بە شێوەیەکی گشتی لە دێرزەمانەوە و لە تێکڕایی زمانەکان ڕستە لەسەر دو کۆڵەکە دادەمەزرێ: کۆڵەکەی یەکەمیان ئەو ڕودانە یان گۆڕانکاریەیە کە ڕودەدا (وەك لە ڕستەی ئەرێدا)، یان دەبوایە ڕوبدا و ڕونادا (وەك لە ڕستەی نەرێدا)، ئەم کۆڵەکەیەش بە کۆڵەکەی کاری (یان فرێزی کاری) ناونراوە و کۆڵەکەی دوەمیان ئەو ناوە، یان ئەو ناوانەیە کە ڕوداوەکە دەیانگرێتەوە، ئەو کۆڵەکەیەش بە کۆڵەکەی ناوی (یان فرێزی ناوی) ناوبراوە. کەواتە؛ بونی کارێکی گەردانکراو مەرجە بۆ دروستبونی ڕستە. کاری گەردانکراویش لە زمانی کوردیدا سەرجەم پێداویستیەکانی تری ڕستە لە ڕودان و کات و کەس دەگرێتە خۆی، کەواتە؛ هەر کارێکی گەردانکراو لە دەربڕینێکدا هەبێ، ئەو دەربڕینە ڕستەیە، لەسەر ئەو بنچینەیەش چەند کاری سەرەکی لە دەقێکدا هەبن، ئەوەندە ڕستەی سادە لەو دەقەدا هەن.

ئەم جۆرە ڕستانە بە پێی پێویست و پراگماتیکی ئاخاوتن، جۆر و پێکهاتەی جیاواز دەگرنە خۆیان. هەندێ جار لە کاتی ئاخاوتندا بە شێوەیەك بچوکدەبنەوە تا دەچنە قاڵبی تاکە وشەیەکەوە، هەندێ جاریش هێندە فراواندەبن کە گومان لە سادەیی ئەم جۆرە ڕستانە دەکرێ و تێکەڵ بە ڕستەی ناسادە دەکرێن. وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، لە زمانی کوردیدا ڕستەی سادە سێ جۆرە:

١-١ **سادەترین ڕستە:** لە سادەترین ڕستەی کوردیدا هەمو مۆرفیمەکان بەندن و لە ناو فۆرمی تاکە وشەیەکدا[١] کۆبونەتەوە. ئەو جۆرە ڕستانە لە سێ بەشی سەرەکیی پێکدێن: بەشی یەکەم: ڕەگی کار، کە تەوەری سەرەکیی ڕستەیە، لە هەر ڕستەیەك یەك ڕەگی کار هەیە و دەشێ هەندێ جار

[١] زمانی کوردی لە ڕوی تایپی مۆرفۆلۆجییەوە زمانێکی (Polysynthetic)ە، بۆیە وشە بەرامبەر ڕستە دەوەستێ.

(بـ)ی ڕەگی چاوگی (بون) وەك مۆرفیمی ئارایی دەبێتە یاریدەدەر. بەشی دوەم: مۆرفیمی توخمەکانن، واتە؛ ڕاناوە لکاوەکان (بکەر یان بەرکار) لە تێنەپەڕدا و (بکەر و بەرکار) لە تێپەڕدا، بەشی سێیەمیش: مۆرفیمە بەندەکانی کاتن، ڕەنگە مۆرفیمێك یان پتر بن. لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە ڕستانە پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کراوە، هەر توێژەرێك بە شێوازی خۆی ڕونیکردونەتەوە و پێناسەی کردون. لەوانە:

- ئەو ڕستەیەیە کە "لە تاکە وشەیەك پێکهاتبێ و ئەو تاکە وشەیە لە ئاستی وشەسازیدا وشەیە، بەڵام لە ئاستی ڕستەسازیدا دەبێتە ڕستە"(عەبدوڵڵا حوسێن-ا:٢٠١٤:٨).

- لە "گرێیەکی ناوی و گرێیەکی کاری پێکدێت و گرێی کاریەکەی تەنیا بریتی دەبێ لە کارێك" (قیس کاکل:١٩٩٥:٢٣).

- "سادەترین ڕستە لە دو فرێز پێکدێت (ف.ن + ف.ك)"(وریا عمر:٢٠٠٩:١٩٩).

لە تێکڕای ئەم پێناسانەی سەرەوەدا کە بۆ سادەترین ڕستە خراونەتەڕو، ئەوە دەردەکەوێ کە سادەترین ڕستە لە زمانی کوردیدا بریتیە لەو ڕستەیەی کە لە شێوەی تاقە وشەیەکدا دەردەکەوێ و فرێزە ناویەکەی بە ڕاناوی لکاو جێگیردەکرێ، جا ئەو فرێزە ناویە چ بکەر بێ، یان بەرکار، یان هەردوکیان. واتە؛ ئەم جۆرە ڕستەیە تەنیا لە ڕەگی کار و مۆرفیمی کات و توخمێك، یان دو توخم پێکهاتوە و ئەو توخمانەش بە جێناوە لکاوەکان جێگیردەکرێن. ئەم جۆرە ڕستەیە لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر جیاوازی هەیە و بە پێی جۆری ڕەگ: ( تێپەڕ، تێنەپەڕی بکەری و بەرکاری)[1]، کات: (ڕابوردو، ئێستا، ڕانەبوردو و داهاتو) و توخمەکان: (بکەر و بەرکار) پێکهاتەکەی گۆڕانی بەسەردا دێ، وەك:

**١) کاتی ڕابوردو:** لە زمانی کوردیدا کاتی ڕابوردو چوار جۆری هەیە، ئەوانیش:

**- ڕابوردوی سادە:** بۆیە ئەم جۆرە ڕابوردوە ناونراوە سادە، چونکە جگە لە ڕەگی کار و ڕاناوی لکاو، تەنیا یەك مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی تیادایە. لە هەمو کارێکدا ڕەگ مۆرفیمێکی بەندی تەوەرییە واتای گۆڕانکارییەك دەگەیێنێ. لە فۆڕمی ئەم جۆرە کارانە ڕەگ لە سەرەتاوە دێ و پاشان مۆرفیمی کاتی ڕابوردو وەکو پاشگر بە دوایدا دێ کە بواری ڕودانی ئەو گۆڕانکاریە لە پێش کاتی ئێستا (دەمی ئاخاوتن) نیشاندەدا، دوای ئەویش مۆرفیمی بەندیی توخم (ڕاناوی لکاو) دێ، بە پێی ڕۆڵی ئەو ڕاناوە، ئەرکی بکەر یان بەرکار دەبینێ. واتە؛ لە تێنەپەڕی بەرکاریدا ڕاناوەکە کارەکەی بەسەردا دێ و دەبێتە بەرکار، بەڵام لە تێنەپەڕی بکەریدا ڕاناوەکە بە هۆی ئەوەی خۆی بە

[1] بۆ زانیاریی پتر بڕوانە کتێبی (مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار). پ.د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ئەکادیمیای کوردی. هەولێر. ٢٠١٤. ل١١٨-١٢٤.

ئارەزوی خۆی کارەکە ئەنجام دەدا دەبێتە بکەر، لە کاری تێپەڕیشدا دو ڕاناوی لکاو هەن، یەکێك بکەر و ئەویتریان بەرکار[1]. یاسای داڕشتنی ڕابوردوی سادە بەم شێوەیە:

**یاسای گشتی (١): [(ڕەگی کار) + (مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردو) + ڕاناوە لکاوەکان)]**

- **لە تێنەپەڕی بکەریدا**: [ڕەگی کار (ها) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (تـ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن/ بکەر (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن)]: هاتم/ چوی/ دانیشتØ/ ڕۆیشتین/ هەستان...
- **لە تێنەپەڕی بەرکاریدا**: [ڕەگی کار (کەو) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (تـ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن/ بەرکار (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن)]: کەوتم/ خلیسکای/ مردØ/ خزیین/ ڕزین/ بون....
- **لە تێپەڕدا**: [ڕەگی کار (کوشـ) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (تـ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن/ بەرکار (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن) + ڕاناوی لکاوی خاوەنی/ بکەر (م/ ت/ ی/ مان/ تان/ یان)]: کوشتمت/ گرتـØم/ سوتاندمی/ فرۆشتنیان...

لەکارە تێپەڕەکاندا توخمی بکەر و بەرکار کە لە شێوەی ڕاناوێکی لکاودا دەردەکەون و بە شێوەیەکی سیستەماتیکی گونجاولەگەڵ کارەکەدا ڕێکدەکەون و هیچ کات لە کەس و ژمارەدا ناکۆکنابن.

ڕەهەندی ڕستەی ڕابوردوی سادە پێش کاتی ئێستایە. واتە؛ بواری ڕودانی ڕستەی ڕابوردوی سادە لە پێش دەمی ئاخاوتن دەگرێتەوە تاکو ڕابوردوێکی بێپایان، وەك لەم هێڵکاریەدا دەردەکەوێ:




وەك لە هێڵکاریەکەدا دیارە، کار لە ڕستەی ڕابوردوی سادەدا تەنیا یەك مۆڕفیمی کاتی تیادایە و ئەویش یەکێکە لە مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردو (ت/ د/ ا/ و/ی)[2]، بۆیە بواری ڕودانی

[1] لە ئاخاوتنی ڕەمەکیی هەندێ شێوەزاری کەسیی یان ناوچەیی بچوکدا هەندێ جار هەردو ڕاناوەکە لە دەستەی خاوەنیی بەکاردێن، خەریکە ئەو دیاردەیە پەیتا پەیتا پتر دەبێ و ڕاناوەکانی خاوەنی شوێنی ڕاوەکانی ڕێککەوتنیش دەگرنەوە.
[2] مۆڕفیمی (Ø) لە دیالێکتی کرمانجی ژورودا یەکێکە لە مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردو، وەك: کرØ ن، برØ ن، مرØ ن، خارØ ن.

کارەکە تەنیا کاتی ڕابوردوە، واتە؛ دەمی پێش ئاخاوتن دەگرێتەوە. ئەو جۆرە ڕستانەش لە شێوەی تاکە وشەدان بۆیە ناونراون (سادەترین ڕستەی ڕابوردو).

- **ڕابوردوی دور:** پێکهاتەی ئەم جۆرە ڕابوردوە لە ڕەگی چاوگ و دو مۆرفیمی کات و مۆرفیمی هاتنەئارایی (بـ) و توخمی (بکەر و بەرکار) پێکدێ. لێرەدا مۆرفیمی هاتنەئارایی (بـ) ماوە و ڕەهەندی ڕودانی کارەکە دوردەخاتەوە و بە یارمەتی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و). واتە؛ مۆرفیمی هاتنەئارایی و مۆرفیمی کاتەکە پێکەوە واتای دوریەتی بە کارەکە دەبەخشن، چونکە هەر کامیان لابەرین ڕستەکە دەشێوێ. یاسای دارشتنی ڕابوردوی دور بەم شێوەیە:

| |
|---|
| **یاسای گشتی (٢): [(ڕەگی کار) + (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + (ڕەگی چاوگی بون[بـ]) + (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو[و]) + (ڕاناوە لکاوەکان)]:** |

- **لە تێنەپەڕی بکەریدا:** [ڕەگی کار(ڕۆیش) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (تـ) + ڕەگی چاوگی بون (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن/ بکەر (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن)]: ڕۆیشتبوم/ گەیشتبوی/ هاتبوØ/ چوبوین/ چوبون...

- **لە تێنەپەڕی بەرکاریدا:** [ڕەگی کار(سوت) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) + ڕەگی چاوگی بون (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن/ بەرکار (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن)]: سوتابوم/ کەوتبوی/ خلیسکابوØ/ مردبوین/ ڕژابون...

- **لە تێپەڕدا:** [ڕەگی کار(هێن) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) + ڕەگی چاوگی بون (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن/ بەرکار (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن) + ڕاناوی لکاوی خاوەنی/ بکەر (م/ ت/ ی/ مان/ تان/ یان)]: هێنابومی/ بردبونت/ کوشتبوØی...

لە هەمو ئەم جۆرە کارانەدا تێبینی ئەوە دەکرێ کە توخمی بکەر و بەرکار لە یەك کەسدا کۆنابنەوە تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا نەبێ ئەویش بەهۆی تایبەتمەندی پێگەی ڕاناوەکەوەیە.

لە ڕابوردوی دوردا ڕەهەندی کارەکەی پێش ڕابوردوی سادەیە، واتە؛ بواری ڕودانی ئەم جۆرە کارە لە ڕابوردوی سادە بۆ پێشەوەیە و کارەکە لە ڕوی کاتی ئەنجامدانەوە لە ڕابوردوی سادە کۆنترە، چونکە "کارەکە پێش ڕابوردوی ئاسایی ڕویداوە، واتە؛ بواری ئەنجامدانی کارەکە بەرەو پێشەوەیە، چونکە مۆرفیمەکانی ڕابوردو ڕۆلی ڕابوردوی ئاسایی ئەبینێ و مۆرفیمی دوەم[١] بواری ئەنجامدانی کارەکە دورئەخاتەوە بۆ پێشتر"(عەبدوللا حوسێن-ب:٢٠١٤:١١٢). واتە؛ کاتی ڕودانی

[١] مەبەست لە دوەم مۆرفیمی کاتە کە لە ڕابوردوی دوردا هەمیشە (و)ە.

کاری ڕابوردوی دور کۆنتره له کاتی ڕودانی کاری ڕابوردوی ساده، چونکه کاتێکی زیاتری بەسەردا تێپەڕیوه، لە خوارەوه به هێڵکاری بواری ڕودانی کاری ڕابوردوی دور خراوەتەڕو:




هەروەها تێبینی ئەوه دەکرێ، کاری ڕابوردوی دور بەشێوەیەکی گشتی لە ڕستەی ئاوێتەدا بەکاردێ، کارێکیان نزیکه و کاره مەبەستەکەش پێش نزیکەکەیه و دوره. وەك:

- که ڕاپەڕین کرا، عێراق کوێتی داگیرکردبو.
- تا من گەڕامەوه، تەرمەکه شورابو

- **ڕابوردوی بەردەوام**: ڕابوردوی بەردەوام بەهۆی دو مۆڕفیمی کاتەوه دروستدەبێ. مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردو (ت/ د/ ا/ و/ ی) وەکو پاشگر له دوای ڕەگی کارەوه دێن و واتای ڕابوردویی به کارەکه دەبەخشن و مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) وەکو پێشگر له پێش ڕەگی کارەوه دێت و کاتی ڕودانی کارەکه تاکو ئێستا بەردەوام دەکا. جگه لەو دو مۆڕفیمی کات و ڕەگی چاوگەکە، ڕاناوه لکاوەکانیش وەکو نوێنەری بکەر و بەرکار له ڕستەکەدا دەردەکەون. بۆیه یاسای دروستبونی بەمشێوەیە:

**یاسای گشتی (٣): [مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)+ ڕەگی چاوگ + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو+ ڕاناوی لکاو]:**

- **له تێنەپەڕی بکەریدا**: مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)+ ڕەگی چاوگ (چ) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (و)+ ڕاناوی لکاو/ بکەر (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): (د/ئـ)ەچوم/ (د/ئـ)ەهاتی/ (د/ئـ)ەفڕیØ...
- **له تێنەپەڕی بەرکاریدا**: مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)+ ڕەگی چاوگ (مر) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (د)+ ڕاناوی لکاو/ بەرکار (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): (د/ئـ)ەبرژان/ (د/ئـ)ەکوڵای/ (د/ئـ)ەسوتا...
- **له تێپەڕدا**: مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)+ ڕناوی لکاو/ بکەر/ دەستەی خاوەنی (م/ت/ی/مان/تان/یان)+ ڕەگی چاوگ (کوش) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ت)+ ڕاناوی لکاو/ بەرکار (م/ی/Ø/ین/ن/ن): (د/ئـ)ەمخوێندØ/ (د/ئـ)ەتنوسیØ/ (د/ئـ)ەتانشێلان...

لەم جۆره کارانەدا ئەگەر کارەکه له ڕوی پێکهاتنەوه له یەك پارچه زیاتر پێکهاتبو، واته؛ فۆڕمێکی ساده نەبو، ئەوا ڕاناوی لکاوی خاوەنیی بکەر دەچێته دوای پارچەی یەکەمی کارەکه و

مۆرفیمی کاتی ئێستا دەچێتە دوای ئەمانەوە، واتە؛ ڕاناوی لکاوی بکەر و مۆرفیمی کاتی ئێستا شوێنیان ئاڵوگۆڕدەکەن:

- پارچەی یەکەمی کارەکە (ڕا)+ ڕناوی لکاو/ بکەر/ دەستەی خاوەنی (م/ت/ی/مان/تان/یان) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)+ ڕەگی چاوگ (گر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ت)+ ڕاناوی لکاو/ بەرکار (م/ی/Ø/ین/ن/ن): ڕات(د/ئـ)ەگرتم/ دات(د/ئـ)ەگرتن/ هەڵی(د/ئـ)ەداین...

لە ناسادەدا تەنیا جیاوازیی ئەوەیە کە بکەر و مۆرفیمی کاتی ئێستا شوێنیان ئاڵوگۆڕدەکەن. واتە؛ ئەگەر کارەکە ناسادەبو، ئەوا جێناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە. ئاشکرایە هیچ کارێکی سادە (وەك تاکە مۆرفیمێکی سەربەخۆ) لە زمانی کوردیدا نیە، چونکە هەر کارێك لە سێ مۆرفیم، یان زیاتر پێکهاتوە. مەبەست لە سادەیی کار بچوکترین فۆرمی ئاساییە و ناسادە لەو فۆرمە ستانداردە فراوانترە.

سەبارەت بە بواری ڕودانەکەی، "ماوەی ئەنجامدانی کاری ڕابوردوی بەردەوام، لە ڕابوردوەوە تا کاتی ئێستایە، واتە؛ کارەکە لە ڕودان بەردەوامە تا دەمی ئاخاوتن و لەگەڵ ئاخاوتن بواری ڕودانی تەواوئەبێ"(عەبدوڵڵا حوسێن-ب: ٢٠١٤: ١١٠). ئەم تایبەتمەندی بەردەوامیە بەهۆی مۆرفیمی کاتی ئێستاوەیە کە وەکو پێشگر بەشداری لە داڕشتنی ئەم جۆرە کارانەدا دەکا، چونکە مۆرفیمی کاتی ئێستا بواری ڕودانی کارەکە تا کاتی ئاخاوتن درێژدەکاتەوە، بەڵام کاریگەریەکانی کاری ڕابوردوی بەردەوام بە هیچ شێوەیەك بۆ کاتی داهاتو و دوای قسەکردن ناپەڕێتەوە. واتە؛ لە ڕابوردویەکی دیاریکراودا کارەکە ڕویداوە و تا کاتی قسەکردن کاریگەریەکەی بەردەوامە، بەڵام لە دوای قسەکردنەوە کاریگەریەکەی تەواودەبێ ، وەك لەم هێڵکاریەدا نیشاندراوە:




*بواری ڕودانی کاری ڕابوردوی بەردەوام*

هەروەك لە هێڵکاریەکەشدا دەردەکەوێ کە کاتی ڕابوردوی بەردەوام ناپەڕێتەوە بۆ داهاتو، بۆ نمونە: پاڕانەوەی حاجیەك لە کەعبەدا: (خوایە تۆبە! تا ئێستا گوناهم دەکرد، حەرامم دەخوارد، سامانم دەدزی، نوێژم نەدەکرد... بەڵێن بێ، لەمەودوا تۆبە و ئیتر ئەوەی خراپەبێ نایکەم). واتە؛ تا کاتی قسەکردن حاجیەکە ئەو کارەی کردوە و بەڵام بەڵێن دەدا لە داهاتو نەیکا.

- **ڕابوردوی تەواو**: لەم جۆرە کارانەدا دو مۆرفیمی کات ( کاتی ڕابوردو و کاتی ئێستا) و مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی (و) و ڕاناوە لکاوەکانی ( بکەر و بەرکار) و ڕەگی کارێك پێکەوە دێن. "لە ڕابوردوی تەواودا (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو دوای مۆرفیمی کاتی ڕابوردو دێ و ئینجا ڕاناوی لکاوی بکەر دێ کە لە دەستەی خاوەنیە و دوای ئەو (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دێ، دوای

ئەویش ڕاناوی لکاوی بەرکار دێ"(عەبدوڵلا حوسێن-ا:١٨:٢٠١٤). بۆیە یاساکەی بەم جۆرە دەردەچێ:

| |
|---|
| **یاسای گشتی (٤): [ڕەگی کار + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + ڕاناوی لکاو+ مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)):** |

- **لە تێنەپەڕی بکەریدا:** ڕەگی کار(ها) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ت) + مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + ڕاناوی لکاو/ بکەر/ ڕێککەوتن (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن) + مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە): هاتوØم/هاتوØ ی/ هاتوە/ ڕۆیشتوØ م/ ڕۆیشتوØ ی/ ڕۆیشتوە...
- **لە تێنەپەڕی بەرکاریدا:** ڕەگی کار(ڕژ) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ا) + مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاو/ بەرکار/ ڕێککەوتن (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): ڕژاو مØ/ ڕژاو یØ/ ڕژاوە/ سوتاو مØ/ سوتاو یØ/ سوتاوØە...
- **لە تێپەڕدا:** ڕەگی کار(بر) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (د) + مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + ڕاناوی لکاوی بکەر، خاوەنی (م/ ت/ ی/ مان/ تان/ یان)+ مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاو/ بەرکار/ ڕێککەوتن (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): بردومØ ن/ هێناوتەØ/ نوسیومانەØ...

لەم جۆرە کارانە مۆڕفیمی کاتی ئێستا کاتێ دەردەکەوێ کە ڕاناوی لکاوی بەرامبەری نەبێ، ئەمەش تەنیا لە کەسی سێیەمی تاك دەبێ.

بە پێی ئەو پێناسەی کە دەڵێ: کاری ڕابوردوی تەواو بریتیە لەو کارەی کە "لە ڕابوردودا ڕویداوە و کاریگەریەکەی تا ئێستا لەئارادایە"( عەبدوڵلا حوسێن-ب:١١٢:٢٠١٤)، ئەوا بواری ڕودانی کارەکە "لە ڕابوردودا ئەنجامدراوە، بەڵام تا ئێستا وەکو خۆیەتی و نەبڕاوەتەوە"(هەمان سەرچاوە:١١٣)، واتە؛ کاریگەری کارەکە تا کاتی ئێستا ماوە، بەڵام دیار نیە تا کەی بەردەوام دەبێ. بۆ نمونە کاتێ کە ئەڵێی (نانم خواردوە)، واتە؛ تێرم و هیچی دیم بۆ ناخورێ. ئەو مەودایە لەم هێڵکاریەدا خراوەتەڕو:




*بواری ڕودانی کاری ڕابوردوی تەواو*

- **ڕابوردوی خۆزگەیی:** ئەم جۆرە کارە ڕابوردوانە خواستی قسەکەرە بۆ هاتنەئارای کارێك کە تازە ڕابوردوە و کاتی ڕودانەکەی تێپەڕیوە. ئاشکرایە، کاتی تێپەڕیو ناگەڕێتەوە، بۆیە بوار نەماوە بۆ ڕودانی ئەم جۆرە کارانە. لە پێکهاتەی ئەم فۆرمەدا سەرباری مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردوی

کاری سەرەکی، بە هاوکاری مۆرفیمی (بـ)ی هاتنەئاراییی و مۆرفیمێکی تری کاتی ڕابوردو (ا) بەشداری پێکهاتەی فۆرمەکە دەکەن، پێکهاتەی ئەم جۆرە فۆرمانە بەمشێوەیە:

**یاسای گشتی (٥): [ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + مۆرفیمی (ب)ی هاتنەئاراییی + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) + ڕاناوی لکاو]:**

- **لە تێنەپەڕی بکەریدا:** ڕەگی کار (چ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + مۆرفیمی (ب)ی هاتنەئاراییی + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) + ڕاناوی لکاوی بکەر، ڕێککەوتن (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): چوبام/ گەیشتبای/ ڕۆیشتبا Ø...

- **لە تێنەپەڕی بەرکاریدا:** ڕەگی کار (مر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (د) + مۆرفیمی (ب)ی هاتنەئاراییی + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) + ڕاناوی لکاوی بەرکار، ڕێککەوتن (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): مردبام/ کەوتبای/ سوتابا Ø...

- **لە تێپەڕدا:** ڕەگی کار (نوس) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ی) + مۆرفیمی (ب)ی هاتنەئاراییی + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) + ڕاناوی لکاوی بەرکار، ڕێککەوتن + ڕاناوی لکاوی بکەر/ خاوەنی (م/ ت/ ی/ مان/ تان/ یان): نوسیباØم/ نوسیباØت/ نوسیباØی/ خواردباØم/ خواردباØت/ خواردباØی...

لەگەڵ ئەمانەشدا کاری ڕابوردوی خۆزگەیی لە چەند شێوە و بە چەند یاسایەکی جیاواز دەردەکەوێ. ئەم فرەچەشنیە لەم جۆرە کارەدا بۆ جیاوازی دیالێکتەکان دەگەڕێتەوە، بۆ نمونە:

أ- [مۆرفیمی هاتنەئاراییی (بـ) + ڕاناوی خاوەنی بکەر+ ڕەگی کار+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ت/ د/ و/ ا/ ی) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی (ا)+ ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن بەرکر]: بمگرتباØ/ بتهێنابان...

ب- [مۆرفیمی هاتنەئاراییی (بـ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن بکەر + ڕەگی کار+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ت/ د/ و/ ا/ ی) + ڕاناوی خاوەنی بەرکار+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی (ا): بتگرتمایە/ بیهێنابایین/ بمکوشتبانایە...

ج- [مۆرفیمی هاتنەئاراییی (بـ) + ڕاناوی خاوەنی بەرکار+ ڕەگی کار+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ت/ د/ و/ ا/ ی) + مۆرفیمی ئاراییی (بـ)+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن بکەر+ مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە)]: بتگرتبامایە/ بینوسیبایینایە/ بتخواردبانایە...

لەم شێوە جۆراوجۆرانەی خراوەتەڕو تێبینی ئەوە دەکرێ کە ئەم یاسا جیاوازانە زیاتر لەگەڵ کارە تێپەڕەکاندا دەردەکەون. هەروەها بواری ڕودانی ئەم جۆرە کارە لە ڕابوردودا تەواوبوە و نەماوە، وەك لەم هێڵکاریەدا دیارە:



*بواری ڕودانی کاری ڕابوردوی خۆزگەیی*

واتە؛ بواری ڕودانی ئەم جۆرە کارە لە کاتی ئاخاوتندا کۆتایی پێدێ و تەواوئەبێ، ناپەڕێتەوە بۆ داهاتو.

**٢) کاتی ڕانەبوردو:** کاتی ڕانەبوردو، کاتی ئێستا و داهاتو دەگرێتەخۆ، چونکە ڕودانی ئەم جۆرە کارە لە کاتی ئێستای قسەکردنەوە دەستپێدەکا بۆ کاتی داهاتو، بۆیە ئەم جۆرە کارە لە کوردی ناوەڕاستدا دو مۆرفیمی کاتی تێدایە. مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) کە وەکو پێشگر دەردەکەوێ و مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ) کە وەکو پاشگر دەکەوێتە دوای ڕەگی کارەوە. واتە؛ ڕەگ دەکەوێتە نێوان دو مۆرفیمی کاتەوە. توخمەکان (ڕاناوە لکاوەکانی بکەر و بەرکار) لەم جۆرە کارانەدا شوێنیان دیار و ئاشکرایە، بە جۆرێ کە ڕاناوی لکاوی بکەر هەمیشە دەکەوێتە کۆتایی کارەکە و لە دەستەی ڕێککەوتن دەبێ، بەڵام لە کارە تێپەڕەکاندا ڕاناوی لکاوی بەرکار لە دەستەی خاوەنی دەبێ و دەکەوێتە دوای مۆرفیمی کاتی ئێستاوە:

| |
|---|
| **یاسای گشتی (٦): مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاوی بەرکار[لە تێپەڕدا]+ ڕەگی کار+ مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ/Ø) + ڕاناو:** |

- **لە تێنەپەڕی بکەریدا:** مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕەگی کار (ڕۆ) + مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ/Ø) + ڕاناو/ بکەر/ ڕێککەوتن (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): (د/ئـ)ەڕۆØم/ (د/ئـ)ەجوڵێی/ (د/ئـ)ەگەØین/ (د/ئـ)ەتۆرێØ...

- **لە تێنەپەڕی بەرکاریدا:** مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕەگی کار (سوت) + مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ/Ø) + ڕاناو/ بەرکار/ ڕێککەوتن (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): (د/ئـ)ەسوتێم/ (د/ئـ)ەکوڵێی/ (د/ئـ)ەکەوێØ/ (د/ئـ)ەبڕژێن...

- **لە تێپەڕدا:** مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)+ ڕاناوی لکاوی خاوەنی/ بەرکار+ ڕەگی کار (نوس) + مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ/Ø) + ڕاناو/ بکەر/ ڕێککەوتن (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): (د/ئـ)ەینوسم/ (د/ئـ)ەینوسـØی/ ەنوسێØ/ (د/ئـ)ەتهێنـØم/ (د/ئـ)ەمانگرØن...

کاری ڕانەبوردو "ماوەی ئەنجامدانی ئێستا بەرەو داهاتوە، واتا؛ ئەشێ ئێستا ڕوبدا، یان دوای ئێستا بە هەر ماوەیەك بێ"(عبدالله حوسێن-ب:٢٠١٤:١٠٨)، وەك لەم هێڵکاریەدا دەردەکەوێ:



*بواری ڕودانی کاری ڕانەبوردو*

**٣) کاتی داهاتو[١]:** کاتی داهاتو مەبەست لەو کاتەیە کە لە دوای کاتی ئێستاوە دێ و بەرەو بێپایان درێژدەبێتەوە. بۆیە "مەبەست لە کاتی داهاتو ئەو ڕستانەن کە تەنیا مۆڕفیمی کاتی داهاتویان تێدایە"(عەبدوڵلا حوسێن-ا:٢٠١٤:١٤))، بەڵام جگە لەو مۆڕفیمی کاتە، ڕەگ و ڕاناوە لکاوەکانی (بکەر و بەرکار) و ڕەگی چاوگی بون (بـ) بەشداری پێکهاتنی ئەم جۆرە ڕستانە دەکەن، چونکە کاتی داهاتو لە دوای قسەکردنەوە دەستپێدەکا. یاسای دروستبونی بەم جۆرەیە:

| |
|---|
| **یاسای گشتی (٧): مۆڕفیمی هاتنەئارایی (بـ) + ڕەگی کار+ مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ)+ ڕاناوی لکاو:** |

- **لە تێنەپەڕی بکەریدا:** ڕەگی کاری بون (بـ) + ڕەگی کار (گونج) + مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ)+ ڕاناوی لکاوی بکەر، ڕێککەوتن (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): بگونجێم/ بگەڕێی/ بچێ Ø...
- **لە تێنەپەڕی بەرکاریدا:** ڕەگی کاری بون (بـ) + ڕەگی کار (سوت) + مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ)+ ڕاناوی لکاوی بکەر، ڕێککەوتن (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): بسوتێم/ بخنکێی/ ببرژێین...
- **لە تێپەڕدا:** ڕەگی کاری بون (بـ) + ڕاناوی لکاوی بەرکار/ خاوەنی+ ڕەگی کار (کێڵ) + مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ)+ ڕاناوی لکاوی بکەر، ڕێککەوتن (م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن): بیکێڵـØم/ بیکێڵـØی/ بیکێڵێØ/ بتاننوسـØم/ بمنوسـØی/ بماننوسێØ.

بواری ڕودانی ئەم جۆرە کارانە دوای کاتی ئێستایە، بەڵام بەرەو بێپایان درێژدەبێتەوە و بێ ئەوەی کاتی ئەنجامدانی کارەکە دیاربکا. لەم هێڵکاریەدا بواری ئەنجامدانەکەی نیشاندراوە:



بواری ڕودانی کاری داهاتو

[١] ئەم جۆرە کارانە لە هەندێ لە کتێبە ڕێزمانیەکاندا بە ناوی کاری (داخوازی یان مەرجی) پۆلینکراوە. جیاوازی ئەم جۆرە کارەش لەگەڵ کاری فەرماندا ئەوەیە کە لەگەڵ هەمو کەسەکان بەکاردێ وەك: (بچم/ بچی/ بچێ/ بچین/ بچن/ بچن)، بەڵام کاری فەرماندان تەنیا لەگەڵ کەسی دوەمی تاك و کۆدا بەکاردێ، وەك: ( بنوسە/ بنوسن/ بڕۆØ/ بڕۆن).

**٤) کاتی ئێستا:** بریتیە لەو کاتەی کە قسەکەر تێیدا باسی بارودۆخی کەسێك ، یان شتێك دەکا و هەواڵێك، یان سیفەتێك دەربارەیان بە گوێگر ڕادەگەیێنێ. هەروەها ئەم جۆرە ڕستانە بە پێی جۆری کەرەس و پێکهاتەکەیان، بە دو شێوە دەردەکەوێ، ئەوانیش:

٤-١ ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا: ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا تەنیا لەگەڵ چاوگی بون دائەڕێژرێ. چونکە "نزیکترین کات، دەمی ئاخاوتنە و پێی ئەوترێ [کاتی ئێستا] کە بە مۆرفیمی [ە] ئاماژەی بۆ کراوە، بۆیە بواری بە تەنیا دەرکەوتنی لە کاتێکدا ئەبێ کە ڕەگی کار لە ئاستی سەرەوەدا دەرنەکەوێ و وەك مۆرفیمی (Ø) خۆی بنوێنێ"(عەبدوڵڵا حوسێن-ب:٢٠١٤:١٠٢)، بۆیە یاساکەی بەم شێوەیە:

| |
|---|
| **یاسای گشتی (٨): [فریزی ناوی + ڕەگی کار(Ø) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + (ڕاناوی لکاو)]:** |

**- لە تێنەپەڕی بەرکاری:** [فریزی ناوی (زیرەك) + ڕەگی بون (بـ) دەرناکەوێ[١]+ مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن/ بەرکار: زیرەکـØم/ زیرەکـØی/ زیرەکەØ/ جوانـØم/ جوانـØی/ جوانەØ...

جێی ئاماژەپێدانە "ئەم جۆرە ڕستانە تەنیا لەگەڵ ڕەگی [هەبون] دروستدەبن. لەم بارەدا توخم [ڕاناو] دەبێتە بەرکار، چونکە ڕەگی [هەبون] تێنەپەڕێکی بەرکاریە"( عەبدوڵڵا حوسێن-ا: ٢٠١٤:١٣).

٤-٢ ڕستەی فەرماندان: کاتی ئێستا لە ڕستەی فەرماندان‌دا دەردەکەوێ. کاری فەرماندانیش ئەو جۆرە کارانە دەگرێتەوە کە "کەسی یەکەم ڕاستەوخۆ داوا لە کەسی دوەم دەکا کە کارێکی بۆ جێبەجێ بکا لە کاتی ئێستادا"(هەمان سەرچاوە:٥١)، واتە؛ کاری فەرماندان کاتەکەی ئێستایە و لە کاتی قسەکردندا کردارەکە دەبێ جێبەجێ بکرێ، بۆیە کەرەسەکاتی پێکهاتنی ئەم جۆرە ڕستانە بریتین لە پێشگری (بـ) کە مۆرفیمی هاتنە ئاراییە و لەگەڵ ڕەگی کار و مۆرفیمێکی کاتی ئێستا کە وەکو پاشگر دەکەوێتە کۆتایی ڕەگەکە، بۆیە یاساکەی بەم شێوەی لێدێ:

| |
|---|
| **یاسای گشتی (٩): [پێشگری (ب) هاتنەئارایی + ڕەگی کار+ مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)[٢] + (ڕاناوی لکاو)]:** |

[١] ئەگەر ئەم ڕەگە دەرکەوێ ئەوا ڕستەکە ئەبێتە فەرماندان، وەك: (جوانبە، زیرەکبە).
[٢] لە هەندێ چاوگی (ئەلفیە تێنەپەڕە بکەرییەکان)دا، ئەگەر کاری فەرماندان دروستبکرێ، ئەوا لە جیاتی مۆرفیمی کاتی ئێستا، مۆرفیمی کاتی داهاتو دەردەکەوێ: (بسوڕێ، بگەڕێ، بسازێن، بدوێ، بگرییێن...).

- [پێشگری (ب) هاتنەئارایی + ڕەگی کار (گر)+ مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) + (ڕاناوی لکاو)]:
بگرە/ بگرØن/ بڕۆØ/ بڕۆØن/ بهێنەØ/ بهێنـØن...

ڕودانی کاری ئەم ڕستانەی سەرەوە تێکڕایان لە کاتی ئاخاوتندایە و بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بە ڕابوردو، یان داهاتو ناکا، بۆیە ئەم جۆرە ڕستانە لە ڕوی کاتی ڕودانەوە پێیان دەوترێ کاتی ئێستا. ئەم جۆرە کاتە لە دو جۆر ڕستەدا خۆی دەنوێنێ، لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە، بواری ئەنجامدانی کاتی ئێستا بەم شێوەی خوارەوەیە:




ئەمەی خرایەڕو سادەترین (بچوکترین) ڕستەی زمانی کوردی بون کە لە شێوەی تاکە وشەدان، جۆرەکانی تری ڕستەی سادە بریتین لە:

١-٢ **ڕستەی سادەی ئاسایی:** جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستە سادە، چونکە تەنیا یەك کاری سەرەکیی تێدایە. لەم جۆرە ڕستانەدا، جگە لە کار، بکەر و بەرکار لە شێوەی مۆڕفیمێکی سەربەخۆدا دەردەکەون. واتە؛ بە شێوەیەکی گشتی لە کاری تێنەپەڕدا ڕستە لە دو وشە پێکدێ: کار و بکەر/ بەرکارێك، بەڵام لە کاری تێپەڕدا ڕستە لە سێ وشە پێکدێ: کار و بکەر و بەرکار. لەم جۆرە ڕستانەدا جگە لەم کەرەسە سەرەکیانە (کار، بکەر و بەرکار) هیچ کەرەسەیەکی تری لاوەکی بەشداری ڕستەکە ناکەن. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێ:

أ- تێنەپەڕی بکەری

| بکەر | کار |
|---|---|
| کابرا | هاتØ |
| منداڵەکە | گەڕاØیەوە |
| ئێوە | سەردەکەون |

ب- تێنەپەڕی بەرکاری

| بەرکار | کار |
|---|---|
| کابرا | مردØ |
| منداڵەکە | سوتاØ |
| ئەو | کەوتØ |

لە ڕستەکانی بەشی (أ)دا وشەکانی (کابرا، منداڵەکە، ئێوە) بکەری ڕاستەقینەی ڕستەکەن و کارەکانی (هات ، گەڕایەوە، سەردەکەون)یان ئەنجامداوە، کەچی لە ڕستەکانی لقی (ب)دا وشەکانی (کابرا، منداڵەکە، ئەو) بون بە بەرکار بۆ کارەکانی (مرد، سوتا، کەوت).

ڕستەی سادەی ئاسایی لە کاری تێپەڕدا جیاوازە لە ڕستەی سادەی ئاسایی لە کاری تێنەپەڕدا، چونکە لەم جۆرە ڕستانەدا بکەر و بەرکار وەکو مۆڕفیمێکی سەربەخۆ لەگەڵ فرێزەکاریەکەدا دەردەکەون، بۆیە یاسا گشتیەکەی بەم شێوەیە:

ڕستە

| بکەر | بەرکار | کار |
| --- | --- | --- |
| نەسرین | جلەکان | دەشوا∅ |
| منداڵەکە | شیرەکەی | تەواوکرد |
| ئەو | ئێمە | دەناسێ∅ |

شایەنی باسە، لە ڕستەکانی سەرەوەدا بە شێوەیەکی گشتی، جگە لە بونی بکەر وەك مۆڕفیمێکی سەربەخۆ، لە ناو ڕستەکەشدا بە ڕاناوێکی لکاو ئاماژەی بۆ کراوە، بۆیە بە پێی پێویست ئەم جۆرەیان کەمتر بەرکاردێ و پتر بکەرەکە دەسوێ، بەڵام لە هەندێ جۆری کاردا ڕستە پێویستی بە ناوێکی تر دەبێ وەکو تەواوکەری کار و بە هۆی ئامرازی خستنەسەری (ە) لەگەڵ کارەکەدا لێکدەدرێن. وەك:

| - ناری | بەردەکەی | خستە | ئاوەکەوە |
| --- | --- | --- | --- |
| بکەر | بەرکار | کار | تەواوکەر |

هەندێ جاریش لە هەندێ زاردا ئامرازی (ە)ی خستنەسەرەکە دەسوێ و ڕستەکە وەك ڕستەیەکی دو بەرکاری دەردەکەوێ. وەك:

- ئاراس پارەکەی دا بە ئازاد.
- ئاراس پارەکەی دایە ئازاد.
- ئاراس پارەکەی دا ئازاد.

ئەم ڕستانە ئەگەرچی پێکهاتەکەیان فراوانتردەبێ، بەڵام هەر لە سنوری ڕستەی سادەی ئاسایی دەمێننەوە، چونکە تەنیا یەك کاریان تێدایە و هەمو کەرەسەکان هاوبەشن لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا.

**١-٣ ڕستەی سادەی فراوانکراو:** ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە جگە لە کەرەسە سەرەکیەکانی ڕستە، کەرەسەی لاوەکی وەکو سەربار لە پێکهاتەیدا بەشدارن، واتە؛ "مەبەست لە فراوانکردنی ڕستەی سادە خودی کارەکە نیە، بەڵکو مەبەست فراوانکردنی بەشەکانی تری ڕستەکەیە"(عەبدوڵڵا حوسێن-

ج:٥٢:٢٠١٥). ئەم جۆرە ڕستانە بە کۆمەڵێ کەرەسەی لاوەکی فراواندەکرێن وەکو (ف.ن، ف.ئاوەڵناوی، ف.ئاوەڵکاری، پاڕستە...هتد). ئەم فراوانکردنە زیاتر لە فرێزی ناوی و فرێزی کاریدا ڕودەدا[1]. وەك:

۱-۳-۱ **فراوانکردنی فرێزی ناوی** (بکەر، یان بەرکار): فرێزی ناوی بە چەند جۆرێ فراواندەکرێ:

- خانوە خۆشەکەی ماڵی داپیرم سوتا.

ف.ن./ بەرکار

- ئارام خانوە خۆشەکەی ماڵی داپیرمی ڕوخاند.

ف.ن/بکەر ف.ن/ بەرکار

- کورە قۆزە باڵابەرزەکە گەڕایەوە.

ف.ن/ بکەر

- کورە قۆزە باڵابەرزەکە کچەکەی کۆڵانی پشتەوەی مارەکرد.

ف.ن/ بکەر ف.ن/ بەرکار

۱-۳-۲ **فراوانکردنی فرێزی بەند**: فرێزی بەند دەتوانرێ بە هۆی چەند کەرەسەیەکەوە فراوانبکرێ، وەك:

- ئوتومبێلەکەم تەنیا بە تۆ دەفرۆشم.

دیارخەری ف.بەند ف.بەند

۱-۳-۳ **فراوانکردنی فرێزی ئاوەڵناوی**: فرێزی ئاوەڵناوی لە ڕستەدا بەهۆی هەندێ کەرەسەی وەك (ڕادە، پلە، نەرێ..تاد) دەتوانرێ فراوانبکرێ، بۆنمونە:

- قوتابخانەکەم هیچ باش نیە.
- قوتابخانەیەکی باشترم دۆزیەوە.
- قوتابخانەیەکی برێك باشتر دەدۆزمەوە.

۱-۳-٤ **فراوانکردنی فرێزی کاری/** تێپەڕ و تێنەپەڕ: فرێزی کاریش بەهەندێ کەرەسە فراواندەکرێ:

- خانەوەکەتان بەپەلە فرۆشت.
- خانوەکەتان بەخێرایی سوتا.
- کوڕەکەتان لەزاخۆوە گەڕاوە.

[1] بۆ درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە لاپەڕە (٣٣)ی ئەم توێژینەوەیە (فرێز و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا).

لەم نمونانەی سەرەوە فراوانكردنی ڕستەكان بە هۆی دیارخەر و تەواوكەرەكانەوە بو، بەڵام هەندێ جار ئامرازەكانی (بەستنەوە و دانەپاڵ و ...هتد) ئەم فراوانكردنە ئاساندەكەن و فرێزەكان فروانده‌كەن و كەرسەكانیان بەیەكدەگەیەنن، بۆ نمونە:

- فراوانكردن بەهۆی ئامرازی لێكدەری (و): سەردار و بەختیار و بەشدار بران.
- فراوانكردن بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی): منداڵێكی بچوكی پیاوێكی پیری كاسب لە دۆكان خنكا.
- فراوانكردن بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ە): كچە جوانە چاوشینە باڵابەرزە سپیەكەم مارەكرد.

ئەم جۆرە فراوانكردنە زیاتر لە فرێزی ناوی و فرێزی ئاوەڵكاری و فرێزی ئاوەڵناویدا ڕودەدا، چونكە لە فرێزەكانی تر (ف. بەند و ف. كاری) ئامرازەكان ناتوانن بچنە ناو پێكهاتەكانیانەوە.

٢. **ڕستەی ناسادە**: هەمو ئەو ڕستانە دەگرێتەوە كە زیاتر لە یەك كاری سەرەكیی تێدایە. لەم ڕستانەدا چەند كار هەبێ، ئەوەندە ڕستەیەمان هەیە. ڕستەی ناسادە سێ جۆرە: ڕستەی لێكدراو و ڕستەی ئاوێتە[١] و لێكدراوی ئاوێتە. ڕستەی لێكدراو دەكرێ بە چەند جۆرێكی جیاوازەوە. ڕستەی ئاوێتەش بەپێی جۆری پاڕستەكانی و چۆنیەتی كاركردنیان چەند جۆرێكی بۆ دیاركراوە. جیاوازیی نێوان ڕستەی لێكدراو و ئاوێتەش بەهۆی سەربەخۆی و بەندیەتیی واتای ڕستەكانەوە دەردەكەوێ، بۆیە لە خوارەوە بە وردی پوختەی هەریەك لەم ڕستانە دەخرێتەڕو:

٢-١ **ڕستەی لێكدراو**: ئەو ڕستە ناسادەیە " كە پتر لە كارێكیان تێدایە و هەر كارێك ڕستەیەكی سەربەخۆ پێكدەهێنێ، بەڵام بەشدارییەكی هاوبەش لە نێوانیان هەیە، وەك هاوبەشی لە هەمان فرێزی ناوی، چ بكەر بێ، چ بەركار، یان بەشداری لە ڕوی كاتی ئەنجامدانی كارەكان"(عەبدوڵڵا حوسێن:٢٠١٤:٣٣). ئەم دو ڕستەیە (یان زیاتر) بەهۆی ئامرازە لێكدەرەكانەوە . واتە؛ بەهۆی ئەم ئامرازانەوە دەتوانین جۆری ڕستە لێكدراوەكان پۆلینبكەین، وەك:

- من دەمرم و تۆش دەمری و هەمومان دەمرین. (ڕستەی لێكدراو بەهۆی ئامرازی [و]).
- من دەمرم، بەڵام تۆ دەمێنی بۆ ڕاستی. (ڕستەی لێكدراو بەهۆی ئامرازی [بەڵام]).

ئەم ئامرازانە ڕۆڵێكی بێلایەن دەگێڕن لە ڕستەی لێكدراودا، چونكە سەر بە هیچ یەكێك لەو دو ڕستە سادانە نین كە لێكیداون، بەڵكو تەنیا ئەركیان بەستنەوەی هەردو ڕستەكەیە بۆ پێكهێنانی یەكەیەكی گەورەتر، بۆیە بە لابردنی ئامرازەكان لە ڕستەی لێكدراودا، ئەوا چەند ڕستەیەكی سادەمان دەستدەكەوێ كە لە واتا و لە فۆڕمدا سەربەخۆن.

بەهۆی ئەم ئامرازانەوە دەتوانین چەند جۆرێكی ڕستەی لێكدراو دیاریبكەین، لەو جۆرانەش:

---

[١] ڕستەی ئاڵۆز و تێكەڵیشی پێدەگوترێ.

٢-١-١ **ڕستەی لێکدراو بەهۆی ئامرازی (و)**: ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە کە کاری ڕستەکانی هاو ئاڕاستەن و لە ڕوی کاتی ڕودانی کارەکانیانەوە هاوڕێکی یەکترن، واتە؛ لە چوارچێوەی ئەم ڕستە لێکدراوەدا کاری ڕستە سادەکان بەشێوەی یەك لەدوای یەك ڕودەدەن. ئەم ڕستانە بەهۆی هەندێ ئامرازی لێکدەری دیاریکراوەوە دروستدەبن کە (و) بە چالاکترینیان دادەنرێ، بەڵام ئامرازەکانی تری وەك (ئینجا، ئەوجا، هەروەها، ئەوسا)ش دەتوانن ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە دروستبکەن، وەك:

- نانیان خوارد و ئاهەنگەکەیان جێهێشت.
- نانیان خوارد ئەوجا ئاهەنگەکەیان جێهێشت.

هەروەها دەتوانرێ ئەم ڕستانە تەنیا بەهۆی وێرگوڵەوە دروسبکرێن، لەو کاتەدا ئەم وێرگوڵە جێی ئامرازە لێکدەرەکان دەگرێتەوە، وەك:

- منداڵکە لە خەو هەڵسا، داوای شیری لە دایکی کرد.

٢-١-٢ **ڕستەی لێکدراو بەهۆی ئامرازی (نە...نە)**: ڕستەیەکە پتر لە کارێکی تێدایە و زۆربەی جار "لە دو ڕستەی نەرێ پێکدێ و هیچیان جێبەجێ ناکرێن"(عەبدوڵڵا حوسێن-أ:٢٠١٤:٣٥)، واتە؛ ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە زۆرجار تەنیا لە دو ڕستەی سادە پێکدێن، بەبێ ئەوەی هیچ کارێك لە کارەکانی ئەو دو ڕستەیە ئەنجام بدرێن. ئەم جۆرە ڕستانەش یان بەهۆی ئامرازی لێکدەری (و)، یان بەهۆی وێرگولێکەوە لێکدەرێن. بۆ نمونە:

- نە دەگەڕێتەوە و نە بە یەکجاری دەڕوا.
- نە ئەوەندە شیرینبە قوتبدرێی، نە ئەوەندە تاڵبە فڕێبدرێی.

٢-١-٣ **ڕستەی لێکدراو بەهۆی ئامرازی (بەڵام)**: ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە کە هەردو ڕستە سادەکەی لە ڕودان و ئەنجامدا پێچەوانەن. واتە؛ ڕودانی کاری ڕستەی یەکەم دەبێتە هۆی دەستکەوتنی ئەنجامێکی پێچەوانە لە ڕستەی دوەمدا، ئەم ڕستانە بەهۆی ئامرازی (بەڵام، ئەگەرچی...هتد) دروستدەبن، بۆ نمونە:

- ئوتومبێلەکە وەرگەڕا، بەڵام شوفێرەکە سەلامەتبو.
- کوڕەکە دەرچوە، ئەگەرچی هیچی نەدەخوێند.

لەم ڕستانەدا (وەرگەڕا+ سەلامەتبو، دەرچو+ نەدەخوێند) لە ڕوی ڕودان و ئەنجامی کارەکانەوە پێچەوانەی یەکترن، چونکە وەرگەڕان ئەنجامەکەی ناسەلامەتیە و دەرچون پێویستی بە خوێندنە، لەبەر ئەم هۆکارە ئەم جۆرە ڕستانە بە ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە ناونراون.

٢-١-٤ **ڕستەی لێکدراو بەهۆی ئامرازی (یا[ن]...یا[ن])**: هەمو ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە کە بەزۆری لە دو ڕستەی سادە پێکدێن و لە کاری هەردو ڕستەکە تەنیا کاری یەکێکیان

ئەنجامدەدرێ، واتە؛ لە کاری هەردو ڕستەکە تەنیا یەکێکیان ئەنجامدەدرێ و ئەویتریان ئەنجامنادرێ. ئەم جۆرە ڕستانە زیاتر بەهۆی ئامرازەکانی (یا/ یان) دروستدەبن، جا ئەم ئامرازانە ڕەنگە لە سەرەتاوە بێن، یان لە ناوەڕاستەوە، یان لە هەردولاوە. بۆ نمونە:

- لەسەر کورسی دادەنیشی، یان دۆشەگ؟

٢-٢ **ڕستەی ئاوێتە** (ئاڵۆز/ تێکەڵ): ڕستەی ئاوێتە ڕستەیەکی ناسادەیە کە "لە یەك ڕستەی سەرەکی لەگەڵ یەك ڕستەی شوێنکەوتو [بەلایەنی کەمەوە] پێکدێ"(crystal:٢٠٠٣:٩٥)، ڕستەی سەرەکی پێیدەوترێ شارستە و ڕستە شوێنکەوتوەکان پێیاندەوترێ پاڕستە. شاڕستە ڕستەی سەرەکیە و واتای سەربەخۆی خۆی هەیە، بەڵام پاڕستە ڕستەیەکی لاوەکیە و دەبێتە دیارخەری کەرەسەیەکی ناو شاڕستە، بۆیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا بە لابردنی شاڕستە ڕستەکە تێکدەچێ، بەڵام لابردنی پاڕستەکان هیچ کاریگەریی لەسەر ڕستەکە دروستناکا. ئەم پاڕستانە بەپێی کارکردنیان و بەپێی ڕونکردنەوەی کەرەسەکانی ناو شاڕستە دابەشی سەر دو جۆر دەبن، ئەوانیش پاڕستەی دیارخەری ناو و پاڕستەی دیارخەری کارن. هەریەك لەم دو جۆرەش دابەشی چەند جۆرێکی تر دەبن، بۆیە لە خوارەوە تیشك خراوەتە سەر هەریەك لەو پاڕستانە:

١. **پاڕستەی دیارخەری ناو**: ئەو جۆرە پاڕستانە دەگرێتەوە کە ڕونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ناوێکی ناو شاڕستە بە خوێنەر دەدەن. ئەم ناوە دەشێ بکەر، یان بەرکاری ڕاستەوخۆ، یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ...هتد، بێ. کاری ئەم پاڕستانە تیشك خستنەسەر یەکێك لەم ناوانەیە لە شاڕستەکەدا، ئەوانیش:

١-١ **پاڕستەی دیارخەری بکەر**: بکەر وەکو کەرەسەیەکە سەرەکی ڕستە لە هەمو جۆرە ڕستەیەکدا ئامادەیە. ئەم پاڕستەیە دەبێتە دیارخەری بکەری ڕستەکە و ڕونکردنەوەی زیاتر و زانیاری نەبیستراو دەربارەی بکەری شاڕستەکە بەخوێنەر دەبەخشێ، وەك:

- تێپەڕ: لەیلا کە خوشکە گەورەمە، منداڵەکانی جوان پەروەردەکردوە.

- تێنەپەڕ: باوکم کە ساڵانێکە لە تاراوگەیە، ئەمشەو دەگەڕێتەوە.

٢-١ **پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ڕاستەوخۆ**: بریتیە لەو پاڕستەی کە لایەنێك لە لایەنەکانی بەرکاری شاڕستە ڕوندەکاتەوە. دەکرێ وەسفی بەرکار بکا، یان دۆخی بەرکار نیشانبدا، وەك:

- تێپەڕ: کابرا ئەو خانوەی کە تازەی کڕیبو، فرۆشت.

- تێنەپەڕ: نالی کە ناودارترین هۆنەری کوردە، ساڵی ١٨٧٣ی زاینی مردوە.

٣-١ **پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ (بەرکاری بەیاریدە/ تەواوکەری بەیاریدە)**: ئەو پاڕستانە دەگرێتەوە کە لە شاڕستەدا بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕوندەکاتەوە و لایەنێك لە لایەنەکانی ئەو کەرەسەیە دەخاتەڕو، بۆ نمونە:

- دراوسێکەمان بە عارەبانەکەی کە تازەی کڕیوە، نانەڕەق دەفرۆشێ.
- پارەکەی بە برا گەورەکەی کە ناوی شێرزادە، بۆ ناردی.

٤-١ **پاڕستەی دیارخەری ناوی شوێن:** لە ڕستەی ئاوێتەدا ئەم جۆرە پاڕستەیە پەسنی شوێنی ڕودانی کاری شاڕستە دەکا، واتە؛ ئەم شاڕستانە بارودۆخی شوێنی ڕودانی کاری شاڕستە دەخەنەڕو، وەك:

- داپیرم لەسەرئەو پێخەفانەی کە تازە شۆردبوم، خەوتوە.
- سیروان لەناو ئەوهێلانانەی کە دەمێکە چۆلەکەکە بەجێیهێشتون، هێلکەیەکی دۆزیەوە.

هەریەك لە پاڕستەکانی ( کە تازە شۆردبوم/ کە دەمێکە چۆلەکەکان بەجێیهێشتون) وەسفی شوێنێك دەکەن. ئەو شوێنانەش سەر بە شاڕستەن، واتە؛ پاڕستەکان شوێنی ڕودانی کاری شاڕستەیان ڕونکردۆتەوە، بۆیە بەم پاڕستانە دەوترێ، پاڕستەی دیارخەری ناوی شوێن.

**٥-١ پاڕستەی دیارخەری ناوی کات:** ئەم جۆرە پاڕستانە دەبن بە دیارخەری فرێزێکی ئاوەڵکاری و لەگەڵ ئەم فرێزەدا پێکەوە کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکە ڕوندەکەنەوە. فرێزە ئاوەڵکاریەکەش بریتیە لە ناوی کات. وەك:

- ساڵی پار کە ساڵە شومەکەبو، کوردستان بارودۆخی خراپبو.
- دوێنێ کە زۆر لەمڕۆ گەرمتربو، براکەی ژنی گواستەوە.

ئەم پێنج جۆرە پاڕستەیەی کە باسکران، ناونراون بە پاڕستەی دیارخەری ناو، چونکە کارلێك لەگەڵ ناوێك دەکەن لە شاڕستەدا و هیچ پەیوەندییان بە کاری ڕستەکەوە نیە. لە بەرامبەر ئەمەدا پاڕستەی کاری هەیە کە هەمیشە پەیوەندیی لەگەڵ کاری ڕستەدایە. بۆیە وا پێناسەی کراوە:

٢. **پاڕستەی دیارخەری کار**: ئەو پاڕستانە دەگرێتەوە کە لایەنێك لە لایەنەکانی (شوێن، کات، هۆ، ئەنجام...هتد)ی کاری شاڕستە ڕونتردەکەنەوە. ئەم پاڕستانە پەیوەستن بە کاری شاڕستەوە و بارودۆخی کاری شاڕستە لە یەکێ لەم لایەنانەوە بۆ خوێنەر ڕوندەکەنەوە و زانیاری دەربارەی کارەکە دەخەنەڕو. هەروەها بەهۆی وەسفی پاڕستەکانەوە بۆ کاری شاڕستە دەتوانین دابەشی چەند جۆرێکی بکەین، وەك:

٢-١ **پاڕستەی دیارخەری کات**: بریتیە لەو پاڕستەیەی کە کاتی ڕودانی کاری شاڕستە ڕوندەکاتەوە، واتە؛ بەهۆی ئەم پاڕستانەوە دەتوانین بزانین کە کاری شاڕستە کەی ئەنجامدراوە. وەك:

- هەر کە دەرگاکەم کردەوە، مشکێك ڕایکردە دەرەوە.
- کە باوکم و باوکت هاوڕێ بون، ئێمە منداڵی بچوك بوین.

٢-٢ **پاڕستەی دیارخەری هۆ**: لە ڕستەی ئاوێتەدا ئەم جۆرە پاڕستانە هۆی ڕودانی کاری شاڕستەکە دەخەنەڕو و ڕونیدەکەنەوە کە لەبەر چ هۆیەك کاری شاڕستەکە ڕویداوە. ئەم پاڕستانە بەهۆی ئامرازە لێکدەرەکانی (چونکە، لەبەرئەوەی، بەهۆی ئەوەی...هتد)ەوە دروستدەبن. وەك:

- لەبەرئەوەی تۆیان نەهێنابو، منیش نەچوم لەگەڵیان.
- چونکە دەنگی ناخۆشبو، لیژنەکە نەخێریان هەڵبژارد.

٣-٢ **پاڕستەی دیارخەری ئەنجام**: ئەو پاڕستانە دەگرێتەوە کە ئەنجامی ڕودانی کاری شاڕستە دەخەنەڕو، واتە؛ پاڕستەکان بریتین لە ئەنجام و بەرهەمی ڕودانی کاری شاڕستەکان. ئەم جۆرە پاڕستانە زیاتر بەهۆی ئامرازە لێکدەرەکانی (بۆیە، لەبەرئەوە...هتد) دروستدەبن. بۆنمونە:

- مام ئەکرەم خزمەتی گەڕەکەکە دەکا، بۆیە هەمو دراوسێکانی خۆشیان دەوێ.
- تیروپشکەکە ساختەیی تێداکرابو، لەبەرئەوە ئەنجامەکان ڕەتکرانەوە.

٤-٢ **پاڕستەی دیارخەری ئامانج**: ئەم جۆرە پاڕستانە ئەوە دەخەنەڕو کە ئامانج لە ڕودانی کاری شاڕستەکە چیە، واتە؛ بۆ چ مەبەستێك بکەری شاڕستەکە هەڵساوە بە ئەنجامدانی کارەکە. پاڕستەکان بە هۆی ئامرازە لێکدەرەکانی (تا، هەتا، هەتاکو..هتد) بە شاڕستەکانەوە دەبەسترێنەوە. وەك:

- پێشمەرگە دەجەنگێ، تا ئێمە بپارێزێ.
- حکومەت هیچ کارێ ناکا، هەتاکو لە سود و قازانجەکەی دڵنیانەبێ.

هەندێ جار ئامرازە لێکدەرەکانی (تا، هەتا، هەتاکو..هتد) لە هەندێ جۆرە ڕستەی ئاوێتەدا بەکاردێن، بەڵام لە بری دروستکردنی پاڕستەی ئامانج، پاڕستەی دیارخەری کات دروستدەکەن. وەك:

- تا من دەگەڕێمەوە، لێرە نەڕۆی.
- هەتاکو مامۆستا دێ، بەبێ دەنگی دادەنیشین.

٥-٢ **پاڕستەی دیارخەری پێوانە**: لە ڕستەی ئاوێتەدا ئەم جۆرە پاڕستانە "بڕ و ڕادە و پێوانەی ڕودانی کاری شاڕستە دەردەخەن، واتە؛ بوار و سنوری کارکردنەکەی دەستنیشان دەکەن"(عەبدوڵڵا حوسێن:٢٠١٤:٤٣). هەروەها "لە شاڕستەکاندا دیارخەرێکی پێوانە نادیاری وەك [بەڕادەیەك، هێندە، ئەوەندە...هتد] لە پێش ئاوەڵناوی شاڕستەکەوە هاتوە و ئەرکی پاڕستە دەرخستن و سنوردارکردنی ئەو دیارخەرەیە"(هەمان سەرچاوە:٤٣). ئامرازە لێکدەرەکانی (کە، تا، هەتا...هتد) ڕۆڵی سەرەکە دەبینن لە بەستنەوەی ئەم پاڕستانە بە شاڕستەکانیانەوە، وەك:

- پارەکەم هێندە کەمە، هەتا بەشی پێداویستی خۆم ناکا.
- بەرهەمی ئەمساڵ بەڕادەیەك زۆرە، کە دەتوانین هەناردەی بکەین.

لەم پاڕستانەدا چەند تێبینیەك بەدی دەکرێ، لەوانە:

أ- شارستەكان واتای سەربەخۆی خۆيان نيە، ئەويش بەهۆی بونی پێوانە ناديارەكانەوە، بۆيە بە لابردنی ئەو پێوانە ناديارانە، شارستەكان واتای سەربەخۆی خۆيان بۆ دەگەڕێتەوە، وەك:

- پارەكەم هێندە كەمە – هێندە = پارەكەم كەمە.

- بەرهەمی ئەمساڵ بەرادەيەك زۆرە – بەرادەيەك = بەرهەمی ئەمساڵ زۆرە.

ب- پاڕستەكانی ئەم جۆرە ڕستەی ئاوێتەيە بە لابردنی ئامرازە لێكدەرەكانی وەكو شارستە دەردەكەون، لە هەمان كاتدا شارستەكان بەهۆی پێوانە ناديارەكانەوە وەكو پاڕستە دەردەكەون، وەك:

- پارەكەم هێندە كەمە، بەشی پێداويستی خۆم ناكا.

- بەرهەمی ئەمساڵ بەرادەيەك زۆرە، دەتوانين هەناردەی بكەين.

لێرەدا بە لابردنی ئامرازی لێكدەر بە ڕادەيەكی زۆر شارستە و پاڕستە ڕۆڵەكانيان ئاڵوگۆڕدەبێ، چونكە لەم نمونانەدا ڕستەكانی (پارەكەم هێندە كەمە، بەرهەمی ئەمساڵ بەرادەيەك زۆرە) لە ڕوی واتاوە سەربەخۆ نين، بەڵكو ڕستەكانی (بەشی پێداويستی خۆم ناكا، دەتوانين هەناردەی بكەين) بە ڕادەيەكی زۆر لە ڕوی واتاوە سەربەخۆترن.

٢-٦ **پاڕستەی ديارخەری مەرج:** ئەم جۆرە پاڕستەيە مەرجی ڕودانی كاری شارستە بە گوێگر ڕادەگەيەنن، واتە؛ پاڕستە پێمان دەڵێ كە چ شتێك مەرجە بۆ ئەنجامدانی كاری شارستەكە. لەم پاڕستانەدا ئامرازە لێكدەرەكانی (گەر، ئەگەر) ڕۆڵی بەيەك بەستنەوەی شارستە و پاڕستە دەبينن، وەك:

- گەر دەرنەچم، واز لە خوێندن ئەهێنم.

- ئەگەر خۆشت ناوێم، ڕقيشت لێمنەبێ.

**٢-٣ ڕستەی لێكدراوی تێكەڵ:** ڕستەی لێكدراوی تێكەڵ ئەو ڕستە ناسادانە دەگرێتەوە كە پێكدێ لە دو شارستە و پاڕستەيەك بە لايەنی كەمەوە. وەك:

- كە من هاتم، تۆ ڕۆيشتی و نەسرين نەڕۆيشت.

پاڕستە　　شارستە　　شارستە

- هەرچەندە زۆر ماندون، بەڵام من سەردانێكتان ئەكەم و شيرين لەوێ جێدەهێڵم.

پاڕستە　　شارستە　　شارستە

بەشی ڕستەی تێكەڵ لەم ڕستانەدا بريتيە لە بونی پاڕستەيەك لە ڕستەكەدا. هەروەها بونی بەشی لێكدراو لەم جۆرە ڕستانەدا بريتيە لە پێكەوە هاتن و لێكدانی دو ڕستەی سادە پێكەوە، بە مەبەستی دروستكردنی يەكەيەكی گەورەتر كە ڕستەيەكی لێكدراوە. لێكدانی هەردو بەشی ڕستەكە، واتە؛ بەشی تێكەڵ و بەشی لێكدراوی، جۆرە ڕستەيەكمان بۆ دروستدەكا كە پێی دەوترێ ڕستەی لێكدراوی تێكەڵ.

ئەمەی خرایەڕو پۆلینکردنی ڕستەی کوردی بون لە ڕوی پێکهاتن و لە ڕوی کاتی ڕودانەوە. هەمو ئەم پۆلینکردنانەی ڕستە کە لەمەوپێش باسکران ڕستەی بکەردیار بون، بۆیە لەبەر پێویستی توێژینەوەکە و لەبەر گرنگی بابەتی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا، وا بە باش زانرا پوختەیەك دەربارەی کاری بکەر نادیار بخرێتە بەر باس.

## تەوەری دوەم: شێوازی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا:

کاری بکەر نادیار ئەو کارەیە کە "ئەرکی ئەنجامدانی کارێك ئەداتەپاڵ توخمێکی دەستنیشان نەکراو بەشێوەیەکی کاتی، کاتەکەش بەپێی مۆرفیمەکانی کات دیارئەکرێ"(عەبدوڵلا حوسێن-ج:٢٠١٤:١٥٢)). واتە؛ ئەو کارەی کە ئەنجامدراوە، یان ئەنجامدەدرێ (بە ئەرێ یان نەرێ)، دیارنیە کە بکەرەکەی کێیە و چیە؟ قسەکەر لەبەر سێ هۆکار پەنادەباتە بەر بەکارهێنانی بکەرنادیار، یەکەم: قسەکەر خۆی هیچ دەربارەی بکەری کارەکە نازانێ، دوەم: قسەکەر نایەوێ هیچ دەربارەی بکەری ڕستەکە بۆ گوێگر ئاشکرابکا. سێیەم: قسەکەر دەیەوێ بەرکار زەقبکاتەوە و بە لوتکەی بکا.

(ر) مۆرفیمی بکەر نادیارە لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، هەروەها کاری بکەرنادیار تەنیا لەو کارانە دروستدەکرێ کە تێپەڕن، چونکە کاری تێپەڕ دو توخم وەردەگرێ کە بکەر و بەرکارە، لە کاتی نادیاری بکەردا، ئەوا بەرکار دەبێتە لوتکەی ڕستە. وەك:

- ئەوین نامەیەکی نوسی ⟵ نامەیەك نوسرا (ڕابوردو) ⟵ نامەیەك دەنوسرێ (داهاتو)

| |
|---|
| **یاسای گشتی (١٠): [ڕەگی کار + مۆرفیمی (ر) بکەر نادیار + مۆرفیمەکانی کات، کاتی ڕابوردو (ا) و کاتی داهاتو (ێ)+ ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن لەگەڵ بەرکار]:** |

سەبارەت بە گۆڕینی ڕستەی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار، ئەوا پێویستە ئەم هەنگاوانە جێبەجێبکەین:

١. بکەر و شوێنکەوتوەکانی[١] لە ڕستەکەدا لادەبرێن.

٢. بەرکار لە شوێنی خۆی دادەنرێتەوە.

٣. ڕەگی کارەکە وەردەگرین.

٤. مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیار بۆ کۆتایی ڕەگەکە زیاددەکەین.

٥. پاشان بە پێی مەبەستی قسەکەر مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو (ا)، یان داهاتو (ێ) دادەنرێ.

٦. ڕاناوی لکاوی گونجاو لەگەڵ بەرکار ڕێکدەکەوێ.

[١] وەکو ڕاناوە لکاوەکان.

- بۆ ڕابوردو: جوتیارەکە گەنمەکەی فرۆشت

ڕەگ

Ø گەنمەکە فرۆش+مۆرفیمی نادیاری (ر)+مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا)+Ø

- گەنمەکە فرۆشراØ.

- بۆ داهاتو: جوتیارەکە گەنمەکە (د/ئـ)ەفرۆشێØ.

ڕەگ

Ø گەنمەکە فرۆش + مۆرفیمی نادیاری (ر) + مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ)+Ø

- گەنمەکە (د/ئـ)ەفرۆشرێØ.

لەگەڵ ئەم کارانەدا دەشێ ڕاناوە لکاوەکانی دەستەی ڕێککەوتن وەکو بەرکار دەربکەون و بچنە کۆتایی کارەکە و تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەرنەکەون، چونکە ڕاناوی لکاوی بەرامبەری نیە، وەك:

- کوژرام - کوژراین
- کوژرای - کوژران
- کوژراØ - کوژران

کاری ڕابوردوی بکەر نادیار دەکرێ بەهۆی دو مۆرفیمی کاتی ڕابوردوەوە دروستببێ و بۆ مەبەستی جیاواز لە ڕابوردوی نزیکی بکەر نادیار بەکاربێن، وەك:

- ڕابوردوی دوری بکەر نادیار: مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی (بون) لەگەڵ مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی (و) پێکەوە دێن و بە کۆتایی کارەکەوە دەلکێن و بواری ڕودانی کارەکە بەرەو پێشەوە درێژدەکەنەوە، وەك:

دەفتەرەکە نوسراØ.

دەفتەرەکە نوسرا+ بـ (ڕەگی بون) + (و) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو = دەفتەرەکە نوسرابوØ.

- ڕابوردوی بەردەوامی بکەرنادیار: لەم جۆرە کارانەدا مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) وەکو پێشگر بۆ کارەکە زیاددەکەین بەمەش بواری ڕودانی کارەکە بەردەوامدەبێ تا کاتی ئاخاوتن، وەك:

دەفتەرەکە نوسراØ.

دەفتەرەکە+ (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستا+ نوسرا = دەفتەرەکە (د/ئـ)ەنوسراØ.

- ڕابوردوی تەواوی بکەرنادیار: ئەم جۆرەیان بە زیادکردنی مۆڕفیمی (و)ی ئاوەڵناوی کراوی و مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)، دروستدەبێ کە ئەم دو مۆڕفیمە بۆ کۆتایی کارەکە زیادەکرێ و بەمەش واتای بەردەوامی کاریگەری کارەکە تا کاتێکی نەزانراو بە کاری ڕستەکە دەبەخشێ، وەك:

دەفتەرەکە نوسراØ.

دەفتەرەکە نوسرا+ (و/ مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو)+ (ە) مۆڕفیمی کاتی ئێستا= دەفتەرەکە نوسراوەØ.

- ڕابوردوی خۆزگەیی بکەر نادیار: ئەم جۆرە کارە خۆزگەییە بەشێوەی بکەر نادیارە کە بەهۆی زیادکردنی مۆڕفیمی (ب) ی هاتنە ئارایی و مۆڕفیمی (ا) ی کاتی ڕابوردوەوە دروستدەبێ و شێوەی ڕودانی کارەکە لە شێوەی خۆزگەیی نادیاردا دەخاتەڕو، وەك:

دەفتەرەکە نوسراØ.

خۆزگە+ دەفتەرەکە نوسرا+ (بـ) (مۆڕفیمی هاتنە ئارایی)+ (ا) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو= خۆزگە دەفتەرەکە نوسراباØ.

# بەشی چوارەم

# (پۆلینکردنی ڕستەی ئینگلیزی)

**بەندی یەکەم: پێکهاتە و ڕیزبونی کەرەسەی فرێز وڕستە:**

**تەوەری یەکەم: پێکهاتە و جۆرەکانی فرێز:**

وشەی فرێز(phrase) لە لاتینیەوە وەرگیراوە. ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا لە (phrazein)ی گریکیەوە هاتوە، بە واتای ( to tell – یخبر - هەواڵدان)دێ.

لە ڕێزمانی ئینگلیزیدا فرێز بە مۆڕفیمێك یان کۆمەڵە مۆڕفیمێك دەوترێ کە چاڵێك لە چاڵەکانی ڕستە پڕبکاتەوە. فرێز لە زمانی ئینگلیزیدا بەم جۆرە پێناسە کراوە: "بریتیە لە کۆمەڵە وشەیەك بەبێ کارێکی دیارکراو"(Barbara:٢٠٠٧:١٥٣). هەندێ[١] لە دەقە ڕێزمانیە نوێیەکان تاقە وشەیەکیش بە فرێز دادەنێن. وەك:

- <u>Glass</u> (NP). *(شوشە)*

- <u>pleasant</u> (adj.p). *( دڵخۆش)*

"ئەم تێڕوانینە لە سەرەتادا نامۆبو، چونکە وشەی [phrase] بە لایەنی کەم بۆ دو وشە، یان زنجیرەیەك وشە بەکاردەهات"(Sidney and nelson:٢٠٠٩:٦٥).

لە زمانی ئینگلیزیدا پێنج جۆرە فرێز دیارکراوە. هەریەك لەم جۆرانە پێکهاتە و ئەرك و شێوەی دەرکەوتنی تایبەت بە خۆی هەیە. لە خوارەوە بە کورتی باس لە هەریەك لەو فرێزانە کراوە:

١. **فرێزی ناوی (noun phrase/ NP):** ئەم جۆرە فرێزانە "لە ڕستەیەکی تەواودا لە ناوێك پێکدێ، وەکو سەرە دەردەکەوێ، جا ئەو سەرەیە بە تەنیا بێ، یان وشەی دیارکەر [determiner][٢] و دیارخەرەکانی [modifiers][٣] لەگەڵدابێ"(Douglas Biber: ١٩٩٩:٩٧). واتە؛ بە شێوەیەکی گشتی "پێکهاتەی فرێزی ناوی بە لایەنی کەمەوە دەبێ لە ناوێك یان ناوئاسایەك پێکهاتبێ"(crystal: ٢٠٠٣:٣٣٣). وەك:

- I have a <u>car</u>. *(من ئوتومبێلێکم هەیە)*

- He loves <u>me</u>. *(ئەو [کوڕ] منی خۆشدەوێ)*

ئەو فرێزانەی کە بەشە ئاخاوتنی ناو نین "دەتوانن هەمان ئەرکی ناو ببینن لە ڕستەدا، واتە؛ دەتوانن ببنە بکەر و بەرکار و تەواوکەر...هتد، هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە فرێزی ناوی بە کەرەسەیەکی سەرەکی ڕستە دادەنرێ و ناتوانرێ لاببرێن"(Barbara:٢٠٠٧:١٥٥)، وەك:

---

[١] وەکو: Barbara،sidney&  nelson

[٢] ئەو کەرەسانە دەگرێتەوە کە بڕ و بارودۆخی ناوەکە دیاردەکەن و ناوەکە دەناسێنن، وەك وشەکانی ( a – the- those- some).

[٣] یەکەیەکی سەربەخۆیە و وەسفی ناو دەکا و کەرەسەی لاوەکین لە ڕستەدا، لە پێش و دوای سەرەی فرێزی ناویەوە دێن، وەك: ئاوەڵناوەکان.

- Fishing in Dokan is my favorite hobby. *(ماسیگرتن لە دۆکان خۆشترین هیوایەتمە)*

(فرێزی ناویە وەکو بکەر)

- I love fishing in Dokan. *(زۆر حەزم لە ماسیگرتنە لە دۆکان)*

(فرێزی ناویە وەکو بەرکار)

- My dad's Job is fishing in Dokan. *(پیشەی باوکم ماسیگرتنە لە دۆکان)*

(فرێزی ناویە وەکو تەواوکەر)

هەروەك لە پێشتردا خرایەڕو سەرەی فرێزی ناوی دەکرێ بە تەنیا بێ، یان دیارخەرێك، یان چەند دیارخەرێکی لە پێش و دوابێ. دیارخەرەکانی پێش سەرە پێیان دەوترێ پێش دیارخەر (pre-modifiers)، دیارخەرەکانی دوای سەرە پێیان دەوترێ پاش دیارخەر (post-modifiers). وەك:

- They hate a long hot **summer**. *(ئەوان ڕقیان لە هاوینی درێژی گەرمە)*

- **Drug** dealing is dangerous thing. *(مامەڵەکردن بە مادەی هۆشبەر شتێکی ترسناکە)*

لە نمونەی یەکەمدا دو دیارخەری پێش سەرە دەرکەوتون، ئەوانیش ( long وhot)ن کە سەر بە کەتیگۆری ئاوەڵناون و وەسفی ناوی (summer) دەکەن، بەڵام لە نمونەی دوەمدا دیارخەری (dealing) دوای سەرەی فرێزە ناویەکە هاتوە و وەسفی ناوی (Drug) کردوە.

هەندێ جار "دیارخەرەکان دەتوانرێ بە دیارخەرێکی تر دیاربخرێنەوە"( Sidney and nelson:٢٠٠٩:٦٧). وەك:

-They are sitting in a comfortable cool **room**. *(ئەوان لە ژورێکی فێنکی ئاسودە دانیشتون)*

لەم نمونەیەدا دیارخەری (comfortable) بوە بە دیارخەری (cool)، لە کاتێکدا ئەم وشەیە خۆی دیارخەرە بۆ ناوی (room).

دیارخەرەکان لە هەندێ باری قسەکردندا دەبنە دو پارچە، پارچەیەك پێش سەرەی ناوی دەکەوێ و پارچەکەی تر لە دوای سەرەکەوە دەردەکەوێ. وەك:

-The children who are easiest to teach. لە بری - The easiest **children** to teach

*(ئەو منداڵانەی کە فێرکردنیان ئاسانترینە)* *(ئاسانترینی منداڵەکان بۆ فێرکردن)*

١-١ پێکهاتەی فرێزی ناوی: فرێزی ناوی چەند پێکهاتەیەکی دیارکراوی هەیە. گرنگترینیان ئەمانەن:

١-١-١ دەکرێ تەنیا لە (ناو)ێك پێکهاتبێ:

- Books are important in our life. *(کتێب گرنگە لە ژیانماندا)*

١-١-٢ دەكرێ لە (دیاركەر+ ناو)ێك پێكهاتبێ:

- Those books are mine. *(ئەو كتێبانە هی منن)*

١-١-٣ دەكرێ لە (دیارخەری پێش سەرە+ ناو)ێك پێكهاتبێ:

- There are popular books here. *(كتێبی بەناوبانگ لێرە هەنە)*

١-١-٤ دەكرێ لە (دیاركەر+ دیارخەری پێش سەرە+ ناو)ێك پێكهاتبێ:

- There are some popular books here. *(هەندێك كتێبی بەناوبانگ لێرە هەنە)*

١-١-٥ دەكرێ لە (ناو+ دیارخەری دوای سەرە) پێكهاتبێ:

- I have books about astronomy.*(دو كتێبم هەیە لەسەر فەلەكناسی)*

١-١-٦ دەكرێ لە (دیاركەر+ ناو+ دیارخەری دوای سەرە) پێكهاتبێ:

- I want to buy some books about astronomy. *(دەمەوێ هەندێ كتێب بكڕم لەسەر فەلەكناسی)*

١-١-٧ دەكرێ لە (دیارخەری پێش سەرە+ ناو+ دیارخەری دوای سەرە) پێكهاتبێ:

- They bought Popular books about astronomy . *(ئەوان كتێبی بەناوبانگیان كڕی لەسەر فەلەكناسی)*

١-١-٨ دەكرێ لە (دیاركەر+ دیارخەری پێش سەرە+ ناو+ دیارخەری دوای سەرە) پێكهاتبێ:

- He gave me Some popular books on astronomy. *(ئەو هەندێ كتێبی بەناوبانگی پێدام لەسەر فەلەكناسی)*

پێكهاتەیەكی تری فرێزی ناوی هەیە، پێیدەوترێ فرێزی ناوی ئاڵۆز. ئەم پێكهاتەیە لە چەند بارێكی دیاركراودا دەردەكەوێ و لەو كاتەدا فرێزە ناویەكە بەش بەش دەبێ. وەك:

- **The college student** who lives next door is my friend.

*(قوتابیەكەی كۆلێژ كە دراوسێمە، هاوڕێمە)*

ئەم جۆرە ڕیزكردنەش تەبایە لەگەڵ بنەما گشتیەكانی ڕیزبونی كەرەسەكان لە زمانی ئینگلیزیدا.

١-٢ ئەركە ڕێزمانیەكانی فرێزی ناوی: بە گشتی فرێزی ناوی ئەم چەند ئەركەی خوارەوەی هەیە:

١-٢-١ بكەر: - Two women had come in and she asked them to wait.

*(دو ئافرەت هاتنە ژورەوە و كچەكەش داوای لێكردن چاوەڕێ بكەن)*

١-٢-٢ بەركاری ڕاستەوخۆ: (ئەوان تاقیاندەكەنەوە) -They are testing them.

١-٢-٣ بەركاری ناڕاستەوخۆ: *(بانكەكە قەرزی بە ئاكام دا)* -The bank gave Akam a loan

١-٢-٤تەواوكەری بكەر: - The performance was a test for their physical endurance:

*(ئەدایەكە بۆ تاقیكردنەوەی ئارامگرتنی جەستەیی ئەوان بو)*

١-٢-٥ تەواوکەری بەرکار:

-Many of us consider **Lana** the best candidate. *(زۆربەمان لانە وەکو باشترین کاندید دادەنێین)*

١-٢-٦ دیارخەری پێش سەرە لە فرێزی ناوی:

- Milk **production** is down this year.*(بەرهەمهێنانی شیر ئەمساڵ دابەزیوە)*

١-٢-٧: ئاوەڵکار: *(هەفتەی داهاتو وەرزی خوێندن کۆتایی پێدێ)* - The term finishes next week. -

فرێزی ناوی جیاواز لە فرێزی ئاوەڵناوی و ئاوەڵکاری، بە کەرەسەیەکی سەرەکیی ڕستە دادەنرێ لە ڕستەی زمانی ئینگلیزیدا، چونکە ناتوانرێ لاببرێ و باس نەکرێ.

**٢. فرێزی ئاوەڵناوی(Adjective phrase):** فرێزی ئاوەڵناوی "ئەو فرێزەیە کە پێکدێ لە ئاوەڵناوێك وەکو سەرە، دەکرێ هەندێ کات دیارخەریان لەگەڵدابێ"( **Douglas Biber**:١٩٩٩:١٠١). وەك:

- He is lucky._*(ئەو [کوڕ] بەبەختە)*

- They are very kind. *(ئەوان زۆر میهرەبانن)*

بە شێوەیەکی تر فرێزی ئاوەڵناوی بریتیە لە "کۆمەڵە وشەیەك بەسەریەکەوە کە یەکەیەکی تر پێکدەهێنێ و ئەم یەکەیە هەڵدەستێ بە وەسفکردنی کەرەسەیەکی تر لە ڕستەدا. هەروەها زانیاری زیاتر دەربارەی ناو یان ڕاناو دەدا بە دەستەوە"(Barbara:٢٠٠٧:١٥٤). وەك:

- I saw a handsome **man**. *(پیاوێکی قۆزم بینی)*

- **Somebody** wearing army boots robbed the bank.

*(کەسێکی پۆستاڵ لەپێ بانەکەی تاڵانکرد)*

لە ڕستەی یەکەمدا فرێزی ئاوەڵناوی (handsome) وەسفی ناوی (man)ی کردوە، بەڵام لە نمونەی دوەمدا فرێزی ئاوەڵناوی (wearing army boots) وەسفی ڕاناوی (somebody) کردوە.

خاڵی گرنگ و سەرەکی لە فرێزی ئاوەڵناویدا ئەوەیە کە "وشەی سەرەکی، واتە؛ سەرە، لەم جۆرە فرێزەدا دەبێ ئاوەڵناوبێ"(Sidney and nelson:٢٠٠٩:٨٤). هەروەها فرێزی ئاوەڵناوی دەکرێ دیارخەری لە پێش و دوابێ، ئەم دیارخەرانەش پلەی جۆریەتی ئاوەڵناوەکە دیاردەکەن.

فرێزی ئاوەڵناوی کەرەسەیەکی خۆشەکیە لە ڕستەدا و دەکرێ لاببرێ بێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکا، وەك:

- I saw a man with glasses. ⟶ - I saw a man.

سەبارەت بە دیارخەرەکانی پێش و دوای سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی، بە هەمان شێوە ئەو دیارخەرانە کەرەسەی لاوەکین لە فرێزەکە و ڕستەکەدا و لابردنیان هیچ کاریگەریی لەسەر فرێز و ڕستەکە نابێ، تەنیا لە ڕوی واتاوە نەبێ کە پلەی ئاوەڵناوەکەی دەگۆڕێ. وەك:

- This girl is <u>very</u> **beautiful**. ⟶ - This girl is beautiful. *(ئەو کچە (زۆر) جوانە)*

لەم نمونەیەدا وشەی (very) کە وەکو دیارخەری پێش سەرە لەگەڵ فرێزە ئاوەڵناویەکە دەرکەوتوە، بە لابردنی هیچ کاریگەریی لەسەر واتا و ئەرکی ڕستە و فرێزەکە نیە. هەروەك لە ڕستەی دوەمدا نیشاندراوە.

٢-١ پێکهاتەی فرێزی ئاوەڵناوی: ئەم فرێزە چەند پێکهاتەیەکی پێشبینیکراوی هەیە، گرنگترینیان:

٢-١-١ دەشێ تەنیا لە (ئاوەڵناو)ێك پێکهاتبێ: - I am <u>proud</u> of you. *(من شانازیت پێوەدەکەم)*

٢-١-٢ دەشێ لە (دیارخەری پێش سەرە+ ئاوەڵناو)ێك پێکهاتبێ:

- I am <u>very</u> **proud** of you. *(من زۆر شانازیت پێوەدەکەم)*

٢-١-٣ دەشێ لە (ئاوەڵناو+ دیارخەری دوای سەرە) پێکهاتبێ:

- I am <u>proud</u> **of his achievement**. *(من شانازی بە دەستکەوتی ئەو دەکەم)*

٢-١-٤ دەشێ لە (دیارخەری پێش سەرە+ ئاوەڵناو+ دیارخەری دوای سەرە) پێکهاتبێ:

- He is <u>too</u> **proud** <u>to admit his mistakes</u>. *(ئەو زۆر لوتبەرزە تاوەکو دان بە هەڵەکانیدابنێ)*

٢-٢ ئەرکی فرێزی ئاوەڵناوی لە ڕستەدا: فرێزی ئاوەڵناوی چەند ئەرکێکی هەیە. گرنگترینیان:

٢-٢-١ دیارخەری پێش سەرە لە فرێزی ناوی: - He was a <u>tall</u> **man**. *(ئەو پیاوێکی باڵابەرزبو)*

٢-٢-٢ دیارخەری دوای سەرە لە فرێزی ناوی:

-You should choose **somebody** <u>older</u>. *(پێویستە کەسێکی بە تەمەنتر هەڵبژێری)*

٢-٢-٣ تەواوکەری بکەر:

- The **photographs** were <u>quite professional</u>. (*وێنەگرەکان پیشەگەربون*)

٢-٢-٤ تەواوکەری بەرکار: - I love **his** <u>expensive car</u>. *(من حەزم بە ئوتومبێلە گرانبەهاکەیەتی)*

هەر سەبارەت بە شوێنی دەرکەوتنی فرێزی ئاوەڵناوی، "ئەوا پێویستە ئەم جۆرە فرێزە لە پێش یان دوای ئەو کەرەسانەوە بێ کە وەسفیان دەکەن، ئەگەرنا دەبێتە هۆی هەڵەی تەواو لە واتادا"(Barabara:٢٠٠٧:١٥٥). وەك:

- The fisher man sold us a **huge crab** <u>with a long beard</u>.
*(ماسیگرەکە قرژاڵێکی گەورەی ڕیش درێژی بە ئێمە فرۆشت)*

-**The fisher man** <u>With a long beard</u> sold us a huge crab.
*(ماسیگرە ڕیش درێژەکە قرژاڵێکی گەورەی بە ئێمە فرۆشت)*

**٣. فرێزی ئاوەڵکاری(Adverb phrase):** فرێزی ئاوەڵکاری "بریتیە لەو فرێزەی کە سەرەکەی دەبێ ئاوەڵکاربێ"(Douglas Biber: ١٠٢:١٩٩٩). واتە؛ بە شێوەیەکی گشتی "لەم جۆرە فرێزانەدا وشەی سەرەکی دەبێ ئاوەڵکارێك بێ"(Sidney and nelson:٨٦:٢٠٠٩). وەك:

- He ran <u>quickly</u>. *(ئەو بە خێرایی ڕایکرد)* (فرێزی ئاوەڵکاریە)

لەم نمونەیەدا فرێزی ئاوەڵکاری (quickly) وەسفی کاری ڕستەکە دەکا لە ڕوی چۆنیەتیەوە. "ئەم فرێزانە زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتیی ڕودانی کاری ڕستەکە دەدەن بەدەستەوە، هەروەها هەمو فرێزە ئاوەڵکاریەکان وەك ئاوەڵکارێکی سادە هەمان ڕۆڵ و ئەرك دەبینن لە ڕستەدا، هەروەك وەسفکردنی کار لە ڕوی کات و شوێن و چۆنیەتی و...هتد"(Barbara: ١٥٥:٢٠٠٧). وەك:

- Yestrday ali caught a fish. (ئاوەڵکارە بۆ وەسفی کاتی ڕودانی کارەکە):

*(دوێنێ عەلی ماسییەکی گرت)*

- Ali caught a fish <u>here</u>. (ئاوەڵکارە بۆ وەسفی شوێنی ڕودانی کارەکە):

*(عەلی لێرە ماسییەکی گرت)*

٣-١ **پێکهاتەی فرێزی ئاوەڵکاری**: ئەم فرێزانە هەمان پێکهاتەی فرێزی ئاوەڵناوییان هەیە، وەك:

٣-١-١ دەشێ تەنیا لە (ئاوەڵکار)ێك پێکهاتبێ: *(ئەو خێرا ڕایکرد)* He ran <u>quickly</u>. -

٣-١-٢ دەشێ لە (دیارخەری پێش سەرە+ ئاوەڵکار)ێك پێکهاتبێ:

- He ran <u>so</u> <u>quickly</u>. *(ئەو زۆر خێرا ڕایکرد)*

٣-١-٣ دەشێ لە (ئاوەڵکاری+ دیارخەری دوای سەرە) پێکهاتبێ:

- We **surprisingly** <u>indeed</u> finished our work. *(ئێمە بە شێوەیەکی زۆر سەرسامانە کارەکانمان تەواوکرد)*

تەنیا جیاوازیی ئەم فرێزە لەگەڵ فرێزی ئاوەڵناوی ئەوەیە کە لە فرێزی ئاوەڵناویدا سەرە دەبێ ئاوەڵناوبێ، بەڵام لە فرێزی ئاوەڵکاریدا سەرە دەبێ ئاوەڵکاربێ.

٣-٢ **ئەرکی ڕێزمانی فرێزی ئاوەڵکاری**: ئەم فرێزەش چەند ئەرکێکی سەرەکی و لاوەکی هەیە. وەك:

٣-٢-١ دیارخەر لە فرێزی ئاوەڵناوی:

- I thought it was <u>utterly</u> **disgraceful**. *(پێموابو بەتەواوی خراپە)*

٣-٢-٢ دیارخەر لە فرێزی ئاوەڵکاری:

- They came **surprisingly** <u>on time</u>.*(ئەوان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە لە کاتی خۆیان هاتن)*

٣-٢-٣ دیارخەر پێش سەرە و دوای سەرە لە فرێزی ناوی:

-The <u>long</u> **journey** home was a nightmare. *(ئەو گەشتە درێژەی بۆ ماڵەوە زۆر ناخۆشبو)*

٣-٢-٤ تەواوکەری ئامرازی پەیوەندی:

-There had been no complaints **until** <u>recently</u>. *(هیچ گازاندەیەك نەبو تاوەکو بەم زوانەش)*

هەندێ فرێزی ئاوەڵکاری هەن بە جۆرێك ئاوێتەی کار و تەواوکەرەکانی دەبن کە دیارکردنی سنوری ئەم فرێزانە کارێکی ئاسان نابێ. وەك لەم نمونەیەدا:

- She spoke **vigorously**. *(ئەو [مێ] بەهێزەوە دەدوێ)*

- She spoke her mind **vigorously**. *(ئەو [مێ] زۆر بەهێزەوە بیرۆککانی خۆی دەڵێ)*

لە زمانی ئینگلیزیدا فرێزە ئاوەڵکاریەکان کەرەسەی خۆشەکین لە ڕستەدا و بە شێوەیەکی گشتی لابردنیان کار لە واتا و ئەرکی ڕستەکان ناکەن.

**٤. فرێزی بەند (prepositional phrase):** بریتیە لەو فرێزەی کە "پێکدێ لە ئامرازێك لەگەڵ تەواوکەرێك بە زۆری لەسەر شێوەی فرێزێکی ناوی دەردەکەوێ"( Douglas Biber:١٩٩٩:١٠٣). وەك:

- I meet my brother <u>at</u> <u>the cinema.</u> *(من برایەکەمم بینی لە سینەما)*

-Ari does sport<u> before</u> <u>breakfast.</u> *(ئاری پێش نانی بەیانی وەرزش دەکا)*

واتە؛ بە شێوەیەکی تر "فرێزی بەند لە دو پارچە پێکدێ، ئەوانیش ئامرازێك و تەواوکەرەکەین"(Sidney and nelson:٢٠٠٩:٨٧)، لە هەمان کاتدا دەشێ دیارخەرێك لە پێش ئامرازە پەیوەندیەکەوە بێ. وەك:

-Ari does sport <u>just</u> before breakfast. *(ئاری تەنیا پێش نانی بەیانی وەرزش دەکا)*

لەم کاتەدا ئەم جۆرە فرێزە پێیان دەوترێ فرێزی بەندی درێژکراوە ( extended prepositional phrase).

لە فرێزی بەنددا "ئەو کەرەسانەی کە لە دوای ئامرازەکەوە دێن بە تەواوکەر ناودەبرێن، نەك دیارخەر، چونکە جیاواز لە دیارخەرەکان ئەم کەرەسانە خۆشەکی نین و ناتوانرێ لابرێن"(هەمان سەرچاوە:٨٨). وەك:

- Only at cinema

- Only at *

- At cinema ✓

هەروەك لەم نمونەدا دەردەكەوێ لابردنی دیارخەری (Only) كار لە واتا و ئەركی فرێزەكە ناكا، لە بەرامبەردا لابردنی تەواوكەری (Cinema) دەبێتە هۆی تێكچونی واتا و ئەركی فرێزە بەندەكە.

لە زمانی ئینگلیزیزدا دەشێ زیاتر لە یەك فرێزی بەند بە زنجیرە و بە دوای یەكدا بێن، وەك:

- I read stories <u>to the children</u> <u>at home</u> <u>in the evening</u>.

*(من چیرۆكەكانم لە ئێوارەدا بۆ منداڵەكان لەماڵەوە خوێندەوە)*

بە شێوەیەكی گشتی لە فرێزی بەنددا ئەو كەرەسەی لە دوای ئامرازەكەوە دێ، بریتیە لە فرێزێكی ناوی، وەك:

- We stayed at <u>home</u>. *(ئێمە لە ماڵەوە مابوینەوە)*

- The cat came through <u>the window.</u> *(پشیلەكە لە پەنجەرەكەوە هات)*

لەگەڵ ئەمانەشدا "دەكرێ لە كاتی پرسیاركردندا تەواوكەرەكە ببێتە ڕاناو یان ئاوەڵكارێك"(sidney& nelson:٢٠٠٩:٨٨). وەك:

- <u>who</u> are you waiting for? *(تۆ چاوەڕێی كێ دەكەی؟)*

- <u>Where</u> are you from? *(تۆ خەڵكی كوێی؟)*

٤-١ **پێكهاتەی فرێزی بەند:** فرێزە بەندەكان تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە ڕوی پێكهاتنەوە، هەروەك لەم خشتەی خوارەوەدا دەردەكەوێ:

| (دیارخەری پێش سەرە) (pre-modifier) | (ئامرازی پەیوەندی) Preposition | (تەواوكەر) Complement |
|---|---|---|
| | At | The cinema |
| | On | internet |
| just | On | monday |

لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەكەوێ كە پێكهاتەی ئاسایی فرێزی بەند بریتیە لە (ئامرازی پەیوەندی+ تەواوكەر)، بەڵام لە هەمان كاتدا دەشێ دیارخەرێك لە پێش ئامرازەكەوە بەشداری پێكهاتەكەی بكا.

٤-٢ **ئەركی ڕێزمانی فرێزی بەند:** ئەرك و ڕۆلی فرێز بەند بە پێی دور و نزیكی پەیوەندیەكەی لەگەڵ كەرەسەكانی دەوروبەریدا دیاردەكرێ، گرنگترین ئەركەكانی فرێزی بەند ئەمانەن:

٤-٢-١ دیارخەری دوای سەرەی ناوێك:

-I took several **courses** in history. *(چەندین کۆرسم لە مێژو وەرگرت)*

- I was **happy** with my marks last term. ٤-٢-٢ دیارخەری دوای سەرەی ئاوەڵناوێك:

*(وەرزی ڕابوردو دڵم بە نمرەکانم خۆشبو)*

٤-٢-٣ ئاوەڵکاری کات:

- Yestrday, The sky was dark. *(دوێنێ ئاسمان تاریکبو)*

٤-٢-٤ دیارخەری پێش سەرەی ناوێك:

- We finished the project after the two-day workshop.

*(پڕۆژەکەمان دوای وێرکشۆپە دوڕۆژییەکە تەواوکرد)*

٤-٢-٥ تەواوکەری ئاوەڵناو: - I am not **afraid** of anything. *(من لە هیچ شتێك ناترسم)*

سەرەڕای دیارکردنی سنور و ئەرکی فرێزی بەند، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا تێکەڵی زۆر هەیە لە نێوان پۆلی ئامراز و پۆلی ئاوەڵکار، ئەمەش وادەکا دەستنیشانکردنی سنوری ئەم جۆرە فرێزە ئاسانەبێ، نمونەیەك لەو تێکەڵیەش وەك:

- I wash my hand just before breakfast. *(من تەنیا پێش نانی بەیانی دەستەکانم دەشۆم)*(ئامراز)

– I've met him before. *(من ئەو[کوڕ]ەم پێشتر بینیوە)* (ئاوەڵکار)

٥. **فرێزی کاری (verb phrase):** ئەم جۆرە فرێزە "پێکدێ لە کارێکی سەرەکی، یان کارێکی یاریدەدەر کە وەکو سەرە دەردەکەوێ. ئەم سەرەیە دەشێ یەك، یان زیاتر لە کارێکی یاریدەدەری لەگەڵدابێ"(Crystal:١٩٩٩:٩٩). وەك:

- I play football. *(من یاریی تۆپی پێ بکەم)*

- I can play football. *(من دەتوانم یاریی تۆپی پێ بکەم)*

واتە؛ فرێزی کاری پێوستە کارێکی لەگەڵدابێ، ئەو کارە بە ناوەندی فرێزەکە دادەنرێ. کارە یاریدەدەرەکان واتا و دۆخی جیاواز بە کاری سەرەکی دەبەخشن، وەکو بەردەوامی، تەواوی، نادیاری...هتد. وەك:

- We all laughed. *(ئێمە هەمومان پێکەنین)*

کاری سەرەکی

- Computers can be very annoying. *(دەکرێ کۆمپیوتەر زۆر بێزارکەربێ)*

کاری سەرەکی مۆدەل

- An apartment would have cost less than hotel for four of us.

کاری سەرەکی کاری یاریدەدەر مۆدەل

*(باڵاخانەیەك تێچوەكەی كەمتردەبێ لە هۆتێلێك بۆ هەر چوارمان)*

- Akar might have been waiting outside for you. *(ئاكار لەوانەیە چاوەڕێت بكا لە دەرەوە)*

مۆدەڵ ١ یاریدەدەر ٢ یاریدەدەر كاری سەرەكی

دەشێ زیاتر لە یەك كاری یاریدەدەر لەگەڵ سەرەی فرێزە كاریەكەدا دەربكەون. زۆرترین ڕێژەی دەركەوتنی كارە یاریدەدەرەكان چوار كاری یاریدەدەرن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەم چوار كارە یاریدەدەرە پێكەوە دەرناكەون، بەڵكو دو دو یان سێ سێ پێكەوە بە پۆلی[1] جیاوازەوە دەردەكەون. سەرەڕای ئەوەش یەكەم كاری یاریدەدەر ڕۆلی سەرەكی هەیە لە ئاڕاستەكردنی كارەكە لە ڕستەدا.

٥-١ **پێكهاتەی فرێزی كاری**: ڕەنگە پێكهاتەی فرێزی كاری بە ئاڵۆزترین پێكهاتە دابنرێ، بە بەراورد بە پێكهاتەی فرێزەكانی تر. فرێزی كاری دو پێكهاتەی جیاوازی هەیە، ئەوانیش:

٥-١-١ فرێزی كاری سادە: فرێزی كاری سادە ئەو فرێزە كاریانە دەگرێتەوە كە تەنیا لە یەك كاری سەرەكی پێكدێن و هیچ كارێكی یاریدەدەر بەشداری پێكهاتەكەیان ناكا، وەك:

- Your camera takes fantastic photos. *(كامێراكەت وێنەی خەیاڵی دەگرێ)*

لەم نمونەیەدا كاری (take) بە تەنیا هاتوە و پێویستی بە هیچ كارێكی یاریدەدەر نەبوە بۆ دەربڕینی ڕێژەكەی، بۆیە بەم جۆرە فرێزە كاریانە دەوترێ فرێزی كاری سادە. هەروەها كاتێ فرێزی كاری لە یەك كاری سەرەكی پێكدێ، ئەوا ڕێژەی ئەو كارە یان ڕابوردوە، یان ڕانەبوردو.

٥-١-٢ فرێزی كاریی ئاڵۆز: ئەو جۆرە فرێزە كاریانە دەگرێتەوە كە جگە لە كاری سەرەكیی ڕستەكە، ئەوا كارێكی مۆدەلی لەگەڵ دێ، یان زیاتر لە كارێكی یاریدەدەر لە پێش كارە سەرەكیەكەوە دەردەكەون و هەمویان پێكەوە فرێزێكی كاریی ئاڵۆز دروستدەكەن. وەك:

- House price could fall during the next six months.

مۆدەڵ كاری سەرەكی

*(لەوانەیە نرخی خانو لە شەش مانگی داهاتودا دابەزێ)*

- You may have played this game before. *(تۆ ڕەنگە پێشتر ئەم یاریەت كردبێ)*

مۆدەڵ یاریدەدەر سەرەكی

ڕیزبەندیی كارەكان لەم جۆرە فرێزە ئاڵۆزانەدا دیار و ئاشكرایە، بە جۆرێ كە كارە مۆدەڵەكان پێش كارە یاریدەدەرەكان دەكەون و هەردوكیشیان پێش كاری سەرەكی دەكەون، واتە؛ كاری سەرەكی هەمیشە لە كۆتایی پێكهاتەكەدا دەردەكەوێ.

---

[1] پۆلەكان بریتین لە (progressive، passive، perfect،modal).

٥-٢: **ئەرکی ڕێزمانیی فرێزی کاری**: جیاواز لە جۆرەکانی تری فرێز، "فرێزی کاری تەنیا یەك ئەرکی هەیە. ئەو ئەرکەش بریتیە لەوەی کە وەکو کەرەسەیەکی سەرەکی ڕۆڵ ببینێ لە ڕستەدا"(Douglas Biber:١٩٩٩:٩٧). واتە؛ ڕستە لە زمانی ئینگلیزیدا، بە هەمان شێوەی زمانانی تری جیهان، بە بێ فرێزی کاری دروستنابێ.

٥-٣: **فۆڕمەکانی فرێزی کاری**: فرێزی کاری چەند شێوە و دەرکەوتنێکی جیاوازی هەیە، لەوانە:

٥-٣-١ دەشێ لە یەك (کاری سەرەکی) پێکهاتبێ:

- I <u>like</u> it. *(من حەزم لێیەتی)*

٥-٣-٢ دەشێ لە (کاری یاریدەدەری [be]+ کاری سەرەکی[ing]) پێکهاتبێ:

- Everybody <u>is</u> <u>watching</u>. *(هەمو سەیردەکەن)*

٥-٣-٣ دەشێ لە (کاری یاریدەدەری [have]+ past participle) پێکهاتبێ:

- Everybody <u>has</u> <u>worked</u> hard. *(هەمو بە جدی کاریانکرد)*

٥-٣-٤ دەشێ لە (کاری یاریدەدەری [have been]+ کاری سەرەکی[ing]) پێکهاتبێ:

- Everybody <u>has</u> <u>been</u> <u>working</u> hard. *(هەمو بە جدی کاریاندەکرد)*

٥-٣-٥ دەشێ لە (کاری مۆدەڵی + کاری سەرەکی) پێکهاتبێ:

- They <u>will</u> <u>come</u>. *(ئەوان دێن)*

٥-٣-٦ دەشێ لە (کاری مۆدەڵی+ کاری یاریدەدەری[be have])پێکهاتبێ:

- They <u>will</u> <u>be</u> listening. *(ئەوان گوێدەگرن)*

**تەوەری دوەم: ڕیزبونی کەرەسەکان لە ڕستەدا:**

ڕیزبونی کەرەسەکان (word order) لە ڕێزمانی هەر زمانێکدا "بریتیە لە ڕیزبونی زنجیرەیی وشەکان لە ڕستەدا"(Crystal:٢٠٠٣:٥٠٣). لە بەشی پێشودا بە شێوەیەکی گشتی باس لە ڕیزبونی کەرەسەکانی زمانی کوردی لە فرێزەکان و جۆرەکانی ڕیزبون کراوە، بۆیە لەم بەشەدا تیشك دەخرێتەسەر ڕیزبونی کەرەسەکانی زمانی ئینگلیزی و زیاتر بایەخ بەو یاسایانە دەدرێ کە چۆن یەکە زمانیەکانی ئەو زمانە لە ڕستەیەکدا پێکەوە دەردەکەون.

زمانی ئینگلیزی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تا ڕادەیەك زۆربەی پانتایی مەیدانی هەمو جۆرە زانستێکی داگیرکردوە لە جیهاندا. ئەم زمانە زاڵ و باوە تا ئێستا چەندین توێژینەوەی بە چەندین زمانی جیاواز دەربارە کراوە. زمانی ئینگلیزی لە ڕوی پێکهاتە و ئاستەکانی زمانەوە هاوشێوەی گشت زمانانی ترە، لە هەمان کاتدا زۆرێك لە تایبەتمەندیەکانی تایبەتە بە خودی زمانەکە خۆی و بەراوردکرنی بە زمانێکی تر ڕەنگە کارێکی زەحمەتبێ، بۆیە ناتوانین بەو شێوەی باسمان لە ڕیزبونی کەرەسەکانی زمانی کوردی کردوە بە هەمان شێوە باس لە ڕیزبونی کەرەسەکانی ئەو زمانەش بکەین، بۆیە باشترین ڕێگا بۆ دیارکردنی ڕیزبونی کەرەسە لە زمانی ئینگلیزیدا بریتیە لە دیارکردن و خستنەڕوی ڕیزبونی کەرەسەکانی ئەو زمانە لە جۆرە جیاوازەکانی ڕستەکانی لە ڕوی داڕشتنەوە. واتە؛ لەم بەشەدا هەوڵدراوە باس لە ڕیزبونی کەرەسەکانی ڕستەی سادە (هەواڵدان، پرسیاری و فەرماندان) و ڕستەی لێکدراو و ڕستەی ئاوێتە بکرێ، وەك لە خوارەوە پوختەیەك دەربارەیان خراوەتەڕو:

١. **ڕیزبونی کەرەسە لە ڕستەی سادەدا:** بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی ئینگلیزیدا "ڕستەی سادە پێکدێ لە بەشی نیهاد [subject] و بەشی گوزارە [predicate]"(Sidney &nelson:١٠). وەك:

- The student | wrote an essay . *(قوتابیەکە وتارێکی نوسی)*

بەشی نیهاد | بەشی گوزارە

لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی سادە تەنیا کەرەسە بنچینەییەکانی ڕستەی تێدایە وەکو (بکەر و کار و بەرکار/تەواوکەر)، واتە؛ ڕستەی سادە بریتیە لە یەك ڕستەی سەربەخۆ لە فۆرم و واتادا، وەك:

-She is brave. *(ئەو[مێ] ئازایە)*

لە ڕستەی سادەدا کاتێ ناوێك یان ڕاناوێك بەهۆی ئامرازێکەوە لێکدەدرێن و پێکەوە کارێك ئەنجامدەدەن، ئەوا ڕستەیەکی سادەی فراوانکراو دروستدەکەن. وەك:

-Akam and Akar went abroad. *(ئاکام و ئاکار چونە دەرەوەی وڵات)*

به گشتی ڕستەی سادە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەیەکی کورتە و بە دەگمەن نەبێ درێژنابێتەوە.

**١-١ ڕیزبونی کەرەسەکان لە ڕستەی سادەی هەواڵدان:** ڕستەی هەواڵدان بریتیە لەو ڕستەی کە بیرۆکەیەکی تەواو دەگەیەنێ، یان زانیاریەك بۆ گوێگر دەگوازێتەوە.

لە ڕستەی هەواڵداندا بکەری ڕستە ڕاستەوخۆ لە پێش کارەکەوە دێ و بەرکاریش ڕاستەوخۆ لە دوای کاری ڕستەکەوە دەردەکەوێ، واتە ڕیزبونەکە لەم ڕستانەدا بەم شێوەیە (بکەر+کار+بەرکار)[١]، وەك:

<u>(subject)بکەر</u> <u>(verb)کار</u> <u>(object)بەرکار</u>

The man wrote a letter. *(پیاوەکە نامەیەکی نوسی)*

Shirin loves farhad. *(شیرین فەرهادی خۆشدەوێ)*

ئەم جۆرە ڕیزبونە تایبەتە بە فرمانی تێپەڕ(transitive verb). لە زمانی ئینگلیزیدا فرمانی تێپەڕ پێویستی بە بەرکار هەیە، بۆ نمونە ئەگەر بڵێین:(marya wants)، ئەوا ڕستەکە واتادار نیە، چونکە نازانین کەوا (marya) چیدەوێ! بۆیە پێویستی بە بەرکارێك (the ball) هەیە بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە، کەواتە ڕستەکە دەبێتە:

-Marya wants the ball. *(ماریا تۆپێکی دەوێ)*

لە هەندێ باردا "دەتوانرێ بکەری ڕستە بسوێ و ئەوکات ڕیزبونەکە دەبێتە [کار+بەرکار]"(Jespersen: ١٩٦٦:١٠٣) وەك:

- (**God**) bless you. *(خوا بتپارێزێ)*

- (**we**) thank you. *([ئێمە] سوپاست دەکەین)*

هەروەها زۆرجار "دەشێ لەگەڵ ئەم جۆرە کارانەدا دو بەرکار دەربکەوێ، ئەوانیش بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆن"(Quirck:١٩٩٠:٢٠٦)، بۆیە ڕیزبونەکە دەبێتە (بکەر+ کار+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ بەرکاری ڕاستەوخۆ)، وەك:

-He poured <u>me</u> | <u>some water</u>. *([ئەو]نێر] هەندێ ئاوی بۆم تێکرد)*

بە. ناڕاستەوخۆ | بە. ڕاستەوخۆ

واتە؛ لەم جۆرە ڕیزبونەدا بەرکاری ناڕاستەوخۆ پێش بەرکاری ڕاستەوخۆ دەکەوێ.

هەرچی سەبارەت بە ڕستە کار تێنەپەڕەکانە، پێویستییان بە بەرکار نیە و تەنیا کار و بکەر ڕستەیەکی تەواو و سەربەخۆ دروستدەکەن، بۆیە ڕیزبونەکە دەبێتە (بکەر+کار)، وەك:

---

[١] (S+V+O)

-They | worked. *(ئەوان کاریانکرد)*

بکەر | کار

- we talked for hours. *(ئێمە چەند سەعاتێك قسەمانکرد)*

لە لایەکی ترەوە هەندێ کار[1] لە زمانی ئینگلیزیدا هەن دەکرێ ببنە تێپەڕ و تێنەپەڕ. وەك:

- The train | stopped. *(شەمەندەفەرەکە وەستا)*

بکەر | کار/تێنەپەڕ

- Tom | tried | to stop her from leaving. *(تۆم هەوڵیدا ئەو بوەستێنێ لە جێهێشتن)*

بکەر | کار/تێپەڕ | بەرکار

هەروەها لە ڕستەی سادەی هەواڵداندا دەکرێ چەند کارێکی یاریدەدەر(Auxiliary verb) لەگەڵ کاری سەرەکی ڕستەکەدا دەربکەون، وەك:

-He might have **waited** outside. *(ئەو [نێر] لەوانەیە لە دەرەوە چاوەڕێی کردبێ)*

ئاشکرایە "ئەگەر زیاتر لە یەك کار لە ڕستەدا هەبو، ئەوا کۆتا کار سەرەکییە و ئەوانی تر یاریدەدەرن"(quirck:١٩٩٠:٢١٤). واتە؛ لەو ڕستەی سەرەوەدا (might - have) کاری یاریدەدەرن و (waited) کاری سەرەکی ڕستەکەیە. تا چوار کاری یاریدەدەریش دەتوانن پێکەوە لە پێش کاری سەرەکی ڕستەوە بکاربێن.

بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی ئینگلیزیدا شەش قاڵبی بنجی ڕستەی سادە هەیە. ئەوانیش:

١) بکەر+کار:*(ئەوان نوستن)* -They slept.

٢) بکەر+کار+بەرکار: *(من حەزم لە برنجە)* -I like rice.

٣) بکەر+کار+تەواوکەر: دەکرێ تەواوکەرەکان دابەشی سەر سێ جۆری تر بکرێن، ئەوانیش:

٣-١ بکەر+کار+ئاوەڵناو: *(ئەو گاڵتەچیە)* - He is funny.

٣-٢ بکەر+کار+ئاوەڵکار: *(سەردار لێرەیە)* - Sardar is here.

٣-٣ بکەر+کار+ناو: *(ئەو [مێ] دایکی منە)* - She is my mother.

٤) بکەر+کار+بەرکار+تەواوکەر: *(ئەو کتێبەکەی پێدا)* - He gave him the book.

٥) بکەر+کار+بەرکار+ئاوەڵکار: *(من یارمەتیی ئەوم دا لە قوتابخانە)* - I helped him at school.

٦) بکەر+کار+بەرکاری ناڕاستەوخۆ+بەرکاری ڕاستەوخۆ:

- I bought her a gift. (من دیارییەکم بۆ ئەو[مێ] کڕی)

[1] گرنگترین ئەو کارانەش ئەمانەن: (Start،move، change، close، do، run، set، live، wash، write، open، stop، ).

زۆرجار ڕستەی سادە کەرەسەی تری لەگەڵدا دێ وەکو (ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ...هتد). ئەم کەرەسانەش شوێنیان لە ڕستەدا جێگیرە، وەك لە خوارەوە باسکراون:

- **بەرکاری ناڕاستەوخۆ**: ئەم جۆرە بەرکارە ئەگەر بە هۆی (to) دروستبو، ئەوا لە دوای بەرکاری ڕاستەوخۆوە دێ، وەك:

- The doctor gave some medicines <u>To the child</u>. *(دکتۆرەکە هەندێ دەرمانی دا بە منداڵەکە)*

بەڵام ئەگەر بە هۆی (to)ەوە دروستنەبو، ئەوا هەمیشە دەکەوێتە پێش بەرکاری ڕاستەوخۆوە، وەك:

-The doctor gave <u>child</u> some medicines. *(دکتۆرەکە هەندێ دەرمانی بە منداڵەکە دا)*

- **ئاوەڵکار**: لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵکارەکان لە سێ شوێنی ڕستەدا دەردەکەون، ئەوانیش (سەرەتا- ناوەڕاست- کۆتایی)ە، بۆیە لە ڕستەکاندا ڕیزبونەکە گۆڕانی بەسەردا دێ. وەك:

أ. سەرەتا: بە زۆری ئاوەڵکارە کاتیەکان لە باری جەختکراوەدا (Emphasized)دا دێنە سەرەتای ڕستەکانەوە، بۆیە ڕیزبونەکە دەبێتە: (ئاوەڵکار+بکەر+کار+بەرکار). وەك:

-<u>Yesterday</u> the man wrote a letter. *(دوێنێ پیاوەکە نامەیەکی نوسی)*

- <u>Tomorrow</u> I will tell you the story. *(سبەی من چیرۆکەکەت پێدەڵێم)*

ب. ناوەڕاست: چەند جۆرە ئاوەڵکارێك دەتوانن لە ناوەڕاستی ڕستەوە بێن، ئەوانیش ئاوەڵکاری چۆنیەتی و دوبارەبونەوەن، بۆیە ڕیزبونەکە دەبێتە: (بکەر+ ئاوەڵکار+ کار+بەرکار). وەك:

- She <u>immediately</u> solved the problem. *(ئەو [مێ] یەکسەر کێشەکەی چارەسەرکرد)*

- We <u>always</u> spend our holidays with our grandparents.

*(ئێمە هەمیشە پشوەکانمان لەگەڵ داپیرو باپیرمان بەسەردەبەین)*

ج. کۆتایی: ئاوەڵکاری چۆنیەتی و شوێن و ماوە دەتوانن لە کۆتایی ڕستەوە دەربکەون، بۆیە ڕیزبونەکە دەبێتە: (بکەر+کار+بەرکار+ ئاوەڵکار). وەك:

- He solved the problem <u>immediately</u>. *(ئەو [مێ] یەکسەر کێشەکەی چارەسەرکرد)*

- I am not staying <u>long</u>. *(من زۆر نامێنمەوە)*

- He stayed <u>behind</u>. *(ئەو لە پشتەوە مایەوە)*

- **ئاوەڵناو**: ئاوەڵناوەکان بە گشتی و ئاوەڵناوی چۆنیەتی بە تایبەتی بە دو شێوە دەردەکەون لە ڕستەدا، ئەوانیش:

أ- ئەگەر لەگەڵ ناوێك هات، ئەوا هەمیشە دەکەوێتە پێش ناوەکەوە؛ واتە ڕیزبونەکە دەبێتە (ئاوەڵناو+ ناو)، بۆ نمونە:

- I like <u>red</u> **apple**. *(من حەزم لە سێوی سورە)*

- We saw a <u>good</u> **man**. *(ئێمە پیاوێکی باشمان بینی)*

ب- ئەگەر وەکو تەواوکەر بەکارهات، ئەوا لە دوای کاری ڕستەوە دێ، بۆیە ڕیزبونەکە دەبێتە (بکەر+ کار+ ئاوەڵناو)، بۆ نمونە:

- She **is** <u>beautiful</u>. *(ئەو [مێ] جوانە)*

- He **is** <u>tall</u>. *(ئەو [نێر] درێژە)*

**٢-١: ڕیزبونی کەرەسە لە ڕستەی سادەی فەرماندان:** ڕستەی فەرماندان جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستە کە بەکاردێ بۆ فەرمانکردن و پێدانی ئامۆژگاری و داواکاری...هتد لە کەسی بەرامبەر.

لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی فەرماندان بکەری لەگەڵدانیە، یان بکەر کەرەسەیەکی خۆشەکیە، بۆیە تەنیا بەهۆی کارێك (لە تێنەپەڕدا) و کار و بەرکار/ (تەواوکەر) (لە تێپەڕدا) دەتوانرێ ڕستەیەکی فەرماندان دروستبکرێ. وەك:

- Go. *(برۆ)*

<u>کار</u>

- Listen. *(گوێبگرە)*

<u>کار</u>

| -take | it. *(ئەوە [بێگیان] ببە)* |
|---|---|
| کار | بەرکار |

| - sit | down. *(دانیشە)* |
|---|---|
| کار | تەواوکەر |

واتە ڕیزبونی کەرەسە لە جۆری یەکەمدا تەنیا بریتیە لە کارێکی تێنەپەڕ، بەڵام لە جۆری دوەمدا بریتیە لە ([بکەر]+کار+بەرکار/ (تەواوکەر))، هەروەها "لە کاتی نەرێکردنی ئەم جۆرە ڕستانە، ئەوا ڕیزبونەکە دەگۆڕێ و وشەی (don't) بەکاردێنین لەگەڵ شێوەی چاوگی کارەکە. لە ئاخاوتنی فەرمیشدا لە بری وشەی (don't)، ئەوا وشەی (do not) بەکاردێ"(Sinclair:٢٠٠٤: ٥٩٧) وەك:

-Don't sit here. *(لێرە دامەنیشە)*

- do not sit here. *(لێرە دامەنیشە)*

هەروەك لە سەرەتادا خرایەڕو ئەم جۆرە ڕستانە بکەریان تێدانیە، "تەنیا ئەگەر ڕستەکە جەختکراوە [Emphasized] بێ"(سامی سەعید:٢٠٠٩:٣٠). وەك:

- (you) stand up. *([تۆ] هەستەوە)*

- (you) speak well. *([تۆ] بە باشی قسەبکە)*

هەروەها لە ڕستەی فەرماندا "دەتوانرێ ئاوەڵکارێك بۆ کۆتایی ڕستەکە زیادبکرێ و ڕیزبونەکە دەبێتە [کار+ بەرکار+ ئاوەڵکار]"(Quirck:١٩٧٢:٤٢). وەك:

| | | |
|---|---|---|
| - put | it | on the table. *(ئەوە [بێگیان] لەسەر مێزەکە دابنێ)* |
| - leave | here | after lunch. *(ئێرە جێبهێڵە دوای نانی نیوەڕۆ)* |
| کار | بەرکار | ئاوەڵکار |

لە زمانی ئینگلیزیدا فەرماندانی ڕێزدارانە و جەختکردنەوە هەیە کە بە هۆی وشەی (Do) دروستدەبێ. وەك:

- Do sit down. *(دانیشە)*

- Do come here. *(وەرە ئێرە)*

بە گشتی ڕستەی فەرماندان لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بەکاردێ:

١) بۆ فەرماندانێکی ڕاستەوخۆ: - Give me the book. *(کتێبەکەم بدەرێ)*

٢) بۆ پێدانی ڕێنمایی: - Take two tablets every evening.

*(هەمو ئێوارەیەك دو حەب بخۆ)*

٣) بۆ بانگهێشتنامە: - Come in and sit down, make yourself at home.

*(وەرە ژورەوە و دابنیشە، وا دابنێ ماڵی خۆتە)*

٤) بۆ هێما و ئاگادارکردنەوەکان: - Do not use mobile. *(مۆبایل بەکارمەهێنە)*

٥) بۆ ئامۆژگاری هاوڕێیانە [نافەرمی]: - Speak to him, tell him, how you fell.

*(قسەی لەگەڵ بکە، پێی بڵێ کە هەست بە چی دەکەی)*

لە ڕستەی فەرماندا بکەر هەمیشە ڕاناوی (you)ە، بۆیە دەشێ دەربکەوێ، یان دەرنەکەوێ.

**١-٣ ڕیزبونی کەرەسە لە ڕستەی سادەی پرسیاری:** ڕستەی پرسیاری بریتیە لەو ڕستەیەی کە بۆ پرسیارکردنی ڕاستەوخۆ بەکاردێ و بە نیشانەی پرسیار (؟) کۆتایی دێ. ئەم جۆرە ڕستەیە دابەشی سەر چەند جۆرێك دەبێ. گرنگترینیان ئەمانەن:

١-٣-١ ڕستەی پرسیاری بەڵێ/ نەخێر(yes/ no question): جۆرێکە لە جۆرە سەرەکیەکانی ڕستەی پرسیاری، ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە وەڵامی پرسیارەکە پێویستە بە بەڵێ، یان نەخێر بێ. ڕیزبونی کەرەسە لەم جۆرە ڕستانەدا بەم شێوەیە:

- کاری یاریدەدەر(v.be )+ بکەر+ تەواوکەر: وەك:

- Is she a student? *(ئایا ئەو قوتابییە؟)*

- Are they happy? *(ئایا ئەوان دڵخۆشن؟)*

- کاری یاریدەدەر (modal verb) + بکەر+ کاری سەرەکی+ تەواوکەر:وەك:

- Can you play football? *(دەتوانی یاری تۆپی پێ بکەی؟)*

- Do you help them? *(تۆ یارمەتیان دەدەی؟)*

ئەم جۆرە ڕستانە زۆر بەربڵاون و جۆر و شێوەی دەرکەوتن و پێکهاتنی جیاوازییان هەیە و ئەم باسە ناچێتە ناو تەواوی وردەکاریەکانیەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتەکەی بەم جۆرەیە (کاری یاریدەدەر+ بکەر + کاری سەرەکی + تەواوکەر).

١-٣-٢ ڕستەی پرسیاری Wh (Wh question): جۆری دوەمی ڕستەی پرسیاریە و ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە بە یەکێك لە وشە پرسەکان[1] دەستپێدەکا. ڕیزبونی کەرەسە لەم جۆرە ڕستانەدا بریتیە لە (وشەی پرس+ کاری یاریدەدەر+ بکەر+ کاری سەرەکی). وەك:

- Where does he live? *(ئایا ئەو [نێر] لە کوێ دەژی؟)*

- Why do you lie? *(تۆ بۆچی درۆ دەکەی؟)*

لەو جۆرە ڕستانەی کە کاری سەرەکی ڕستە کارێکی تەواونیە، واتە؛ کاری یاریدەدەری (verb to be) بوە بە کاری سەرەکی ڕستەکە، ئەوا ڕیزبونی کەرەسە لەم ڕستانەدا بریتیە لە (وشەی پرس+ کاری یاریدەدەر+ بکەر). وەك:

- Where is he? *(ئەو [نێر] لە کوێیە؟)*

- What time was the party? *(ئاهەنگەکە چ کاتێ بو؟)*

١-٣-٣ ڕستەی کلکە پرسیار (tail question): ڕستەی کلکە پرسیار بریتیە لە پرسیارێکی کورت کە دەکەوێتە کۆتایی وتنەکەوە. هەمیشە ڕاناوێك وەکو بکەر لە کۆتایی ڕستەکەوە دوبارە دەنوسرێتەوە کە هەمان بکەری ڕستەی یەکەمە، بۆیە ڕیزبونی کەرەسە لەم جۆرە ڕستانەدا لە باری ئەرێدا بریتیە لە (کاری یاریدەدەر+ ڕاناوی بکەری). وەك:

-They didn't know the answer, did they? *(ئەوان وەڵامەکەیان نەزانی، ئایا زانیان؟)*

لەم ڕستانەدا پرسیارەکە بە هەمان دەمی کاری ڕستەی یەکەم دەکرێ، واتە؛ ئەگەر ڕابوردو بو، ئەوا پرسیار بە ڕابوردو دەکرێ، ئەگەر ڕانەبوردو بو، ئەوا پرسیار بە ڕانەبوردو دەکرێ. هەروەها ئەگەر ڕستەی یەکەم ئەرێ بو، ئەوا پرسیار بە نەرێ دەبێ و بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕستەی یەکەم نەرێ بو، ئەوا پرسیار بە ئەرێ دەبێ.

---

[1] کۆمەڵێ وشەی پرس هەن لە زمانی ئینگلیزیدا گرنگترینیان (who، when، what، which، why، where، how many...)ن.

له باری نەرێدا ڕیزبون لەم جۆرە ڕستانەدا گۆڕانی بەسەردا دێ و بەم شێوەیەی لێدێ (کاری یاریدەدەر+ ئامرازی [not]ی نەرێ+ ڕاناوی بکەری). وەك:

-You love her, don't you? (*تۆ ئەوت خۆشدەوێ، وانیە؟*)

٢. **ڕیزبونی کەرەسە لە ڕستەی لێکدراودا**: لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی لێکدراو ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە بە لایەنی کەمەوە لە دو ڕستەی سەربەخۆ (Independent clause) پێکهاتبێ. ئەم جۆرە ڕستانە بە شێوەیەکی گشتی بە پێی چەند یاسایەك دروستدەبن، ئەوانیش:

٢-١ بەهۆی ئامرازە لێکدەرەکانی ( so, but, and, or, nor...):

ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە بە هۆی ئەو ئامرازە لێکدراوانەوە دروستدەبن و ئامرازەکانیش ڕۆلی سەرەکی دەبینن لە بەستنەوەی هەردو ڕستەکە لە ڕوی واتا و فۆڕمەوە. وەك:

-Sara is calm, but Samira is talkative. (*سارا کپە، بەڵام سەمیرە زۆربلێیە*)

ئەو ڕستەیەی کە ئامرازی لەگەڵە هەمیشە ڕستەی دوەمە و ناتوانێت بێتە سەرەتای ڕستەکانەوە. واتە؛ ئامرازی لێکدەر هەمیشە لە نێوان ئەو دو ڕستە سادەیەوە دێ کە پێکەوەی گرێداون.

٢-٢ بە هۆی سیمیکۆلۆنەوە (؛):[1] ئەم ڕستە لێکدراوانە بە هۆی وێرگوڵ و خاڵێکەوە دروستدەبن و ئەم نیشانەیە شوێنی ئامرازە لێکدەرەکان دەگرێتەوە. ئەم نیشانەیە لە ئینگلیزیدا پێی دەوترێ (semicolon). وەك:

-Sara is calm; Samira is talkative. (*سارا کپە؛ سەمیرە زۆربلێیە*)

٢-٣ بە هۆی دوخاڵەوە (:): جۆری سێیەمی ڕستەی لێکدراوە و بە هۆی دو خاڵ لەسەر یەکەوە دروستدەبێ. زیاتر بۆ شیکردنەوە و خستەڕوی بابەتێك بەکاردێ. وەك:

-There are two choices at this time: run or stay. (*لەم کاتەدا دو بژاردەت هەیە: ڕاکە یان بمێنەوە*)

جێگەی سەرنجە ئەگەر باس لە شێوە و چۆنیەتی پێکهاتەی ئەم جۆرە ڕستانە بکرێ، ئەوا ئەو دو ڕستەی (یان زیاتر) کە ڕستە لێکدراوەکەیان دروستکردوە هەمان پێکهاتەی ڕستەی سادەیان هەیە، هەر لەبەرئەوەشە لێرەدا پێکهاتەی وردی ئەم جۆرە ڕستانە دوبارە ناکرێنەوە.

**٣: ڕیزبونی کەرەسە لە ڕستەی تێکەڵدا (Complex Sentence):** ڕستەی ئاڵۆز بریتیە لەو ڕستەیەی کە پێکدێ لە دو ڕستە (clause) یان زیاتر. ڕستەیەکیان سەرەکی و سەربەخۆیە،

[1] نیشانەیەکی خاڵبەندیە لە زمانی ئینگلیزیدا، بە زۆری بۆ جیاکردنەوەی دو ڕستەی سەربەخۆ بەکاردێ.

پێیدەوترێ: شاڕستە (independent clause)، ئەوی تریان شوێنکەوتوە و واتایەکی سەربەخۆی نیە و پێیدەوترێ: پاڕستە (subordinate clause). وەك:

- <u>Although he is clever,</u> | <u>he can’t pass the exam</u>.

پاڕستە شاڕستە

*(لەگەڵ ئەوەی ئەو[نێر] زیرەکە، ناتوانێ لە تاقیکردنەوەکە دەربچێ)*

پاڕستەکان هەمیشە ئامرازێکی لێکدەریان لەگەڵدا دێ، بۆیە ئەو ئامرازە واتای ڕستەکە بۆ خۆی ڕادەکێشێ و لە واتای بنجی خۆی دوردەخاتەوە و دەیخاتە خزمەت شاڕستەوە. واتە؛ هەردەم پاڕستە وەسفی کەرەسەیەك لە کەرەسەکانی شاڕستە دەکا. هەروەها بە پێی مەبەستە جۆراوجۆرەکانی قسەکەر شوێنی پاڕستە و شاڕستەکانیش دەگۆڕێن لە ڕستەدا، واتە؛ دەکرێ شاڕستە لە سەرەتادا بێ و بە دوایدا پاڕستە بێ، یان بە پێچەوانەوە. وەك:

- I want to blow some money, but not mine

*(من دەمەوێ هەندێ پارە خەرجبکەم، بەڵام هی خۆم نا).*

- Although he is clever, he can’t pass the exam.

لە ڕستەی یەکەمدا ڕستەی (I want to blow some money) شاڕستەیە و لە سەرەتای ڕستەکەوە هاتوە، بەڵام لە ڕستەی دوەمدا بە پێچەوانەوەیە و ڕستەی ( he can’t pass the exam) شاڕستەیە و لە کۆتایی ڕستەکەدا دەرکەوتوە.

بە هەمان شێوەی ڕستەی لێکدراوە، پێکهاتەی شاڕستەکان هەمان پێکهاتەی ڕستە سادەکانیان هەیە، بۆیە لێرەدا ئەو باسە دوبارە ناکرێتەوە، بەڵام هەرچی سەبارەت بە پاڕستەکانە، ئەوا لە زمانی ئینگلیزیدا پاڕستەکان پێکهاتە و جۆری زۆر ئاڵۆزیان هەیە و باسکردنیان دەکەوێتە بەشی داهاتوی ئەم توێژینەوەیە.

## بەندی دووەم

## ڕستە و جۆرەکانی لە زمانی ئینگلیزیدا

**تەوەری یەکەم: جۆرەکانی ڕستەی زمانی ئینگلیزی:**

لە زمانەوانی تیۆریدا ئاستی ڕستەسازی یەکێکە لە ئاستە سەرەکییەکان و لە هەمو ئاستەکانی تر فراوانترە. ئەم ئاستە بە شێوەیەکی گشتی لە دو جۆرە کەرەسە دەکۆڵێتەوە، ئەوانیش: فرێز و ڕستەیە. ئەم کەرەسانە لە ئاستی ڕستەسازیدا لە ڕوی پێکهاتن و ڕیزبونی کەرەسەکانیان و چۆنیەتی لێکدانیان و پێکەوە هاتنیان بۆ دروستکردنی یەکەی گەورەتر، لێیاندەکۆڵرێتەوە.

توێژەران تا ئێستاش کۆکن لەسەر ئەوەی کە "ڕستە گەورەترین یەکەی ڕێزمانیی زمانە"(Sidney& Nelson:٢٠٠٩:١٢٠). ڕستەش لە پێکەوە هاتن و لێکدان و خستنەپاڵ یەکی فرێزە جۆراوجۆرەکانی زمان پێکدێ، لە بەشی پێشودا باس لە هەریەك لە فرێز و جۆرەکانی و ڕیزبونی کەرەسەکانیان کراوە لە زمانی ئینگلیزیدا، بۆیە لێرەدا بە کورتی باس لە هەریەك لە ڕستەکانی زمانی ئینگلیزی دەکرێ.

- **ڕستەی زمانی ئینگلیزی و پۆلینکردنی جۆرەکانی:** بۆ ئەوەی باس لە ڕستەی ئینگلیزی و جۆرەکانی بکەین، سەرەتا پێویستە بزانین ڕستە چیە و لە چی پێکدێی و بە چەند شێوە پۆلیندەکرێ؟

ڕستە "بریتیە لە کۆمەڵە وشەیەك کە بیرۆکەیەکی تەواو نیشاندەدا. ڕستە هەمیشە بەشی بکەر و کاری تێدایە"(Howard:٢٠٠٧:١١٨). ئەم پێناسەیە جەخت لە دو لایەنی ڕستە دەکاتەوە. یەکەمیان پێویستە ڕستە بیرۆکەیەکی تەواو بگەیەنێ، ئەمەش زۆرجار پۆلینکردنی ڕستە دوچاری کێشە دەکاتەوە، چونکە ڕستە هەیە زیاتر لە بیرۆکەیەك دەگەیەنێ. لایەنی دوەمیان ئەوەیە کە ڕستە پێویستە هەمیشە بەشی بکەر و کاری تێدابێ. ئەمەشیان هەندێ دەربڕین ئەگەرچی بیرۆکەیەکی تەواویش دەگەیەنێ، بەڵام بە ڕستە دانانرێ وەك (hello, thanks). هەروەها (Sidney& Nelson:٢٠٠٩:١٠٢) بەم شێوەیە پێناسەی ڕستەیان کردوە: "ڕستە بریتیە لە زنجیرە وشەیەك کە بە پیتی گەورە دەستپێدەکا و بە خاڵێك کۆتایی دێ، ڕستەی پرسیاری بە نیشانەی پرسیاری و ڕستەی هەستدەربڕین بە نیشانەی سەرسوڕمان کۆتاییان دێ". ئەم پێناسەیە زیاتر جەخت لە شێوەی ڕستەکان دەکاتەوە. بەپێی پێناسەکان چەند پێوەرێکی دیارکراو بۆ ناساندن و وەسفکردنی ڕستە دانراوە لەوانە "هەمو ڕستەیەك پێویستە زانیارییەکی ڕون و تەواو ببەخشێ"(Laurie:٢٠٠٣:١٧٠). واتە؛ هەر دەربڕینێك واتایەکی تەواو ببەخشێ، ئەوا بە ڕستە دادەنرێ.

هەروەك باسكرا يەكێكی تر لەو پێوەرانە ئەوەیە كە "ڕستە دابەشی سەر دو بەش دەكرێ: بەشی بكەر [نیهاد]، بەشی كار [گوزارە]. بەشی كار/ گوزارە هەمیشە كارێكی لەگەڵدایە، جا چ سەرەكی بێ یان یاریدەدەر. ئەوەی دەمێنێتەوە سەر بە بەشی بكەرن"( Sidney& Nelson:٢٠٠٩:١٠). هەروەها ئەم پێوەرانە بەپێی جۆری پۆلینكردنەكە دەگۆڕێ.

بە هەمان شێوەی زمانی كوردی، ڕستە لە زمانی ئینگلیزیدا بە چەند شێوە و ڕێگەیەكی جیاواز پۆلینكراوە. هەریەك لەو پۆلینكردنانەش لە گۆشە نیگای جیاوازەوە لە ڕستەی ڕوانیوە. بۆ نمونە پۆلینكردنی تیۆریی (Notional Definition) پێوەری بۆ ڕستە ئەوەیە كە دەبێ بیرۆكەیەكی تەواو ببەخشێ. لە بەرامبەردا پۆلینكردنی فۆڕمی (Formal Definition) پشت بەوە دەبەستێ كە ڕستە بە پیتی گەورە دەستپێدەكا و بە نیشانەكانی خاڵبەندی، خاڵ و نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان كۆتاییان دێ.

ئەوەی لە سەرچاوە ئینگلیزیەكاندا بەرچاودەكەوێ ئەوەیە كە توێژەرانی زمانی ئینگلیزی زیاتر بایەخ بە پۆلینكردنی ڕستە لە ڕوی دەمكات (Tense) و پێكهاتنەوە (Structure) دەدەن. بە جۆرێ لە زۆربەی سەرچاوەكاندا باس لە دەمكات و جۆرەكانی ڕستە كراوە. ڕستە بە پێی كاتی ڕودانی كارەكەی دەكرێ بە سێ جۆر: ئەو ڕستانەی باس لە كاتی ڕابوردو دەكەن، دوەم ئەو ڕستانەن كە بۆ گوزارشتكردنە لە كاتی ئێستا، سێیەم جۆر ئەو ڕستانە كە باس لە كاتی داهاتو و دوای دەمی ئاخاوتن دەكەن. لە بەرامبەردا بە پێی پێكهاتنی ڕستەكان و جۆری دەركەوتنی كەرەسەكان پێكەوە كە پێی دەوترێ پۆلینكردنی ڕستە بە پێی پێكهاتەكەی، ئەوا ڕستەی ئینگلیزی دابەشی سەر چوار جۆر كراوە: ڕستەی (سادە و لێكدراو و تێكەڵ و لێكدراوی تێكەڵ)، لە خوارەوە پوختەیەك دەربارەی هەر یەكەیان خراوەتەڕو:

١. **ڕستەی سادە (Simple sentence):** ڕستەی سادە "ئەو ڕستەیە كە لە كۆمەڵێ وشە[1] پێكدێ و یەك كار و یەك بكەری تێدایە"(Howard :٢٠٠٧:١٢٢). وەكو:

- The girls | are playing baseball. *(كچەكان یاری بەیسبۆڵ دەكەن)*

بەشی بكەر | بەشی كار

ڕستەی سادە "پێكدێ لە یەك تاكە ڕستەی سەربەخۆ"(Quirck و ئەوانی تر:١٩٨٥:٧١٩). واتە؛ ڕستەی سادە دەبێ یەك بكەر و یەك كاری تێدابێ و بە شێوەیەكی سەربەخۆ بەكاربێ و واتایەكی سەربەخۆ و تەواوی هەبێ، هەروەك (L.G Alexander) لە كتێبی ( Longman English Grammar) دەڵێ: (ڕستەی سادە یەكەیەكی تەواوە لە واتا كە پێكدێ لە بكەر و كار و

[1] هەندێ ڕستە هەیە تەنیا لە یەك وشە پێكدێ و دواتر لە جۆرەكانی ڕستەی سادە دەخرێتە بەرباس.

تەواوکەرەکانی، ئەگەر پێویست بن، بە واتایەکی تر ئەو یەکەیە دەبێ واتا و بیرۆکەیەك ببەخشێ).
وەك:

- Made in Germany. *(لە ئەڵمانیا دروستکراوە)*

ئەم یەکەیە لە ڕوی واتاوە تەواوە، بەڵام بە ڕستە دانانرێ، چونکە بکەری تێدانیە، بەڵام لە نمونەی:

- My car was made in Germany.*(ئۆتومبێلەکەم لە ئەڵمانیا دروستکراوە)*

ئەم ڕستەیە، ڕستەیەکی سادەی تەواوە لە ڕوی واتا و فۆڕم و ڕێزمانییەوە، چونکە پێکهاتوە لە بکەر و کار و تەواوکەر.

ڕستەی سادە بە پێی جۆری کارەکەی و بەکارهێنانەکانی، پێکهاتەکەی دەگۆڕێ بە جۆرێ یان لە شێوەی تاکە وشەیەکدا دەردەکەوێ و ئەو کاتە پێی دەوترێ ڕستەی یەك وشەیی ( word Sentence)، یان تەنیا لە کەرەسە بنچینەیی و بەخورتییەکانی ڕستە پێکدێ و ئەو کاتە دەبێتە ڕستەی سادەی ئاسایی. جۆری سێیەمی ڕستەی سادە بریتیە لە ڕستەی سادەی فراوانکراو کە ئەم جۆرەشیان کاتێ دروستدەبێ کە جگە لە کەرەسە بنچینەییەکانی ڕستە، کۆمەڵێ کەرەسەی تری لاوەکی وەکو دیارخەری ناو و تەواوکەری کار لە ڕستە سادەکاندا دەردەکەون. لە خوارەوە باس لە هەریەك لەو جۆرە ڕستانە کراوە:

**١-١ ڕستەی سادەی یەك وشەیی (word Sentence)**[١]: جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستەی سادە. ئەم جۆرە ڕستەیە لە زمانی ئینگلیزیدا کەمترین بیر و ڕای دەربارە نوسراوە، ئەگەرچی لە ڕوی بەکارهێنان و دەرکەوتنەوە زۆر باو و چالاکن، بە تایبەت لە زمانی قسەکردندا. ( R.W Zandvoort:١٩٧٥:١٩٦) ڕای وایە "ڕستە دەکرێ یەك وشە، یان زیاتربێ" واتە؛ لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستە هەیە لە یەك تاکە وشە پێکهاتوە و ڕستە هەیە زیاتر لە یەك وشەیە. ڕستەی تاك وشەیی لە چەند بارێکی دیارکراودا دەردەکەون. وەك:

- لە ڕستەی فەرماندانادا: لە ڕستەی فەرماندانی تێنەپەڕدا بە شێوەیەکی گشتی ڕستە لە ئاستی سەرەوەیدا لە شێوەی تاکە وشەیەکدا دەردەکەوێ. وەك:

- Go. *(بڕۆ)*

- Listen. *(گوێبگرە)*

ئەم ڕستانە لە تەنیا کارێ پێکهاتون، ئەگەرچی لە پێکهاتەی قوڵیدا بکەرێك هەیە، بەڵام دەرنەکەوتوە. ئەم جۆرە ڕستەیە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەیە:

---

[١] (David crystal) لە کتێبی (A dictionary of linguistics and phonetics) ئەم ناوەی بۆ داناوە.

- (You) go. *(برۆ)*

- (You) listen. *(گوێبگرە)*

بە هۆی ئەوەی لە ڕستەی فەرماندانی تێنەپەڕدا تەنیا کار و بکەر هەیە، بکەریش هەمیشە ڕاناوی بکەری (You)ە بۆ کەسی دوەمی تاك و کۆ، بۆیە لەم ڕستانەدا دەکرێ دەرنەکەون و ئەم بارەش لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێ (Ellipsis).

- لە ڕستەی پرسیاریدا: ڕستەی پرسیاری چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، بۆیە تەنیا لەو ڕستە پرسیاریانەی کە بە وشەی پرس (Question word) دروستدەبن، دەکرێ ڕستەی یەك وشەیان لێ دروستدەبێ. وەك:

- Why?(*بۆچی؟*) (ڕستەی یەك وشەییە)

- When? (*کەی؟*) (ڕستەی یەك وشەییە)

ئەم ڕستانە لە دەوروبەری تایبەت و دیارکراودا بەکاردێن، بە تایبەت لە کاتێدا کە زانیاری هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگردا لە ئارادایە و ڕستەکانی پێشتر زەمینە بۆ ئەو ڕستە پرسیاریانە خۆشدەکەن.

- لە ڕستەی ڕاگەیاندندا: لە دۆخی هەواڵداندا، ڕستەی یەك وشەیی دەتوانێ لە چەند شێوەیەکدا دەربکەوێ. وەك:

- لە کاتی وەڵامدانەوە: زۆر جار لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیاردا قسەکەر پەنادەباتەبەر بەکارهێنانی ڕستەی تاك وشەیی. وەك:

- Can you help me? *(دەتوانی یارمەتیم بدەی؟)*

- Yes. *(بەڵێ) (ڕستەی یەك وشەییە)*

هەرچەندە ئەو ڕستانە لە ئاستی سەرەوە و شێوەی دەربڕیندا فۆڕمی یەك وشەیین، بەڵام لە ئاستی ژێرەوەدا سەرجەم توخمە پێویستیەکانی ڕستەیان تیادایە و ئەو کەرەسانەش لە ڕستەکانی پێشتر کۆپی کراون، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ زمانەوان[1] پێیان وایە کە ئەمانە ڕستە نین، چونکە بکەر، یان کاریان تێدا نیە، ئەگەرچی واتا و بیرۆکەیەکی تەواو دەگەیەنن.

- بۆ شوێن: زۆر جار بۆ وەڵامی پرسیارێك قسەکەر پەنادەباتەبەر بەکارهێنانی ناوی شوێن، یان جێناوێکی نیشانە کە ئەمانەش لە شێوەی ڕستەیەکی تاك وشەییدان. وەك:

- Where did you meet Tom? *(لە کوێ (تۆم)ت بینی؟)*

- Here. *(لێرە) (ڕستەی یەك وشەییە)*

---

[1] لەوانە (L.G. Alexander، ١٩٩٠, Longman English grammar practice )

- بۆ کەس: هەندێ جار تەنیا ناوێك، یان ڕاناوێ بەکاردێنین بۆ وەڵامی هەندێ پرسیار، ئەم وەڵامەش دەبێتە ڕستەی تاك وشەیی. وەك:

- Who killed the man? (*کێ پیاوەکەی کوشت؟*)

- Me. *(ڕستەی یەك وشەییە)* *(من)*

بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە ڕستەیە زیاتر لە کاتی قسەکردندا بەکاردێن، وەك لە زمانی نوسیندا.

**١-٢ ڕستەی سادەی ئاسایی:** ئەو ڕستە سادانە دەگرێتەوە کە تەنیا لە کەرەسە بنچینەییەکانی ڕستە پێکدێ. واتە؛ لە کاری تێنەپەڕدا تەنیا لە (بکەر و کار) و لە کاری تێپەڕدا لە (بکەر و کار و بەرکار) و لە (نیهاد و گوزارە) لەگەڵ کارە یاریدەدەرەکاندا پێکدێ. وەك لەم نمونانەدا دیارە:

- لە تێپەڕدا: ڕستەی سادەی ئاسایی لە کاری تێپەڕدا پێکدێ لە بکەر و کار و بەرکار. وەك:

- <u>They</u> <u>visited</u> <u>the museum</u>. *(ئەوان سەردانی مۆزەخانەکەیان کرد)*

بەرکار    کار    بکەر

هەندێ کاری تێپەڕ هەنە کە پێویستییان بە دو بەرکار هەیە بۆ تەواوکردنی بیرۆکەی ڕستەکانیان. دو بەرکارەکەش ڕاستەوخۆن. وەك:

- Tara gave <u>Tabin</u> <u>a present</u>. *(تارا دیاریەکی دا تابین)*

بەرکار٢ بەرکار١ کار بکەر

ئەم جۆرە ڕستانە بە هۆی یەك بەرکارەوە واتایەکی تەواو نابەخشن. واتە؛ ناتوانین بڵێین (Tara gave a present)، بۆیە پێویستمان بە بەرکاری دوەم دەبێ کە (Tabin)ە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا بەرکاری یەکەم ناڕاستەوخۆیە، بەڵام ئامرازی (to) لە پێشییەوە کرتاوە و بوە بە بەرکاری ڕاستەوخۆ.

- لە تێنەپەڕدا: "هەندێ کار بەرکاری پێویست نیە و تەنیا لە بکەر و کار پێکدێ و ئەم کارانە پێیان دەوترێ کاری تێنەپەڕ [Intransitive verb]"(Howard:٢٠٠٧:١٢٠). وەك:

- The child | laughed. *(منداڵەکە پێکەنی)*

کار | بکەر

زۆرجار ئەم جۆرە کارە پێویستی بە تەواوکەر دەبێ بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە، بەڵام ڕستەکە هەر لە شێوەی ڕستەی سادەی ئاسایدا دەمێنێتەوە، چونکە تەواوکەرەکە دەبێتە کەرەسەیەکی بە خورتی ڕستە سادەکە. وەك:

- Tara went to the campus. *(تارا چو بۆ زانکۆ)*

- لە کارە یاریدەدەرەکاندا: کارە یاریدەدەرەکان بریتین لە (verb to be)یەکان لە شێوی ڕابوردو و ڕانەبوردودا دەردەکەون و دەتوانن ڕستەی سادەی ئاسایی دروستبکەن. ڕستەکان دەبنە دو بەش: بەشی نیهاد و بەشی گوزارە. بەشی نیهاد بریتیە لەو بەشەی کە هەواڵدانەکەی دەربارە دەخرێتەڕو. بەشی گوزارە بریتیە لەو کارە یاریدەدەرە و تەواوکەرەکانی. وەك:

| | | |
|---|---|---|
| - She | is | a teacher. *(ئەو[مێ] مامۆستایە)* |
| - I | am | student. *(من فێرخوازم)* |
| - He | is | handsome. *(ئەو[نێر] قۆزە)* |
| نیهاد | کار | تەواوکەر |

تەواوکەرەکان چەند جۆرە وشەیەك و کەرەسەی جیاوازن، وەکو دەکرێ (ناو، ڕاناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، فرێزی بەند)بن.

- کارە مۆدەڵیەکان[1]: کارە مۆدەڵیەکانیش بە کاری یاریدەدەر ئەژماردەکرێن. ئەم کارانەش ئەتوانن ڕستەی سادەی ئاسایی دروستبکەن و زیاتر بۆ گوزارشتکردن لە داهاتو بەکاردێن. وەك:

- I can speak Kurdish. *(من ئەتوانم بە کوردی بدوێم)*

بەرکار کار/سەرەکی مۆدەڵ بکەر

لەم ڕستەیەدا کاری مۆدەڵی (can) وەکو کارێکی یاریدەدەر دەرکەوتوە و یارمەتی کاری سەرەکی ڕستەکەی داوە بۆ گوزارشتکردن لە نیشاندانی توانا لە کردنی کارێ لە داهاتودا.

**١-٣ ڕستەی سادەی فراوانکراو:** ئەو ڕستە سادانە دەگرێتەوە کە جگە لە کەرەسە سەرەکیەکان، کەرەسەی لاوەکیشیان تیادایە. ئەم ڕستانە دەشێ لە ڕوی تیۆریەوە تاکو بێپایان درێژبکرێنەوە بەهۆی ئەو کەرستانەوە و هەر لە سنوری ڕستەی سادەدا دەمێنێنەوە، چونکە یەك کار و بکەریان هەیە، بەڵام لە ڕوی کرداریەوە بە ڕادەی گونجاو فراواندەکرێن. وەك:

- I saw a beautiful girl. *(من کچێکی جوانم بینی)*

بەرکار دیارخەر کار بکەر

لێرەدا ئاوەڵناوی (beautiful) کەرەسەیەکی خۆشەکیە و تەنیا بۆ وەسفکردنی ناوی (Girl) بەکارهاتوە و بوە بە دیارخەری ناوەکە.

هەروەها لە ڕستەی:

- They are going to **the cinema now**. *(ئەوان ئێستا دەچن بۆ سینەما)*

[1] وەکو (can-could-may-might-shall-should-will-would-must).

تەواوکەر٢      تەواوکەر١

دو کەرەسەی لاوەکی تێدا دەرکەوتوە. یەکەمیان فرێزێکی بەندە (to the cinema). دوەمیان ئاوەڵکارێکی کاتیە (now). هەروەها لەم جۆرە ڕستانەدا دەشێ کەرەسەی لاوەکی تر دەربکەون، بە پێی ویستی قسەکەر.

لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئەوە خرایەڕو کە پۆلینکردنی ڕستە بە پێی کاتی ڕودان باوترین جۆری پۆلینکردنی کارە لە زمانی ئینگلیزیدا، تەنانەت کەم سەرچاوەی ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی چنگدەکەوێ کە لە لایەنێك لە لایەنەکانەوە باسی کاری نەکردبێ بە پێی کاتی ڕودانی، لەبەر ئەم هۆکارانە وا بە باش زانرا کە لێرەدا پوختەیەك دەربارەی پۆلینکردنی ڕستەی سادەی ئاسایی بە پێی کاتی ڕودانی کارەکانیان باسبکەین. لە زمانی ئینگلیزیدا سێ دەمکات لە ڕستەدا دەردەکەون. کاتی ڕابوردو، ئێستا و داهاتو. هەریەك لەم کاتانەش دابەشی سەر چوار لقەجۆری تر دەبن کە بریتین لە (سادە و بەردەوام و تەواو و تەواوی بەردەوام)، بۆیە لە خوارەوە پوختەیەك دەربارەی هەریەك لەو دەمکاتانە خراوەتەڕو:

**١- کاتی ڕابوردو (past tense):** بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە کاتە لە زۆربەی زمانەکاندا پێناسەیەکی هاوشێوەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە "دەمی ڕابوردو شێوازێکە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ڕودانی کارێك کە بەر لە کاتی قسەکردن تەواوبوە"(Crystal:٢٠٠٣:٣٥٤).

لە زمانی ئینگلیزیدا کاتی ڕابوردو یەکێکە لە دەمکاتە سەرەکیەکان. ئەم کاتە بە پێی کاتی ڕودان و کاتی تەواوبونی ڕودان و درێژە و مانەوەی کاریگەریی کاری ڕستەکان، دابەشی سەر چوار جۆری سەرەکی دەکرێ، ئەوانیش: (ڕابوردوی سادە، بەردەوام، تەواو و تەواوی بەردەوام)ن. لە خوارەوە بە کورتی باسێك دەربارەی هەر یەك لەم کاتانە خراوەتەڕو:

**١-١ کاتی ڕابوردوی سادە (past simple):** کاری ڕابوردوی سادە ئەو کارانە دەگرێتەوە کە "لە کاتێکی دیارکراودا لە ڕابوردودا ڕویداوە و هەر لە ڕابوردوشدا کۆتایی هاتوە" (Azar&Hagen:٢٠٠٩:٢). ئەو کاتە دیارکراوەش کاتی پێش قسەکردن دەگرێتەوە. وەك:

- It snowed yesterday. *(دوێنێ بەفر باری)*

پێکهاتەی کاری ڕابوردوی سادە بە پێی کاری ڕستەکان دەگۆڕێ، بەم شێوەیە:

- ئەگەر ڕستەکە (v.be) بو، ئەوا یاساکەی بەم شێوە دەبێ:

| | | | |
|---|---|---|---|
| یاسای گشتی١: | C. + | v.be + | S. |
| | تەواوکەر | کار | بکەر |

وەکو: -

- They were hungry. *(ئەوان برسیبون)*

- I was a teacher. *(من مامۆستا بوم)*

لەم جۆرە کاتەدا کارەکانی (v.be) لە شێوەی ڕابوردودا دەردەکەون کە بریتین لە (was/were)، (was) شێوەی ڕابوردوی (is + am)ە، بەڵام (were) شێوەی ڕابوردوی (are)ە. (was) لەگەڵ بکەرەکانی (I – He- She- It) بەکاردێ، بەڵام (were) لەگەڵ بکەرەکانی (we- you- they) بەکاردێ.

هەروەها لە پێکهاتەی ئەم جۆرە کاتانەدا دەشێ تەواوکەرەکان چەند کەرەسەیەکی جیاواز بن، وەکو ناو، جێناو، فرێزی بەند و ....هتد. وەك:

- She was pregnant two years ago. *(ئەو [مێ] دو ساڵ پێش ئێستا سکپڕبو)*

- They were tired at home. *(ئەوان لە ماڵەوە ماندوبون)*

- ئەگەر کاری ڕستەکە (v.be)نەبو، واتە؛ (lexical verbs)[1] بو، ئەوا یاساکەی بەم شێوەیە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| S. | + | Past verb | + | c. :یاسای گشتی٢ |
| بکەر | + | کاری ڕابوردو | + | تەواوکەر |

نمونە:

- I ate kebab. *(کەبابم خوارد)*

- They wrote new story. *(ئەوان چیرۆکێکی نوێیان نوسی)*

- I came. *(من هاتم)*

کاری ڕستەکان لەم دەمکاتەدا لە شێوەی ڕابوردو دەردەکەون. ئەم جۆرە شێوەیەش لە فرمانە ئاساییەکان (regular verbs) بە هۆی پاشگری (ed) دروستدەبێ کە دەخرێتە سەر شێوەی چاوگی کار، بەڵام لەگەڵ فرمانە ناوێزەکاندا (irregular verbs) هیچ یاسایەکی چەسپاو نیە، بەڵکو کۆمەڵە کارێکن کە پێویستە لەبەربکرێن و بناسرێنەوە. وەك:

- Go ⟶ went.     Eat ⟶ ate

تەواوکەرەکان بە پێی جۆری کارەکە دەگۆڕێن. بە جۆرێ ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بو، ئەوا تەواوکەر دەشێ ئاوەڵکار یان فرێزێکی بەندبێ. وەك:

- I came <u>yesterday evening.</u> *(من دوێنێ ئێوارە هاتم)*

تەواوکەر / ئاوەڵکاری کاتی

[1] مەبەست لێی (Lexical verb)ە.

تەواوكەر دەشێ بەركاربێ كە وەكو كەرەسەیەكی بە خورتی دێتە ناو پێكهاتەی ڕستەی كارتێپەڕەكان. هەروەها دەشێ فریزێكی بەندیش لە بری بەركار بەكاربێ. وەك:

- I ate kebab. *(من كەبابم خوارد)*

- I went to Turkey. *(من چوم بۆ توركیا)*

**- نەرێ لە ڕابوردوی سادەدا:** نەرێكردن لە ڕابوردوی سادەدا بە دو جۆرە، "ئەگەر كاری ڕستەكە كارێكی یاریدەدەر بو، واتە (v.be) بو، ئەوا یەكسەر ئامرازی نەرێی (not) دەخرێتە دوای ئەم كارە یاریدەدەرە، بەڵام ئەگەر كاری ڕستەكە كاری یاریدەدەر نەبو، ئەوا (did not) دەخرێتە دوای بكەر و كارەكەش لەسەر شێوەی ڕانەبوردوی سادە دەبێ"(Murphy:١٩٩٨:٢٨). وەك:

- He/she was not happy. *(ئەو دڵخۆش نەبو)*

- I/we/you/they were not sad. *(من خەمبار نەبوم)*

**- پرسیار لە ڕابوردوی سادەدا:** لە ڕابوردوی سادەدا پرسیاركردن بە چەند شێوەیەكە، لەوانە: ئەگەر كاری ڕستەكە كاری یاریدەدەر بو، ئەوا كاری یاریدەدەری (was/were) دێنە سەرەتا و پاشان بكەر و دواتر تەواوكەر دێ. وەك:

- Was he/she happy? *(ئایا ئەو دڵخۆشە؟)*

لە بەرامبەردا ئەگەر كاری ڕستەكە كارێكی سەرەكی بو، ئەوا كاری یاریدەدەری (did) دێتە سەرەتا و دواتر بكەر و ئینجا كار لە شێوەی ڕانەبوردوی سادە دەبێ. وەك:

- Did They Drink water?*(ئایا ئەوان ئاویان خواردەوە؟)*

دەشێ پرسیاركردن بە هۆی وشەی پرسەوە بكرێ، ئەوكات وشە پرسەكە دێتە سەرەتای ڕستە و پاشان (did) و دواتر بكەر، ئینجا كار لە شێوەی ڕانەبوردوی سادە دادەنرێ. وەك:

- What did you eat last night? *(دوێنێ ئێوارە تۆ چیت خوارد؟)*

بواری ڕودانی كاری ڕابوردوی سادە بەم شێوەیەیە، كارەكە لە ڕابوردودا ڕویداوە و كۆتایی هاتوە. واتە؛ بواری ڕودانی ئەم كارانە ناپەڕنەوە بۆ كاتی ئێستا. وەك لەم هێڵكاریەدا نیشاندراوە:



**٢-١ کاتی ڕابوردوی بەردەوام (past continuous):** کاری ڕابوردوی بەردەوام بەو واتایە دێ کە "قسەکەر لە کاتێکی دیارکراوی ڕابوردودا لە ناوەڕاستی ئەنجامدانی کارێکدابوە"( John Eastwood:٢٠٠٦:٢٠). واتە؛ کارێکە لە ڕابوردودا بە بەردەوامی ڕویداوە و لە کاتی قسەکردندا کۆتایی هاتوە. واتە؛ بواری ڕودانەکە کاتێکی سنورداره. وەك:

- I was sitting in the park. *(لە باخچەکە دادەنیشتم)*

ئەم جۆرە کارانەش یەك یاسای گشتی چەسپاوی هەیە، بەم شێوەی خوارەوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| S. | + v.be | + v.ing | + c. :یاسای گشتی٣ |
| بکەر | v.be + | +ing ... کار + | تەواوکەر |

لەم جۆرە کارانەدا بکەر لە سەرەتا دێ و پاشان (v.be) یەکان کە (was/were)ە، چونکە لە شێوەی ڕابوردودایە و پاشان کاری ڕستەکە کە بە (ing) کۆتایی دێ و لە دوای کارەکە تەواوکەرەکان دێن. ئەگەر کارەکە تێپەڕ بو، ئەوا تەواوکەرەکان دەبنە بەرکار، بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بو، ئەوا دەشێ تەواوکەرەکە فرێزێکی بەند یان ئاوەڵکارێ بێ. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێ:

- I was playing tennis. *(من یاری تێنسم دەکرد)*

- They were swimming. *(ئەوان مەلەیان دەکرد)*

لە هەمو جۆرەکانی ڕابورودا (was/were) بە یەك شێوە لەگەڵ بکەرەکاندا دەردەکەون، بۆیە لێرەدا دوبارە باس ناکرێنەوە.

**- نەرێ لە ڕابوردوی بەردەوامدا:** بۆ نەرێکردنی کاری ڕابوردوی بەردەوام، پێوستە (ئامرازی نەرێی [not] بخرێتە دوای کاری یاریدەدەری [was/were]ەوە)( John Eastwood:٢٠٠٦:٢٠) و کەرەسەکانی تر وەکو خۆیان دەنوسرێنەوە. وەك:

- We were not playing tennis. *(ئێمە یاری تێنسمان نەدەکرد)*

- He/she was not singing. *(ئەو گۆرانی نەدەوت)*

**- پرسیار لە ڕابوردوی بەردەوامدا:** بۆ دروستکردنی شێوازی پرسیاری لە ڕابوردوی بەردەوامدا، ئەوا شوێنی بکەر و کاری یاریدەدەری (was/were) ئاڵوگۆڕدەکرێ و کەرەسەکانی تری وەکو کار و تەواوکەر (ئەگەر هەبو) بەبێ دەسکاریکردن دەنوسرێنەوە. وەك:

- Were you playing tennis? *(ئایا تۆ یاری تێنست دەکرد؟)*

- Was he/she not singing? *(ئایا ئەو گۆرانی نەدەوت؟)*

بواری ڕودانی ئەم جۆرە کارانە لە ڕابوردودایە. کارەکە بە شێوەیەکی بەردەوام لە ڕابوردودا ڕویداوە تاکو کاتی پێش قسەکردن. واتە؛ کاتی ئێستا خاڵی کۆتایی هاتنی کاری ڕابوردوی بەردەوامە، بۆیە لە ڕوی ڕودانەوە، کاری ڕابوردوی سادە و بەردەوام نزیکن لە یەکەوە. بواری ڕودانی ئەم کارانە لەم هێڵکاریەدا ڕونکراوەتەوە:




**٣-١ کاتی ڕابوردوی تەواو (past perfect):** ڕابوردوی تەواو "کارێکە لە ڕابوردودا ڕویداوە و تەواوبوە، بەر لەوەی کارێکی تر ڕوبدا"(Azar&Hagen:٢٠٠٩:٥٠). واتە؛ دو کار لە ڕابوردودا ڕویانداوە، یەکیان ڕابوردوی سادە و ئەوی تریان ڕابوردوی تەواوە، بۆیە بەر لە ڕودانی کاری ڕابوردوی سادە، کاری ڕابوردوی تەواو ڕویداوە و بڕاوەتەوە. وەك:

- Sam had left before Tara got there. *(سام ڕۆیشتوە پێش ئەوەی تارا بگاتەجێ)*

یاسای گشتی پێکهاتنی کاری ڕابوردوی تەواو بریتیە لە:

- لە تێنەپەڕ:

| | | |
|---|---|---|
| S. | + had | + P.P :یاسای گشتی٤ |
| بکەر | + had + | کارشێوەی سێیەم |

- لە تێپەڕ: جیاوازی ئەوەیە کە بەرکار دەچێتە کۆتایی پێکهاتەکەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| S. | + had | + P.P | + o. :یاسای گشتی٥ |
| بکەر | + | had + کارشێوەی سێیەم | + بەرکار |

کارەکان لەم جۆرە دەمکاتەدا لە شێوەی سێیەمدا[1] دەردەکەون. لەم جۆرە کارانەدا ڕستەکان بە بکەر دەستپێدەکەن و دوای بکەر (had) بەکاردێ کە شێوەی ڕابوردوی (has +have)ە، (had) لەگەڵ هەمو جۆرە بکەرێکدا بە یەك شێوە دەردەکەوێ.

[1] بۆ زانیاری دەربارەی چۆنیەتیی دروستکردنی شێوەی سێیەمی کار بڕوانە بەشی دواتر، بابەتی بکەر نادیار لە زمانی ئینگلیزیدا.

- **نەرێ لە ڕابوردوی تەواودا:** بۆ نەرێکردنی ئەم کاتە، پێوستە ئامرازی نەرێی [not] بخرێتە دوای کاری یاریدەدەری [Had]ەوە و کەرسەکانی تر وەکو خۆیان دەنوسرێنەوە. وەك:

- I had not finished. *(من تەواونەبومە)*

- **پرسیار لە ڕابوردوی تەواودا:** بۆ دروستکردنی شێوازی پرسیاری لە ڕابوردوی تەواودا، ئەوا شوێنی بکەر و کاری یاریدەدەری (Had) ئاڵوگۆڕدەکرێ و پاشان کار دادەنرێ. وەك:

- Had I finished? *(ئایا من تەواوبومە؟)*

بواری ڕودانی کاری ڕابوردوی تەواو بەم جۆرەیە: کارێك لە ڕابوردودا ڕویداوە و تەواوبوە، بەڵام کاتی تەواوبونەکەی پێش کاتی ڕابوردوی نزیکە. واتە؛ کاتی ڕودانی ئەم جۆرە کارانە ناپەڕنەوە بۆ کاتی ئێستا، بەڵکو پێش ڕودانی کاری ڕابوردوی نزیك ڕویداوە و بڕاوەتەوە. وەك لەم هێڵکاریەدا نیشاندراوە:




**٤-١ کاتی ڕابوردوی تەواوی بەردەوام(past perfect continuous):** ڕابوردوی تەواوی بەردەوام "کارێکە جەخت لە ماوەی خایێندراوی ڕودانی کارێك دەکاتەوە کە بەردەوام لە ڕودانداوە تا پێش ڕودانی کارێکی تر"(Azar&Hagen:٢٠٠٩:٥٥). واتە؛ کارێك لە ڕابوردودا بەردەوام بوە لە ڕودان تا ئەو کاتەی کارێکی تر ڕویداوە. وەك:

- The sun was shining, but it had been raining before.

*(خۆر هەڵدەهات، بەڵام پێشتر باران بو)*

یاسای گشتی پێکهاتنی ئەم جۆرە کارانە بەم شێوەیە:

- لە تێنەپەڕ

| | | | |
|---|---|---|---|
| S. | + had | + been + v.ing | :یاسای گشتی٦ |
| بکەر | + | had + been + | +ing ...کار |

وەکو: - They had been chatting. *(ئەوان خەریکی چاتکردن بون)*

- لە تێپەڕ:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| S. | + had | + been | + v.ing | + o:٧ | یاسای گشتی |
| بکەر | | + had + been + | +ing ...کار + | بەرکار | |

وەکو:

- They had been eating banana. *(ئەوان مۆزیان دەخوارد)*

ئەم جۆرە ڕستانەش هەر بە بکەر دەستپێدەکەن و پاشان (had) دادەنرێ کە شێوەی ڕابوردوی (has+have)ە. لە دوای ئەمانەش (been) دادەنرێ کە نیشانەی تەواویە لەم جۆرە کاتانەدا، لە دوای ئەمەشەوە (v.ing) دێ و پاشان بەرکار لە تێپەڕ و تەواوکەرەکان، ئەگەر هەبن لەگەڵ کاری تێنەپەڕ، دەکەونە کۆتایی پێکهاتەکەوە.

جیاوازیی سەرەکی لە یاسای گشتیی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ تەنیا لە بەرکاردایە. کاری تێپەڕ دەبێ بەرکاری لەگەڵدابێ و لە بەرامبەردا کاری تێنەپەڕ پێویستیی بە بەرکار نیە.

- **نەرێ لە ڕابوردوی تەواوی بەردەوامدا:** بۆ نەرێکردنی ئەم کاتە، پێوستە ئامرازی نەرێی [not] بخرێتە دوای کاری یاریدەدەری [Had]ەوە و کەرەسەکانی تر وەکو خۆیان دەنوسرێنەوە. وەك:

- They had not been chatting. *(ئەوان چاتیان نەکردوە)*

- **پرسیار لە ڕابوردوی تەواوی بەردەوامدا:** بۆ دروستکردنی شێوازی پرسیاری لە ڕابوردوی تەواودا، شوێنی بکەر و کاری یاریدەدەری (Had) ئاڵوگۆڕدەکرێ و پاشان کار دادەنرێ. وەك:

- Had he been singing? *(ئایا ئەو گۆرانی وتوە؟)*

بواری بەکارهێنانی ئەم جۆرە کارانە لە ڕابوردودایە، بەڵام جیاوازیی ئەم دەمکاتە لەگەڵ ئەوانی تردا ئەوەیە کە ڕودانی ئەم کارانە لەگەڵ کاتی ڕودانی کاری ڕابوردوی نزیك زۆر لە یەکەوە نزیکن. واتە؛ کاتی ڕودانی ئەم جۆرە کارە ماوەیەکی کەم پێش ڕودانی کاری ڕابوردوی نزیك ڕویداوە. وەك لەم هێڵکاریەدا خراوەتەڕو:




**٢. کاتی ئێستا (present tense):** کاتی ئێستا کاتێ بەکاردێ کە قسەکەر لە کاتی قسەکردندا کارێك ئەنجامدەدا. کاتی ئێستای هەوڵدان دابەشی سەر چوار جۆر دەبێ. وەك لە خوارەوە باسکراون:

**١-٢ کاتی ئێستای سادە (simple present):** بریتیە لە ڕێژەی ئەو کارەی کە لە کاتی ئاخاوتندا لە ڕودان بەردەوامە و باس لە ڕابوردو و داهاتو ناکا، تەنیا باس لە ڕودانی کارەکە دەکا لە دەمی ئاخاوتندا. پێکهاتەی ئەم جۆرە کارانە بە پێی جۆری کارەکە دەگۆڕێ، بەم شێوەی خوارەوە:

- ئەگەر ڕستەکە (v.be) بو، ئەوا یاساکەی بەم شێوە دەبێ:

| | | |
|---|---|---|
| S. + | v.be + | C. :یاسای گشتی٨ |
| بکەر | کار | تەواوکەر |

وەکو: -

- I am hungry. *(من برسیمە)*

- She is a teacher. *(ئەو [مێ] مامۆستایە)*

- We are in class. *(ئێمە لە پۆلداین)*

تەواوکەرەکان (complements) دەشێ ناوێك، یان ئاوەڵناوێك، یان ئاوەڵکارێك بێ کە هەواڵێك دەربارەی بکەری ڕستەکە دەخەنەڕو.

- ئەگەر هەر کارێکی تربو جگە لە (v.be) واتە؛ (lexical verbs) بو، ئەوا بە دو شێوە بەکاردێ. ئەم دو شێوە دەرکەوتنەش بە هۆی جیاوازیی دەرکەوتنی بکەرەکانەوە دێتەئاراوە. بۆیە یاساکان بەم شێوەیەن:

- ئەگەر بکەر (I- we- you- they) بو، ئەوا یاسا گشتیەکەی دەبێتە:

| | | |
|---|---|---|
| S. | + Infinitive + | c. :یاسای گشتی٩ |
| بکەر | + چاوگ + | تەواوکەر |

واتە؛ جگە لە بکەر و تەواوکەر، کاری ڕستەکە دەخرێتە سەر شێوەی چاوگ (Infinitive)[١]، وەك:

- We listen to music a lot. *(ئێمە زۆر گوێ لە مۆسیقا دەگرین)*

- I go shopping on Sundays. *(من ڕۆژانی یەکشەممە دەچمە بازاڕکردن)*

دەشێ تەواوکەر لەم ڕستانەدا کۆمەڵێ کەرەسەی جیاوازبێ کە بەپێی مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێ. واتە؛ دەشێ بەرکار، یان تەواوکەری بەیاریدە، یان ئاوەڵکار...هتد بێ.

- ئەگەر بکەری ڕستەکە (He- She- it) بو، ئەوا یاسای گشتی دەگۆڕێ، بە جۆرێ کە کاری ڕستەکە (S) ی کەسی سێیەمی تاك وەردەگرێ، بۆیە یاساکەی دەبێتە:

| | | |
|---|---|---|
| S. | + v....s | + c. |
| بکەر | + کار....s | + تەواوکەر |

[١] بریتیە لە شێوەی بنچینەیی کار.

واتە؛ لەگەڵ ئەم جۆرە بکەرانەدا کار (s)ی کەسی سێیەمی تاك وەردەگرێ و ئەویش بە پێی جۆری کارەکە، دەرکەوتنی دەگۆڕێ. بەم شێوەیە:

ا- ئەگەر کارەکە کۆتایی بە پیتەکانی (ch-sh-s-ss-x-z-o) هاتبو، ئەوا (es) بەکاردێ.

ب- ئەگەر کارەکە کۆتایی بە پیتی (y) هاتبو، پێش ئەمیش پیتێکی نەبزوێن بو، ئەوا (y) دەگۆڕێ بۆ (i) ئینجا (es) بەکاردێ.

ج- ئەگەر ئەم بارانەی سەرەوە نەبو، ئەوا (s) بەکاردێ. بۆ نمونە:

-She listens to music. *(ئەو [مێ] گوێ لە مۆسیقا دەگرێ)*

- He studies English. *(ئەو [نێر] ئینگلیزی دەخوێنێ)*

- My brother washes his car. *(براکەم سەیارەکەی دەشوا)*

**- بەکارهێنانەکانی کاتی (ئێستای سادە):** بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم جۆرە دەمکاتە لە چەند بارێکی دیارکراودا بەکاردێ. گرنگترینیان:

- بۆ خوی دوبارەوەبوی ڕۆژانە. وەکو: - I get up early. *(من زو ڕادەبم)*

- I brush my teeth every day. *(هەمو ڕۆژ ددانم دەشۆم)*

- بۆ ڕاستیە زانستی و شتە نەگۆڕەکان. وەکو:

- The sun sets in the west. *(ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە ئاوادەبێ)*

بە شێوەیەکی گشتی کاتی ئێستای سادە ئەوە دەگەیەنێ کە "هەندێ شت ڕاستیەکە لە ڕابوردودا، لە ئێستاشدا هەر ڕاستیە، دەشێ لە داهاتوشدا هەر ڕاستیەك بێ، واتە؛ جەختکردنەوەیە لەسەر بارودۆخ و ڕوداو و ڕاستیەکان"(Azar& Hagen:١٤:٢٠٠٩).

**- نەرێ لە ئێستای سادەدا:** ئەگەر کاری ڕستەکە (v.be)بو، "ئەوا ئامرازی نەرێی (not) دەخەینە دوای (v.be)یەکانەوە، بەڵام کاری ڕستەکە (v.be) نەبو، ئەوا (do not) و (does not) لە دوای بکەرەوە دادەنرێ"(John Eastwood:٢٠٠٦:١٠). (do not) بەکاردێ کاتێ بکەر (I-we-you-they) بو، بەڵام (does not) لەگەڵ بکەرەکانی (He-She-It) بەکاردێ. وەك:

- (I am not hungry) (He/she is not hungry). (من برسی نیم) *(ئەو برسیی نیە)*

- **I**/we/you/they do not listen to the music. ***(من/ئێمە/تۆ/ئەوان گوێ لە مۆسیقا ناگرم)***

- **He**/She/It does not speak English. *(ئەو بە ئینگلیزی نادوێ)*

**- پرسیار لە ئێستای سادەدا:** ئەگەر (کاری ڕستەکە (v.be)بو، ئەوا (is/are/am) لەسەرەتای ڕستەکەوە دێ و پاشان بکەری ڕستەکە دادەنرێ و لە دوای بکەر تەواوکەر دێ، بەڵام ئەگەر

(v.be) نەبو، ئەوا (do/does) لە سەرەتای ڕستەوە دێن و پاشان بکەری ڕستە و دواتر کار دێ بەبێ (s) ی کەسی سێیەم)(هەمان سەرچاوە). وەك:

- (Am I hungry?) (Is she/he hungry?) *(ئایا من برسیمە؟) (ئایا ئەو برسیەتی؟).*

- Do I/we/you/they speak English? *(ئایا من/ئێمە/تۆ/ئێوە/**ئەوان** بە ئینگلیزی دەدوێن؟)*

- Does He/She/ it singing? *(ئایا ئەو گۆرانی دەچڕێ؟)*

بواری ڕودانی ئەم جۆرە دەمکاتە لە ڕابوردو و ئێستا و داهاتودایە. واتە؛ لە کاتێك لە ڕابوردودا ڕویداوە و تا ئێستا لە ئارادایە و دەشێ لە داهاتودا دوبارە ببێتەوە. وەك لەم هێڵکاریەدا نیشاندراوە:




لەم هێڵکاریەدا نیشانە چەوتەکان کاتی ڕودانی کاری ئێستای سادە دەردەخەن.

**٢-٢ کاتی ئێستای بەردەوام (present continuous):** "کاتی ئێستای بەردەوام بە واتای ئەوە دێ کە ئێمە لە ناوەڕاستی ڕودانی کارێکدابین"(John Eastwood:٨:٢٠٠٨). وەك:

- I am waiting for the train. *(من وا چاوەڕێی شەمەندەفەرەکەم دەکەم)*

یاسای گشتی پێکهاتەی ئەم جۆرە کاتە بەم شێوەی خوارەوەیە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| S. | + v.be | + v.ing | + c. | یاسای گشتی١٠: |
| بکەر | v.be + | +ing ...کار + | تەواوکەر | |

لەم جۆرە کارانەدا بکەر لە سەرەتا دێ و پاشان (v.be) یەکان کە (is/are/am)ن بە پێی بکەری ڕستەکە دەردەکەون و پاشان کاری ڕستەکە کە بە (ing) کۆتایی دێ و لە دوای کارەکەوە تەواوکەرەکان دێن. ئەم تەواوکەرانەش لە هەمو کاتەکاندا بە پێی ویستی قسەکەر دەگۆڕێن. واتە؛ دەشێ بەرکار، یان فرێزی بەند ...هتد بێ. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێ:

١- I am playing football. *(من وا یاری تۆپی پێ دەکەم)*

٢- He/ She is writing a book. *(ئەو وا کتێبێك دەنوسێ)*

٣- I/we/you/They are taking photos. *(من/ئێمە/تۆ/**ئەوان** وا وێنە دەگرن)*

لە نمونەی یەکەمدا (am) بەکارهاتوە، چونکە بکەر (I)یە. لە نمونەی دوەمدا (is) بەکارهاتوە، چونکە بکەر (she)ە. لە نمونەی کۆتایدا (are) بەکارهاتوە، چونکە کۆن. هەرچی سەبارەت بە تەواوکەرەکانە لە نمونەی یەکەم و سێیەمدا دو بەرکار دەرکەوتون کە ( football + photo)ن، بەڵام لە نمونەی دوەمدا فرێزی بەندی (a book) دەرکەوتوە.

- **بەکارهێنانەکانی کاتی ئێستای بەردەوام:** ئەم جۆرە کاتە لە چەند بارێکدا بەکاردێ، گرنگترینیان:

- لە کاتی قسەکردن یان دەوروبەری کاتی قسەکردن. وەك لە نمونەی ژمارە (١)دا دیارە.
- بۆ کارێك بەکاردێ کە بۆ ماوەیەکی کاتی بێ. وەك لە نمونەی ژمارە (٢)دا دیارە.
- بۆ کارێك لە داهاتو، بەڵام کاتی ڕودانی کارەکەی بزانین. وەك لە نمونەی ژمارە (٣)دا دیارە.

- **نەرێ لە ئێستای بەردەوامدا:** تەنیا لە دوای (v.be)یەکان ئامرازی نەرێی (not) دادەنێین. وەك:

- He/she is not playing football. *(ئەو یاریی تۆپی پێ ناکا)*
- We/you/they are not playing football. *(ئێمە/تۆ/ئێوە/ئەوان یاریی تۆپی پێ ناکەن)*

- **پرسیار لە ئێستای بەردەوامدا:** (لە شێوازی پرسیارکردن (v.be) دێنە سەرەتای ڕستە و دواتر بکەر دێ و پاشان کاری سەرەکی (v.ing) دادەنرێ، ئەگەر پرسیار بە هۆی وشەی پرسەوە بو، ئەوا وشەی پرسەکە دێتە سەرەتای ڕستەکە)(John Eastwood:٢٠٠٦:٨) و پاشان ئەم زنجیرەیە دەنوسرێتەوە. وەك:

- (Am I speaking?) (Is He/she speaking?). *(ئایا من دەدوێم؟) (ئایا ئەو دەدوێ؟)*
- Where are they going? *(ئەوان بۆ کوێ چون؟)*

بواری ڕودانی کاری ئێستای بەردەوام لە کاتی قسەکردندایە و بەردەوام کارەکە لە ڕودان‌دایە تاکو داهاتویەکی نادیار. بواری ڕودانی ئەم کارانە لەم هێڵکاریەدا ڕونکراوەتەوە:




مەبەستی سەرەکی لە بەکارهێنانی کاتی ئێستای بەردەوام بریتیە لەوەی کە " شتێك ڕویداوە لە کاتی، یان دەوروبەری کاتی قسەکردن و هێشتا کارەکە تەواونەبوە"(Murphy:2012:6).

**٣-٢ کاتی ئێستای تەواو (present perfect):** کاتی ئێستای تەواوی سادە بریتیە لەو کارەی کە "لە ڕابوردودا ڕویداوە و ئەنجامەکەی تا ئێستا بەردەوامە. واتە؛ ڕودانی کارەکە لەگەڵ کاتی ئێستا لە پەیوەندیدایە"(Murphy:2012:14). وەك:

- He has lost his keys. *(ئەو [نێر] کلیلەکانی ونکردوە)*

ئەو (نێر) لە ڕابوردودا کلیلەکانی ونکردوە و تا کاتی ئێستا نەیدۆزیوەتەوە، بۆیە ئەم جۆرە کارە کاریگەریەکەی تا کاتی قسەکردن ماوە.

یاسای گشتی پێکهاتنی ئەم جۆرە دەمکاتە بریتیە لە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| یاسای گشتی١١: .c + | P.P + | Have/Has + | .S |
| تەواوکەر + | کارشێوەی سێیەم + | Have/Has + | بکەر |

ئەم جۆرە کارانەش بە بکەر دەستپێدەکەن و دوای بکەر (Have/Has) بەکاردێ کە بە پێی جۆری بکەر دەگۆڕێ، بە جۆرێ ئەگەر بکەر (He-She-it) بو، ئەوا (Has) بەکاردێ، بەڵام ئەگەر بکەر (I-we-you-they) بو، ئەوا (Have) بەکاردێ. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێ:

- I have been a teacher for ten years. *(بۆ ماوەی دەساڵە مامۆستام)*

- He has studied English at Oxford University.*(ئەو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد ئینگلیزیی خوێندوە)*

**- نەرێ لە ئێستای تەواوی سادەدا:** بۆ نەرێکردنی ئەم کاتە "ئامرازی نەرێی [not] لە دوای کاری یاریدەدەری [have/has]ەوە دادەنێین"(John Eastwood:٢٠٠٦:٢٦). وەك:

- They/ I/we/you have not gone. *(ئەوان نەڕۆیشتونە)*

- He/She/it has not gone. *(ئەو نەڕۆیشتوە)*

**- پرسیار لە ئێستای تەواوی سادەدا:** بۆ شێوازی پرسیاری (have/has) دێنە سەرەتای ڕستەکە و پاشان بکەر و ئینجا کار لە شێوە سێیەمدا بەدوایدادێ. وەك:

- Have you started? *(ئایا تۆ دەستتپێکردوە؟)*

- Has he gone? *(ئەو ڕۆیشتوە؟)*

بواری ڕودانی ئەم جۆرە کارانە بریتیە لە کاتی ڕابوردو و درێژدەبێتەوە تا کاتی ئێستا. واتە؛ کارێك لە کاتێکی دیارنەکراوی ڕابوردوا ڕویداوە و تا کاتی ئێستا درێژدەبێتەوە. وەك لەم هێڵکاریەدا نیشاندراوە:




هەروەك دەرکەوتوە بواری ڕودانی دەمکاتی ئێستای تەواوی سادە ناپەڕێتەوە بۆ کاتی داهاتو.

- **بەکارهێنانەکانی دەمکاتی ئێستای تەواوی سادە:** ئەم جۆرە دەمکاتە لە چەند بار و دۆخی جیاواز و تایبەتدا بەکاردێ کە گرنگترینیان بۆ گوزارشتکرنە لە ئەزمونی ژیانی قسەکەر( life experience) وەکو:

- I have been a teacher for ten years. *( ماوەی دە ساڵە مامۆستام)*

هەروەها هەندێ جار کاتێ قسەکەر بیەوێ باسی ڕودانی کارێك بکا کە لە ڕابوردو ڕویداوە، بەڵام کاتی دەستپێکردنی ڕودانی کارەکە نازانێ، ئەم جۆرە ڕێژەیە بەکاردەهێنێ. وەکو:

- He has studied English at Oxford University.*(ئەو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد ئینگلیزی خوێندوە)*

**٢-٤ کاتی ئێستای تەواوی بەردەوام (present perfect continuous):** کارێکە لە ڕابوردودا ڕویداوە و تا کاتی ئێستا بەردەوامە و لەوانەیە لە داهاتوشدا کاریگەریەکەی بەردەوامبێ.

یاسای گشتی پێکهاتنی ئەم جۆرە دەمکاتە بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| S. | + Have/Has | + been + v.ing | + c. :یاسای گشتی١٢ |
| بکەر | Have/Has + been + | +ing ...کار + | تەواوکەر |

ئەم جۆرە ڕستانەش هەر بە بکەر دەستپێدەکەن و پاشان بە پێی جۆری بکەرەکە (Have/Has) دادەنرێ و لە دوای ئەمانەش (been) دادەنرێ کە نیشانەی تەواویە لەم جۆرە دەمکاتانەدا، لە دوای ئەمەشەوە (v.ing) دێ و پاشان تەواوکەرەکان، ئەگەر هەبن دەکەونە کۆتایی پێکهاتەکەوە. وەك:

- I have been teaching Kurdish since 2011. *(لە ٢٠١١ ەوە وانەی کوردی دەڵێمەوە)*

- She has been waiting for two hours. *(ئەو [مێ] دو کاتژمێرە چاوەڕێیە)*

- **بەکارهێنانەکانی دەمکاتی ئێستای تەواوی بەردەوام:** ئەم دەمکاتە لە چەند بارێکدا بەکاردێ، وەك:

- بۆ ئەزمونەکانی ژیان بەکاردێ. وەك لە نمونەی یەکەمدا نیشاندراوە.
- کارێك کە بۆ ماوەیەك لە ڕبردودا دوبارەبۆتەوە. وەك لە نمونەی دوەمدا دیارە.
- کارێك کە لە ڕابوردودا ڕویداوە و لەوانەیە لە کاتی ئێستادا تەواوبوبێ، بەڵام کاریگەریەکەی دەبینرێ، یان هەستی پێدەکرێ.

- **نەرێ لە ئێستای تەواوی بەردەوامدا:** بۆ نەرێکردنی ئەم کاتەش ئامرازی نەرێی [not] لە دوای فرمانی یاریدەدەری [have/has]ەوە دادەنێین و زنجیرەی ڕستەکە دەنوسینەوە. وەك:

- **You**/I/we/ they have not been sleeping. *(ئێوە نەنوستونە)*

- He/She/it has not been sleeping. *(ئەو نەنوستوە)*

- **پرسیار لە ئێستای تەواوی سادەدا:** بۆ شێوازی پرسیاری (have/has) دێنە سەرەتای ڕستەکەو پاشان بکەر و ئینجا (been) و دواتر کار بە (ing)ەوە بەدوایدادێ. وەك:

- Have you been sleeping? *(ئایا تۆ نوستوی؟)*

- Has she been speaking? *(ئایا ئەو [مێ] قسەدەکا؟)*

بواری بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەمکاتە لە ڕابوردوەوە درێژدەبێتەوە تا کاتی ئێستا. بە شێوەیەکی گشتی ئەم دەمکارانە بۆ نیشاندانی کارێکە کە "کاتی ڕودانی کارەکە چەندی خایاندوە" (Azar&Hagen:2009:47). وەك لەم هێڵکاریەدا خراوەتەڕو:




**٣. کاتی داهاتو (Future time[1]):** کاتی داهاتو یەکێکە لە سێ دەمکاتە سەرەکیەکەی کار لە زمانی ئینگلیزیدا. کاتی داهاتو بریتیە لە "شێوەی ئەو ڕستەیەی کە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی داهاتو"(Crystal:٢٠٠٣:٢٠٤). واتە؛ کاتی داهاتو بریتیە لە کاتی دوای کاتی ئێستا، ئەگەر هاتو کاتی ئێستا بە کاتی قسەکردن دابنێین، ئەوا کاتی داهاتو بریتیە لە کاتی دوای کاتی قسەکردن. جا ئەو کاتی دوای قسەکردنە دەشێ ڕاستەوخۆ دوای قسەکردن بێ، دەشێ بۆ ماوەیەکی زۆر دوای قسەکردن ڕوبدا، یان دەشێ هەر ڕونەدا.

---

[1] لە زۆربەی سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا (Future) بە کات (Time) دادەنرێ، نەك بە دەمکات (Tense)، چونکە بناغەی دروتبونی تایبەت بە خۆی نیە.

یاسایەکی گشتی بۆ دارشتنی شێوەکانی دەمکاتی داهاتو نیە، بەڵکو بە چەند شێوازێکی جیاواز دروستدەبن، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی کێشە لە دروستکردنی رستەی کاتی داهاتو. بە هەمان شێوەی دەمکاتی رابوردو و ئێستا، بە پێی کاتی روودان و کاریگەریی کارەکە و بواری روودانی کارەکە، کاتی داهاتو دابەشی سەر چوار لقە جۆری تر دەکرێ. ئەوانیش بریتین لە:

**٣-١ داهاتوی سادە (Future simple):** کاتی داهاتوی سادە بریتیە لە کاتی ئەو کارەی کە لەوانەیە لە داهاتویەکی نزیکدا روبدا، یان بە دڵنییایەوە رودەدا. ئەم جیاوازیە لە روودان و رونەدانی کارەکە دەگەرێتەوە بۆ ئەو کار و شێوازەی کە شێوەی داهاتوی پێ دروستدەکرێ. پێکهاتەی کاری داهاتوی سادە بە چەند شێوەیەك دەبێ:

- بە هۆی (will)ەوە دروستدەبێ کە زیاتر بۆ مەبەستی بەڵێندان و پێشبینی کرن بەکاردێ. یاساکەی بەم شێوەیە:

(s. + will + infinitive)

واتە؛ بکەر لە سەرەتاوە دێ و پاشان کاری یاریدەدەری (will) دێ کە کارێکی یاریدەدەرە و وەك نیشانەی کاتی داهاتو، لە دوایەوە کار دێ کە لە شێوەی یەکەمدایە کە رانەبوردوی سادەیە. وەك:

- Tara will finish her work. *(تارا کارەکەی تەواودەکا)*

لەم رستەیەدا بەرکاری (her work) لە کۆتایی رستەکەوە دەرکەوتوە چونکە کارەکە تێپەرە.

بۆ نەرێکردنی[1] ئەم جۆرە کاتە ئەوا تەنیا ئامرازی نەرێ ی (not) لە دوای کاری یاریدەدەری (will)ەوە دادەنێین. وەك:

- Tara will not finish her work.*(تارا کارەکەی تەواوناکا)*

هەروەها بۆ شێوەی پرسیاری ئەگەر پرسیاری بەڵێ/نەخێر بو، ئەوا تەنیا شوێنی بکەر و (will) ئاڵوگۆردەکرێ، بەڵام ئەگەر پرسیار بە هۆی وشەی پرسەوە بو، ئەوا تەنیا وشەی پرس بۆ سەرەتای رستەکە زیاددەکەین و پاشان زنجیرەی کەرەسەکان وەکو خۆی دەنوسرێتەوە. وەك:

- Will she finish her work? *(ئایا ئەو کارەکەی تەواودەکا؟)*

- When will she finish her work? *(ئایا ئەو کەی کارەکەی تەواودەکا؟)*

[1] لە هەمو جۆرەکانی کاتی داهاتو کە بە هۆی (Will)ەوە دروستدەبێ، ئەوا بە هەمان شێوە دەکرێنە نەرێ و پرسیاری، بۆیە لە جۆرەکانی تر دوبارە ناکرێنەوە.

- به هۆی (going to)ەوە: ئەم جۆرەیان زیاتر بۆ مەبەستی هەبونی پلان بەکاردێ لە داهاتودا و قسەکەر دڵنیایە لە ئەنجامدانی کارەکە. پێکهاتەی ئەم جۆرە کارە بەمشێوەیە:

(S. + v.be + going to + Infinitive )

لەم جۆرە ڕستانەشدا بکەر لە سەرەتا دێ و پاشان کاری یاریدەدەری (v.be) یّ کە بریتیە لە (is/are/am) و بە پێی جۆری بکەرەکە دەردەکەون و دواتر کاری یاریدەدەری (going to) دێ کە بۆ گوزارشتکردنە لە کاتی داهاتو و لە کۆتایشدا کاری سەرەکی ڕستەکە دەردەکەوێ کە لە شێوەی یەکەمدایە. وەك:

- I am going to study English. *(پلانم هەیە ئینگلیزی بخوێنم)*

- He/she is going to study English. *(ئەو پلانی هەیە ئینگلیزی بخوێنێ)*

بۆ نەرێکردنی[1] ئەم جۆرە داهاتوە، تەنیا ئامرازی نەرێی (not) دەخرێتە دوای (v.be)یەکان و زنجیرەی کەرەسەکان وەکو خۆیان دەنوسرێنەوە. وەك:

- I am not going to study English. *(من پلانم نیە ئینگلیزی بخوێنم)*

هەرچی سەبارەت بە شێوازی پرسیاریە، ئەگەر پرسیار لە شێوەی بەڵێ/نەخێر بو، ئەوا تەنیا شوێنی بکەر و (v.be)یەکان ئاڵوگۆڕدەکرێن، بەڵام ئەگەر پرسیار بە هۆی وشەی پرسەوە بو، ئەوا وشەی پرس دێتە سەرەتای ڕستەکە و پاشان زنجیرەکە وەکو خۆی دەنوسرێتەوە. وەك:

- Am I going to study English? *(ئایا من پلانم هەیە ئینگلیزی بخوێنم؟)*

- When is she going to study English? *(ئەو [مێ] کەی پلانی هەیە بۆ خوێندنی ئینگلیزی)*

(Azar& Hagen:٢٠٠٩) باس لەوە دەکەن کە زۆرجار بە هۆی کاتی ئێستاوە دەتوانرێ گوزارشت لە کاتی داهاتو بکرێ. ئەویش بە هۆی زیادکردنی ئاوەڵکاری کاتیەوەیە بۆ سەر کاتی ئێستای سادە و بەردەوامەوە. وەك:

- The museum opens tomorrow. *(مۆزەخانەکە بەیانی دەکرێتەوە)*

- He is leaving at noon tomorrow. *(ئەو بەیانی نیوەڕۆ دەڕوا)*

بواری ڕودانی ئەم جۆرە کارە لە داهاتویەکی نادیاردایە، چونکە ئەم جۆرە کارە زیاتر بۆ پێشبینی دەربڕینی ڕا و سەرنجە بۆ کاتی داهاتو. لەم هێڵکاریەدا زیاتر ڕونکراوەتەوە:

[1] لە هەمو جۆرەکانی کاتی داهاتو کە بە هۆی (Going to)ەوە دروستدەبێ، ئەوا بە هەمان شێوە دەکرێنە نەرێ و پرسیاری، بۆیە لە جۆرەکانی تر دوبارە ناکرێنەوە.




**٣-٢ داهاتوی بەردەوام (Future continuous):** داهاتوی بەردەوام "کارێکە کەوا لە داهاتودا لەوانەیە بەردەوام لە ڕوداندابێ"(Azar& Hagen:٢٠٠٩:٧١). واتە؛ دەشێ قسەکەر لە داهاتودا بە بەردەوامی لە ناو ڕودانی کارێکدابێ. ئەم جۆرەشیان بە دو شێوەی جیاواز دروستدەبێ. بەم شێوەیە:

- بەهۆی (will)ەوە: کە بۆ هەبونی پێشنیارێکە بۆ بەردەوامی ڕودانی کارێ لە داهاتودا. پێکهاتەکەی بەم شێوەیە:

(S. + will + be + v…ing)

واتە؛ بکەر لە سەرەتای ڕستە دێ و پاشان کاری یاریدەدەری (will) دێ کە بۆ کاتی داهاتوە. دواتر کاری یاریدەدەری (be…ing) بۆ کارەکە زیاددەکرێ و بەم جۆرە کارەکە واتای بەردەوامی دەگەیەنێ لە داهاتودا. لە کاری تێپەڕیشدا بەرکار دەکەوێتە کۆتایی ڕستەکەوە. وەك:

- **I**/we/you/they/he/she/it will be studying English. *(من ڕەنگە لە داهاتودا بخوێنم)*

- I/we/you/they/**he/she/it** will be eating banana. *(ئەو ڕەنگە مۆز بخوا)*

لە شێوازی نەرێ و پرسیاریشدا بە هەمان شێوەی داهاتوی سادە دروستدەکرێ، چونکە ئەوەی لە پێکهاتەی ئەم ڕستانەدا دەگۆڕێ تەنیا بە هۆی نیشانەی کاتەوەیە نەوەك فۆڕم و ئەرکی کەرەسەکانی تر.

- بە هۆی (going to)ەوە: پێکهاتەی ئەم جۆرەشیان بەم جۆرەیە:

(S. + v.be + going to + be + v…ing)

بکەر لە سەرەتای ڕستەوە دەردەکەوێ و پاشان یەکێ لە شێوەکانی (v.be) دادەنرێ بە پێی جۆری بکەرەکە. دواتر کاری یاریدەدەری (going to) دێ کە بۆ کاتی داهاتوە، پاشان کاری یاریدەدەری (be…ing) لەگەڵ کاری ڕستەکە دەردەکەوێ کە واتای بەردەوامی بە کارەکە دەبەخشێ. وەك:

- They are going to be studying English. *(ئەوان پلانیان هەیە ئینگلیزی بخوێنن)*

- He/she is going to be studying English. *(ئەو پلانی هەیە ئینگلیزی بخوێنێ)*

بواری ڕودانی کاری داهاتوی بەردەوام بریتیە لە: کارێ لە داهاتودا بە بەردەوامی ڕودەدا تا کاتێکی نادیار. دەشێ دوای قسەکرن ڕاستەوخۆ دەستپێبکا و بەردەوامبێ تا کاتێکی نادیار. واتە؛

خاڵی دەستپێکردن و تەواوبونی بە ئاشکرا دیارنیە و تەنیا ئەوە ئاشکرایە کە لە داهاتودا دەستپێدەکا و بە بەردەوامی ڕودەدا. وەك لەم هێڵکاریەدا زیاتر ڕونکراوەتەوە:




**۳-۳ داهاتوی تەواو (Future perfect):** کاتی داهاتوی تەواو بریتیە لەو کاتەی کە بۆ نیشاندانی کارێکە کە "لە داهاتودا ڕەنگە ڕوبدا و تەواوببێ، پێش ئەوەی کارێکی تر دەستپێبکا"( Azar& Hagen:۲۰۰۹:۷۳). ئەم جۆرە داهاتوەش دەتوانرێ بەهۆی هەردو کاری یاریدەدەری (will) و (going to)ەوە دروستبکرێ و تەنیا گۆڕانکاری لە نیشانەی کاتدا ڕودەدا. وەك لە خوارەوە خراونەتەڕو:

- بە هۆی (will)ەوە: پێکهاتەی ئەم جۆرە ڕستانەش بەم شێوەی خوارەوەیە:

(S. + will + have + p.p)

لەم ڕستانەدا هەمو کەرەسەکان وەکو خۆیان دەردەکەون تەنیا (have) وەکو نیشانەی تەواوی بۆ دوای کاری یاریدەدەری (will) زیاددەکرێ و پاشان کار دەخرێتە سەر شێوەی سێیەم. وەك:

- You will have cleaned the house. *(تۆ دەبێماڵەکەت پاککردبێتەوە)*

ئەوەی لە کۆتایی ڕستەکانەوە دەردەکەوێ بریتیە لە تەواوکەر کە دەشێ بەرکار یان هەر کەرەسەیەکی تر بێ، بەڵام لە پێکهاتەکەدا زۆر جەختی لێناکرێتەوە، چونکە بە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی هیچ لە پێکهاتەکە ناگۆڕێ.

بواری ڕودانی ئەم جۆرە کارانە بریتیە لە کاتی داهاتو. کارێ لە کاتی داهاتودا ڕەنگە ڕوبدا و تەواوببێ پێش ئەوەی کاری دوەم دەستپێبکا. وەك لەم هێڵکاریەدا دیارە:



**٤-٣ داهاتوی تەواوی بەردەوام (Future perfect continuous):** داهاتوی تەواوی بەردەوام "کارێکە کە جەخت لەو ماوەیە دەکاتەوە کە ڕەنگە کارێك بە بەردەوامی لە داهاتودا بیخایەنێ، پێش ئەوەی کارێکی تر دەستپێبکا"(Azar& Hagen:٢٠٠٩:٧٣). واتە؛ کارێکە لە داهاتودا لەوانەیە بە بەردەوامی ڕوبدا، تاکو کاری دوەم ئەنجامدەدرێ، لەگەڵ دەستپێکردنی کاری دوەم، ئەوا ڕودانی ئەم جۆرە کارە کۆتایی دێ. ئەم جۆرە کاتەش بە دو شێوەی جیاواز دروستدەبێ. ئەویش بە هۆی (will) و (going to)وەیە. وەك لە خوارەوە باسکراون:

- بەهۆی (going to)ەوە: پێکهاتەکەی دەبێتە:

(S. + will + have + been + v..ing)

لەم ڕستانەدا بکەر لە سەرەتاوە دێ، پاشان نیشانەی داهاتوی (will) دادەنرێ، پاشان وشەکانی (have been) پێکەوە دەردەکەون کە واتای تەواوی بە کارەکە دەبەخشن و لە کۆتایی پێکهاتەکە (verb) دێ کە بە هۆی (ing)یەکەوە واتای بەردەوامی دەگەیەنێ. وەك:

- You will have been waiting for her. *(تۆ ڕەنگە چاوەڕێی ئەو بکەی)*

- بە هۆی (going to)ەوە: پێکهاتەی ڕستەکە دەگۆڕێ، بەم شێوەی خوارەوە:

(S.+ v.be + going to + have + been + v..ing)

ئەم ڕستانەش هەمان پێکهاتەی پێشویان هەیە و تەنیا (v.be) دەخرێتە دوای بکەر و پاشان لەبری (will)، ئەوا (going to) دادەنرێ. کەرسەکانی تریش وەکو خۆیان دەنوسرێنەوە. وەك:

- I am going to have been waiting for you. *(من پلانم هەیە چاوەڕێت بکەم)*

بواری ڕودانی ئەم کارانە لە کاتی داهاتودایە، بەڵام بە بەردەوامی ڕودەدەن و تەواودەبن. وەك لەم هێڵکاریەدا دەردەکەوێ:




لەم هێڵکاریەدا هێڵە لارەکە کاتی دەستپێکردن و تەواوبونی کاری داهاتوی تەواوی بەردەوامە. هەروەها باس لەوە کرا کە شێوازی نەرێ و پرسیاری لە هەمو کاتەکانی داهاتودا چونیەکن، بۆیە لێرە دوبارە ناکرێنەوە، چونکە لە داهاتوی سادەدا هەردو شێوازەکە خراونەتەڕو.

**٢. ڕستەی لێکدراو (Compound sentence):** ڕستەی لێکدراو "بریتیە لە دو ڕستەی سادە، یان زیاتر کە بە هۆی ئامرازێکی لێکدەرەوە [Coordinating Conjunction] پێکەوە گرێ دەدرێن"(Howard:٢٠٠٧:١٢٣). وەك ئەم نمونەیە:

- Ari phoned, and He left a message. *(ئاری تەلەفۆنی کرد و ئەو نامەیەکی جێهێشت)*

گرنگترین ئامرازە لێکدەرەکانیش لە زمانی ئینگلیزیدا ئەمانەن: ( and, for, but, so, or, yet, nor,). ڕستە سادەکان بە هۆی ئەم ئامرازانەوە لێکدەدرێن و ڕستەیەکی لێکدراو دروستدەکەن، هەر ئامرازێك بۆ واتایەکی تایبەت و مەبەستی جیا بەکاردێن.

شتێکی ڕونە کە ئەو ڕستە سادانەی کە لە ڕستەی لێکدراودا لێکدەدرێن، هەر یەکەیان بە تەنیا سەربەخۆن و لە دەوروبەری جیاوازدا بە تەنیا دەتوانن دەربکەون، چونکە "ڕستەی لێکدراو بریتیە لە بەستنەوەی دو ڕستەی سادە پێکەوە"(Alexander: ١٩٩٠:٨) بۆ نمونە:

- Ari waited for the train. (*ئاری چاوەڕێی شەمەندەفەرەکەی دەکرد*)

- The train was late. (*شەمەندەفەرەکە دواکەوت*)

- Ari waited for the train, but the train was late.

هەندێ جار لەبری ئامرازە لێکدەرەکان دەتوانین بە هۆی وێرگوڵێکەوە کە شوێنی ئامرازە لێکدەرەکان دەگرێتەوە، دەتوانرێ ڕستەی لێکدراو دروستبکرێ. وەك:

- Sara is tired; Siza is hungry. *(سارا ماندوە؛ سیزە برسیەتی)*

لە ڕستەی لێکدراودا کاتێ ئامرازی لێکدەر بەکاردێ "پێویستە لە پێش ئامرازەکان وێرگوڵێك [,] دابنرێ، تەنیا [and] نەبێ کە لە پێشیەوە پێویستی بە وێرگوڵ نیە"(هەمان سەرچاوە). وەك:

- He washed the car and polished it. (*ئەو ئوتومبێلەکەی شۆرد و پۆلیشی کرد*)

- He washed the car, but didn't polish it. (*ئەو ئوتومبێلەکەی شۆرد، بەڵام پۆلیشی نەکرد*)

ئەگەرچی ئەم ڕستانە لێکدراون، بەڵام "ڕیزبونی بنچینەیی کەرەسەکان لەم ڕستانەدا پارێزراودەبێ"(هەمان سەرچاوە). واتە؛ گۆڕان لە ڕیزبونی کەرەسەکان لە ڕستە سادەکاندا ڕونادا. وەك:

<u>Sara</u> <u>fell of</u> <u>her bike</u>, <u>but</u> <u>(she)</u> <u>was</u> <u>unhurt</u>.*(سارا لە بایسکلەکەی بەربۆوە، بەڵام ئازاری نەبو)*

تەواوکەر کار بکەر ئامراز بەرکار کار بکەر

لە هەمان سەرچاوەدا (Alexander) باسی لەوە کردوە، ئەگەر بکەری هەردو ڕستە سادەکە هەمان کەس بو، ئەوا پێویست ناکا لە ڕستەی دوەمدا بنوسرێتەوە، بەڵام ئەگەر بکەر کەسێکی تر بو، ئەوا پێویستە بنوسرێتەوە. وەك:

1- Ari phoned.  2- Ari left a message.

3- Ari phone and left a message.

لەم نمونەیەدا بکەر لە دوای ئامرازە لێکدەرەکەوە نەنوسراوەتەوە، چونکە هەمان کەس کە (Ari)ە کارەکەی ئەنجامداوە. بەڵام ئەگەر بڕوانینە ئەم دو ڕستەیە:

1- Ari phoned. *(ئاری تێلیکرد)* 2- Akar answered. *(ئاکار وەڵامی دایەوە)*

3- Ari phoned and Akar answered. *(ئاری تێلیکرد و ئاکار وەڵامی دایەوە)*

بە هۆی جیاوازی بکەری هەردو ڕستەکەوە، لە دوای ئامرازەکانەوە بکەر نوسراوەتەوە.

- **جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو:** ئەگەرچی لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بە شێوەیەی دیار و ڕون ڕستەی لێکدراو پۆلیننەکراوە، بەڵام (L. G. Alexander) لە کتێبی ( Longman English Grammar) باسی ئەوەی کردوە کە دەتوانرێ بە هۆی ئامرازەکانەوە کە پەیوەندی نێوان ڕستەکان دروستدەکەن، چەند جۆرێك لە ڕستەی لێکدراو دەستنیشانبکرێ کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

٢-١ ڕستەی لێکدراوی زیادکراو (addition): ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە کە بە هۆی ئامرازی لێکدەری (and)ەوە دروستدەبن. ئەم ئامرازانە تەنیا دو ڕستە سادەکە پێکەوە دەبەستنەوە و هیچ پەیوەندییێکی واتایی لە نێوان ڕستەکاندا نیشاننادا. وەك:

- He washed the car and polished it. *(ئەو ئوتومبێلەکەی شۆرد و پۆلیشی کرد)*

٢-٢ ڕستەی لێکدراوی دژیەك (Contrast): ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە کە ئەنجامی ڕودانی کاری ڕستەی دوەم، پێچەوانە و دژە لەگەڵ ڕودانی کاری ڕستەی یەکەم. هەروەها ئەم جۆرە ڕستانە بە هۆی ئامرازەکانی (but/yet)ەوە دروستدەبێ. وەك:

- She sold her house, but (she) can’t help regretting it.

(ئەو خانوەکەی فرشت، بەڵام خەمی لێ ناخوا)

٢-٣ ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردە (choice): ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە بە هۆی ئامرازی لێکدەری (or) دروستدەبن. هەروەها ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە لە کارەکانی ڕستە سادەکان، تەنیا یەکیان ئەنجامدەدرێ. وەك:

- You can park your car in the park, or on the road.

٢-٤ ڕستەی لێکدراوی ئەنجام (Result): ئەو ڕستە لێکدراوەیە کە ڕودانی کاری ڕستەی دوەم بە هۆی ئەنجامی ڕودانی کاری ڕستەی یەکەمەوە دروستبوە. ئەم ڕستە لێکدراوانە بە هۆی ئامرازی لێکدەری (So)ەوە دروستدەبن. وەك:

- He couldn’t find his pen, so he wrote in pencil.

*(ئەو قەڵەم جافەکەی نەدۆزیەوە، بۆیە بە ڕەساس نوسی)*

٢-٥ ڕستەی لێکدراوی هۆکار (Reason): ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە بە هۆی ئامرازی لێکدەری (for)ەوە دروستدەبن. ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە کە ڕودانی کاری ڕستەی دوەم لە پێناو ئەنجامدانی کاری ڕستەی یەکەمە. وەك:

-She did not cheat on the test, for it was not the right thing to do.

*(ئەو [مێ] لە تاقیکردنەوەکەدا گزی نەکرد، چونکە پێیوابو کارێکی دروست نیە)*

٢-٦ ڕستەی لێکدراوی بەردەوامی (Continuation): ئەو ڕستە لێکدراوەیە کە ڕستەی دوەم بەردەوامی ڕودانی کاری ڕستەی یەکەمە. ئەم ڕستانە بە هۆی ئامرازی لێکدەری (and then)ەوە دروستدەبێ. وەك:

- He washed the car and then polished it. *(ئەو ئوتومبێلەکەی شوشت و پاشان پۆلیشی کرد)*

بە شێوەیەکی گشتی ڕستەی لێکدراو ڕستەیەکی چالاکە و لە قسەکردن و نوسیندا زیاتر بەکاردێ.

**٣. ڕستەی تێکەڵ (Complex sentence):** بریتیە لەو ڕستەی کە "لە ڕستەیەکی سادە، یان ڕستەیەکی سەربەخۆ[شاڕستە] [independent clause][1] لەگەڵ یەك ڕستەی شوێنکەوتو [پاڕستە] [dependent clause][2] بە لایەنی کەمەوە دروستدەبێ"(Sinclair:٢٠٠٤:٥٧). واتە؛ ڕستەی تێکەڵ بە لایەنی کەمەوە لە شاڕستە و پاڕستەیەك دروستدەبێ. وەك:

- I am glad <u>that you are joining our company.</u> *(من دڵخۆشم کە تو هاتیە کۆمپانیاکەمان)*

دەشێ زیاتر لە یەك پاڕستە لە ڕستەی تێکەڵدا دەربکەوێ، بەڵام هەمیشە دەبێ یەك شاڕستە هەبێ. وەك:

- <u>When he came late to the class</u>, he forgot to give the teacher his homework, <u>but the teacher didn't blame him</u>.

*(ئەو کاتێ درەنگ هاتە پۆلەوە، بیریچوبو ئەرکیماڵەوە بداتە مامۆستاکە، بەڵام مامۆستاکە لۆمەی نەکرد)*

لە ڕستەی تێکەڵدا "یەك بیرۆکەی (Main idea) هەیە کە دەتوانێ بە تەنیا وەکو کەرسەیەکی سەربەخۆ بەکاربێ و واتایەکی سەربەخۆی هەیە. ئەوانی تر هەمو دەبن بە ڕستەی پاشکۆ (Subordinate)ن و ناتوانن بە تەنیا دەربکەون، چونکە واتایەکی سەربەخۆیان نیە" (Alexander:١٩٩٠). هەروەها "پاڕستەکان هەمیشە بە ئامراز دەستپێدەکەن و ئەم ئامرازانە وا

---

[1] (Main clause) یشی پێدەوترێ.
[2] (subordinate clause) یشی پێدەوترێ.

لەو پارستەیە دەکەن کە نەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکاربێن، ئەگەرچی پارستەکان کار و بکەریشی تێدابێ"(Laurie:٢٠٠٣:١٥٣). وەك:

- The alarm was raised. *(زەنگەکە بەرزبۆوە)* (شارستە)

- When the fire was discovered. *(کاتێ ئاگرەکە دۆزرایەوە)* (پارستە)

- The alarm was raised When the fire was discovered. (ڕستەی تێکەڵ)

لە ڕستەی تێکەڵدا شارستە و پارستە بە هۆی ئامرازی لێکدەرەوە ( Subordinating Conjunction) بە یەکەوە گرێدەدرێن. ئەم ئامرازە لێکدەرانە بە پێی جۆری پارستەکان پەیوەندیی واتایی نێوان شارستە و پارستەکان نیشاندەدەن. وەك وەك لە خوارەوە پۆلینکراون:

- مەرج (Condition): بە هۆی ئامرازە لێکدەرەکانی (if-unless-even if) دروستدەبێ. وەك:

- If you have completed the course, you will receive a Certificate.

*(ئەگەر کۆرسەکەت تەواوکردبێ، ئەوا ڕەنگە بڕوانامە وەربگری)*

- هۆ (Reason): بەهۆی ئامرازە لێکدەرەکانی (because-as-as if) دروستدەبێ. وەك:

- Because my coffee was too cold, I heated it in the microwave.

*(لەبەرئەوەی قاوەکەم زۆر ساردبو، لە مایکرۆوەیڤەکە گەرممکردەوە)*

- هەڵبژاردن (Choice): بەهۆی ئامرازە لێکدەرەکانی (than-rather than-whether) دروستدەبێ. وەك:

- I like coffee rather than tea. *(من حەزم لە قاوەیە زیاتر لە چا)*

- دژ (Contrast): بەهۆی ئامرازە لێکدەرەکانی (thought-although-even though) دروستدەبێ. وەك:

- The actor was happy to get a part in a movie <u>although the part was a small one.</u>

*(ئەکتەرەکە دڵخۆشبو کە دەورێکی لە فیلمەکە هەبو، هەرچەندە دەورەکەش بچوك بو)*

- شوێن (Place): بە هۆی ئامرازە لێکدەرەکانی (where-wherever) دروستدەبێ. وەك:

- <u>Wherever you go</u>, you can always find beauty. *(بۆ هەرکوێ بڕۆی هەمیشە دەتوانی جوانی بدۆزییەوە)*

- ئەنجام-کاریگەریی (Result-effect): بە هۆی ئامرازە لێکدەرەکانی (that-so-so that) دروستدەبێ. وەك:

- The dog runs fast, <u>so make sure you watch him.</u> (ئەنجام)

*(سەگەکە بەخێرایی ڕادەکا، بۆیە تۆ دەبێ دڵنیابی لەوەی کە چاوت لێیەتی)*

- کات (Time): بە هۆی ئامرازە لێکدەرەکانی (-while-when-once-since-as soon as whenever-after-until-before) دروستدەبێ. وەك:

- When she was younger, she believed in fairy tales.

*(کاتێ ئەو گەنجتربو باوەڕی بە چیرۆکی ئەفسانەیی هەبو)*

بە شێوەیەکی گشتی لە ڕستەی تێکەڵدا شاڕستەکان بریتین لە ڕستەیەکی سادە لە ڕوی فۆڕم و واتاوە. تەنانەت ڕیزبونی کەرەسەکان لەم شاڕستانەدا گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت. لە بەرامبەردا پاڕستەکان ڕستەی نا سەربەخۆن و هەمیشە ئامرازیان لە پێش دێ. ئەم پاڕستانە بە شێوەیەکی گشتی وەکو دیارخەر دەردەکەون، جا چ دیارخەری ناوی بێ، یان دیارخەری کار. پاڕستەکانیش سێ جۆرن:

- **پاڕستەی ئاوەڵناوی (Adjective clause):** بریتیە لەو "پاڕستەیەی کە وەسفی ناو، یان ڕاناوێ دەکا"(Laurie:٢٠٠٣:١٥٧). واتە؛ ئەم جۆرە پاڕستەیە وەسفی ناوێك یان ڕاناوێك دەکەن لە شاڕستەکەدا، بۆیە دەبن بە دیارخەری ئەو ناو و ڕاناوە. وەك:

- **The girl** whom you teach is my sister. *(ئەو کچەی تۆ وانەت پێوت، خوشکمە)*

ئەم جۆرە پاڕستانە بە گشتی بە ڕاناوەکانی (...who-whom-whose-which-that) دەستێدەکەن. ئەم ڕاناوانەش پێیان دەوترێ (Relative pronoun)، بۆیە زۆرجار بەم جۆرە پاڕستانە دەوترێ (Relative clause) لە بری (Adjective clause). هەروەها ئەم ڕاناوانە دەتوانن وەکو بکەر و بەرکار و تەواوکەری بەیاریدە...هتد لە ڕستەکاندا ڕۆڵ ببینن.

پاڕستەی ئاوەڵناوی "بەوە دەناسرێتەوە کە وەڵامی پرسیاری (which one)[1] و ( what kind)[2] دەداتەوە"(Laurie:٢٠٠٣:١٥٨). وەك:

- The book which I had not read fell on my head.

*(ئەو کتێبەی نەمخوێندوّتەوە لەناو مێشکمدایە)*

لەم ڕستەیەدا ئەگەر بپرسین کام کتێب (which book)؟ وەڵامەکەی دەبێتە ( which I had not read) کە پاڕستە ئاوەڵناویەکەیە.

- **پاڕستەی ئاوەڵکاری (Adverb clause):** پاڕستەی ئاوەڵکاری ئەو پاڕستەیە کە "لە ڕستەی تێکەڵدا وەکو ئاوەڵکار ڕۆڵ دەبینێ و وەسفی کاری شاڕستەکە دەکا"(Laurie:٢٠٠٣:١٥٦). وەکو:

- I walked before the sun went down. *(من پیاسەم کرد، پێش ئەوەی خۆرئاوابێ)*

---

[1] کامە
[2] کامە جۆر

پاڕستەی (before the sun went down.) وەسفی کاری (walked)ی کردوە لە ڕوی کاتی ڕودانەوە. ئەم پاڕستانە دەتوانرێ بە ئاوەڵکارێکی کاتی ئاڵوگۆڕ بکرێ. وەك:

- I walked today. *(ئەمڕۆ پیاسەم کرد)*

ئەم پاڕستانە وەسفی کار دەکەن لە ڕوی کات و چۆنیەتی و هۆ و ...هتد. هەوەها پاڕستەی ئاوەڵکاری وەڵامی پرسیارەکانی (when-where-why) دەدەنەوە. وەك:

- When you walked? *(کەی تۆ پیاسەتکرد؟)*

- Before the sun went down. *(پێش خۆرئاوابون)*

پاڕستەی ئاوەڵکاری بە هۆی هەندێ ئامرازی لێکدەری تایبەت بە خۆیەوە دروستدەبێ. گرنگترین ئەو ئامرازانەش ئەمانەن: (until-while-unless-if-since-than-because...).

- **پاڕستەی ناوی (Noun clause):** بریتیە لەو پاڕستەی کە "وەکو ناوێك ڕۆل دەبینێ لە ڕستەی تێکەڵدا، چونکە دەتوانێ ببێتە بکەر و بەرکار و تەواوکەری بەیاریدە....هتد."(هەمان سەرچاوە:١٥٩). وەك:

- On weekends, we can do whatever we want. (پاڕستەی ناویە-بەرکارە)

*(لە کۆتایی هەفتەکان دەتوانین هەر شتێك بکەین کە دەمانەوێ)*

- Choose a gift for whomever you want. *(دیارییەك هەڵبژێرە بۆ ئەو کەسەی خۆت دەتەوێ)*

لەم ڕستەیەدا پاڕستەی (whomever you want.) بوە بە تەواوکەر بۆ ئامرازی پەیوەندی (for).

- Whichever restaurant you pick is fine with me. (پاڕستەی ناویە- بکەرە)

*(کامە ڕێستورانتی تۆ هەڵیدەبژێری، ئاساییە بۆ من)*

پاڕستەی ناوی بە زۆری بە هۆی ئامرازە لێکدەرەکانی (whatever-whoever-who-that-which-where-when...) دروستدەبێ.

زۆرجار شاڕستە و پاڕستە جێگۆڕکێ دەکەن و بێ ئەوەی هیچ کارێك لە واتای ڕستەکە بکەن.

**٤. ڕستەی لێکدراوی تێکەڵ (Compound-complex sentence):** جۆرێکی ترە لە جۆرەکانی ڕستە لە زمانی ئینگلیزیدا. ئەم جۆرە ڕستەیە "بریتیە لەو ڕستەیەی کە بە لایەنی کەمەوە لە دو ڕستەی سەربەخۆ (شاڕستە) و ڕستەیەکی ناسەربەخۆ (پاڕستە) پێکدێ"(Laurie:٢٠٠٣:١٧٠). واتە؛ دو شاڕستە لەگەڵ یەك پاڕستە بە لایەنی کەمەوە، یەکدەگرن و ڕستەی لێکدراوی تێکەڵ دروستدەکەن. ئەم ڕستانە تەنیا لە ڕوی پێکهاتنەوە جیاوازن لە ڕستەی لێکدراو و تێکەڵ، چونکە پارچە لێکدراوەکەی بریتیە لە دو شاڕستە یان زیاتر و پارچە تێکەڵەکەی بریتیە لە یەك پاڕستە بە لایەنی کەمەوە. واتە؛ پێکهاتەی ئەم جۆرە ڕستانە زۆر فراوانە. وەك:

- The bird was sitting on his perch and he was happily eating his food, but then it fell.

*( باڵندەکە لە ناو هێلانەکەی هەڵنیشتبو و بە دڵخۆشی خواردنەکەی دەخوارد، بەڵام دواتر لێی کەوت).*

شارستە1　　　　　　شارستە2　　　　　　پارستە

پارستەکان لەم ڕستانەدا دەشێ هەمان جۆری پارستەبن کە لە ڕستەی تێکەڵدا دەردەکەوتن.

**تەوەری دوەم: شێوازی بکەرنادیار (passive) لە زمانی ئینگلیزیدا:**

قسەپێکەرانی هەمو زمانێك شێوازی جۆراوجۆری کار بەکاردەهێنن بۆ گوزارشتکردن و دەربڕینی بیرۆکەکانیان. هەمو دەربڕینێك پەیوەستە بە بارودۆخی دەرونی و جەستەیی قسەکەرەوە. زۆرجار قسەکەر کەرەسەیەك لە کەرەسە سەرەکیەکانی ڕستە دەکرتێنێ، لە بەرامبەردا هەندێ جار کەرەسەی لاوەکی بێسنور لە قسەکانیدا بەکاردێنێ. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئەگەرانەدا دەشێ بگوترێ کە ئەو دەربڕینەی کە بکەری تێدانەبێ و بەرکاری تێدا بە لوتکە کرابێ، ئەوا پێی دەوترێ شێوازی بکەرنادیار.

نادیاری، یان بکەر نادیار لە زمانی ئینگلیزیدا بەو ڕستانە دەوترێ کە بە بەرکار دەستپێدەکا و بکەری تێدانیە، یان بکەر کەرەسەیەکی خۆشەکیە. هەروەها لە شێوازی بکەرنادیاردا بایەخ بە ڕوداو دەدرێ، نەك ئەنجامدەرەکەی (بکەرەکەی)، واتە؛ لە نادیاریدا ئەو شتەی کە قسەکەر بەلایەوە گرنگە بە لوتکەی دەکا، بۆیە دەیهێنێتە سەرەتای ڕستەوە و هەوڵدانەکە دەربارەی ئەوە. ئاشکرایە لە نادیاریدا بەرکار مەبەستی سەرەکی قسەکەرە، نەك بکەر، بۆیە لەم بارانەدا بکەر بە نادیاری دەمێنێتەوە، هەروەها "تەنیا کاری تێپەڕ دەتوانێ بکەر نادیاری لێ دروستبکرێ، بەڵام لە تێنەپەڕدا ناتوانرێ"(Azar&hagen:٢٠٠٩:٢١١). ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاری تێپەڕ بەرکاری هەیە و ئەم بەرکارە بە لوتکە دەکرێ، بەڵام سیفەتی بەرکاری خۆی لەدەستنادا. هەروەها بە شێوەیەکی گشتی "نادیاری هەندێ جار کاتێ بەکاردێ کە نازانرێ، یان گرنگ نیە کە کێ کارەکەی ئەنجامداوە"(هەمان سەرچاوە:٢١٤).

**- یاسای پێکهاتنی بکەر نادیار لە زمانی ئینگلیزیدا:** لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ دروستکردنی ڕستەی بکەر نادیار، تەنیا یەك یاسای گشتیی چەسپاو هەیە، ئەویش بەم شێوەیە:

{[1]S + Aux.verb (be) + Main verb (p.p) + by + Agent}

به خورتی — خۆشەکی

لە شێوەی نادیاریدا کاری سەرەکیی ڕستە هەمیشە لە شێوەی سێیەمی کار (past participle)[2]دا دەبێ. هەروەها کاری یاریدەدەر لەگەڵ هەمو دەمەکانی کاری نادیاردا بەکاردێ و

---

[1] ئەگەرچی ئەمە یاسای کاری بکەر نادیارە، بەڵام توێژەران (لەوانە: Raymond murphy, John Eastwood, Azar & Hagen) ئەم کەرەسەیە ناودەنێن بکەر، ئەگەرچی خۆی بەرکارە و هەر بە سیفەتی بەرکاریش دەمێنێتەوە. بۆ نمونە:

- Akam helped the boy. (s+ main verb+ object).
- the boy was helped by Akam. (s+ aux.verb+ main verb+ by+ agent)

[2] شێوەی سێیەمی کار (past participle) لە زمانی ئینگلیزیدا بەم شێوەیە دروستدەکرێ:

- ئەگەر کارەکە ئاسایی (regular) بو: (ed) یان (d) بۆ کۆتایی کار زیاد دەکەین. وەك: learn → learned, damage → damaged
- ئەگەر کارەکە ئاسایی نەبو(irregular): هیچ یاسایەکی چەسپاوی نیە و پێویستە لەبەربکرێن. وەك: write → written , speak → spoken

جێی سەرنجە کە گۆڕانکاری سەرەکی لە کاتەکان بە هۆی ئەم کارە یاریدەدەرانەوە ئەنجامدەدرێ، ئەگەرچی هەندێ جار زیاتر لە یەك کاری یاریدەدەر بۆ گوزارشتکردن لە بارەکە دەردەکەون. واتە؛ گۆڕانکاریەکە تەنیا لە کارە یاریدەدەرەکاندا ڕوودەدا، نەك کارە سەرەکیەکان. وەك:

- The boy is helped by akam. (*کوڕەکە یارمەتی دەدرێ لە لایەن ئاکامەوە*)(ڕانەبوردوی سادە)

- The boy was helped by akam. (*کوڕەکە یارمەتی درا لە لایەن ئاکامەوە*)(ڕابوردوی سادە)

هەروەها هەر لە شێوەی نادیاردا "هەندێ جار قسەکەر بە نادیاری قسەدەکا و لە ڕێگەی (by+ phrase)ەوە بکەرێکی دەستنیشانکراو دەخاتەڕو"(Azar & Hagen:٢٠٠٩:٢١٤). وەك:

-The Telephone was invented <u>by</u> <u>Bell.</u> (*تەلەفۆن داهێنرا لە لایەن بێلەوە*)

ئەم جۆرە بکەرە دەستنیشانکراوە دەکەوێتە کۆتایی ڕستەکە و پێی دەوترێ(Agent) کە بە واتای "بریکار" دێ، نەك بکەر (subject)، ئەم بریکارە کەرەسەیەکی خۆشەکیە و دەشێ لاببرێ.

لە هەندێ باری قسەکردندا، بە تایبەتی کاتێ قسەکەر بە شێوەیەکی نافەرمی دەدوێ، دەتوانرێ بە هۆی (Get)ەوە شێوەی نادیاری دروستبکرێ، ئەوکات (Get) شوێنی (v.be) دەگرێتەوە. واتە؛ پێکهاتەکە لە بری (v.be+ p.p) دەبێتە (get+Ajectival) وەك:

- The trees <u>got</u> <u>damaged</u> in the wind. (*دارەکان زیانیان بەرکەوت لە ڕەشەباکەدا*)

جێگەی باسە کە نادیاری بە هۆی (Get)ەوە تەنیا بۆ شێوازی نافەرمی و قسەکردنە، بۆیە لە شێوازی فەرمیدا پێویستە شێوەی (v.be+ p.p) بەکاربێ.

**- بارەکانی بەکارهێنانی بکەر نادیار لە زمانی ئینگلیزیدا:** وەکو هەمو دەمەکانی تری کار، شێوەی نادیاری لە زۆر باردا بەکاردێ، گرنگترین ئەو بارانەش ئەمانەن:

- کاتێ قسەکەر نازانێ بکەری ڕستەکە کێیە. وەك: - My wallet has been stolen.

(*جزدانەکەم دزراوە*)

- کاتێ قسەکەر بیەوێ بەرکار بە لوتکە بکا: وەك: - President Kennedy was killed by Lee

(*سەرۆك کەنەدی کوژرا لەلایەن لیەوە*)

- کاتێ قسەکەر نایەوێ، یان لای گرنگ نیە بکەر کێیە. وەك: - Our house is being painted.

(*خانوەکەمان بۆیەدەکرێ*)

- کاتێ بکەر شتێکی گشتی بێ. وەك: - The emergency service can be called always.

(*خزمەتگوزاریی فریاکەوتن دەتوانرێ هەموکاتێ پەیوەندی پێوەبکرێ*)

- لە کاتی نوسینی فەرمی و زانستی: - potassium was added and mixed in.

(*پۆتاسیۆم زیاددەکرێ و تێکەڵدەکرێ*)

بکەر نادیار لە چەند بارێکی تردا بەکاردێ وەك (خۆدزینەوە لە بەرپرسیاریەتی و کاتی دەرکردنی فەرمان و لەگەڵ هەندێ کاری دیارکراودا...هتد)، بەڵام گرنگترین بارەکان ئەو پێنجەیانە.

**- فۆڕمەکانی نادیاری(passive forms) لە زمانی ئینگلیزیدا:** لە ڕوی دەربڕین و گوزارشتکردنی دەمکاتەکان زمانی ئینگلیزی زمانێکی ورد و ڕونە، لەبەرئەوەیە کە کۆمەڵێ شێوازی جۆراوجۆر و وردو ئاڵۆزی هەیە لە هەمو بارەکاندا. لە هەمو ئەم شێوازانەشدا بکەرنادیار ڕۆلی سەرەکی و دیاری هەیە، بۆیە لە خوارەوە بە کورتی و پوختی فۆڕمەکانی بکەر نادیار لە هەر دەمێکدا خراوەتەڕو:

- ڕانەبوردوی سادە (Present simple): لەم دەمەدا فرمانی یاریدەدەر (is/are/am) دەبێ، چونکە بۆ گوزارشتکردنە لە کاتی ڕانەبوردوی سادە. هەروەها لە هەمو بارەکان کاری سەرەکی لە شێوەی سێیەمدادەبێ و بەرکاریش لە سەرەتای ڕستەکەوە دەردەکەوێ. وەك:

- The boy is helped. (*کوڕەکە یارمەتی دەدرێ*)

- ڕانەبوردوی بەردەوام (Present continuous): بە هەمان شێوە لە ڕانەبوردوی بەردەوامدا لەم فرمانی یاریدەدەر (is/are/am) دەبێ، لە دوای ئەمانەوە نیشانەی بەردەوامی (being) دادەنرێ کە بۆ گوزارشتکردنە لەم دەمکاتە و ئەم نیشانەیە کەرەسەیەکی چەسپاو و بە خورتیە. وەك:

- The boy is being helped. (*کوڕەکە ئێستاش یارمەتی دەدرێ*)

- ڕانەبوردوی تەواو (Present perfect): لە ڕانەبوردوی تەواودا فرمانی یاریدەدەر (have/has)ە کە بە پێی بکەری ڕستەکە دەرکەوتنیان دەگۆڕێ، چونکە ئەگەر بکەر (he/she/it) بو، ئەوا (has) بەکاردێ، بەڵام ئەگەر بکەر (I/we/you/they) بو، ئەوا (have) بەکاردێ. دوای ئەمانەش (been) بەکاردێ کە نیشانەی ڕانەبوردوی تەواوە. وەك:

- The boy has been helped.[1]

- ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام (Present perfect continuous): ئەم تێنسە هەمان پێکهاتەی ڕانەبوردوی تەواوی هەیە، تەنیا نیشانەی کاتەکە دەگۆڕێ، واتە؛ (been) دەبێتە (being). وەك:

- The boy has being helped.

- ڕابوردوی سادە (Past simple): لەم دەمەدا فرمانی یاریدەدەر(was/were) دەبێ کە شێوەی ڕابوردوی (is/are/am)ە، چونکە بۆ گوزارشتکردن لە کاتی ڕابوردوی سادە دەبێ ئەمانەش ببنە ڕابوردو. وەك:

[1] هەندێ لە دەمکاتەکان وەرناگێردرێنە سەر زمانی کوردی، چونکە ئەو دەمکاتانە لە زمانی کوردیدا نین.

- The boy was helped. (*کوڕەکە یارمەتی درا*)

- ڕابوردوی بەردەوام (Past continuous): ڕابوردوی تەواو هەمان پێکهاتەی ڕانەبوردوی تەواوی هەیە، تەنیا نیشانەی کاتی ڕانەبوردوی(is) دەبێتە (was)، کەرەسەکانی تر وەك خۆیان دەردەکەونەوە. وەك:

- The boy was being helped. (*کوڕەکە یارمەتی دەدرا*)

- ڕابوردوی تەواو (Past perfect): لە ڕابوردوە تەواودا (had) لە بری (have/has) بەکاردێ، چونکە شێوەی ڕابوردوی (have/has) بریتیە لە (had). لە دوای ئەمەشەوە نیشانەی تەواوی (been) دادەنرێتەوە. سەبارەت بە کەرەسەکانی تری وەکو بەرکار و کاری سەرەکی بەبێ گۆڕانکاری دەردەکەونەوە. وەك:

- The boy had been helped. (*کوڕەکە یارمەتی دراوە*)

- ڕابوردوی تەواوی بەردەوام (past perfect continuous): ئەم جۆرە تێنسە هەمان پێکهاتەی ڕابوردوی تەواوی هەیە، بەڵام تاکە جیاوازییان لە نیشانەی کاتدایە کە لەم ڕستانەدا (been) دەگۆڕێ بۆ (being)، چونکە پێویستە بەردەوامی لە ڕودانی کارەکەدا هەبێ. وەك:

- The boy had being helped. (*کوڕەکە یارمەتی دەدرا*)

- داهاتوی سادە (Future simple): کاتی داهاتو جیاوازیی زۆرترە لە کاتی ڕابوردو و ڕانەبوردو، چ لە واتادا بێ، یان لە پێکهاتەکەی. لەم ڕستانەدا کاری یاریدەدەر دەبێتە (will) کە نیشانەی کاتی داهاتوی سادەیە. لە دوای (will) دەبێ (be) دابنرێ، چونکە ڕستەکە پێویستی بە شێوەی چاوگە (infinitive). هەرچی سەبارەت بە بەرکار و کاری سەرەکیە، ئەوا هەمان شێوەی ڕابوردو و ڕانەبوردویان هەیە. وەك:

- The boy will be helped. (*کوڕەکە ڕەنگە یارمەتی بدرێ*)

داهاتوی سادە لە کاتی هەبونی پلان و دڵنیایی لە داهاتودا دەتوانرێ بە هۆی کاری یاریدەدەری (is/are going to) دروستبکرێ کە شوێنی (will) دەگرێتەوە. وەك:

- The boy is going to be helped. (*کوڕەکە یارمەتی دەدرێ*)

- داهاتوی تەواو (Future perfect): بە هەمان شێوەی داهاتوی سادەوە، داهاتوی تەواو بە هۆی (will) دروستدەبێ، بەڵام لە بری (be)، هەمیشە (have) بەکاردێ کە ئەویش نیشانەی داهاتوی تەواو دەردەخا. وەك:

- The boy will have helped. (*کوڕەکە ڕەنگە یارمەتی بدرێ*)

هەروەها دەتوانرێ بە هۆی کارە مۆداڵیەکان (can/might/maybe ...)ەوە بکەر نادیاری کاتی داهاتو دروستبکرێ، کە جیاوازییان لە واتادایە، چونکە کارە مۆدەڵیەکان ڕودانیان ئەگەر و نەگەرە. واتە؛ ئەم کارانە لە کاتی داهاتودا دەشێ ڕوبدەن و دەشێ ڕونەدەن. وەك:

- The boy can be helped. (*کوڕەکە دەتوانرێ یارمەتی بدرێ*)

- The boy maybe helped. (*کوڕەکە لەوانەیە یارمەتی بدرێ*)

جێی سەرنجە کە ئەم جۆرە دەمکاتە وەکو هەمو دەمکاتەکانی تر بەرکار و کاری سەرەکی بە شێوەیەکی نەگۆڕ دەردەکەون، بەڵکو ئەوەی دەگۆڕێ کارە یاریدەدەرەکانن.

# بەشی پێنجەم

# بەرامبەرکردنی هەندێ لایەنی زمانی کوردی و ئینگلیزی لە ڕستەسازیدا

لەم بەشەدا هەوڵدەدرێ کە هەردو زمان لە ئاستی ڕستەسازیدا بەراوردبکرێن و پاشان لایەنی لێکچون و جیاوازییان بخرێتەڕو، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو ئەنجام و بنەمایانە فێربونی زمانی دوەم کە زمانی ئینگلیزیە بۆ فێرخوازانی زمانی یەکەم کە زمانی کوردیە ئاسانبکرێ و ڕێگەچارەی گونجاو بۆ سەرخستن و بەرەوپێشبردنی پرۆسەکە بگیرێتەبەر.

بە شێوەیەکی گشتی بەراوردکردنی دو زمان لەسەر چەند بنەمایەك دەکرێ. بەپێی تیۆری شیکردنەوەی بەرامبەری (Contrastive Analysis)، ئەوا دو زمان لە ئاستێکی دیارکراودا بەراورددەکرێن و لایەنی لێکچون و جیاوازییان دەستنیشاندەکرێ و ئەو ئەنجامانەی بەدەستدەگا بۆ فێرکردنی زمانی دوەم لە لایەن فێرخواز و فێرکارانی زمانەکەوە سودی لێدەبینرێ. بە جۆرێ کە لایەنە وێکچوەکان دەبنە ئاسانکاری بۆ پرۆسەی فێربونەکە و لایەنە جیاوازیەکانیشیان دەبنە ڕێنیشاندەر و فێرخوازانی لێ وشیاردەکرێنەوە. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە لەو بوارەدا، هەوڵدەدا کە دیارترین و زەقترین لایەنی لێکچون و جیاوازیی نێوان هەردو زمانەکە دیاربکا. وەك لە خوارەوە خراونەتەڕو:

## تەوەری یەکەم: ڕیزبون و پێکهاتەی فرێزەکان:

**- فرێزەکان:** دەتوانرێ بوترێ کە کەمترین جیاوازی و زۆرترین لێکچون لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا لە ئاستی فرێزەکان و ڕیزبونی کەرسەکانیانەوە بەرچاو دەکەوێ. بە شێوەیەکی گشتی لە هەردو زماندا پێنج جۆرە فرێز[1] دەستنیشانکراوە، دو لەو فرێزانە وەکو کەرسەی سەرەکیی ڕستە دەردەکەون و سیانەکەی تر تەنیا وەکو کەرسەی خۆشەکی دەردەکەون. لە خوارەوە گرنگترین خاڵی لێکچون و جیاوازیی نێوان هەر یەك لە فرێزەکان خراوەتەڕو:

**١-١ فرێزی ناوی:**

- لێکچونەکان:

١-١-١ لە هەردو زماندا سەرەی فرێزی ناوی دەبێ ناو، یان ناوئاسابێ. وەك:

- تارا (ئەو) زیرەکە.

- Tara (she) is clever. *(تارا زیرەکە)*

١-١-٢ لە هەردو زماندا دیارخەرەکان بە شێوەی جیاواز، لە پێش و دوای سەرەی ناوی دەردەکەون. وەك:

- دو **سێوی** سورم خوارد.

- I ate two red **apples** .*(دو سێوی سورم خوارد)*

[1] فرێزەکان بریتین لە ( ناوی، کاری، ئاوەڵناوی، ئاوەڵکاری و بەند).

١-١-٣ لە هەردو زماندا فرێزی ناوی کەرسەیەکی سەرەکییە لە پێکهاتەی ڕستەکاندا، جا ئەو فرێزە چ وەکو بکەر دەرکەوێ، یان وەکو بەرکار. وەك:

- سێوم خوارد. ⟵ ...م خوارد*.

- I ate apple.⟶ I ate ......*.

*من سێوم خوارد*     *من خوارد ....*

- جیاوازییەکان:

١-١-٤ لە زمانی کوردیدا سەرەی فرێزی ناوی دەشێ ناو، یان ناوئاسا بێ، بەڵام لە ئینگلیزیدا سەرەی فرێزەکە دەشێ ناو، ڕاناو، یان چاوگ بێ. وەك:

- **ئەو/ نەسرین** بێباکە.

- نوسینەکان جوانن.

- Nasrin (she) is a frank girl. *(نەسرین کچێکی قسەلەڕوە)*

- Swimming is my favourite sport. *(مەلەکردن پەسەندترین وەرزشە لای من)*

١-١-٥ لە پێکهاتەی ناوەوەی فرێزی ناوی لە کوردیدا ئامرازی ناسیاوی و نەناسیاوی هەمیشە دەچێتە دوای سەرەی فرێزی ناوی، بەڵام لە ئینگلیزیدا ئەو ئامرازانە دەچنە پێش سەرەکە. وەك:

- کوڕەکە/ەك/ێك ....

- The/a boy. *(کوڕەکە)*

- An apple. (*سێوێك*)

١-١-٦ لە کوردیدا دیارخەری پێش سەرە بەبێ ئامرازی دانەپاڵ دەخرێتە پێش سەرەی فرێزی ناوی، بەڵام دیارخەری دوای سەرە پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ هەیە، کەچی لە ئینگلیزیدا دیارخەرەکانی پێش و دوای سەرە بەبێ ئامرازی دانەپاڵ لەگەڵ سەرەی فرێزە ناویەکەدا دەردەکەون. وەك:

- تارا <u>دو</u> کتێبی <u>نوێی</u> کڕی.

- There are <u>popular</u> <u>astronomy</u> **books**. (*کتێبی بەناوبانگی فەلەکناسی هەیە*)

فرێزی ناوی لە زمانی کوردیدا دەشێ هەشت ئەرك ببینێ، بە هەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزیدا فرێزی ناوی هەشت ئەرك و ڕۆڵی هەیە، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان جۆری ئەرکەکان. ئەم ئەرکانە و دەرکەوتنی فرێزی ناوی لێرەدا دوبارە نانوسرێنەوە، چونکە لە بەشی پێشودا خراونەتەڕو.

**١-٢ فرێزی کاری:**

- لێکچونەکان:

١-٢-١ له هەردو زماندا فرێزی کاری کەرەسەیەکی سەرەکی پێکهێنانی ڕستەیە، ڕستە بە بێ کار دروستنابێ. وەك:

- منداڵەکە نوست. ⟵ منداڵەکە......*.

- They came.⟶ They ……*.

١-٢-٢ له ڕوی پێکهاتنەوە فرێزی کاری هەمان پێکهاتە و جۆری هەیە، ئەوانیش بریتین لە فرێزی کاری سادە و فرێزی کاری فراوانکراو. وەك:

- تارا گەڕایەوە. ⟵ دوێنێ تارا بەپەلە گەڕایەوە.

- Your camera <u>take</u>s fantastic photos. (*کامێراکەت وێنەی خەیاڵی دەگرێ*)

- You <u>may</u> <u>have</u> <u>played</u> this game before. (*تۆ ڕەنگە پێشتر ئەم یاریەت کردبێ*)

١-٢-٣ له هەردو زماندا فرێزی کاری دەشێ لە پێش و لە دوای سەرەی فرێزەکەوە فراوانبکرێ، جا ئەو فراوانکردنە بە هۆی ئاوەڵکارێکەوە بێ، یان هەر کەرەسەیەکی تری لاوەکییەوە بێ. وەك:

- <u>ئەمرۆ لە هەولێرەوە بەپەل</u>ە دەگەڕێمەوە <u>بۆ سلێمانی</u>.

- Everybody <u>has</u> <u>been</u> <u>working</u> hard. (*هەمو کەس بەهێزەوە کاریاندەکرد*)

- I met him <u>yesterday</u>. (*دوێنێ ئەو[نێر]م بینی*)

- جیاوازییەکان:

١-٢-٤ لە کوردیدا فرێزی کاری هەمیشە پێکهاتەکەی ناسادەیە، چونکە لە بچوکترین پێکهاتنیدا جگە لە ڕەگی کار مۆرفیمی کات و مۆرفیمی کەسیشی لەگەڵدایە، بەڵام لە ئینگلیزیدا دەشێ فرێزی کاری سادە بێ، چونکە هیچ کەرەسەیەکی پێوە نالکێ. وەك:

- خواردØم.
م.کات م.کەس

- I go. (*من دەڕۆم*)

١-٢-٥ لە کوردیدا هەمو کاتەکانی فرێزی کاری لە ڕەگەوە دروستدەکرێن بە یارمەتی مۆرفیمەکانی کات، بەڵام لە ئینگلیزیدا شێوەی چاوگ بناغەی دروستکردنی هەمو فرێزێکی کارییە. وەك:

- <u>هێن</u>ام دە<u>هێن</u>م ب<u>هێن</u>ە.
ڕابوردو ڕانەبوردو فەرماندان

- Ask ⟶ Asked ⟶ Asking.

١-٢-٦ لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردیدا فرێزی کاری لە هەمو کاتەکان وەکو ڕستە دەردەکەوێ و نوێنەرایەتی سادەترین ڕستە دەکا، بەڵام لە ئینگلیزیدا سادەترین ڕستە تەنیا لە فەرماندانی تێنەپەڕدا دەتوانێ ئەم ڕۆڵە ببینێ. وەك:

- هێناØم.

- بینوسەØ.

- Go - Listen – Stop. *(برۆ- گوێبگرە- بوەستە)*

**١-٣ فرێزی بەند:**

- لێكچونەكان:

١-٣-١ پێكهاتەی فرێزی بەند لە هەردو زمانی كوردی و ئینگلیزیدا بریتیە لە (ئامراز+ تەواوكەر). وەك:

- ئەو پارەكەی بۆ من نارد.
ف.بەند

- He sent money to me. *(ئەو[نێر] پارەكەی بۆ من نارد)*
ف. بەند

١-٣-٢ لە هەردو زماندا دەشێ دیارخەری پێش سەرە لە پێش ئامرازەكەوە دەركەوێ. وەك:

- هەمو كارەكان تەنیا بە ئەو بسپێرە.

- They saw us just before breakfast. *(ئەوان تەنیا پێش نانی بەیانی ئێمەیان بینی)*

١-٣-٣ لە هەردوزماندا دەشێ ئەوەی لە دوای ئامرازەكەوە دێ، ناو، یان ڕاناو...هتد بێ. وەك:

- دڵخۆشم بە تارا.

- دڵخۆشم بە ئەو.

- دڵخۆشم بە سەركەوتن.

- I saw him at cinema. *(من ئەوم لە سینەما بینی)*

- You laghued at me. *(تۆبە من پێكەنی)*

١-٣-٤ لە هەردوزماندا فرێزی بەند بە تەنیا بە یەكێك لە ئامراز، یان تەواوكەرەكەی دروستنابێ، بەڵكو بە ئامراز و تەواوكەرێكەوە، ئەوجا دەتوانن فرێزێكی بەند دروستبكەن. وەك:

- تۆ پارەت بۆ .... نارد*.

- تۆ پارەت ... من نارد*.

- تۆ پارەت بۆ من نارد.

- You laghued at …*.

- You laghued … me *

- You laghued at me. *(تۆبە من پێكەنی)*

- جیاوازییەكان:

١-٣-٥ لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار ئامراز و تەواوکەر لە یەك جیانابنەوە، واتە؛ ناشێ ئامراز بێ و تەواوکەر بەدوایدا نەیەت، جگە لە هەندێ باری تایبەتدا[١]، بەڵام لە هەندێ باردا لە زمانی ئینگلیزیدا ئاساییە، ئەگەر تەواوکەر ڕاستەوخۆ بە دوای ئامرازدا نەیەت. وەك:

- منداڵەکە بۆ شیر دەگریێ.

-These are the People that I am happy with. *(ئەو خەڵکانەن کە من دڵخۆشم لەگەڵیان)*

فرێزی بەند لە ڕوی ئەرکەوە لە هەردو زماندا چەند ئەرکێکی جیاواز دەبینێ، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی فرێزی بەند لە ڕستەدا کەرەسەی خۆشەکین، بە دەگمەن بە خورتی دەردەکەون.

**١-٤ فرێزی ئاوەڵناوی:** گرنگترین لێکچون و جیاوازی لەم فرێزەدا ئەمانەی خوارەوەن:

- لێکچونەکان:

١-٤-١ لە هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا فرێزی ئاوەڵناوی دەتوانێ وەکو تەواوکەر و دیارخەر لە ڕستەدا دەرکەوێ. وەك:

- ئەو جوانە. (تەواوکەر)

- گوڵێکی جوانی لێکردەوە. (دیارخەر)

- She is beautiful. (تەواوکەر)

- She picked a beautifull **flower**. (دیارخەر) *(ئەو[مێ] گوڵێکی جوانی لێکردەوە)*

١-٤-٢ لە هەردو زماندا ئەگەر فرێزی ئاوەڵناوی وەکو دیارخەر دەرکەوت، ئەوا کەرەسەیەکی خۆشەکییە و دەشێ لابرێ، بەڵام ئەگەر وەکو تەواوکەر دەرکەوت، ئەوا دەبنە کەرەسەیەکی بە خورتی و لابردنیان دەبێتە هۆی شێواندنی ڕستەکە. وەك:

- ئەو جوانە. ⟵ ئەو .....ە*.

- گوڵێکی جوانی لێکردەوە. ⟵ گوڵێکی لێکردەوە.

- She is beautiful. ⟶ She is .....*.

- She picked a flower. *(ئەو[مێ] گوڵێکی لێکردەوە)*

١-٤-٣ لە هەردو زماندا فرێزی ئاوەڵناوی دەشێ وەکو دیارخەری پێش سەرەی ناوی و دیارخەری دوای سەرەی ناوی دەربکەون. وەك:

- پیاوی ئازا دەرچون.

- باشترین پیاو دەرچو.

---

[١] لەم بارانەدا دەشێ ئامراز و تەواوکەر لێکجیاببنەوە:

١-١ لە پەندی پێشیناندا: **چۆلەکەی کوێر**، خوا هێلانەی **بۆ** دەکا.

١-٢ کاتێ کە تەواوکەر لە شێوەی ڕاناوێکی لکاودا دەربکەوێ: کتێبەکە**تم بۆ** نارد.

- He is <u>a brave</u> man. *(ئەو پیاوێکی ئازایە)*

- I saw a man <u>with black hair</u>. *(من پیاوێکی قژ ڕەشم بینی)*

١-٤-٤ لە هەردو زماندا دەشێ سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی لە پێش و دوایەوە دیارخەر وەربگرێ. وەك:

- وێنەیەکی <u>زۆر</u> **کۆنم** دۆزییەوە.

- فێرخوازێکی **زیرەکی** <u>بە ڕەوشت </u>یەکەمبو.

- I am <u>very</u> **proud** of you. *(من زۆر شانازی بە تووە دەکەم)*

- I am **proud** <u>of his achievement</u>. *(من شانازی بە دەستکەوتەکەیەوە دەکەم)*

١-٤-٥ لە هەردو زماندا ڕادەکان دەشێ ببنە دیارخەری سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی و شوێنەکەشیان جێگیرە و هەمیشە دەکەونە پێش سەرەوە. وەك:

- یانەی هەولێر یاریزانێکی <u>زۆر</u> **باشی** کڕیوە.

- Erbil club bought a <u>very</u> **good** player. *(یانەی هەولێر یاریزانێکی زۆر باشی کڕی)*

- جیاوازیەکان:

١-٤-٦ لە کوردیدا فرێزی ئاوەڵناوی ئەگەر وەکو تەواوکەر دەرکەوت، ئەوا دەچێتە دوای فرێزی ناویی و پێش فرێزی کاری، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا فرێزی ئاوەڵناوی دەشێ لە دوای فرێزی کارییەوە دەربکەوێ. ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕیزبونی کەرەسەکان لە نێوان ئەو دو زمانەدا. وەك:

- ئەو جوان——Øە.

ف.ن ف.ئا ف.ك

- She is beautiful. *(ئەو [مێ] جوانە)*

ف.ئا ف.ك ف.ن

ئەوە ماوە بوترێ کە لە هەردو زماندا سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی دەبێ هەمیشە ئاوەڵناوبێ. لەمانەوە دەردەکەوێ کە فرێزی ئاوەڵناوی کەمترین جیاوازی هەیە لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا.

**١-٥ فرێزی ئاوەڵکاری:**

- لێکچونەکان:

١-٥-١ لە هەردو زماندا دەبێ سەرەی فرێزی ئاوەڵکاری جۆرێك بێ لە جۆرەکانی ئاوەڵکار. وەك:

- <u>هێشتا</u> کارەکانم تەوانەکردوە.

- We answer quickly. *(ئێمە بەخێرایی وەڵامدەدەینەوە)*

١-٥-٢ لە هەردو زماندا دەشێ فرێزی بەند ببێتە نوێنەری فرێزی ئاوەڵکاری لە ڕستەدا. وەك:

- به شەو مەڕۆرەوە.

- Don't come back at night. *(بە شەو مەگەڕێنەوە)*

١-٥-٣ لە هەردو زماندا فرێزی ئاوەڵکاری هەمیشە کەرەسەیەکی خۆشەکین. وەك:

- بە شەو مەڕۆرەوە. ⟵ مەڕۆرەوە.

- Don't come back at night. ⟶ Don't come back.

١-٥-٤ لە هەردو زماندا دەشێ دیارخەرێ، یان زیاتر لەگەڵ ئەم فرێزانەدا دەرکەون. وەك:

- یاریزانەکە زۆر **خێرا** ڕادەکا.

- The player is running very **quickly**. *(یاریزانەکە زۆر خێرا ڕادەکا)*

جیاوازیی سەرەکی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی لە فرێزی ئاوەڵکاریدا بریتیە لە پێکهاتەی فرێزەکە. ئەم پێکهاتەیەش لە بەشەکانی پێشودا بە درێژی ڕونکراونەتەوە.

## تەوەری دوەم: ڕیزبون و پێکهاتەی ڕستە:

### ٢- ڕیزبونی کەرەسەکان:

### ٢-١ ڕیزبون و جۆرەکانی:

- لێکچونەکان:

هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزی لە ڕوی پێناسە و ناساندن و خستنەڕوی دەستەواژەی ڕیزبونی کەرەسەکان هاوبەشن کە بریتیە لە بەدوایەکداهاتنی دانە ڕێزمانییەکان لە چوارچێوەی یەك یەکەی تەواودا. واتە؛ ڕیزبونی کەرەسەکان لەو زنجیرەیە دەکۆڵێتەوە کە دانە ڕێزمانییەکان دەیگرنەبەر بۆ پێکەوەهاتن و گونجانیان لە ناو یەکەیەکی لە خۆیان گەورەتر کە ڕستەیە.

- جیاوازیەکان:

لە زمانی کوردیدا باس لە دو جۆرە ڕیزبون کراوە، ئەوانیش ڕیزبونی چەسپاو و ڕیزبونی ئازادە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا یەك جۆرە ڕیزبون هەیە، ئەویش تەنیا ڕیزبونی چەسپاوە. وەك:

- دایکم کوڕەکەمی بەخێوکرد.        کوڕەکەم دایکم بەخێویکرد. (ڕیزبونی ئازاد).
- پیاوەکە گورگەکەی کوشت.        گورگەکە پیاوەکەی کوشت.( ڕیزبونی چەسپاو).

- The man killed the wolf. *(پیاوەکە کورگەکەی کوشت)*(ڕیزبونی چەسپاو)
- The wolf was killed by the man[1]. *(گورگەکە کوژرا لەلایەن پیاوەکەوە)* (شێوازی بکەرنادیار)

٢-٢ ڕستەی سادە: لە هەردو زماندا باسی سێ جۆر ڕستەی سادە کراوە، بۆیە وا بەباش زانرا هەریەك لەو ڕستانە بە جیا بەراورد بکرێ

٢-٢-١ سادەترین ڕستە:

- لێکچونەکان: لە هەردو زماندا ئەم جۆرە ڕستانە لە یەك تاکە وشە پێکدێن، جا ئەو وشەیە لە شێوەی ڕاگەیاندن، پرسیاری، وەڵامدانەوە، یان فەرمانکردندا بێ. وەك:

- بڕۆ. (فەرمانکردنە)
- کەی؟ چۆن؟ (پرسیارکردنە)

- Go. *(بڕۆ)*
- When? Where? *(کەی؟) (لە کوێ؟)*

- جیاوازیەکان:

---

[1] لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا لە شێوازی بکەرنادیاردا بەرکار بە لوتکە دەکرێ، ئەگەرنا ناتوانرێ بگوترێ (*The wolf the man killed)

لە زمانی کوردیدا سادەترین ڕستە لە هەمو دەمکاتەکاندا دەردەکەوێ، لە هەمو جۆرە کاتێکدا دەتوانرێ ڕستەی یەك وشەیی بەکاربهێنرێ، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بەشێوەیەکی گشتی لە ڕستەی فەرماندانذا دەتوانرێ ڕستەی تاك وشەیی دروستبکرێ، چونکە زمانی ئینگلیزی جێناوی لکاوی نیە. سەبارەت بە جۆرەکانی تر زیاتر لە شێوەی پرسیاری و کاتی وەڵامدا دەردەکەون. وەك:

- ڕۆیشتم (ڕابوردو)
- دەڕۆم (ڕانەبوردو)
- بڕۆن (فەرماندان)
- بڕۆم (داخوازی)

- (you) listen. *(گوێبگرە)*
- Why? *(بۆچی)*
- Yes/ no. *(بەڵێ)/ (نەخێر)*

٢-٢-٢ ڕستەی سادەی ئاسایی: زۆرترین لێکچون و جیاوازی لەم جۆرە ڕستەدا دەبینرێ لە هەردو زماندا. ئەم جۆرە ڕستانەش دابەشی سەر سێ جۆر کراون ئەوانیش (هەواڵدان، پرسیاری، فەرماندان)ن، بۆیە لە خوارەوە هەریەك لەو لێکچون و جیاوازیانەی نێوان هەردو زمان خراوەتەڕو:

**أ- ڕستەی سادەی ئاسایی هەواڵدان:**

- لێکچونەکان:

١. بەشەکانی ڕستە: بەشەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا بریتین لە (بکەر+بەرکار+کار) لە کاری تێپەڕدا و (بکەر/بەرکار+کار) لە تێنەپەڕدا. بە هەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزیدا بەشەکانی ڕستە بریتین لە (بکەر+کار+بەرکار/تەواوکەر) لە کاری تێپەڕدا و (بکەر/بەرکار+کار) لە کاری تێنەپەڕدا. وەك:

- ئەوان هەولێریان خۆشدەوێ. (بکەر+بەرکار+کار).
- ئەوان هاتن. (ئەوان کەوتن) (بکەر/بەرکار+کار).

- They love Hawler.(بکەر+کار+بەرکار) *(ئەوان هەولێریان خۆشدەوێ)*
- They are coming. (بکەر+کار) *(ئەوان وا دێن)*

لەم ڕیزبونەدا باسی تەواوکەر ناکرێ، مەگەر وەکو کەرەسەیەکی بە خورتی دەربکەون لە ڕستەکاندا.

٢. کارە یاریدەدەرەکان: لە هەردو زماندا کارە یاریدەدەرەکان پێش کاری سەرەکی دەکەون و ئەوەی لە کۆتایدا دەردەکەوێ بریتیە لە کاری سەرەکی. وەك:

- ئەگەر ئێوەش بگەڕێنەوە، منیش دێمەوە.
یاریدەدەر سەرەکی

- He might have waited outside. *(ئەو ڕەنگە لە دەرەوە چاوەڕێی کردبێ)*
سەرەکی یاریدەدەر یاریدەدەر

٣. ڕیزبون لە کاری تێنەپەڕ: لە هەردو زماندا کەرەسەکانی ڕستە لە کاری تێنەپەڕدا بە شێوەی (بکەر/بەرکار+کار) ڕیزدەبن و کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی. وەك:

- من دەڕۆم. (بکەر+کار)

- I go. *(من دەڕۆم)*

- جیاوازییەکان: لەم ڕستانەدا هەردو زمان لە چەند بارێکدا جیاوازن، گرنگترینیان ئەمانەن:

١. لە زمانی کوردیدا کەرەسەکانی ڕستەی سادە لە کاری تێپەڕدا بە شێوەی (بکەر+بەرکار+کار) ڕیزدەبن، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕستەیەکی سادەی تێپەڕ کەرەسەکان بە شێوەی (بکەر+کار+بەرکار) ڕیزدەبن. وەك:

- تارا سێو دەخوا.
بکەر بەرکار کار

- Tara ate an apple. *(تارا سێوێکی خوارد)*
بەرکار کار بکەر

جیاوازیەکە لە نێوان کار و بەرکاردایە، لە کوردیدا لە دوای بکەر بەرکاردێ، ئەوجا کار، بەڵام لە ئینگلیزیدا لە دوای بکەرەوە کار دێ، ئەوجا بەرکار.

٢. دەرنەکەوتنی بکەر: بە کاریگەریی دیاردەی ڕێککەوتنی ڕاناوە لکاوەکان لەگەڵ بکەری ڕستە، دەشێ و ئاساییە لە ڕستەی کوردیدا بکەر وەکو فرێزێکی ناویی سەربەخۆ دەرنەکەوێ. لە ئینگلیزیدا تەنیا لە کاری فەرماندان بکەر دەبێتە کەرەسەیەکی خۆشەکی و دەشێ دەرنەکەوێ. وەك:

- هەڵهاتم ، هەڵهاتی ، هەڵهاتØ.

- بڕۆØ ، بڕۆن.

- (you) sit. *(دابنیشە)*

- (you) listen. *(گوێبگرە)*

٣. قاڵبەکانی ڕستە: ڕستەی سادەی هاوڵدان لە زمانی کوردیدا (٧) قاڵبی بنجی هەیە، لە بەرامبەردا زمانی ئینگلیزی تەنیا خاوەن (٦) قاڵبی بنجیە لە ڕستەی سادەی هەواڵداندا. وەك لە خوارەوە دیارە:

- کوردی:

١) بکەر+کار: پیاوەکە نوست.

٢) بەرکار+ کار: مەلەوانەکە خنکا.

٣) بکەر+ بەرکار+ کار: منداڵەکە بەردەکەی فڕێدا.

٤) بکەر+ تەواوکەر+ کار: پیرێژنەکە دڵخۆشبو.

٥) بکەر+ کار+ تەواوکەر: ژنەکە کەوتە چاڵەکەوە.

٦) بکەر+ بەرکار+ تەواوکەر+ کار: باوکەکە دارێکی لە کوڕەکە دا.

٧) بکەر+ بەرکار+ کار + تەواوکەر: کچەکە بەردێکی خستە ئاوەکەوە.

- ئینگلیزی:

١) بکەر+کار:*(ئەوان نوستن)* -They slept.

٢) بکەر+کار+بەرکار: *(من حەزم لە برنجە)* -I like rice.

٣) بکەر+کار+تەواوکەر: دەکرێ تەواوکەرەکان دابەشی سەر سێ جۆری تر بکرێن، ئەوانیش:

أ) بکەر+کار+ئاوەڵناو: *(ئەو گاڵتەچیە)* - He is funny.

ب) بکەر+کار+ئاوەڵکار: *(سەردار لێرەیە)* - Sardar is here.

ج) بکەر+کار+ناو: *(ئەو [مێ] دایکی منە)* - She is my mother.

٤) بکەر+کار+بەرکار+تەواوکەر: *(ئەویان بە سەرۆك دیارکرد)* - They elected him president.

٥) بکەر+کار+بەرکار+ئاوەڵکار: *(من کتێبەکەم لەسەر مێزەکە دانا)* - I put the book on the table.

٦) بکەر+کار+بەرکاری ناڕاستەوخۆ+بەرکاری ڕاستەوخۆ:

- I bought her a gift. (من دیارییەکم بۆ ئەو[مێ] کڕی)

**ب- ڕستەی سادەی ئاسایی فەرماندان:** ڕێژەی فەرماندان یەکێکە لەو ڕێژانەی کە گرفتی زۆر بۆ فێرخوازی کورد دروستدەکا لە کاتی فێربونی زمانی ئینگلیزیدا، چونکە خاڵی هاوبەش و جیاوازی زۆرە لەگەڵ زمانی کوردیدا. وەك لە خوارەوە گرنگترین ئەو خاڵانە دەخرێنەڕو:

- لێکچونەکان:

١. دەرنەکەوتنی بکەر: لە ڕێژەی فەرماندانی زمانی کوردی دەشێ بکەر وەکو کەرەسەیەکی سەربەخۆ دەرنەکەوێ و بەڵکو تەنیا لە ئاستی ژێرەوەدا هەستی پێدەکرێ. هەروەها ئەم بارە لە زمانی ئینگلیزیشدا بەرچاودەکەوێ و لە کاری فەرماندا دەشێ بکەر لە ئاستی سەرەوەدا دەرنەکەوێ. وەك:

- بڕۆØ.     - بڕۆن.

- (you) stop. *(بوەستە)*

٢. پێکهاتەی ڕستە: لە شێوازی فەرماندان لە زمانی کوردیدا بریتیە لە (بکەر+کار)، بە هەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی فەرماندان بە شێوەی (بکەر+کار) دروستدەبێ. وەك:

- تۆ وەرە.

- ئێوە بچنەوە.

- (You) leave. *(تۆ ئێرە بەجێبێلە)*

- (You) listen. *(تۆ گوێبگرە)*

- جیاوزییەکان:

١. پێکهاتەی ڕستەی فەرماندانی تێپەڕ لە زمانی کوردیدا بریتیە لە (بکەر+بەرکار+کار)[١]، بەڵام لە کاری تێپەڕی فەرماندان لە زمانی ئینگلیزیدا بریتیە لە (بکەر+کار+بەرکار). وەك:

| | | |
|---|---|---|
| - تۆ | قاپەکان | بشۆØ. |
| - ئێوە | قاپەکان | بشۆن. |
| بکەر | بەرکار | کار |

| | | |
|---|---|---|
| - (You) | eat | this. *(تۆ ئەمە بخۆ)* |
| - (You) | take | it. *(تۆ ئەمە بگرە)* |
| بکەر | کا ر | بەرکار |

٢. لە زمانی کوردیدا کاری فەرماندان بە ئامرازی (مە) دەکرێ بە نەرێ کە شوێنی ئامرازی (بـ) دەگرێتەوە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا کاری فەرماندان بە ئامرازی (not) کە لە دوای کاری یاریدەدەری (do) دادەنرێ، دەکرێ بە نەرێ. وەك:

- بنوسە ⟵ مەنوسە.

- بهێنن ⟵ مەهێنن.

- Come here ⟶ Do not come here. *(مەیە ئێرە)  (وەرە ئێرە)*

- Stop ⟶ Do not stop. *(مەوەستە) (بوەستە)*

٣. پێکهاتەی ڕستەی فەرماندان لە کوردیدا بریتیە لە (پێشگری [بـ]ی هاتنە ئارایی+ ڕەگی کار+مۆڕفیمی کاتی ئێستا+ڕاناوی لکاو)، ئەگەر کارەکەش تێپەڕ بو، بەرکار جێناوێکی لکاو بو، ئەوا بەرکار دەچێتە دوای مۆڕفیمی [بـ]، بەڵام لە ئینگلیزیدا ڕستەی فەرماندان کارەکەی بەم شێوە

[١] ئەگەر بەرکار لە شێوەی جێناوێکی لێکاودا دەرکەوت، ئەوا ئەم بەرکارە دەچێتە دوای نیشانەی (بـ). وەك: بمهێنە، بمانهێنە.

ئاڵۆزە گەردانناکرێ، بەڵکو بکەر وەکو کەرەسەیەکی خۆشەکی لە سەرەتادا دێ و پاشان کار لە شێوەی یەکەمدا دێ، خۆ ئەگەر کارەکەش تێپەڕ بو، ئەوا بەرکار دەچێتە دوای کاری ڕستەوە. وەك:

- بنوسـØەە، بیاننوسـØەە، بیاننوسـØن، بخەوەØ.

- بمناسØن، بمناسەØ، بمناسـØن، بخەوØن.

- (You) listen. (گوێبگرە)

- (You) eat it. *(ئەو [پێگیان] بخۆ)*

**ج- ڕستەی سادەی ئاسایی پرسیاری:**

- جیاوازییەکان:

لە زمانی کوردیدا شێوازی پرسیاری بە سێ جۆر دروستدەبێ، ئەوانیش یان بە هۆی ئاوازەوە، یان بە هۆی وشەی پرسەوە، یان بە هۆی ئامرازەکانی (ئایا، ئەرێ)وە، لە زمانی ئینگلیزیش شێوازی پرسیاری بە هۆی وشەی پرس و بە هۆی کارە یاریدەدەرەکانەوە دروستدەبێ. وەك:

- نانت خواردوە؟

- ئایا نانت خواردوە؟

- کەی نانت خواردوە؟

- Have you eaten? *(نانت خواردوە؟)*

- When have you eaten? *(کەی نانت خواردوە؟)*

جیاوازیەکە لەوەدایە کە لە ئینگلیزیدا بکەر و کاری یاریدەدەر شوێنیان ئاڵوگۆڕدەبێ.

**٢-٢-٣ ڕستەی سادەی فراوانکراو:**

- لێکچونەکان:

ئەم جۆرە ڕستە سادانە لە هەردو زماندا بە هەمان شێوە دەردەکەون و دروستدەبن کە ئەو ڕستانە دەگرێتەوە جگە لە کەرەسە سەرەکیەکانی ڕستە کۆمەڵێ کەرەسەی تری لاوەکی لە پاڵ ئەو کەرەسە سەرەکیانەوە دەردەکەون بە مەبەستی تەواوکردن و ڕونکردنەوەی کەرەسە بە خورتیەکان.

- جیاوازیەکان:

کەرەسە لاوەکییەکان چەند جۆرێکن وەك (بەرکاری بەیاریدە، ئاوەڵکار، فرێزی بەند)، هەمویان کەرەسەی خۆشەکین لە هەردو زماندا، بەڵام شوێنی دەرکەوتنیان جیاوازە. وەك:

**- بەرکاری بەیاریدە:** لە کوردیدا بەرکاری بەیاریدە لە دو شوێندا دەردەکەوێ: ئەگەر لە ڕستەکەدا بەرکاری ڕاستەوخۆ هەبو، ئەوا بەرکاری بەیاریدە دوای بەرکاری ڕاستەوخۆ دەکەوێ، خۆ ئەگەر بەرکار نەبو، ئەوا لە پێش کار و لە دوای بکەرەوە دێ، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر بەرکاری

ڕاستەوخۆ و بەیاریدە لە ڕستەیەکدا پێکەوە دەرکەوتن، ئەوا هەمیشە بەرکاری ناڕاستەوخۆ پێش بەرکاری ڕاستەوخۆ دەکەوێ. وەك:

- ئەو پارەکەی بۆ من هێنایەوە.

بکەر بە. ڕاستەوخۆ بە. بەیاریدە کار

- ئەو بۆ من پێدەکەنێ.

بکەر بە. بەیاریدە کار[١]

- He bought me some food. *(ئەو هەندێ خۆراکی بۆ من کڕی)*

بە. ڕاستەوخۆ بە.ناڕاستەوخۆ کار بکەر

- They gave us a new mobile. *(ئەوان مۆبایلێکی نوێیان دا بە ئێمە)*

بە. ڕاستەوخۆ بە.ناڕاستەوخۆ کار بکەر

بەڵام ئەگەر بەرکاری بەیاریدە بە هۆی ئامرازی (to) دروستبو، ئەوا هەمیشە لە دوای بەرکاری ڕاستەوخۆوە دێ. وەك :

- The doctor gave <u>some medicines</u> <u>to the child</u>. *(دکتۆرەکە هەندێ دەرمانی دا بە منداڵەکە)*

بە. بەیاریدە بە.ڕاستەوخۆ

- **ئاوەڵکار:** لە کوردیدا ئاوەڵکار دەشێ لە سەرەتا و ناوەڕاستی ڕستەوە دەرکەوێ، بەڵام هەرگیز ناکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، کەچی لە ئینگلیزیدا ئاوەڵکار بە شێوەیەکی گشتی دەشێ لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕستەوە دەربکەوێ. وەك لەم نمونانەدا دەرکەوتوە:

- <u>بە پەلە</u> لە هەولێرەوە گەڕاینەوە.

- لە هەولێرەوە <u>بە پەلە</u> گەڕاینەوە.

- *گەڕاینەوە لە هەولێرەوە <u>بە پەلە</u>.[٢]

- I fixed error <u>immediately</u>. *(من هەڵەکەم چاککردەوە دەستبەجێ)*

- <u>Immediately</u> I fixed error. *(دەستبەجێ هەڵەکەم چاککردەوە)*

- I <u>immediately</u> fixed error. *(من دەستبەجێ هەڵەکەم چاککردەوە)*

- **ئاوەڵناو:** لە کوردیدا ئاوەڵناوی چۆنیەتی هەمیشە دەکەوێتە دوای ناوی باسکراوەوە، بەڵام لە ئینگلیزیدا <u>ئاوەڵناوە</u> چۆنیەتیەکان لە پێش ناوی باسکراوەوە دەردەکەون. وەك:

- من سێوێکی <u>سورم</u> خوارد.

- I ate a <u>red</u> apple. *(من سێوێکی سورم خوارد)*

---

[١] زۆرجار دەشێ بەرکاری بەیاریدە بکەوێتە دوای کارەوە: من دەچم **بۆ بازاڕ**.

[٢] پلەی ڕێزمانی ئەم ڕستەیە زۆر لاوازە بە بەراورد بە دو ڕستەکەی تر.

هەروەها ئەگەر ئاوەڵناوی چۆنیەتی وەکو تەواوکەر بەکارهات لە ڕستەدا، ئەوا لە کوردیدا دەکەوێتە پێش کارەوە،بەڵام لە ئینگلیزیزدا دەکەوێتە دوای کارە یاریدەدەرەکانەوە. وەك:

- ئەو جوانە.

- She is beautiful. *(ئەو [مێ] جوانە)*

**٢-٣ ڕستەی لێکدراو:** ڕستەی لێکدراو لە هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا هەمان دەرکەوتن و پێکهاتەیان هەیە و هیچ جیاوازیان نیە، گرنگترین لێکچونەکانیش ئەمانەن:

١. لە زمانی کوردیدا ڕستەی لێکدراو پێکدێ لە دو ڕستە، یان زیاتر کە بەهۆی ئامرازێکی لێکدەرەوە پێکەوە بەستراون. بە هەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی لێکدراو بریتیە لەو ڕستەیەی کە لە دو ڕستەی سەربەخۆ یان زیاتر پێکدێ بە یارمەتی ئامرازێکی لێکدەر پێکەوە دەبەسترێنەوە. وەك:

- تارا زیرەکە، بەڵام تابین تەمبەڵە.

- Tara is clever, but Tabin is lazy. *(تارا زیرەکە، بەڵام تابین تەمبەڵە)*

٢. لە هەردو زماندا ئامرازەکان بەشداریی پێکهاتنی ڕستە سادەکان ناکەن و تەنیا ئەرکی بەیەکەوە بەستنی هەردو ڕستە سادەکە دەبینن، چونکە ئەگەر ئەو ئامرازە لە نێوان ڕستەکان لاببرێ، ئەوا دەتوانرێ ئەو دو ڕستە سادەیە هەریەکەیان وەك ڕستەیەکی سەربەخۆ لە ڕوی فۆڕم و واتاوە هەژماربکرێن. وەك:

- تارا زیرەکە( بەڵام) تابین تەمبەڵە.

ڕستە ١ ڕستە ٢

- Tara is clever (but) Tabin is lazy.

ڕستە١ ڕستە ٢

٣. لە هەردو زماندا ئامرازە لێکدەرەکان پەیوەندیی واتایی نێوان ڕستە سادەکان دیاردەکەن، وەك (بەڵام)، (but ) واتای پێچەوانە دەبەخشێ و (و)، (and) واتای خستەسەرە و ...هتد. وەك:

- تارا زیرکە، بەڵام باش ناخوێنێ.

- تارا زیرەکە و تابین تەمبەڵە.

- Tara is clever, but she didn’t study well. *(تارا زیرەکە، بەڵام باشی نەخوێند)*

- Tara is clever and Tabin is lazy. *(تارا زیرەکە و تابین تەمبەڵە)*

**٢-٤ ڕستەی تێکەڵ:** ڕستەی تێکەڵ لە هەردو زماندا لێکچونی زیاترە، نەك جیاوازی. وەك لە خوارەوە خراوەتەڕو:

- لێکچونەکان:

١. لە هەردو زماندا ڕستەی تێکەڵ لە شاڕستەیەك (كە ڕستەیەکی سەربەخۆیە) لەگەڵ پاڕستەیەك (كە ڕستەیەکی دیارخەریە) پێکدێ. وەك:

- زۆریان خوێند، کەچی لە تاقیکردنەوەکەش دەرنەچون.

- Although He is lazy, He passed the exam. *(هەرچەندە تەمبەڵە، بەڵام لە تاقیکردنەوەکە دەرچو)*

٢. لە هەندێ ڕستەی تێکەڵدا لە هەردو زمان، دەشێ شاڕستە و پاڕستە شوێنیان ئاڵوگۆڕبکەن. وەك:

- کە هاتی، یارمەتیت دەدەم. (پاڕستە+شاڕستە)

- یارمەتیت دەدەم، کە هاتی. (شاڕستە+پاڕستە)

- I will help you, when you come.*( یارمەتیت دەدەم،کاتێ هاتی)* (شاڕستە+پاڕستە)

- When you come, I will help you.*(کاتێ هاتی، یارمەتیت دەدەم)* (پاڕستە+شاڕستە)

٣. لە هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا شاڕستە ڕستەیەکی سەربەخۆیە و هیچ ئامرازێکی لێکدەر لە پێشەوە نایەت، بەڵام پاڕستە ڕستەیەکی شوێنکەوتوە و هەمیشە ئامرازێکی لە پێشەوە دێ. وەك:

- کە هاتی، یارمەتیت دەدەم. (پاڕستە + شاڕستە).

ئامرازی لێکدەر

- I will help you, when you come. (شاڕستە+پاڕستە)

ئامرازی لێکدەر

هەروەها پاڕستەکان لە هەردو زماندا دەشێ لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕستەی تێکەڵدا دەربکەون.

## تەوەری سێیەم: ڕستە و جۆرەکانی:

**٣-١ ڕستەی سادە:** بەو پێیەی کە ڕستەی سادە جۆری زۆرترە و بناغەی دروستکردنی جۆرەکانی تری ڕستەیە، بۆیە لە هەردو زماندا گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە. گرنگترین لێکچون و جیاوازیەکانی نێوان کوردی و ئینگلیزی لە ڕستەی سادەدا بریتین لەمانەی خوارەوە:

- لێکچونەکان:

٣-١-١ لە هەردو زماندا ڕستەی سادە لە دو بەشی سەرەکی پێکدێ، ئەوانیش بریتین لە بەشی ناو (فرێزی ناوی) و بەشی کار (فرێزی کاری). لە هەردو زماندا باسی کەرەسەی لاوەکی کراوە کە لەگەڵ بەشە سەرەکییەکاندا دەردەکەون، بەڵام دو بەشە سەرەکیەکە بریتین لە بەشە بە خورتیەکانی ڕستە. وەك:

- تارا | هات.
- تارا | نان دەخوا.

ف.ن ف.کاری

- Tara | is a teacher. *(تارا مامۆستایە)*
- Tara | eats an apple. *(تارا سێوێك دەخوا)*

ف.ن ف.کاری

٣-١-٢ لە هەردو زماندا ڕستەی سادە سێ جۆری هەیە، ئەوانیش: سادەترین ڕستە (یەك وشەیی)، سادەی ئاسایی و سادەی فراوانکراو. وەك:

- گەڕاینەوە. (سادەترین ڕستە)
- ئێمە گەڕاینەوە. (سادەی ئاسایی)
- ئێمە دوێنێ لە هەولێرەوە بەپەلە گەڕاینەوە. (سادەی فراوانکراو)

- (you) listen. *([تۆ] گوێگرە)* (سادەترین ڕستە)
- We play football. *(ئێمە یاری تۆپی پێ دەکەین)*(سادەی ئاسایی)
- We play football after lunch. *(ئێمە یاری تۆپی پێ دەکەین دوای نانی نیوەڕۆ)* (سادەی فراوانکراو)

- جیاوازیەکان:

٣-١-٣ لە ڕستەی سادەی زمانی کوردیدا دەشێ بکەر و بەرکار لە شێوەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیدا دەربکەون کە بریتیە لە جێناوێکی لکاو، بەڵام زمانی ئینگلیزی جێناوی لکاوی نیە، بۆیە بکەر و بەرکار تەنیا لە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆدا دەردەکەون. وەك:

- من تۆ دەناسم. ⟵ دەتـــناسم.

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی

- I know you. *(من تۆ دەناسم)*

مۆرفیمی سەربەخۆ

٣-١-٤ لە کوردیدا دەشێ بەرکار وەکو مۆرفیمێکی سفر لە ڕستەی کارە تێپەڕەکاندا دەرنەکەوێ و باسنەکرێ، بەڵام لە ئینگلیزیدا بەرکار هەمیشە لە ڕستەی سادەی کارە تێپەڕەکاندا دەبێ دەربکەوێ. وەك:

- خواردØم/ت/ی/مان/تان/یان.

- They ate an apple. ⟶ They ate* *( ئەوان سێوێکیان خوارد)*

٣-١-٥ لە زمانی کوردیدا لە ڕستەی بکەردیار و بکەرنادیاردا دەشێ بەرکار بە لوتکە بکرێ و بێتە سەرەتای گوتن و ڕستەوە، بەڵام لە ئینگلیزیدا تەنیا لە کاری بکەرنادیار دەشێ بەرکار بێتە سەرەتای ڕستەوە و لە کاری بکەردیار بەرکار نایەتە سەرەتای ڕستە و گوتنەوە. وەك:

- <u>پارەکە</u>یان دزی. (بکەردیار).
بەرکار

- <u>پارەکە</u> دزرا. (بکەرنادیار).
بەرکار

- They stole <u>the money</u>. *(ئەوان پارەکەیان دزی)*(بکەردیار)
بەرکار

- <u>The money</u> was stolen. *(پارەکە دزرا)* (بکەرنادیار)
بەرکار

٣-١-٦ لە زمانی کوردیدا نەرێ کردنی کاتی ڕابوردو تەنیا بە هۆی ئامرازی نەرێی (نە)وە دەبێ، بەڵام نەرێکردنی کاتی ڕابوردوی سادە لە ئینگلیزیدا جگە لە ئامرازی نەرێی (not)، کاری یاریدەدەر (did)یشی دێتە پێش. وەك:

- نانم خوراد. ⟵ نانم نەخوارد.

- They spoke English. ⟶ They didn’t speak English.
*(ئەوان بە ئینگلیزی دەدوان)* *(ئەوان بە ئینگلیزی نەدەدوان)*

ئامرازی نەرێکردن لە زمانی ئینگلیزیدا (not)[1]ە، بەڵام ئامرازی نەرێکردن لە کوردیدا بە پێی کاتی ڕستەکە دەگۆڕێ بۆ نمونە بۆ ڕابوردو (نە) بەکاردێ، بۆ ڕانەبوردو (نا) و بۆ فەرماندان (مە/نە) بەکاردێ.

٣-١-٨ شێوازی پرسیارکردن لە کوردیدا یان بە هۆی ئاواز، یان بەهۆی وشەکانی پرسەوە دەبێ، جگە لەم دو بارە لە ئینگلیزیدا زۆرجار کارە یاریدەدەرەکان دێنە سەرەتای ڕستەی پرسیارییەوە. وەك:

- کارەکەت تەواوکرد؟ (بەهۆی ئاوازەوە)
- ئایا/کەی/چۆن کارەکەت تەواوکرد؟

- They drank water. *(ئەوان ئاویان خواردەوە)* (هەواڵدان)

- <u>Did</u> they drink water? *(ئایا ئەوان ئاویان خواردەوە؟)*(پرسیاری)

٣-١-٩ جیاوازیی گەورە و بنەڕەتی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی لە دەمکاتەکاندایە. واتە؛ دەمکاتەکان لە کوردی و ئینگلیزیدا جیاوازن لە ڕوی پێکهاتە و بواری دەرکەوتن و چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە لایەن قسەپێکەرانی هەردو زمانەوە، بۆیە لە خوارەوە گرنگترین لایەنی جیاوازی و لێکچونی نێوان دەمکاتەکان لە هەردو زماندا خراوەتەڕو:

**- دەمکاتەکان:** لە هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا کاتی کارەکان لە سێ کاتی سەرەکیدا دەردەکەون کە بریتین لە کاتی ڕابوردو، ئێستا و داهاتو، جگە لە دەمکاتی ڕانەبوردو کە لە کوردیدا هەیە و لە ئینگلیزیدا نیە. بە شێوەیەکی گشتی کاتەکان لە کوردیدا لە سادەترین ڕستەدا دەردەکەون، بەڵام لە ئینگلیزیدا لە ڕستەی سادەی ئاسایدا دەردەکەون. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕستەی یەك وشەیی تایبەتە بە چەند بارێکی دیارکراو لەو زمانەدا. لە خوارەوە پوختەی بەراوردی نێوان کاتەکان لە هەردو زماندا خراوەتەڕو:

**أ- دەمکاتی ڕابوردو**: ڕابوردو چەند جۆرێکە، وەك لە خوارەوە نیشاندراوە:

أ-١ ڕابوردوی سادە:

- لێکچونەکان:

أ-١-١ لە هەردو زماندا ڕابوردوی نزیك بە یەك شێوە پێناسە کراوە کە بریتیە لەو کارەی لە ڕابوردودا ڕویداوە و بڕاوەتەوە، بۆیە بواری ڕودانیان لە هەردو زماندا هاوشێوەیە. وەك:

- تارا سێوێکی خوارد.

---

[1] ئامرازەکانی (no,never,nothing)یش دەتوانن باری نەرێ دروستبکەن. وەك:
- I have never driven before. (پێشتر هەرگیز شۆفێریم نەکردووە)
- Are you tukrkish? No, I'm Kurdish. (ئایا تۆ تورکیت؟ نا، من کوردم)
- There is nothing in this box. (ئەم سندوقە هیچی تێدانیە)

- Tara ate an apple. *(تارا سێوێکی خوارد )*

- جیاوازیەکان:

أ-١-٢ پێکهاتەی ڕابوردوی نزیك لە کوردیدا بریتیە لە: (ڕەگی کار+مۆرفیمی کاتی ڕابوردو+ڕاناوی لکاو ). ڕاناوەکانیش بە پێی جۆری کارەکە دەگۆڕێ، بەڵام پێکهاتەی ڕابوردوی نزیك لە ئینگلیزیدا بریتیە لە: (v.be= S+v.be+C) و (lexical verb= S+past verb+C). وەك:

- خوار د Øم/ت/ی/مان/تان/یان

- چـــــو م/ی/Ø/ین/ن/ن

ڕەگ+م.کات+ڕاناو

- My father died last year. *(ساڵی پار باوکم مرد)*
S + past.verb+ c

- We were at home. *(ئێمە لە ماڵەوەبوین)*
S+ v.be+ C

أ-١-٣ لە ئینگلیزیدا جگە لە کاری سەرەکی، کاری یاریدەدەری (v.be) دەتوانێ دەمکاتی کاتی ڕابوردوی سادە دروستبکا، بەڵام لە کوردیدا ئەم دەمکاتە تەنیا بەهۆی کاری سەرەکییەوە دروستدەبێ. وەك:

- نانەکەی **سوتا**. (کاری سەرەکییە)

- They **were** tired. (کاری یاریدەدەرە) *(ئێمە ماندوبوین)*

أ-١-٤ لە ئینگلیزیدا دەمکاتی ڕابوردوی سادە جۆری ناوێزەی تێدەکەوێ وەك( go → went, eat → ate)، بەڵام ڕابوردوی سادە لە کوردیدا ناوێزەی تێناکەوێ. وەك:

- I go to school.→ I went to school. *(من دەچم بۆ قوتابخانە)،(من چوم بۆ قوتابخانە)*

ئێستا → ڕابوردو

أ-١-٥ لە کوردیدا ڕابوردوی سادە بەهۆی ئامرازی (نە) دەکرێتە نەرێ، بەڵام لە ئینگلیزیدا ئەگەر کارەکە (v.be)بو، ئەوا (not) دەخرێتە دوای ئەمانەوە، بەڵام ئەگەر (lexical verb) بو، ئەوا کاری یاریدەدەری (did) دادەنێین، پاشان (not) دەخرێتەسەری و پێکەوە لە دوای بکەرەوە دەردەکەون. وەك:

- پارەکەی هێنا. ←— پارەکەی نەهێنا.

- She was happy. → She was not happy. *(ئەو دڵخۆشبو)،(ئەو دڵخۆشنەبو)*

- They saw Tara. → They didn’t see Tara. *(ئەوان تارایان بینی)، (ئەوان تارایان نەبینی)*

أ-٢ ڕابوردوی بەردەوام:

- لێکچونەکان:

أ-٢-١ دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام لە کوردی و ئینگلیزیدا بریتیە لە ڕێژەی ئەو جۆرە کارەی کە لە ڕابوردودا بە بەردەوامی لە ڕوداندابوە و لەگەڵ قسەکرندندا کۆتایی هاتوە. هەربۆیە لە ڕوی بواری ڕودانیشەوە هاوشێوەن.

- جیاوازیەکان:

أ-٢-٢ یاسای پێکهاتنی ئەم جۆرە دەمکاتە لە کوردیدا بریتیە لە: (مۆرفیمی کاتی ئێستا [ە]+ [ڕاناوی/بەرکار لە تێپەڕ]+ ڕەگی کار+مۆرفیمی کاتی ڕابوردو+ڕاناوی لکاو )، بەڵام لە ئینگلیزیدا بەم شێوەیە دروستدەبێ: (S+v.be+v.ing+C). وەك:

- (د/ئـ) ەچوم، ەسوتاØ، ەمخوێندØ.

- They were watching tv. *(ئەوان سەیری تەلەفزیۆنیان دەکرد)*
بکەر کا/یاریدەدەر کار تەواوکەر

أ-٢-٣ دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام بە هۆی دو مۆرفیمی کاتەوە دروستدەبێ لە کوردیدا، ئەوانیش (ە) کە مۆرفیمی کاتی ئێستایە و دەچێتە پێش ڕەگی کار و دوەمیان (یەکێ لە مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو [ت- د- ا- و- ی)ە کە دەچێتە دوای ڕەگی کارەکە، بەڵام ئەم دەمکاتە لە ئینگلیزیدا بە هۆی دو نیشانەوە دەردەکەوێ، ئەوانیش: (v.be)یەکە کە لە پێش کارەکەوە دێ و دوەمیان نیشانەی بەردەوامی (ing)ە کە بە کارەکەوە دەلکێ. وەك:

- ەچوم، ەهاتم، ەمنوسیØ.

- He <u>was</u> play<u>ing</u>. *(ئەو یاریدەکرد)*

أ-٢-٤ لە ئینگلیزیدا کارە یاریدەدەرەکانی (v.be) کە بریتین لە (was/were)، بە پێی جۆری بکەرەکە دەردەکەون، واتە؛ (was) لەگەڵ (he/she/it/I) دەردەکەوێ و (were) لەگەڵ (we/you/they) دەردەکەوێ، بەڵام ئەم بارە لە کوردیدا نابینرێ. وەك:

- <u>I/he/she/it</u> <u>was</u> playing. *(من/ئەو یاریم/ی دەکرد)*

- <u>We/you/they</u> <u>were</u> swimming. *(ئێمە/ئێوە/ئەوان مەلەمان/تان/یان دەکرد)*

أ-٢-٥ لە کوردیدا دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام بەهۆی ئامرازی (نە) دەکرێتە نەرێ و دەچێتە سەرەتای کارەکەوە [پێش (دە)]، بەڵام ئەگەر کارەکە دو بەش بو، ئەوا دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە. کەچی لە ئینگلیزیدا ڕابوردوی بەردەوام بە ئامرازی (not) دەکرێتە نەرێ و هەمیشە دەچێتە دوای (v.be)یەکانەوە. وەك:

- دەچوم ⟵ نەدەچوم.

- هەڵم دەکرد ⟵ هەڵم نەدەکرد.

- She was singing ⟶ she was not singing. *(ئەو گۆرانی دەوت) (ئەو گۆرانی نەدەوت)*

أ-٣ ڕابوردوی تەواو:

- لێکچونەکان:

أ-٣-١ ئەم جۆرە دەمکاتە لە هەردو زماندا بریتیە لە ڕێژەی ئەو کارەی کە لە ڕابوردودا ڕویداوە و تەواوبوە. وەك:

- نانم خواردوە.

- You had studied. *(تۆ خوێندوتە)*

أ-٣-٢ پێکهاتەی ئەم دەمکاتە لە کوردیدا بریتیە لە: (ڕەگی کار + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + ڕاناوی لکاوی بکەری+ مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)+ ڕاناوی لکاوی بەرکاری)، بەڵام لە ئینگلیزیدا بریتیە لە: تێپەڕ (S+ had+ p.p +o)، تێنەپەڕ (S+ had+ p.p). وەك:

- نوسیومەØ- نوسیومـØن.

- خواردومـەØ- خواردومـØن.

- The thief had stolen my watch. *(دزەکە کاتژمێرەکەمی دزیوە)*
بکەر کار/یاریدەدەر کار بەرکار

- He had slept. *(ئەو نوستوە)*
بکەر کار/یاریدەدەر کار

أ-٣-٣ نیشانەی تەواوی لە کوردیدا بەهۆی سێ مۆڕفیمەوە دەبێ، ئەویش (مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو، مۆڕفیمی کاتی ئێستا، مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو)، بەڵام لە ئینگلیزیدا بەهۆی دو کەرسەوە دەبێ، ئەوانیش (کاری یاریدەدەری [had] لەگەڵ [ed][1] کە دەچێتە سەر کاری ڕستەکە و دەیکاتە شێوەی سێیەم). وەك:

- خوارد<u>و</u>م<u>ە</u>.

- I <u>had</u> finish<u>ed</u> my work. *(من کارەکەمم تەواوکردوە)*

أ-٣-٤ دەمکاتی ڕابوردوی تەواو بە (نە) دەکرێ بە نەرێ و دەچێتە سەرەتای کارەکەوە، بەڵام لە ئینگلیزیدا ئەم دەمکاتە بەهۆی ئامرازی (not) دەکرێ بە نەرێ و هەمیشە دەچێتە دوای کاری یاریدەدەر (had)ەوە. وەك:

---

[1] جگە لە کارە ناوێزەکان(Irregular verbs) کە بەپێ هیچ یاسایەکی دیارکراو دروستنابن.

- چومە ← نەچومە.

- I had <u>not</u> finished my work. *(من کارەکەمم تەواونەکردوە)*

أ-٣-٥ بواری ڕودانی ئەم جۆرە دەمکاتە لە کوردیدا بریتیە لەو کارەی کە لە ڕابوردودا ڕویداوە و براوەتەوە، بەڵام تا کاتی ئێستا کاریگەریی ماوە، کەچی لە ئینگلیزیدا کارێکە لە ڕابوردودا ڕویداوە و براوەتەوە پێش ئەوەی کارێکی تر ڕوبدا. وەك:

- کارەکانم تەواوکردوە. (واتە؛ هیچ کارێك نەماوە کە تۆ بیکەی).

- I had washed my face, before he told me. *(دەموچاومم شۆرد، بەرلەوەی ئەو پێمبڵێ)*

أ-٤ ڕابوردوی تەواوی بەردەوم:

ئەم جۆرە دەمکاتە بەو شێوە وردە لە کوردیدا نیە[1].

أ-٥ ڕابوردوی دور:

ئەم جۆرە دەمکاتە بەم وردیەوە لە ئینگلیزیدا نیە.[2]

**ب- دەمکاتی ئێستا:**

- لێکچون:

ب-١ ئەم جۆرە دەمکاتە لە هەردو زماندا بریتیەی لە ڕێژەی ئەو کارەی کە قسەکەر لە کاتی قسەکردندا ئەنجامی دەدا و بواری ڕودانیان کاتی قسەکردنە و ناپەڕێتەوە بۆ کاتی داهاتو. وەك:

- من برسیمە.

- I am hungry. *(من برسیمە)*

ب-٢ لە هەردو زماندا تەواوکەر لە دەمکاتی ئێستادا دەردەکەوێ، ئەم تەواوکەرانەش دەشێ هەر ئەندامێکی گروپی ناوی بێ (ناو، جێناو، ئاوەڵناو...هتد) بن. وەك:

- <u>کوردØ</u>م. (ناو)

- جوانـØە. (ئاوەڵناو)

- They are <u>tired</u>. *(ئەوان ماندون)*(ئاوەڵناو)

- She is a <u>student</u>. *(ئەو فێرخوازە)* (ناو)

- جیاوازییەکان:

ب-٣ کاتی ئێستا لە کوردیدا تەنیا لەگەڵ چاوگی (بون) و لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا و ڕستەی فەرماندانی دەردەکەوێ[1]، بەڵام لە ئینگلیزیدا کاتی ئێستا چوار جۆری هەیە و لەگەڵ هەمو جۆرە کارێکدا دەردەکەوێ. وەك:

---

[1] بۆ چۆنیەتی پێکهاتە و بەکارهێنانی ئەم دەمکاتە بڕوانە بەشەکانی پێشو (پۆلینکردنی ڕستەی ئینگلیزی).
[2] بۆ چۆنیەتی پێکهاتە و بەکارهێنانی ئەم دەمکاتە بڕوانە بەشەکانی پێشو (پۆلینکردنی ڕستەی کوردی).

- ئەو زیرەکـØە. (هەواڵدانی کاتی ئێستا)

- ئەوە بهێنە. (فەرماندان/ کاتی ئێستا)

- We speak English. *(ئێمە بە ئینگلیزی دەدوێین)*

- She/he studies English. *(ئەو ئینگلیزی دەخوێنێ)*

ب-٤ لە ئینگلیزیدا جگە لە کاری سەرەکی، کاتی ئێستا بەهۆی کاری یاریدەدەری (v.be)یشەوە دروستدەبێ کە بریتین لە (is/are/am)، بەڵام لە کوردیدا کاری یاریدەدەر ناتوانێ هیچ جۆرە دەمکاتێك دروستبکا. وەك:

- They are sad. *(ئەوان خەمبارن)*

- She is thirsty. *(ئەو تینویەتی)*

- I am happy. *(من دڵخۆشم)*

ب-٥ لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر دەمکاتی ئێستا بەهۆی (Lexical verb) کارە فەرهەنگییەکانەوە دروستبو، ئەوا بۆ ڕاناوەکانی کەسی سێیەمی تاك کە بریتین لە (he/she/it)، ئەوا (s)ی کەسی سێیەم دەچێتە دوای کارەکەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە لە کوردیدا تەواو پێچەوانەیە، چونکە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك کۆمەڵەیەکی بەتاڵە. وەك:

- من پیاوم/ تۆ پیاوی/ ئەو پیاوØە.

- He/she/it sing<u>s</u>. *(ئەو گۆرانی دەچڕێ)*

ب-٧ لە کوردیدا دەمکاتی ئێستا بەهۆی ئامرازی (نی) دەکرێ بە نەرێ و دەچێتە دوای تەواوکەرەکانەوە، بەڵام لە ئینگلیزیدا ئەم دەمکاتە ئەگەر بەهۆی (v.be) دروستبو، ئەوا بە (not) دەکرێ بە نەرێ و دەچێتە دوای (v.be)یەکان، بەڵام ئەگەر بەهۆی (lexical verbs) دروستبو، ئەوا (don’t/doesn’t)[2] دەخرێتە دوای بکەرەکەوە. وەك:

- هەنارەکە ترشـØە ⟵ هەنارەکە ترش نیە.

-He/she/it is noisy. ⟶ He/she/it is not noisy. *(ئەو بە ژاوەژاوە)*

- I/we/you/they listen to the radio. ⟶ I/we/you/they don’t listen to the radio.

*(ئەوان گوێ لە ڕادیۆ دەگرن)* *(ئەوان گوێ لە ڕادیۆ ناگرن)*

---

[1] ئەگەرچی لە کوردیدا زۆرجار فەرماندان بۆ کاتی دوای ئێستاش بەکاردێ بە بەڵگەئەوەی مۆرفیمی کاتی داهاتوی تێدا دەردەکەوێ. وەك: بگەڕێ، بسوڕێ.

[2] بە پێی جۆری بکەرەکە دەگۆڕێ، ئەگەر بکەر (He/she/it)بو، ئەوا (doesn’t) بەکاردێ، بەڵام لەگەڵ بکەرەکانی تر (don’t) بەکادرێ.

- He/she/it speaks English. ⟶ He/she/it doesn't speak English.

*(ئەو بە ئینگلیزی دەدوێ)* *(ئەو بە ئینگلیزی نادوێ)*

ب-٧ هەر سێ جۆرەکەی تری دەمکاتی ئێستا لە ئینگلیزیدا کە بریتین لە (دەمکاتی ئێستای بەردەوام، تەواو و تەواوی بەردەوام) لە کوردیدا بونیان نیە، دەشێ تەنیا ئەوەی لە سەرەوە خرایەڕو بە دەمکاتی ئێستای سادە ناوببرێ.

**ت- دەمکاتی داهاتو:**

- لێکچونەکان:

ت-١ لە هەردو زماندا دەمکاتی داهاتو بریتیە لە ڕێژەی ئەو کارەی کە لە دوای دەمی ئاخاوتن ڕودەدەن، بۆیە بواری ڕودانیان بریتیە لە کاتی دوای کاتی قسەکردن. وەك:

- ئەگەر زیرەك بیَ، دەردەچیَ.

- We will play tennis. *(ئێمە یاری تێنس دەکەین)*

- They are going to drink tea. *(ئەوان چایە دەخۆنەوە)*

ت-٢ لە هەردو زماندا دەمکاتی داهاتو پێویستی بە کارێکی یاریدەدەر هەیە کە لە کوردیدا بریتین لە (ئەگەر، دەشیَ...هتد)، بەڵام لە ئینگلیزیدا بریتین لە دو کاری یاریدەدەری دیارکراو، ئەوانیش (will) و (going to)ن. وەك:

- ئەگەر بچم بۆ پیشانگاکە، کتێبێکت بۆ دەکڕم.

- I will/going to go to Bazar. *(من دەچم بۆ بازاڕ)*

- جیاوازیەکان:

ت-٣ لە کوردیدا کاتی داهاتو تەنیا یەك یاسای چەسپاوی هەیە، ئەویش بریتیە لە: (تەوتوکەر+ مۆرفیمی هاتنەئارایی (بـ) + ڕەگی کار+ مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ)+ ڕاناوی لکاو)، ڕاناوە لکاوەکانیش یان بکەرن، یان بەرکار، بەڵام لە ئینگلیزیدا کاتی داهاتوی سادە بەم شێوەیە دروستدەبیَ: (S+ will+ infinitive)، یان (S+v.be+ going to+ infinitive). وەك:

- پیاوبیَØ، ئەو کارە نکا.

- They will study Kurdish. *(ئەوان کوردی دەخوێنن)*

- They are going to study Kurdish. *(ئەوان دوایی کوردی دەخوێنن)*

هەروەها لە کوردیدا بە دەگمەن کاری داهاتو لە شێوەی ڕستەی سادەدا دەردەکەویَ، بە زۆری لە شێوەی ڕستەی تێکەڵ و لە بەشی پاڕستەدا دەردەکەویَ. وەك:

- دەشیَ/ ڕەنگە/ پێوستە/ دەبیَ بچیَ بۆ قوتابخانە.

ت-٤ لە کوردیدا دەمکاتی داهاتو بەهۆی ئامرازی (نە) دەکریَ بە نەریَ و دەچێتە شوێنی مۆرفیمی (بـ)ی هاتنەئارایی، بەڵام لە ئینگلیزیدا بەهۆی (not) دەکریَ بە نەریَ و ئەگەر بەهۆی (will)ەوە دروستبیَ، ئەوا دەچێتە دوای (will)، بەڵام ئەگەر بەهۆی (going to) دروستبیَ، ئەوا دەچێتە دوای (v.be)یەکان. وەك:

- لەوانەیە بچم بۆ بازاڕ. ⟵ لەوانەیە نەچم بۆ بازاڕ.

- They will study Kurdish. ⟶ They will not study Kurdish.

- They are going to study Kurdish. ⟶ They are not going to study Kurdish.

ت-٥ كاتی داهاتو تەنیا یەك جۆرە لە كوردیدا و بەهۆی مۆرفیمی كاتی داهاتوی (ێ)وە دروستدەبێ و دەشێ ناوی لێبنرێ داهاتوی سادە، بەڵام لە ئینگلیزیدا جگە لە داهاتوی سادە، سێ جۆری تری دەمكاتی داهاتو هەیە، ئەوانیش داهاتوی (تەواو، بەردەوام و تەواوی بەردەوام)ە. واتە؛ ئەم سێ دەمكاتە لە كوردیدا نینە.

**پ- دەمكاتی ڕانەبوردو:**

ئەم جۆرە دەمكاتە لە كوردیدا لە شێوە و كات و یاسایەكی دیاركراو و چاسپاودا دەردەكەوێ كە بە هۆی دو مۆرفیمی كاتەوە دروستدەبێ. مۆرفیمی كاتی ئێستای (ە) كە بە سەرەتای دەستپێكردنی ڕودانی كارەكە دادەنرێ، لەگەڵ مۆرفیمی كاتی داهاتوی (ێ) كە بواری ڕودانەكەی درێژدەكاتەوە بۆ كاتی داهاتو. شایانی باسكردنە كە ئەم جۆرە دەمكاتە بەو شێوە و وردیەوە لە زمانی ئینگلیزیدا نیە.

**٣-٢ ڕستەی لێكدراو:**

- لێكچونەكان:

٣-٢-١ لە هەردو زماندا ڕستەی لێكدراو پێكدێ لە دو ڕستەی سادەی سەربەخۆ، یان زیاتر. وەك:

- یاریەكە تەواوبو و هاندەران یاریگەیان چۆڵكرد.

ڕستە١ ڕستە٢

- The sky is clear and the stars are twinkling. *(ئاسمان ساماڵە و ئەستێرەكان دەدرەوشێنەوە)*

ڕستە١ ڕستە٢

٣-٢-٢ لە هەردو زماندا ڕستە سادەكان بەهۆی ئامرازی لێكدرەوە لێكدەدرێن و ئامرازەكانیش تەنیا ڕۆڵی لێكدان دەبینن و سەر بە هیچ یەك لە ڕستە سادەكان نین. وەك:

- خۆر دەركەوت، بەڵام دونیا هێشتاساردە.

ڕستە١ ئامراز ڕستە٢

- Tara bought a new pair shoes and she wore them to the party.

ڕستە١ ئامراز ڕستە٢

*(تارا جوتێ پێڵاوی نوێی كڕی و بۆ ئاهەنگەكە لەپێی كرد)*

٣-٢-٣ لە هەردو زماندا ئامرازە لێكدەرەكان پەیوەندیی واتایی نێوان ڕستە سادەكان دیاردەكەن. وەك:

- تارا زیرەكە، بەڵام تابین تەمبەڵە. (ڕستەی لێكدراوی پێچەوانە).

- دانیشە، یان بڕۆ. (ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردە).

- He couldn’t find his pen, so he wrote in pencil. (ڕستەی لێکدراوی ئەنجام)

*(ئەو قەڵەم جافەکەی نەدۆزیەوە، بۆیە بە قەڵەم دار نوسی)*

- He washed the car and then polished it.(ڕستەی لێکدراوی بەردەوام)

*(ئەو [نێر] ئوتومبێلەکەی شوشت و پاشان پۆلیشی کرد)*

- جیاوازیەکان:

٣-٢-٤ لە زمانی کوردیدا چوار جۆرە ڕستەی لێکدراو هەیە، ئەوانیش بریتین لە ڕستەی لێکدراو بەهۆی ئامرازەکانی (و- بەڵام – یان...یان- نە...نە)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا شەش جۆرە ڕستەی لێکدراو هەیە کە بریتین لە ڕستەی لێکدراوی (بەردەوام- دژیەك- زیادکراو- هەڵبژاردە- ئەنجام- هۆکار)، هەمو ئەو ڕستانەش لە بەشی پێشودا بە نمونە ڕونکراونەتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ڕستەی لێکدراو لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا جیاوازییەکی بنچینەیی نیە و بەڵکو ئەم ڕستانە لە هەردو زماندا بە هەمان شێوە و بنەما دروستدەبن.

**٣-٣ڕستەی تێکەڵ:**

- لێکچونەکان:

٣-٣-١ لە هەردو زماندا ڕستەی تێکەڵ لە دو ڕستە یان زیاتر پێکدێ. ڕستەیەکیان سەرەکیە و پێی دەوترێ شاڕستە، ڕستەکانی تر لاوەکین و پێی دەوترێ پاڕستە. وەك:

- <u>تارا ناتوانێ بگەڕێتەوە</u>، <u>ئەگەرچی حەزی لەوێش نیە</u>.

ڕستەی١/ شاڕستە ڕستەی٢/ پاڕستە

- <u>Though he was very rich</u>, <u>he was still very unhappy</u>.

ڕستەی١/ پاڕستە ڕستەی٢/ شاڕستە

*(لەگەڵ ئەوەی ئەو زۆر دەوڵەمەندە، هێشتا زۆر دڵخۆش نیە)*

٣-٣-٢ لە هەردو زماندا شاڕستە ڕستەیەکی سەربەخۆ و واتادارە، بەڵام شاڕستە ڕستەیەکی شوێنکەوتوی دیارخەرییە. واتە؛ شاڕستە دەتوانێ بە تەنیا دەرکەوێ[1]، بەڵام پاڕستە ناتوانێ. وەك:

- تارا ناتوانێ بگەڕێتەوە. (ڕستەیەکی سەربەخۆیە/ شاڕستە).

- ئەگەرچی حەزی لەوێش نیە. (ڕستەیەکی شوێنکەوتوە/ پاڕستە).

- He was still very unhappy. (ڕستەیەکی سەربەخۆ/ شاڕستە)

- Though he was very rich. (ڕستەیەکی شوێنکەوتوە/ پاڕستە)

٣-٣-٣ لە هەردو زماندا زۆر جار جێگۆڕکێکردنی شاڕستە و پاڕستە کار لە واتای ڕستەکە ناکا، بەڵام ڕەنگە لە هەندێ باردا واتای ڕستەکە بگۆڕێ. وەك:

---

[1] جگە لەو شاڕستانەی کە لە شێوەی تاکە وشەیەکدا دەردەکەون. وەك: <u>ئاشکرایە</u>، تورکیا دژی ئازادیی کوردانە.

- که بەهار هات، ئاگری خۆشی هەڵدەکەین. (پاڕستە+ شاڕستە).

- ئاگری خۆشی هەڵدەکەین که بەهار هات. (شاڕستە+ پاڕستە).

- Though he was very rich, he was still very unhappy. (پاڕستە +شاڕستە)

- He was still very unhappy, though he was very rich. (شاڕستە+ پاڕستە)

٣-٣-٤ له هەردو زماندا دەشێ زیاتر له یەك پاڕسته دەربکەوێ. وەك:

- دەزانم که تۆ دەرناچی، ئەگەرچی خۆشت ماندو کردوه.

شاڕسته پاڕسته پاڕســـــــــــتە.

- <u>When he came late to the class</u>, he forgot to do his homework, <u>but the teacher didn't blame him</u>.

*(کاتێ ئەو که درەنگ هاته پۆلەوە، بیریچوبو ئەرکی ماڵەوەی بکا، بەڵام مامۆستاکه لۆمەی نەکرد)*

*پاڕسته شاڕسته پاڕسته*

- جیاوازییەکان:

٣-٣-٥ له زمانی کوردیدا شاڕستەی یەك وشەیی هەیە، بەڵام زمانی ئینگلیزیی شاڕستەی یەك وشەیی نیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە که زمانی کوردی مۆڕفیمی بەندی ڕێژمای زۆرترە. وەك:

- <u>زانیومە</u> که براکەت نمرەیەکی بەرزی هێناوە.

شاڕستەی یەك وشەیی

٣-٣-٦ له زمانی کوردیدا پاڕستەکان دو جۆری سەرەکین: پاڕستەی دیارخەری ناوی و پاڕستەی دیارخەری کاری. ئەمانەش له ناو خۆیاندا دابەشی چەند جۆرێکی وردتر دەبن، بەڵام له زمانی ئینگلیزیدا سێ جۆره پاڕسته دیارکراون، ئەوانیش پاڕستەی ناوی و ئاوەڵناوی و ئاوەڵکارین. وەك:

- کۆمپانیاکه <u>که خاوەنەکەی دەوڵەمەندێکە</u>، پرۆژەکەی تەواونەکردوه. (پاڕستەی دیارخەری بکەر).

- <u>تا من دەگەڕێمەوە</u>، له جێی خۆت نەبزوی. (پاڕستەی دیارخەری کاتی کار).

- Choose a gift for <u>whomever you want</u>. (پاڕستەی ناوییە- بەرکارە)

*(دیارییەك هەڵبژێره بۆ هەر کەسێك که دەتەوێ)*

- The boy <u>who had stolen the purse</u>, was caught. (پاڕستەی ئاوەڵناوی- وەسفی ناوێك دەکا)

*(ئەو کوڕەی که کیسەپارەکەی دزی، دەستگیرکرا)*

- <u>When they saw the car coming</u>, the birds flew away from the street.

پاڕستەی ئاوەڵکاریە، دیارخەری کاتی ڕودانی کارەکەیە.

*(چۆلەکەکان له شەقامەکه هەڵفڕین، کاتێ سەیارەکەیان بینی وا دێ)*

٣-٣-٧ له زمانی کوردیدا هەمو پاڕستەکان ئەرکیان دیارخەرییە، بەڵام زمانەوانانی ئینگلیز پاڕستەکانی زمانی ئینگلیزییان بە ناوی و ئاوەڵناوی و ئاوەڵکاری داناوە، چونکە ئەرکی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار دەبینن، لە ڕاستیدا پاڕستەکانی زمانی ئینگلیزیش گشتیان دیارخەرین. وەك:

- کوڕەکەم ئوتومبێلەکەی که تازە بۆیم کڕیبو، شکاندوە. (پاڕستەی دیارخەری بەرکار).

- I wonder how long we should wait here. (پاڕستەی ناوییە- بەرکارە)
(من دەپرسم کە چەندی تر پێویستە لێرە چاوەڕێبکەین)

### ٣-٤ ڕستەی لێکدراوی تێکەڵ:

- لێکچونەکان:

٣-٤-١ لە هەردو زماندا ڕستەی لێکدراوی تێکەڵ پێکدێ لە دو شاڕستە و پاڕستەیەك بە لایەنی کەمەوە. واتە؛ شاڕستە ڕستەیەکی لێکدراوە و پتر لە ڕستەیەکی سادە پێکهاتوە. وەك:

- کە من هاتم، پاریەکە تەواوبوبو و هاندەران پاریگەیان چۆڵکردبو.

پاڕستە       شاڕستە       شاڕستە

- Tara doesn't like cartoons, because they are loud, so she doesn't watch them.(تارا حەزی لە فیلمی کارتۆنی نیە، چونکە زۆر بە دەنگەدەنگن، بۆیە سەیریان ناکا)

شاڕستە       پاڕستە       شاڕستە

٣-٤-٢ لە هەردو زماندا دەشێ زیاتر لە دو شاڕستە لە ڕستە ناسادەکەدا پێکەوە بێن. وەك:

- دەزانم کە تۆ هاتی، شیرین ڕوی وەرگێرا و نەسرین پێکەنی.

شاڕستە   پاڕستە   شاڕستە   شاڕستە

- I know that she like to sleep but she can't get up early, if she has work.

پاڕستە   شاڕستە   شاڕستە   شاڕستە

*(من دەزانم ئەو حەزدەکا بخەوێ، بەڵام ناتوانێ زو هەڵبستێ، ئەگەر کاری هەبێ)*

زمانی کوردی و ئینگلیزی هیچ جیاوازییەکیان نیە لە پێکهاتەی ڕستەی لێکدراوی تێکەڵدا.

## تەوەری چوارەم: شێوزای بکەرنادیار:

٤. **بکەرنادیار:** ئاشکرایە کە هەردو زمان وەك چۆن لە بوار و جۆرەکانی تری ڕستەدا هاوبەش و جیاوازییان هەیە، ئەوا بە هەمان شێوە لە کاری بکەرنادیاریشدا چەندین لێکچون و جیاوازییان لە نێواندا هەیە. لە خوارەوە باوترینیان خراونەتەڕو:

٤-١: لایەنی لێکچون:

٤-١-١ لە هەردو زماندا پێناسەیەکی هاوشێوە بۆ کاری بکەرنادیار کراوە. بە جۆرێ لە زمانی کوردیدا کاری بکەرنادیار بەم شێوەیە پێناسەکراوە کە کارێکە بکەرەکەی دیارنیە کێیە و چیە؟ یان کارێکە تێیدا بەرکار بە لوتکە کراوە. لە بەرامبەردا لە زمانی ئینگلیزیشدا لە پێناسەی کاری

بکەرنادیاردا دەڵێ: کاری بکەرنادیار ئەو کارەیە کە نازانرێ، یان گرنگ نیە کە کێ کارەکەی ئەنجامداوە؟ یان ئەو کارەیە کە بەرکار تێیدا بە لوتکە کراوە. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێ:

- پوشەکە سوتێنرا.

- The Dog was killed. *(سەگەکە کوژرا)*

لەم دو نمونەی سەرەوەدا دیارنیە کە کێ کارەکانی ئەنجامداوە، بۆیە بکەر بە نادیاری ماوەتەوە. زۆر جاریش مەبەستی تر هەیە لە بەکارهێنانی کاری بکەرنادیار ئەویش ئەوەیە کە قسەکەر دەیەوێ بەرکار بە لوتکە بکا و بیهێنێتە سەرەتای ڕستەکەوە. ئەم دیاردەیەش لە هەردو زماندا بەرچاودەکەوێ. وەك:

- دزەکە گیرا.

- The thief was caught. *(دزەکە گیرا)*

ئاشکرایە کە ئەوەی دز دەگرێ یان پۆلیسە یان خاوەن ماڵە، بەڵام قسەکەر هیچ یەك لەو بکەرانەی باسنەکردوە، چونکە مەبەستی گرنگ لای ئەو بەرکارەکەیە، بۆیە بە لوتکەی کردوە.

٤-١-٢ بکەرنادیار تەنیا لە کاری تێپەڕ دروستدەکرێ: لە زماندا فۆڕمی بکەر نادیار تەنیا لەو کارانە دروستدەکرێ کە تێپەڕن، بەو پێیەی کە کاری تێپەڕ بەرکار وەردەگرێ و لە کاتی دروستکردنی یەکێ لە فۆڕمەکانی کاری بکەرنادیار ئەوا قسەکەر بەرکار بە لوتکە دەکا و دەیهێنێتە سەرەتای گوتن و ڕستەکانیەوە، لەبەرئەوەیە کە کاری بکەرنادیار لە زماندا تەنیا لەو کارانە ددروستدەکرێ کە تێپەڕن، ئەمەش یەکێکی ترە لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردو زمان. وەك:

- پۆلیس دزەکەی گرت. ⟵ دزەکە گیرا.
بکەر بەرکار کار بەرکار کار

- <u>The police</u> <u>caught</u> <u>the thief</u>. ⟶ <u>The thief</u> <u>was caught.</u>
*(پۆلیس دزەکەی گرت)* *(دزەکە گیرا)*
بەرکار کار بکەر کار بەرکار

٤-٢ جیاوازیەکان: چەند جیاوازیەکی بنچینەیی هەیە لە نێوان فۆڕمی بکەرنادیار لە هەردو زماندا، ئەو جیاوازیانەش دەشێ ببنە هۆی تێکەڵی و لەمپەر لەبەردەم فێربونی زمانی دوەم دروستدەکەن، وەك:

٤-٢-١ لە زمانی کوردیدا پیتی (ر) مۆرفیمی بکەرنادیارە و پاشان نیشانەی کاتی بەدواوەدێ، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی (ed)[1] دەخرێتە سەر کاری سەرەکی ڕستەکە و دەچێتە سەر شێوەی سێیەم، پاشان کارە یاریدەدەرەکان گوزارشت لە جۆری کاتەکە دەکەن. وەك:

- نانەکە خو(ر)ا.
مۆرفیمی بکەرنادیارە

[1] ئەم مۆرفیمە بۆ گۆڕینی کار بۆ شێوەی سێیەم بەکاردێ و نیشانەیەکی تایبەت نیە بە کاری بکەرنادیار.

- The PC was hacked. *(کۆمپیوتەرەکە هاککرا)*

شێوەی سێیەمە بۆ بکەرنادیار

٤-٢-٢ ڕیزبونی کەرەسەکان: ڕیزبونی کەرەسەکان یەکێکی ترە لە جیاوازیەکانی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی لە فۆڕمی بکەرنادیاردا. لە شێوەی بکەرنادیاری زمانی کوردیدا کەرەسەکان بە شێوەی ([بەرکار]+ ڕەگی کار+ مۆڕفیمی بکەرنادیار+ مۆڕفیمی کات[١]+ جێناوی لکاوی بەرکار) ڕیزدەبن، بەڵام لە شێوەی بکەرنادیاری زمانی ئینگلیزیدا کەرەسەکان بە شێوەی ( S[٢].+ Aux. v.be+ main verb p.p) ڕیزدەبن. لە هەردو زماندا ڕستەکە بە بەرکار دەستپێدەکا، بەڵام لە زمانی کوردیدا لە دوای بەرکار ڕاستەوخۆ کاری گەردانکراو دێ، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا کاری یاریدەدەری (v.be) دێ کە لە بنچینەدا بۆدەربڕینی کاتە، دواتر کاری سەرەکی دێ کە لە شێوەی سێیەمدایە. وەك:

- نامەکە نوسرا.

بەرکار کاری گەردانکراو

- The letter was written. *(نامەکە نوسرا)*

کار/سەرەکی کار/یاریدەدەر بەرکار

هەروەها لە زمانی کوردیدا دەشێ بەرکار لە سەرەتاوە نەیەت و بەڵکو بە کرداری ڕێککەوتن لە شێوەی جێناوێکی لکاودا بکەوێتە کۆتایی کارەکەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە لە زمانی ئینگلیزیزدا بەرچاو ناکەوێ و بەرکار هەمیشە وەکو مۆڕفیمێکی سەربەخۆ لە سەرەتای ڕستەکەوە دەردەکەوێ. وەك:

- کوژرا<u>م</u> – کوژرا<u>ی</u> – کوژرا<u>Ø</u> – کوژرا<u>ین</u>- کوژر<u>ان</u> – کوژر<u>ان</u>.

بەرکار

- was written the letter*.

ئەم دەربڕینە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕێگەپێدراو نیە و زمانی ئینگلیزیش جێناوی لکاوی نیە.

٤-٢-٣ بونی کاری ناوێزە: یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئینگلیزی ئەوەیە کە هەندێ کاری هەیە لە دەستوری گەردانکردنی ئاسایی لادەدەن و هەر یەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز بۆ شێوەی دوەم و سێیەم گەرداندەکرێن، ئەو کارانەش پێیان دەوترێ ناوێزە (irregualar verbs) کە ئەم کارانە بۆ دروستکردنی شێوەی سێیەمیان پشت بە هیچ یاسایەك نابەستن و پێویستە لەبەربکرێن، بەڵام لە فۆڕمی بکەرنادیاردا هیچ کارێك بە شێوەیەکی جیاواز گەردانناکرێ و بە پێچەوانەوە گشت

---

[١] (ا) بۆ ڕابوردو و (ێ) بۆ داهاتو.

[٢] ئەم جۆرە بکەرە پێیان دەوترێ بکەری کارتێکراو(Affected subject) کە سیفەتی بەرکاری هەیە، نەك کارکەر.

کارەکان لەسەر هەمان یاسا دروستدەبن. واتە هیچ کارێك لە زمانی کوردیدا لە شێوەی ئاسایی گەردانکردنی فۆرمی نادیاری لانادا و شازی تێناکەوێ، مەگەر تەنیا گۆڕانکاریی دەنگسازی بەسەر ڕەگی کارەکاندا بێ. وەك:

- خواردن ← ڕەگ ← خوار ←خوارڕا ← خواردرا[1].

- Help + ed = helped. (شێوەی سێیەم)

- write → written. (ناوێزەیە)

- The letter was written. *(نامەکە نوسرا)*

٤-٢-٤ شێوەی بکەرنادیار: شێوەی کار مەبەست لە دەرکەوتنی کاری گەردانکراوە بەهۆی وەرگرتنی نیشانەی کات و کەسەوە. لە زمانی کوردیدا (شەش) شێوەی کاری بکەرنادیار دەردەکەون، ئەوانیش لە ڕابوردو و داهاتودان، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا شێوەی کاری بکەرنادیار لە (دە) شێوەدا دەردەکەون، ئەویش جگە لەو کارانەی کە بەهۆی کارە مۆدەڵەکانەوە دروستدەبن. فۆرمەکانیش بریتین لە:

- لە زمانی کوردیدا:

- کوژراØ. ڕابوردوی نزیك
- کوژراوØە. ڕابوردوی تەواو
- دەکوژراØ. ڕابوردوی بەردەوام
- کوژرابوØ. ڕابوردوی دور
- دەکوژرێØ. ڕانەبوردو
- بکوژرێ داهاتو

- لە زمانی ئینگلیزیدا:

- The boy is helped. (ئێستای سادە)(کوڕەکە یارمەتی دەدرێ)

- The boy is being helped.(ئێستای بەردەوام)

- The boy has been helped. (کوڕەکە یارمەتی دراوە) (ئێستای تەواو)

- The boy has being helped. (ئێستای تەواوی بەردەوام)(کوڕەکە یارمەتی دەدرا)

- The boy was helped.(ڕابوردوی سادە) *(کوڕەکە یارمەتی درا)*

- The boy was being helped.(ڕابوردوی بەردەوام)

- The boy had been helped.(ڕابوردوی تەواو)

[1] دەنگی (ڕ) بوە بە (د) بەهۆی کاریگەری دەنگی دراوسێوە.

- The boy had being helped.(ڕابوردوی تەواوی بەردەوام)

- The boy will be helped. *(کوڕەکە ڕەنگە یارمەتی بدرێ)* (داهاتوی سادە)

- The boy will have helped. (داهاتوی تەواو)

لە بابەتی کاری بکەرنادیاردا هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزی بە شێوەیەکی گشتی دو خاڵی هاوبەشیان هەیە و ئەم لێکچون و هاوبەشیە کارئاسانی بۆ فێرکارانی زمانی دوەم دەکا کە سودیان لێوەربگرن بۆ فێرکردنی زمانی دوەم بۆ فێرخوازانی زمانی دوەم کە ئینگلیزیە. لە بەرامبەردا هەردو زمان لە پێنج خاڵی سەرەکیدا جیاوازن. ئەم جیاوازیانەش یەکێکن لەو گرفتانەی کە توشی فێرخوازانی زمانی کوردی دەبێ لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا.

بەشی شەشەم

# کاری مەیدانی
# (ڕاپرسی و تاقیکردنەوە)

لەم بەشەدا هەوڵدراوە گرنگترین ئەو ئەنجامانە بخرێنەڕو کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ڕاپرسی بەشی مەیدانیدا چنگکەوتون. کارە مەیدانیەکە بریتیە لە دو فۆڕم و دابەشکردنیان بەسەر کۆمەڵێ مامۆستا[1]ی زمانی ئینگلیزی و کۆمەڵێ فێرخواز[2] لە قۆناغی بنەڕەتی قوتابخانەکاندا و لە دو سیستەمی خوێندنی جیاواز کە بریتین لە سیستەمی کوردی و ئینگلیزی.

ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم دو سیستەمە جیاوازە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فێرخوازانی سیستەمی ئینگلیزی گشت بابەتەکان بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن و زیاتر ئاشنای زمانی ئینگلیزین بەراورد بە فێرخوازانی سیستەمی کوردی. هەرچی سەبارەت بە ڕاپرسی نێوان مامۆستایانی زمانی ئینگلیزییە، هۆکاری ئەم ڕاپرسیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مامۆستایان زیاتر شارەزای ئەو کێشە و گرفت، یان ئەو ڕێگە ئاسانانەن کە بۆ فێرکردنی فێرخوازەکان دەیگرنەبەر. لە خوارەوە پوختەی کار و ئەنجامی ئەم بەشە و تایبەتمەندی گۆمەڵگای توێژینەوەکە خراوەتەڕو:

- کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیە لە فێرخوازانی هەردو قوتابخانەی هەولێری نمونەیی بنەڕەتی تێکەڵاو و تاڤگەی بنەڕەتی کچان، بەڵام لە پارچەی دوەمدا بریتیە لە کۆمەڵێ مامۆستای پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی.

- جۆری کۆمەڵگا:

لە خاڵی یەکەمدا جۆری کۆمەڵگاکە کۆتایی هاتوە، چونکە دەتوانین ناو و ڕەگەز و تەمەنی بەشداربوان بخەینەڕو، بەڵام لە پارچەی دوەمدا جۆری کۆمەڵگاکە کۆتایی نەهاتوە.

- سامپڵی توێژینەوەکە:

سامپڵی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دانە زمانییەکانی هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزی کە خۆی لە نمونەی ڕستە و فرێزدا دەبینێتەوە.

**٥-١ تاقیکردنەوە و ڕاپرسی فێرخوازان:**

**٥-١-١ فرێز (جۆر و پێکهاتە):** فرێز و جۆرەکانی بە شێوەیەکی گشتی نابنە هۆی دروستکردنی ئاڵۆزی و زەحمەتی بۆ فێرخوازانی کورد لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کە لە بابەتی فرێزەکان هەردو زمان کەمترین جیاوازی و زۆرترین خاڵی لێکچونیان هەیە. ئەم ئەنجامەش بەم شێوەیە لە وەڵامی فێرخوازانی کورددا دەرکەوتوە, وەك لە خوارەوە خراوەتەڕو:

---

[1] لە ناوەندی خوێندنی جیاواز و لە ڕەگەز و تەمەنی جیاواز.
[2] فێرخوازەکان تەمەنیان لە نێوان (١٢-١٥)ساڵدان. لە ڕەگەزی نێر و مێ.




نەخشەی (١)




نەخشەی (٢)

ئەم دو ئامارە ئەوە دەردەخەن کە فریزەکان زیاتر ئاسانکاری دەکەن بۆ فێرخوازانی کورد لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا. هەروەها جیاوازی نێوان ئەو قوتابخانانەی کە سیستەمیان کوردیە و لەگەڵ ئەوانەی کە سیستەمی خوێندنیان ئینگلیزییە ڕێژەکەی (04%)ە.

**٥-١-٢ ڕیزبونی کەرەسەکان (word order):** ڕیزبونی کەرەسەکانی زمان لە چوارچێوەی ڕستەدا یەکێکی ترە لەو هۆکارە زمانیانەی کە کاریگەری لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە. ڕێژەی کاریگەری ڕیزبونی کەرەسەکان لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا و لە هەردو سیستەمی خوێندنی ئینگلیزی و کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:




نەخشەی (٣)




نەخشەی (٤)

ئەم ئامارانە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە ڕیزبونی کەرەسەکان کاریگەریی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزیی دروستدەکەن بۆ فێرخوازانی کورد، چونکە بە شێوەیەکی زۆر ڕیزبونی کەرەسەکان لە هەردو زماندا هاوشێوەن و لە ڕستەیەکی سادەدا تەنیا شوێنی کار و بەرکار جیاوازە، ئەگەرنا لە هەردو زماندا ڕستەی سادەی هەواڵدان دەستپێدەکەن. هەروەها ڕێژەی جیاوازی کاریگەرییەکە لە نێوان هەردو سیستەمی خوێندنی کوردی و ئینگلیزیدا بریتیە لە (12%).

**٥-١-٣ دەمکاتەکان(tenses):** دەشێ بگوترێ کە دەمکاتەکان یەکێکن لە گەورەترین کێشەکانی فێرخوازی کورد لە فێربونی زمانی ئینگلیزید و بە تایبەت ئەو دەمکاتانەی کە لە زمانی یەکەمیدا هەیە و بەڵام لە زمانی دوەمیدا نیە، یان بە پێچەوانەوە. ئەم توێژینەوەیە تیشك ناخاتەسەر هۆکاری کێشەکان و چارەسەرکردنیان، بەڵکو تەنیا ئامارێکی پوخت بۆ کێشە و گرفت و ئاسانکارییەکان دەخاتەڕو، بۆیە لە خوارەوە پوختەی کاریگەرییەکە لە وەڵامی فێرخوازانەوە خراوەتەڕو:




نەخشەی ژمارە (٥)




نەخشەی ژمارە (٦)




نەخشەی ژمارە (٧)




نەخشەی ژمارە (٨)

لە سیستەمی خوێندنی کوردیدا فێرخوازانی کورد لە دەمکاتەکاندا توشی زەحمەتی دەبن بە تایبەتی لەو دەمکاتانەی کە هاوبەش نین لە نێوان هەردو زماندا. ئەم تاقیکردنەوەیە ئەوەی دەرخستوە کە فێرخوازەکان لەو دەمکاتانەی هاوبەشن بە رێژەی ٦٠% وەڵامی دروستیان داوەتەوە، کەچی لەو دەمکاتانەی کە هاوبەش نین وەڵامی دروست تەنیا ١٦% بوە، ئەمەش ئەو راستیە دەگەیەنێ کە دەمکاتەکان کێشەن لەبەردەم فێرخوازانی کورد لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا. لە سیستەمی خوێندنی ئینگلیزیشدا تاقیکردنەوەکە ئەم ئەنجامانەی وەدەست خستوە:




نەخشەی ژمارە (٨)




نەخشەی ژمارە (٩)

لە تاقیکردنەوەی فێرخوازانی سیستەمی ئینگلیزیشدا هەمان ئەنجام بە دەست هاتوە. دەمکاتە هاوبەشەکان ئاسانترن بۆ فێرخوازان بە بەراورد بە دەمکاتە جیاوازەکان. تێکڕای جیاوازی نێوان فێرخوازانی نێوان هەردو سیستەم لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا بریتیە لە ٦٠% بۆ دەمکاتە هاوبەشەکان و ٤٠% بۆ دەمکاتە جیاوازەکان.

**٥-١-٤ ڕستە (جۆر و پێکهاتە):** ڕستە و جۆرەکانی لە هەردو زماندا بە ڕادەیەکی زۆر هاوشێوە و چونیەکن، بۆیە دەشێ ئەم لایەنە ببێتە کارئاسانی و یارمەتی بۆ فێرخوازانی کورد لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا، هەروەك لە خوارەوەدا تاقیکردنەوەی فێرخوازان ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ:




نەخشەی ژمارە (١٠)




نەخشەی ژمارە (١١)

بەهۆی زۆری لایەنی هاوبەشی ڕستە و جۆرەکانی لە هەردو زماندا وایکردوە کە ئەم لایەنە کەمترین زەحمەتی بۆ فێرخوازانی کورد دروستبکا. هەروەها تێکڕای جیاوازی فێربون و وەڵامی دروست و نادروست لە نێوان فێرخوازانی هەردو سیستەمی خوێندندا بریتیە لە ٠٥%، واتە؛ فێرخوزانی سیستەمی خوێندنی ئینگلیزی (٥) خاڵ باشترن لە فێرخوازانی سیستەمی خوێندنی کوردی.

**٥-١-٥ شێوازی بکەرنادیار (passive):** دەتوانرێ بگوترێ کە شێوازی بکەرنادیار دو هێندە و نیوی شێوازی بکەردیار بۆ فێرخوازانی کورد لە هەردو سیستەمی خوێندنی کوردی و ئینگلیزی زەحمەتترە. بکەرنادیار بەهۆی پێکهاتە جیاوازەکەیەوە بەراورد بە زمانی یەکەمی فێرخوازانی کورد وایکردوە کە فێرخوازە کوردەکان کێشە و لەمپەری زۆریان بێتەڕێ لە دەربڕین و دروستکردنی شێوزای بکەرنادیاردا. ڕاستی ئەم قسەیەش لە وەڵامی فێرخوازەکاندا دەرکەوتوە کە بەم شێوەیەیە:




نەخشەی ژمارە (١٢)




نەخشەی ژمارە (١٣)

زۆرینەی ئەو هەڵانەی کە فێرخوازان لە شێوازی بکەرنادیاردا کردویانە بەهۆی گەردانکردنی کار، یان بەهۆی کارە یاریدەدەرەکانەوە بوە. تێکڕای ڕێژەی جیاوازی دروستی و نادروستی وەڵامی فێرخوازەکانی هەردو سیستەم بریتیە لە ١٤%.

**٥-١-٦ شێوزای پرسیار:** دروستکردنی شێوازی پرسیاری لە ڕستەیەکی هەواڵداندا یەکێکە لە کێشە گەورەکانی فێرخوازی کورد لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە شێوازی پرسیاریدا کەرسەکان لە ئینگلیزیدا شوێنیان دەگۆڕێ. هەروەها جیاوازی زۆرە لە دروستکردنی شێوزای پرسیار لە زمانی کوردیدا. ئەنجامی تاقیکردنەوەی شێوازی پرسیار بەم شێوەیە دەرچوە:




نەخشەی ژمارە (١٤)




نەخشەی ژمارە (١٥)

ئەم نەخشانە ئەوە دەردەخەن کە فێرخوازەکان توانایان بەسەر ئەم لایەنەی زمانی ئینگلیزیدا نیە. هەروەها جیاواز لە لایەنەکانی تر، لە شێوازی پرسیاریدا خوێندکارانی سیستەمی کوردی بە ڕێژەی ٤٠% باشترن لە فێرخوازانی سیستەمی خوێندنی ئینگلیزی.

**٥-١-٧ شێوازی نەرێ:** نەرێ کردن لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا دەرکەوتن و پێکهاتەی جیاوازیان هەیە و شێوەی نەرێ کردن لە ئینگلیزیدا ئاڵۆزی و زەحمەتی بۆ فێرخوازانی کورد دروستکردوە، بەوەی کە لە نەرێ کردنی ئینگلیزیدا جگە لە ئامرازی نەرێکردن، پێویستیی بە کاری یاریدەدەریش دەبێ. ئەنجامی تاقیکردنەوەی ئەم لایەنەش بەم شێوەیە:




نەخشەی ژمارە (١٦)




نەخشەی ژمارە (١٧)

ئەم دو وێنەیە ئەوە دەردەخەن کە فێرخوازانی کورد لە هەردو سیستەمی خوێندنی کوردی و ئینگلیزی بە ڕێژەی جیاواز کێشەیان لەگەڵ شێوازی نەرێکردنی ڕستەی ئینگلیزی هەیە. هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە کە فێرخوازانی سیستەمی کوردی بە ڕێژەیەکی زۆر توشی زەحمەتی دەبنەوە لەم لایەنە بە بەراورد بە فێرخوازانی سیستەمی خوێندنی ئینگلیزی. تێکڕای جیاوازی نێوان فێرخوازانی هەردو سیستەم لە شێوزای نەرێکردندا بریتیە لە ٣٢%.

هەروەها لایەنێکی تری تاقیکردنەوەکە بریتی بو لە وەرگرتنی ڕا و بۆچونی فێرخوازەکانی هەردو سیستەمی خوێندن دەربارەی ئەم لایەنانەی خوارەوە:

- فێرخوازانی خوێندنی سیستەمی کوردی ٦٢% یان پێیان وایە کە ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان ڕستەسازیی زمانی کوردی و ئینگلیزیدا هەیە، فێربونی زمانی ئینگلیزی لەلا زەحمەت کردون. لە بەرامبەردا فێرخوازانی خوێندنی سیستەمی ئینگلیزی تەنیا ٤٠% یان پێیان وایە ئەو جیاوازیانە کاریگەری لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی هەیە.
- فێرخوازانی خوێندنی سیستەمی کوردی ٨٢% یان سود لەو خاڵە هاوبەشانەی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی دەبینن بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی. لە بەرامبەردا فێرخوازانی خوێندنی سیستەمی ئینگلیزی تەنیا ٤٢% یان سود لە زمانی کوردی دەبینن بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی.
- ٧٢%ی فێرخوازانی خوێندنی سیستەمی ئینگلیزی پێیان وایە ئەگەر توێژینەوەیەك هەمو خاڵە جیاواز و لێکچوەکانی نێوان هەردو زمان لە ڕستەسازیدا دیاربکا، ئەوا یاریمەتیدەر دەبێ بۆ فێربونی زمانی دوەمیان. لە بەرامبەردا ٨٨% ی فێرخوازانی خوێندنی سیستەمی کوردی پێیان وایە توێژینەوەیەکی لەو جۆرە دەتوانێ کۆمەکیان بکا لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا.

فێرخوازانی خوێندنی هەردو سیستەم چەند خاڵێك و لایەنێکی تریان پێشنیازکردوە کە دەتوانێ یارمەتییان بدا لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا لەوانە:

(فيلم و دراماكان و تۆڕەكۆمەڵايەتيەكان، ڕۆڵی مامۆستای كارامە و شارەزا، وەرگێرانی ڕێزمان، سيستەمی خوێندن، زانينی واتای وشەكان، تەمەن،...هتد).

لە بەرامبەردا پێيان وايە هۆكارەكانی (جياوازی نێوان ڕێزمانی كوردی و ئينگليزی، گۆكردن، ڕاناوەكان كە لە ئينگليزيدا بونيان نيە...هتد) زمانی ئينگليزی بۆ فێربون لای ئەوان زەحمەت كردوە.

پوختەی ئەو لايەنانەی كە زۆرترين و كەمترين كاريگەرييان لەسەر فێرخوازی كورد هەيە لە فێربونی زمانی ئينگليزيدا:




نەخشەی ژمارە (١٨)

[ئەو لايەنانەی كەمترين كاريگەرييان لەسەر فێربونی زمانی ئينگليزی هەيە]




نەخشەی ژمارە (١٩)

[ئەو لايەنانەی زۆرترين كاريگەرييان لەسەر فێربونی زمانی ئينگليزی هەيە]

نەخشەی گشتی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە




نەخشەی ژمارە (٢٠)

**٥-٢ ڕاپرسی لەنێوان مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی:**

بەو پێیەی کە مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی زیاتر ئاگاداری ئەو کێشە و کۆسپ و ئاسانکاریانەن کە دێنە بەردەم فێرخوازەکانیان لە کاتی فێربونی زمانی ئینگلیزیدا، لەم ڕوانگەیەوە چەند پرسیارێکی لە ڕوانگەی جیاوازەوە ئاراستەی (٥٠) مامۆستا کراوە لە ناوەندە جیاوازەکانی خوێندنەوە، لە خوارەوە پوختەی ئەنجامی و وەڵام و ڕا و سەرنجی مامۆستاکان خراونەتەڕو:

٥-٢-١ **کاریگەری زمانی یەکەم لەسەر زمانی دوەم:** بە شێوەیەکی گشتی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی پێیان وایە کە زمانی یەکەمی فێرخوازانی کورد کاریگەریی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزیی هەیە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە تەنیا ١٨%ی مامۆستاکان زۆر سود لە کوردی دەبینن بۆ فێرکردنی ئینگلیزی و ٣٢% مامناوەند و ٥٠%یان کەم سودی لێدەبینن. لە بەرامبەردا ٧٢%ی مامۆستاکان پێیان وایە کە پێویستیان بە توێژینەوەیەکە کە لایەنە جیاواز و هاوبەشەکانی نێوان هەردو زمانیان بۆ بخاتەڕو، تاکو بتوانن لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزیدا سودی لێبببینن لە ڕاپرسیەکەدا ئەم ئەنجامانە چنگکەوتون:




نەخشەی ژمارە (٢١)

٥-٢-٢ **یاسا چونیەك و جیاوازەکان:** ڕاو و بۆچونی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی دەربارەی یاسا جیاواز و وێکچوەکانی نێوان هەردو زمان بەم شێوەیە بو: ٢٢%ی مامۆستاکان پێیاو وایە کە یاسا هاوبەشەکانی نێوان هەردو زمان ئاسانکاری بۆ فێرخوازان دەکەن لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا و لە بەرامبەردا ٢٨%یان پێیان وایە یاسا جیاوازەکان دەبنە بەربەست بۆ پرۆسەی فێربونەکە. هەروەها مامۆستاکان زیاتر لە ئاستی ڕستەسازیدا ئینگلیزی بە کوردی بەراورد دەکەن بۆ فێرکردنی ئینگلیزی بە فێرخوازەکانیان. تێکڕای وەڵامی مامۆستایان بە شێوەی نەخشەیەك لە خوارەوە خراوەتەڕو:




نەخشەی ژمارە (٢٢)




نەخشەی ژمارە (٢٣)

**٥-٢-٣ ڕیزبونی کەرەسەکان و شێوزای نەرێ و پرسیاری و بکەرنادیار:** لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە مامۆستاکان کراوە کە ئایا جیاوازی لە ڕیزبونی کەرەسەکان لە نێوان هەردو زماندا دەبنە بەربەست لەبەردەم فێربونی زمانی ئینگلیزی؟ ٣٤%یان بە بەڵێ وەڵامیانداوەتەوە و ٢٦%یان بە نەخێر و ٤٠%یان بە کەمێ، وەڵامیانداوەتەوە. دەربارەی شێوازی بکەرنادیار و نەرێ و پرسیاری هەمان پرسیار ئاراستەی مامۆستایەکان کراوەتەوە، پوختەی وەڵامەکانیان بەم شێوەیە بوە:




نەخشەی ژمارە (٢٤)

لە وەڵامی مامۆستاکاندا ئەوە دەردەکەوێ کە هەریەك لەم لایەنانە کاریگەری خۆیان لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا هەیە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز.

٥-٢-٤ **پێکهاتە و جۆرەکانی ڕستە و فریز**: جۆرەکانی ڕستە لە ڕوی پێکهاتنەوە کەمتر کاریگەری لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی هەیە، چونکە ڕستە لەم ڕووەوە زیاتر هاوشێوە و چونیەکە لە نێوان هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، بۆیە ٤٠%ی مامۆستاکان پێیان وایە کە جۆرەکانی ڕستە لە ڕوی پێکهاتنەوە ئاسانکارین لەبەردەم فێرخوازەکان بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی. هەروەها بەهۆی چونیەکی زۆری نێوان فریزەکان لە هەردو زماندا، تەنیا ٢٢%ی مامۆستاکان پێیان وایە کە نەخێر چونیەکای فریزەکان ئاسانکاری بۆ فێرخوازان ناکەن، کەچی ئەوانی تر هەمو وەڵامەکان بە بەڵێ و کەمێکن. لە بەرامبەردا ٤٤%یان بە بەڵێ و ٣٤%یان بە کەمێ، پێیان وایە کە دەمکاتەکان بە هۆی جیاوازی زۆریانەوە لە نێوان هەردو زمان، دەبنە بەربەست لەبەردەم فێربونی زمانی ئینگلیزیدا.

پوختەی وەڵامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوە:




نەخشەی ژمارە (٢٥)

لێرەوە دەردەکەوێ کە دەمکاتەکان زۆرترین کێشە بۆ فێرخوازانی کورد دروستدەکەن لە فێربونی زمانی ئینگلیزیدا.

هەر لەو ڕاپرسیەدا مامۆستایان چەند خاڵ و لایەنێکیان خستۆتەڕو کە پێیان وایە فێربونی زمانی دوەم (ئینگلیزی)ی پێ ئاسان، یان زەحمەتدەبێ. گرنگترینیان ئەمانەن:

(وشە و واتاکەی، بونی دەنگی هاوبەش، کتێبی پرۆگرامی خوێندن، تەکنەلۆژیا، هۆیەکانی فێرکردن، ئارەزوی فێرخواز، وەرگێران، بەراوردکردنی کوردی بە ئینگلیزی و فیلم و دراما) ئەو هۆکارانەن کە دەتوانن یارمەتی فێرخوازان بدەن بۆ ئاسان فێربونی زمانەکە. لە بەرامبەردا هۆکارەکانی (خوێندنی ڕێزمان، فرەواتایی وشەکانی زمانی ئینگلیزی، برگەسازی، شێوەزاری زۆر، زمانی فەرمی و نافەرمی، کلتوری زمانی، دەمکاتەکان، دەنگی جیاواز، گۆکردن، جیاوازی

ڕستەسازی، وەرگێڕانی وشەیی و ناشارەزایی مامۆستایانی ئینگلیزی لە ڕێزمانی کوردی...هتد)
ئەو هۆکارانەن کە فێربونی زمانی ئینگلیزی لای فێرخوازانی کورد زەحمەت کردوە.

# ئەنجام   و پێشنیازەکان

## ئەنجام و پێشنیازەکان

لە کۆتایدا ئەم توێژینەوەیە گەیشت بەم ئەنجامانە و چەند پێشنیازێکی خستۆتەڕو:

١. زمانی کوردی، بە تایبەت ئاستی ڕستەسازی، کاریگەریی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی هەیە. کاریگەرییەکان هەندێکیان ئەرێنی و هەندێکیان نەرێنین. کاریگەریەکانیش دابەشی سەر چەند لایەنێکی جیاواز دەبن لە شێواز و پێکهاتەدا.

٢. ڕیزبونی کەرەسەکان لە نێوان هەردو زماندا جیاوازیی بنچینەییان هەیە و زۆرترین جیاوازی لە ڕستەی سادەی هەواڵدان‌دا بەرچاو دەکەوێ و کەمترین جیاوازیش لە ئاستی فرێزەکاندایە.

٣. دەمکاتەکان و شێوازی بکەرنادیار و شێوازی پرسیاری و نەرێ بۆ فێرخوازانی کورد زۆرترین کاریگەرییان لەسەر سستکردنی پڕۆسەی فێرکردنی زمانی ئینگلیزیدا هەیە.

٤. هەردو زمان لە ڕستەی لێکدراو و تێکەڵ و لێکدراوی تێکەڵ هاوشێوە و چۆنیەکن و یاسای دروستبونیان زۆر لەیەکەوە نزیکە، ئەمەش بوەتە هۆی ئاسانکاری بۆ فێرخوازانی کورد لە کاتی فێربونی زمانی ئینگلیزیدا.

٥. هۆکارە ناوەکیەکان (زمانیەکان) پتر لە هۆکارە دەرەکیەکان (نازمانیەکان) کاریگەرییان لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە.

٦. گەلێ هۆکاری تر هەن دەکرێ بە هۆیانەوە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی ئاسانبکەن لەوانە فلیم و دراما و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و...هتد.

پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:

١. دەشێ لە ئاستی دەنگ و وشەدا توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا ئەنجامبدرێ بۆ خستنەڕوی ڕادەی کاریگەریی ئەو ئاستانەش لەسەر فێرخوازان.

٢. ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر فێربونی زمانی دوەم، دەشێ هەر هۆکارەو بە تەنیا توێژینەویەکی دەربارە بکرێ بۆ نیشاندانی کاریگەریی ئەو هۆکارانە لەسەر فێربونی زمانی دوەم.

٣. بەشداریکردنی سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نوسراو، سەرباری بەرنامەکانی ئامێرە شاشە زیرەکەکان، ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە فێرکردنی زمانی دوەمدا.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:


**ئازاد ئەحمەد حسێن**، ٢٠١٢، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**ئاڤێستا کەمال مەحمود**، ٢٠٠٩، پراگماتیکی رستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

**ئاوات ئەحمەد محەمەد صالّح**، ٢٠٠٧، شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

**ئاواز حەمە سدیق بەگیخانی**، ١٩٩٦، ریزبوونی کەرەسە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین.

**ئومێد بەرزان برزو** (د.)، ٢٠١٢، دروستەی فرێز و رستە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی گەنج، چاپی دووەم، سلێمانی.

**تاڵیب حوسێن** (د.)، ٢٠١٤، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رستە و واتا لە کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**حاتەم ولیا محەمەد** (د.)، ٢٠٠٠، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجیی ژووروودا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، سلێمانی.

**دڵنیا نوری عبداللە**، ٢٠١٥، ستراتیژیەتی فێربونی زمانی دوەم، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین.

**دیار علی کمال** (د.)، ٢٠٠٢، رێزمانی کوردی روانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین.

**رێباز عەزیز** وەگێرانی لە ئەڵمانییەوە، ٢٠٠٩، فێربونی سەرکەوتو میتۆد و تەکنیکی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

**ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی** (د.)، ٢٠١٠، رێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی رستەی کوردی، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

- - - - - - - - - ، ٢٠١٣، هەندێ لایەنی رستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**سامی سەعید قادر**، ٢٠٠٩، بەراوردکاریی زمان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.

**شلێر ڕەسول بەرزنجی** (د.)، ١٩٨٩، ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.
**شێرکۆ حەمەئەمین و بڕوا ڕەسول**، ٢٠١٣، چۆن بیانی فێری زمانی کوردی بکرێت؟، کۆنفرانسی ساڵانەی زمانی کوردی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری.
**عبدالواحید مشیر دزەیی** (د.)، ٢٠١٤، زمانەوانی دەرونی، چاپی یەکەم، هەولێر.
**عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان**، ٢٠٠٩، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین.
**عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول** (د.)، ٢٠١٥، دەروزمانی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١٧.
- - - - - - - - ب، ٢٠١٤، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- - - - - - - - ج، ٢٠١٤، ناکردن لە کوردیدا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- - - - - - - - - - ا (د.)، ٢٠١٤، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
**فەرەیدون عەبدول بەرزنجی** (د.)، ١٩٨٨، نامەی ماستەر، نادیاری، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.
**ڤیان سلێمان حاجی**، ٢٠٠١، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوروی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
**قیس کاکل** (د.)، ١٩٩٥، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی ئاداب.
**محمد ڕەزا باتنی**، و.هێرش کەریم، ٢٠١٢، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، چاپی یەکەم، سلێمانی.
**محمد معروف فتاح** (د.)، ١٩٩٠، زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
- - - - - - - - ، کۆ.شێروان حسێن و شێروان میرزا، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
**محمود فتح الله احمد**، ١٩٨٨، کار تەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.
**محەمەد عومەر عەول** (د.)، ٢٠٠٨، کردەی تەواوکردن لە کرمانجیی خوارووا، نامەی دکتورا، زانکۆی سلێمانی.
**مستەفا قادر حەسەن**، ٢٠١٠، کارتێکردنی هەندێ لایەنی سینتاکسی زمانی فارسی لەسەر زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی زمان- هەولێر.

**مصطفى محمد زەنگەنە**، ١٩٨٩، کار و ئەرکی لە سینتاکسدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.

**میدیا موراد محەمەدەمین**، ٢٠٠٩، لێکدان و خستنە پاڵ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان.

**نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو** ب (د.)، ٢٠١٦، زمانەوانی کارەکی، بە١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

- - - - - - - - - ج، ٢٠١٢، ڕستەسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- - - - - - - - - - أ ، (٢٠١٦)، زمانەوانی کارەکی، بە٢چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

**نوری عەلی ئەمین**، ١٩٨٦، ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسی یکان لە ئاخاوتنی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

**وریا عمر ئەمین** ، ٢٠٠٩، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

- - - - - - - - - ، ٢٠١١، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- - - - - - - - - - ، ١٩٨٦، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، چاپخانەی دار الجماهیر، بەغدا.

**یوسف شریف سعید**- ب(د.)، کۆ.نەریمان خۆشناو، ٢٠١١، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- - - - - - - - - -ا ، ٢٠١٣، فێرکردنی زمانی دایك و ناسنامەی نەتەوە، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- - - - - - - - - -ج (د.)، ١٩٩٨ ، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا،، تێزی دکتۆرا زانکۆی سەڵاحەدین ، کۆلێژی ئاداب.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:**

**بل فانباتن و الساندرو بناتی**، قرأءة أ.د. ولید العناتي، ٢٠١٢، مصطلحات أساسية في أكتساب اللغة الثانية، مجلة أفكار، عدد ٢٨٠.

**زهران البدراوي** (د.)، ٢٠٠٨، في علم اللغة التقابلي ، دار الآفاق العربية القاهرة.

**محمد على الخولى**، ١٩٩٠، العوامل المؤثرة في اكتساب اللغة الثانية، جامعة الملك سعود- رياض ، سنة السابعة، العدد السابع.

**محمد فتيح** د. ، ١٩٨٩، فی علم اللغه التطبيقي، دار الفكر العربى، قاهره، طبعة الاولى.

**محمود احمد سيد** د. ١٩٨٨ ، تعليم اللغة بين الواقع والطموع،الطبعة الاولى، دار طلاس، دمشق.

**نايف خرما و على حجاج**، ١٩٨٨، اللغات الاجنبيه، مجله عالم المعرفه، رقم ١٢٦.

**هـ.دوجلاس براون**، و.د. عبيده الراجحى و د. على على احمد، ١٩٩٤، أسس تعلم اللغه و تعليمها، دار النهضة العربية، بيروت.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

**Andrew Radford**, 2009, An introduction to English sentence structure,Cambridge university press, U.K.

**Anna Maria Pinter**, 2011, Children Learning Second Languages, Palgrave Macmillan, U.K.

**Azar Betty s.& Hagen Stacy A.**, 2009, Understanding and using English Grammar,fourth Edition, NY USA.

**Barbara dykes**, 2007, Grammar for everyone, first published, Acer press.

**Barry Mclaughlin**, 1987, Theories of second language learning, first publish, Great Britain.

**Catherine J. Doughty & Michael H**, 2003, The Handbook of Second language Acquisition, long, Blackwell LTD, U.K.

**David Crystal**, 1997, The Cambridge encyclopedia of language, Cambridge University Press.

-----------------------, 2003, A dictionary of linguistics and phonetics, Blackwell publishing, Sixth edition, U.K.

**Douglas Biber, Stig Johansson, Geoffrey Leech, Susan Conrad, Edward Finegan**, 1999- Longman Grammar of Spoken and Written English, Hardcover, Pearson ESL, first edition, London.

**Dulay**, h., et al , 1982, Language Two, .N . Y. : Oxford University Press.

**Ellis R**. , 2003, Second language Acquisition, Eighth edition, oxford university press.

**Fiona davis and wayne Rimmer**, 2011, Active Grammar, level 1&2, Cambridge University press, U.K.

**Geoffrey Leech**, 2006, A glossary of English grammar, Edinburg University press.

**Sidney Greenbaum& Nelson Gerald C.**, 2009, An Introduction to English Grammar, third edition, Routledge, U.K.

**Howard Sargeant**, 2007, Basic English Grammar for English Language Learners, Saddleback Educational Publishing, Inc., Singapore.

**Jack C. Richards and Richard Schmidt**, 2010, Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Fourth edition, Pearson Education Limited, Great Britain.

**Jesperson**. O, 1966, George Allen & unwin Essential of English grammar, London.

**Jim Miller**, 2002, An introduction to English syntax, Edinburgh University Press.

**John Eastwood**, 1994, Oxford Guide to English Grammar, Oxford University Press, New York, First publish.

---------------------, 2006, Oxford Practice Grammar, Oxford University press, New York.

**Julia Herschensohn**, Martha Young-Scholten (editors) ,2013 , The Cambridge Handbook of Second Language Acquisition, Cambridge University Press.

**L.G. Alexander**, 1990, Longman English practice grammar, Longman, U.K.

**Lado**, R. 1957, Linguistics across cultures: Applied linguistics for language teachers. University of Michigan Press: Ann Arbor.

**Laurel J. Brinton- -John Benjamins**, 2000, The Structure of Modern English A Linguistic Introduction, Publishing Co.

**Laurie E. Rozakis**, 2003, The Complete Idiot's Guide to Grammar and Style, second Edition-Alpha.

**Lourdes Ortega**, 2009, Understanding Second language Acquisition, first published, by Hoder Education, U.K.

**Marianne Celce & Marcia**, 2001, Teaching English as a second or foreign language, Heinle & heinle, U.K.

**Mclaughlin, b. N. j**., 1978, Lawrence Erlbaum associates, Second language acquisition in Childhood,

**Michael Swan, Catherine Walter**, 2005- The Good Grammar Book A Grammar Practice Book for Elementary to Lower-Intermediate Students of English, Oxford University Press.

**Muhammad Ali al kuhli**, 1982, A dictionary of theoretical linguistics,Librairie du liban, First edition, Beirut.

**Muriel Saville-Troike** , 2012- Cambridge Introductions to Language and Linguistics, Cambridge University Press.

**Norman c. Stageberg**, 1965, An introductory English grammar, second edition, by holt rinehart and Winston, USA.

**Pasty M. Lightbown & Nina spada**, 2013, How languages are learned, Oxford press, first publish, U.K.

**Quirk r. leech, G. & svartivk. J**, 1972, Longman, A grammar of contemporary English , London.

-------------., Greenbaum, 1990, A student's grammar of the English language, Hong Kong: London group.

------------------- & Sidney Greenbaum, 1992, A university Grammar of English, Hong Kong, Longman group.

----------------, Sidney Greenbaum, Geoffrey Leech, Jan Svartvik, 1985, Comprehensive Grammar of the English Language, A Longman ,N.Y.

**Rashwan Ramadan Salah**, 2007, A comparative study of verb phrase structure in standard English and central Kurdish, M.A thesis, college of languages, University of Salahaddin, erbil.

**Raymond murphy**, 1998, Essential Grammar in use, Second edition, Cambridge University press, U.K.

--------------------, 2012, English Grammar in use, fourth Edition, Cambridge University press, U.K.

**Reinard Willem Zandvoort**, 1975, A Handbook of English Grammar, seventh edition, Longman, London.

**Robert Lado**, 1964 , Language Teaching, a scientific approach, Newyork :ncraw , hill .

**Rodney Huddleston, Geoffrey K. Pullum**, 2005, A Student's Introduction to English Grammar, Cambridge University Press.

**Mitchell Rosamond & Myles Florence and Emma Marsden**, 2013, Second language learning theories, third edition, Routledge, U.K.

**Rosemary Aitken**, 2002, Teaching tenses, Longman group, U.K Ltd.

**Sinclair, J. M.** , 2004 , English usage, collins co build.

**Krashen Stephen, D**. 1982, Principles and Practice in Second Language Acquisition, English Language Teaching series,London: Prentice-Hall International (U.K) Ltd.

**VanPatten & benati**, 2010, Key Terms in Second Language Acquisition, Continuum, London.

**Yule G.** , 2014, The Study of Language, fifth edition, CUP, U.K.

**Zhwan Osman Ahmed**, 2008, Tense-Aspect system in English and kurdish, M.A thesis, college of languages, Sulaimany University.

**چوارەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:**


http://dictionary.cambridge.org/grammar/british-grammar/about-adjectives-and-adverbs/adverbs-and-adverb-phrases-position

https://www.ego4u.com/en/cram-up/grammar/word-order/adverb-position

http://www.bbc.co.uk/worldservice/learningenglish/grammar/learnit/learnitv202.shtml

https://learnenglish.britishcouncil.org/en/english-grammar/adverbials/where-they-go-sentence.

https://www.englishclub.com/grammar/verbs-voice-passive.htm

http://www.english-grammar-revolution.com/complex-sentence.html.

# پاشکۆکان

## پاشکۆکان

پاشکۆکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە فۆرمی ڕاپرسی و تاقیکردنەوە وەك لە خوارەوە نیشاندراون:

فۆرمی ڕاپرسی (١)

ڕاپرسیەك دەبارەی

**(کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی)**

قوتابی/ خوێندکاری بەڕێز؛ ئەم فۆرمە تایبەتە بە توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی دەربارەی ئەو کاریگەریانەی کە زمانی کوردی هەیەتی لە کاتی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە ناوەندەکانی خوێندندا. هاوکاریت جێگەی ڕێزە.

---

١. ئایا جیاوازی نێوان یاساکانی زمانی کوردی و ئینگلیزی، فێربونی زمانی ئینگلیزی لای تۆ زەحمەت کردوە؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐ کەمێك ☐

---

٢. تا چەند سود لە زمانی کوردی و یاساکانی دەبینی بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی؟

زۆر ☐ کەم ☐ مامناوەند ☐

---

٣. ئەم ڕستەیەی خوارەوە لە کوردیەوە بگۆرە بۆ ئینگلیزی؟

- ئەو جوانە ← ☐

---

٤. ئەم ڕستەیە لە ئینگلیزیەوە بکە بە کوردی؟

- She is beautiful. → ☐

---

٥. لەم وشانەی خوارەوە ڕستەیەکی تەواو دروستبکە:

- (Tara- football- plays) → ☐

---

٦. لەم وشانەی خوارەوە ڕستەیەکی تەواو دروستبکە:

(خوارد- سێوێکی- تارا) ← ☐

---

7. ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکە بە پرسیاری؟

- I played football. → ☐

---

8. ئەم ڕستەیە بکە بە شێوازی نەرێ؟

- I played football. →

٩. لەمانەی خوارەوە ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار جیابکەوە؟

Ali ☐ beautiful ☐ frankly ☐

١٠. ئەم ڕستەیە بە ئینگلیزی بنوسەوە:

- دزەکە گیرا. ←

- دزەکە = (The thief)

- گیرا = (caught)

١١. ئەم ڕستەیە بکەوە بە کوردی:

- She has been waiting for two hours. →

١٢. ئەگەر توێژینەوەیەك هەمو جیاوازی و لێکچونەکانی نێوان کوردی و ئینگلیزی بخاتەڕو لە ڕێزماندا، ئایا پێتوایە فێرکردنی زمانی ئینگلیزیت بۆ ئاسانتر بکا؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐ کەمێك ☐

١٣. بە ڕای تۆ چ شتێکی تر فێربونی زمانی ئینگلیزی لای تۆ ئاسان یان زەحمەت کردوە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەی پێبدە:

## فۆرمی ڕاپرسی (٢)

ڕاپرسیەك دەبارەی

## (کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی)

مامۆستای بەڕێز؛ ئەم فۆرمە تایبەتە بە توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی دەربارەی ئەو کاریگەریانەی کە زمانی کوردی هەیەتی لە کاتی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە ناوەندەکانی خوێندندا. هاوکاریت جێگەی ڕێزە.

---

١. پێتوایە زمانی یەکەمی قوتابی (کە کوردیە) کاریگەریی لەسەر فێربونی زمانی دوەم هەیە (کە ئینگلیزیە) ؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐ کەمێك ☐

---

٢. تا چەند سود لە یاساکانی زمانی کوردی دەبینی بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بە قوتابیەکانت؟

زۆر ☐ کەم ☐ مامناوەند ☐

---

٣. یاسا لێچوەکانی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی تا چ ڕادەیەك ئاسانکاری بۆ کردوی بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بە قوتابیەکانت؟

زۆر ☐ کەم ☐ مامناوەند ☐

---

٤. یاسا جیاوازەکانی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی تا چ ڕادەیەك زەحمەتی بۆ دروستکردوی بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بە قوتابیەکانت؟

زۆر ☐ کەم ☐ مامناوەند ☐

---

٥. لە چ ئاستێکدا زیاتر ئینگلیزی بە کوردی بەراورد دەکەی بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بە قوتابیەکانت؟

ئاستی دەنگسازی ☐ ئاستی وشەسازی ☐ ئاستی ڕستەسازیی ☐

---

٦. ڕیزبونی کەرەسەکان (word order) لە کوریدا بریتیە لە (بکەر+بەرکار+کار)، بەڵام لە ڕیزبون لە ئینگلیزیدا بریتیە لە (s+ v+ o)، ئایا ئەم جیاوازیە کێشە بۆ قوتابیان دروست ناکا لە کاتی فێرکردنی زمانی ئینگلیزیدا؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐ کەمێك ☐

---

٧. جیاوازی لە دروستکردنی شێوازی بکەرنادیار (passive) لە کوردی و ئینگلیزیدا کێشە بۆ قوتابیان دروستناکا لە کاتی فێربونی زمانی ئینگلیزیدا؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐ کەمێك ☐

٨. جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان کوردی و ئینگلیزیدا لە کاتەکان (past-present-future)، ئایا ئەم جیاوازیە بۆتە هۆی کێشە لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی و زەحمەتی فێربونی ئەو زمانە؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐ کەمێك ☐

---

٩. زمانی کوردی و ئینگلیزی لە جۆرەکانی ڕستە (simple-compound-complex) دا لە یەك دەچن و هاوبەشیان زۆرە، ئایا ئەم لێکچون و هاوبەشییە ئاسانکاری بۆ کردوی لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزیدا؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐ کەمێك ☐

---

١. زمانی کوردی و ئینگلیزی لە بابەتی فریز و جۆرەکانیدا (-noun-verb-adjective-adverb preposition) جیاوازی و لێکچونیان هەیە، ئایا جیاوازی نێوان ئەم فرێزانە و پێکهاتەکانیان کێشە بۆ قوتابی دروست دەکەن لی کاتی فێرکردنی زمانی ئینگلیزیدا؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐ کەمێك ☐

---

١١. شێوازی پرسیاری و نەرێ کردن لە کوردی و ئینگلیزیدا زۆر لە یەك جیاوازن، ئایا قوتابی توشی کێشە دەبێ لە کاتی دروستکردنی ڕستەی پرسیاری، یان نەرێ کردنی ڕستەیەکی سادە؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐ کەمێك ☐

---

١٢. ئەگەر توێژینەوەیەك هەمو جیاوازی و لێکچونەکانی نێوان کوردی و ئینگلیزی بخاتەڕو لە ڕێزماندا، ئایا سودی لێوەردەگیرێ لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابیانی کورد؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐ کەمێك ☐

---

١٢. بە ڕای تۆ چ شتێکی تر فێربونی زمانی ئینگلیزی لای قوتابیەکانت ئاسان یان زەحمەت کردوە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەی پێبدە:

☐

the first section, the (types and component) of phrases in English language has been discussed. Five types of phrase has been mentioned: classified (nominal, verbal, adhectival, adverbial and prepositional). In the second part of first section, the order and sequence of the sentence elements in English language has been discussed. The sequence and realization of the elements in the simple, compound and complex sentence is illustrated.

The second part of this section has been divided into two parts. In the first part, sentence types (simple, compound, complex and compound-complex) and in the simple sentence three tenses (past, present, future) has been discussed, and all the forms and elements have been illustrated.

In the fifth chapter of this research is a comparison between both languages, from the points of the second and third section. This section has been divided into five points.

In the sixth chapter of the research is survey and a test among (100) students of two different educational systems at (Hawler typical school- English system) and (Tavga basic school- Kurdish system). The survey consists of thirteen questions, and the results are shown in charts.

In the other side of this survey (50) English teachers of the different studying centers have participated in this survey and their opinion and notes shown in charts.

At the end of this research a number of results and suggestions have been illustrated, and then the research has been ended by the list of the refrences and the abstract in English.

# Abstract

The title of This research is (**The impact of Kurdish syntax on Learning English language**). The research is a contrastive analysis between Kurdish and English language in syntax, in order to find out the amount of effect of first language (which is Kurdish) on learning the second language (which is English).

The research consistes of six main chapters, each chapter has been divided into a number of sections. The chapters have been orderd as following:

The first chapter is an introduction to the subject, the second chapter is a summery about second language learning in the sense of theory and the history of second language learning. In the second section the factors that affect in second language learning have been discussed. The effect of inner factors and outer factors on second language learning.

The third chapter of the research is dedicated to discussing kurdish language syntax. In the first section the elements and types of phrases have been talked about. Five types of phrase has been classified (nominal, verbal, adhectival, adverbial and prepositional). In the second part of the first section the elements order of the Kurdish language has been discussed. The form and the realization of each element in all sentence types are illustrated.

In the second section of The first chapter, the types of sentence in terms of component thas been discussed. In the second part a summery of the passive form of Kurdish language is shown.

The fourth chapter of the research, which is specialized to discuss and classify English language syntax. This chapter is also divided into two sections. Each section consists of two parts. In the first part of

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The impact of Kurdish Syntax on Learning English Language

A thesis

Submitted to the council of the College of Languages University of Salahaddin- Erbil in partial fulfillment of the requirement for the degree of master in Kurdish Language

By

**Baxtyar Nuri Hamadamin**

B.A in Kurdish Language University of Salahadin-Erbil-2010

Supervised by

**Prof. Dr. Abdulla Husain Rasul**

**Erbil- Kurdistan**

**May 2017**